# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٦) نیسانی
٢٠١٨

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری**
**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی**
**فیکریی چاپکراوە**



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەر (سۆفیگەری لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا)


| | | |
|---|---|---|
| گاگۆلکێ و پێگرتنی پێناسەکانی چەمکی تەسەووف ................................. | سامان مامڵێسی | ٤ |
| سەرهەڵدانی تەسەوف لە وڵاتی کوردەواریدا ........................................... | یاسین تەها | ١١ |
| شوێنی سۆفیزم لە جوڵانەوەی سیاسی کورددا ...................................... | د.جەعفەر عەلی | ١٨ |
| سۆفیگەریی و لێبوردەیی، سەلاحەددینی ئەییوبی بە نموونە .................. | عەبدوڵڵا قەرەداغی | ٢٦ |
| سۆفیزمی کوردی لە گەمەی سێکیولاری ستەمکار و سەلەفیزمی ڕادیکاڵدا | ماجید خەلیل | ٤٣ |
| بژاری سۆفیگەریی سەردەم ............................................................................ | د.عوسمان هەڵەبجەیی | ٦٣ |
| دەروازەیەک بەرەو جیهانی خۆشەویستی لە ڕێبازی تەسەووفدا ............ | شێخ موحسینی شێخ خالیدی موفتی | ٦٨ |
| ئەدەبیات و ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی وەک دەروازەیەک بۆ ئاییناسی | د.سەبور عەبدولکەریم | ٧٤ |
| شیعر و سۆفیگەریی ........................................................................................ | مستەفای سەید مینە | ٧٩ |
| مەولانا خالیدی نەقشبەندی نوێکەرەوەی ڕێبازی سۆفیگەری لە کوردستاندا | پ.ی.د.ئاراس محمد | ٨٥ |
| مەحەببەت و جوانی میراتی سۆفییانەی عیشقی ئاسمانی ............................ | د.هێمن عومەر خۆشناو | ٩٢ |
| دیدار لەگەڵ تەحسین حەمەغەریب ............................................................. | ئا: عومەر ڕەشید | ٩٨ |
| پیرەمێرد و عیرفان ............................................................................................ | عومەر ئیسماعیل ڕەحیم | ١٠٧ |
| چاوی سێیەم: دەربارەی عیرفان .................................................................... | حسەین سەیید ئەدهەم | ١٢١ |
| زانستی تەسەووف لە یازدە تیشکی درەوشاوەدا .......................................... | د.حەسەن خالید موستەفا موفتی | ١٣٣ |
| عیرفان لە سێبەری جیهانبینە گۆڕاوەکاندا .................................................... | سەلمان نادر | ١٣٦ |
| تەسەوف و هونەر لە فەلسەفەی ئاینییدا ....................................................... | کەمال ئەمین گوڵپی | ٣٤ |
| شێخایەتی و تەریقەت لە نووسینەکانی مەلای گەورەدا ................................ | هاوکار عەبدوڵڵا | ١٥ |




# تەوەری ژمارە

## دیاردەی سۆفیگەری
## لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

لە ئەوروپا شەپۆلێکی بەهێز سەریهەڵداوە سەبارەت بە قسەکردن لەسەر سۆفیگەریی و عیرفان، ئەم شەپۆلە گەیشتووەتە کوردستانیش، کەسانیکی بەرچاوی دنیای هزر و ڕۆشنبیری لەم بابەتانە دەدوێن، بەتایبەت ئێمەی کورد مێژوویەکی دێرینی بەرجەستەمان لەگەڵ دیاردەی سۆفیگەریدا هەیە. لە تەوەری ئەم ژمارەیەدا کۆمەڵێك توێژەر و قاڵبووی بواری سۆفیگەری بابەتەکەیان ورتر کردووەتەوە، قسەی جددیان لەسەر مێژووی سۆفیگەریی و بنەماکانی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەدەب، شاعیران و شۆڕشەکانی کوردستان کردووە.

جگەلەوانەش ڕێڕەوی سۆفیگەرییان هەڵسەنگاندووە وکەموکورتییەکانیان خستووەتە ڕوو، وەك چۆن باسیان لە جوانییەکانی کردووە ئاماژەش بە مەترسییەکانی پوکانەوەی سۆفیگەری دراوە. هەروەها باسیان لە عیرفان بە مانا فراوانەکەی کردووە. وەڵامی ئەو پرسیارەش تاوتوێکراوە: ئایا دەرفەتی بەردەوامبوون و گەشەکردنی ئەم تەریقەتە ماوە؟ با پێکەوە لە بابەت و توێژینەوەکانی ئەم تەوەرە ڕامێنین، کە تەواوی ژمارەی ئەم جارەی گۆڤارەکەمانی بۆ تەرخان کراوە.

# گاگۆڵکێ و پێگرتنی پێناسەکانی چەمکی تەسەووف

## دەروازەیەك

سۆفیگەریی یان (تەسەووف) ڕێبازێکی تایبەت بە خوداناسیی و خودشکاندنە و ئاداب و سلوکی تایبەت بە خۆی هەس. ڕەوتێکی خواویستانەیە و ڕێچکەی وەلانانی خودپەسەندییە، شەیدابوونی خودا و من نەویستییە، کاروانی ڕاکردنە بەرەو خودا: (فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ)(الذاريات:٥٠) و پشتکردنە لە دنیا: (فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا)(لقمان: ٣٣).

دیرۆکنووسانی وەک (مەسعودیی) هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە لە دینداریی، بۆ بێزاربوون لە زانستەکانی کەلام و دەمەدەمێکانی فەلسەفیی دەگەڕێننەوە، چونکە ئەو بوارە دەروونی ئاونەدان و تینوێتیی هزریی و ڕووحیی نەشکاندن. (الشويخات، ٢٠٠٤، مادە: الصوفيە).




**سامان مامڵێسی**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢، تەکیە- چەمچەماڵ. ماستەر لە هزری پەروەردەیی ئیسلامیی لە زانکۆی جینانی لوبنانی(٢٠١٢). مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین. خاوەنی ١٠ کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتاری بڵاوکراوەیە.

## ڕێبازی باسکردن

باسەکە تەنها پێناسەکان دەخاتەڕوو، چۆن گەشەیان کرد و کێ یەکەمین جار بەکاریهێنان؟ چەمکەکانی وەک: (تەسەووف) و (سۆفی) کەی سەریان لە دەلاقەی زاراوەکانی تایبەت بە ئەهلی تەسەووفەوە دەرهێنا؟ پۆلێنکردنی پێناسەکان لەسەر چی پێوەرێک دانراون؟ زاراوەسازیی بێژەی (التصوف) بە کوێ گەیشتووە و لە کوێوە هاتووە؟ ئایا ئەم بێژەیە لە وشەی: (صوف)ی زمانی عارەبەوە داڕێژراوە یان لە کوێوە؟ تا چەندێک بێژەی: (سۆفیا)ی یۆنانی دەستی لە داڕشتنی ئەم زاراوەیەدا هەبووە؟ زاراوەناسانی هزری هاوچەرخ چ پێناسەیەکیان بۆ کردووە؟ پوختەی ڕا و بۆچوونی وەرگیراو لە پێناسەکانەوە کامانەن؟

بەکورتی و پوختی، وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە و بەس، ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە بە هیچ کلۆجێک خۆی لە قەرەی ئەوە نادات پاڵنەری پشت ئەو پێناسانە چین و، چی وای لە پێناسێنەرەکان کردووە ئەو جۆرە دەربڕینانە بەسەر زاراوەکەدا داببڕن!

## یەکەم: سەرەتاتکێی بەکارهێنانی بێژەی سۆفی (الصوفی)

ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچیی و سەرەتای سەدەی دووەمدا بەکارهێنراوە.

لە حەسەنی بەسرییەوە(٢١ - ١١٠ کۆچیی) گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: لەکاتی تەوافی کەعبەدا سۆفییەکم بینی، شتێکم پێیدا و لێیوەرنەگرتم و، وتی: ٤ دانیقم-(جۆرێک پارە بووە) پێیە و زۆریشە بۆم. (السهروردی، ١٩٨٣، لا ٦٣).

دوای ماوەیەکی کەم وەک لێکۆڵەران باسیانکردووە یەکەمین کەسێک کە نازناوی (سۆفی) بۆ خۆی دیاریکرد، عوسمانی کوڕی شەریک ناسراو بە (ئەبو هاشیمی کوفی) بوو کە لە سالی ١٥٠ کۆچیدا مردووە. (نموس، ٢٠٠٨، لا ٢٨).

دووەمین کەس کە نازناوی (سۆفیی) بۆ خۆی دیاریکرد، جابیری کوڕی حەییان کوڕی عەبدوڵڵای تووسیی کوفی بوو، کە یەکێکە لە زانایانی نێوبەدەری فەلسەفە، حیکمەت، پزیشکی، بیرکاری، ژیربێژی، ئەستێرەناسیی و کیمیازانیی. (نموس، ٢٠٠٨، ل٢٩).

سێیەمین کەسێک کە بە نازناوی (سۆفی) ناسراو بووبێت، عەبدەکی سۆفی بوو، کە ئەبو نوعەیمی ئەسبەهانیی(٣٣٦-٤٣٠ ک) وتە نێوبەدەرەکەی لێوە گێڕاوەتەوە (احسبوني ذرة على كناسة). (الأصبهاني، ١٩٨٥، ل ٣٢٧).

هەرچی بێژەی (الصوفیە)یە وەک ناوێکی کۆ، کەمێک پێش سەدەی دووەمی کۆچی لە ئیسکەندەرییەی میسر دوای ئاشووبێک کە سۆفییەکان تێوەی گلابوون، دەرکەوت.

## دووەم: پێناسەی تەسەووف لە ڕووی زمانەوانییەوە

لێکۆڵەران ئاماژەیان بەوەکردووە بێژەی: (التصوف) لە ڕووی داڕێژرانەوە، بێجگە لە فەرهەنگی (المصباح المنير) کە بەوشەیەکی (تازە لەدایکبوو)ی داناوە، هیچ فەرهەنگێکی دیکەی پشتپێبەستراوی زمانی عارەب، ڕوونیان نەکردووەتەوە.

ئەلفەییومی (٧٧٠ کۆچی مردووە) دەڵێت: **(تَصَوَّفَ)** الرجل وهو ( ُوفِيٌّ) من قوم: **(صُوفِيَّةٍ)** كلمة مولدة. (الفيومي، ١٩٨٧ ، لا ٣٥٢).

ئەبولقاسمی قوشەیریی (٣٧٦- ٤٦٥ ک) دەڵێت:**(هذه التسمية غلبت علي هذه الطائفة, فيقال: رجلٌ صوفي، وللجماعة صوفيَّة، ومن يتوصل إلى ذلك يقال له: متصوف، وللجماعة: المتصوفة. وليس يشهد لهذا الاسم من حيث العربية قياس ولا اشتقاق. والأظهر فيه: أنه كاللقب).**

واتە: ئەم ناولێنانە بەسەر دەستەی سۆفییەکاندا دابڕا، دەوترێت: کابرا سۆفییە، گرۆی سۆفییان،

هەرکەسیش بەو پایە بگات، پێیدەوترێت: سۆفیگەر، کۆمەڵەکەش پێیان دەوترێت: سۆفیگەرەکان. لە زمانی عارەبدا نە قیاسێک و نە ئیشتیقاقێک شایەتی بۆ ئەم ناوە نادەن، وادیارترە وەک نازناوێک وایە. (القشیری، ١٩٨٧، ل٣٨٥).

هەروەها قوشەیریی دەڵێت: هەندێک وتویانە: دراونەتە پاڵ سوففەی مزگەوتەکەی پێغەمبەر(د.خ). یان وتویانە: سۆفی لە (الصفاء)ەوە وەگیراوە، یانی پاکیی و بێخەوشیی. یان وتراوە: لە وشەی:(الصف) ەوە هاتووە، وەک ئەوەی لە حاڵی ئامادەگیدا لە بەردەم خوادا لە ڕیزی یەکەمدان. وەلێ ئەم واتایانە لە ڕووی زمانەوانییەوە دوورن لە وشەی سۆفییەوە. (القشیری، ١٩٨٧، ل٣٨٥).

شێخ عەبدولقادری گەیلانی (٤٧١- ٥٦١ ک) دەڵێت: بنچینەی وشەی سۆفی، لە وشەی **(المُصافاة)** ەوە هاتووە، و **(وصوفيَ على زنة عُوفيَ، أي عافاه الله فعوفيَ، وكافاه الله فكوفيَ)**. ئەم پێناسەیەی کتومت لە ئەبوبەکری کولابازییەوە وەرگرتووە. (الكلاباذي، ١٩٨٠، ل٢٥) و (الجيلاني، ١٩٩٦، ل٤٤٢).

ئەحمەد ڕیفاعی(٥١٢- ٥٧٨ ک) دەڵێت: سۆفی نیسبەت دراوەتە لای سووف، نەک بەو مانایەی هەوادارانی دەیپۆشن، بەڵکو لەبەرئەوەی خزمەتکارانی کەعبە لە پێش ئیسلامدا لە ڕەچەڵەکی بەنی سووفە بوون، ئەو وشەیەش یانی: گەورەی هەژاران. هۆکاری ناونانەکەش نامۆیە و زۆرێک لە کەسە هەژارەکان نایزانن، دەگێڕنەوە گرۆیەک لە (موزەڕی)ییەکان پێیان دەوترا: بەنی سووفە، کە غەوسی کوڕی موڕڕی کوڕی ئەددی کوڕی تابیخەی ڕەبیت بوو، دایکی ئەم پیاوە، منداڵی کوڕی بۆ نەدەمایەوە و دەمردن، ئەوەبوو لەسەر خۆی نەزر کرد ئەگەر کوڕێکی ببێت، سووفێک بە سەرییەوە دەبەستێت و دەیکاتە خزمەتکاری کەعبە. (الرفاعی، ١٩٨٨، ل٢٧).

ئەبو تالیبی مەککی(٣٨٦ کۆچیی مردووە) لە کتێبە نێوبەدەرەکەیدا (قوت القلوب) ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە وشەی تەسەووف لە سووفەوە وەرگیراوە و پشتی بە فەرموودەیەک بەستووە: **وقد روينا عن الحسن عن أبي هريرة، أنّ رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: ألبسوا الصوف وشمَروا وكلوا في إنصاف البطون، تدخلوا في ملكوت السماء. (المكى، ٢٠٠٥، لا ١٤٧).**

ئیبن خەلدوون (٧٣٢- ٨٠٨ ک)یش ئەو بۆچوونانەی بەلاوە پەسەند بووە و پێیوابووە ئەگەر لە وشەی سووفەوە وەرگیرابێت، وادیارترە کە زۆربەیان جلی وایان پۆشیوە و پێچەوانەی خەڵکی دیکە جلی گرانبەها و بەنرخیان نەپۆشیوە. (ابن خلدون، ٢٠٠٦، لا ٣٨١).

هەرچی لێکۆڵەرانی هاوچەرخن، زۆرینەیان وایان لێکداوەتەوە کە وشەی تەسەووف لە وشەی سووفەوە هاتووە و لەسەر واتا ڕووکەشەکەی لێکیانداوەتەوە، ئەوانیش وەک: عەبدولڕەحمان بەدەوی، زەکی موبارەک، ئیدریس مەحمود ئیدریس و عەلی سەیید ئەحمەد وەسیفی.( نموس، ٢٠٠٨، ل٣٧).

## سێیەم: پێوەندیی نێوان تەسەووف و سۆفیا (Sophia)ی یۆنانی

هەندێک لە لێکۆڵەران بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ڕۆیشتوون کە وشەی تەسەووف لە وشەیەکی ناعەرەبییەوە وەرگیراوە، ئەویش وشەی سۆفیای یۆنانییە. کاتی خۆی ئەبو ڕەیحانی بەیروونی(٣٨٨- ٤٤٠ ک)یش ئەم بۆچوونەی هەبووە. ئەوەتا دەڵێت: وشەی Sophosی یۆنانی یانی دانایی، ئەوەبوو کاتێک گرۆیەک لە مسوڵمانان ئالانە ڕاو بۆچوونێکەوە نزیک لە یۆنانییەکان، بەناوی ئەوانەوە ناونران. (البیرونی، ١٩٨٣، ل٢٤).

چەند ڕۆژهەڵاتناسێکیش ئەو پێوەندییەیان بە ڕاست زانیوە و جەختیان لێکردووەتەوە، وەک: جۆزێف فۆن هەمەر و ئەلبێرت مەرقەس. (نموس، ٢٠٠٨، ل٤٥).

دیسان لێکۆڵەرانی هاوچەرخ، وەک: عەبدولرەحمان دیمەشقییە و مەحمود عەبدولرەئووف ئەلقاسم لایەنگری ئەو پێوەندییەی نێوان وشەی تەسەووف و سۆفیای یۆنانین.

## چوارەم: پێناسەی تەسەووف لە زاراوەی زانایاندا

پێناسە زاراوەییەکەی وشەی تەسەووف لە رووی ناڕوونی و لاستیکیبوونییەوە، لە پێناسە زمانەوانییەکەی کەمتر نییە.

گرۆی سۆفییان وا ڕاهاتوون زاراوەیەلی وا دەکاربخەن کە هەر خۆیان نەبێت، کەسی دیکە سەر و سەودای لەگەڵدا نەبن و لە تێفامینیاندا گرێی ڕازەکانی بە ئاسانی بۆ نەکرێنەوە.

وا لێرەدا کورتە و پوختەی ئەو پێناسە جودا جودایانە دەخرێنە ڕوو:

أ- پێناسەی تەسەووف بەپێی فەنابوونی خودایی یان بینینی لە دنیادا:

- بذل المجهود لمشاهدة المعبود، خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بینینی خودای پەرستراو.

- مشاهدة المشهود ومراعاة العهود، بینینی خودای بینراو بە چاوی دڵ و ڕەچاوکردنی بەڵێنەکان.

- أن تكون مع الله بلا علاقة، لەگەڵ خوادابوون بەبێ پێوەندیی.

- أن يميتك الحق عنك ويحييك به، هەق لە خۆت بتمرێنێت و بەخۆی زیندووت بکاتەوە.

- البروز من الحجاب إلى رفع الحجاب. خۆدەرخستن لە پەردەی سەر هەقیقەتەوە تا پەردە لەسەر دڵت لادەچێت.

- مكابدة الشوق إلى من جذب إلى فوق. بەرگەگرتنی حەزی سوتان بۆ لای کەسێک بەرەو سەرەوە کێشت دەکات.

- انتصاب الارتقاء وارتقاء الالتقاء. ڕاست و ڕێکبوونی بەرزبوونەوە بۆ لای خودا و، بەرزبوونەوەی حەزی دیدەنیکردن.

- الفناء فيه, فإذا فني فيه, بقي بقاء الأبد. فەنابوون لە خوادا، ئەگەر ئەوە ڕوویدا، ئەوە تا هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

- تفرد العبد بالصمد الفرد. بەندە بە تاقی تەنیا خودای بێنیاز و تاقانە بناسێت. (الاصبهانی، ١٩٨٥، ل ٢٩، ٧٢، ٨٧، ٢٠٨، ٣٦٤).

ب- پێناسەی تەسەووف بەپێی چەمکە تەمومژاوییەکان:

- سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای توستوری(٢٨٤ ک مردووە) دەڵێت: **الصوفي من يرى دمه هدراً وملكه مباحاً.** سۆفی کەسێکە پێی وابێت خوێنی حەلاڵە و، موڵک و ماڵی بۆ خەڵکی ڕێپێدراون.

- قوشەیری دەڵێت: إسقاط الجاه وسواد الوجه في الدنيا والآخرة. وەلانانی نێو و نێوبانگ و ڕووڕەشی لە هەردوو دنیادا.

- جونەیدی بەغدادیی دەڵێت: لا يبلغ الرجل عندنا مبلغ الرجال حتى يشهد فيه ألف صديق من علماء الرسوم (علماء الشريعة) بأنه زنديق. پیاو لای ئێمە بە پیاو حیساب ناکرێت تاکو ١٠٠٠ پیاوچاک لە زانایانی شەریعەت شایەتی زندیقبوونی بۆ نەدەن.

- ئەبو عەلی دەققاق دەڵێت: هذا طريق لا يصلح إلا لأقوام كنس الله بأرواحهم المزابل. ئەم ڕێگەیە بۆ کەسانێک نەبێت کە خودا بە ڕووحەکانیان سەرەنگوێلکەکانی گسکداوە، بۆ هی دیکە نابێت.

ج- پێناسەی تەسەووف بەپێی ئەوەی بزاوتێکی نهێنییە و نابێت کەسی ناسۆفی پێی بزانێت:

- جونەیدی بەغدادیی دەڵێت: التصوف أهل بيت واحد لا يدخل فيه غيرهم. تەسەووف یەک خێزانە و جێگەی بێگانەی تێدا نابێتەوە.

- لەبارەی عاریفەوە پرسیار لە زوننون کرا، کێیە؟ وتی: كان ها هنا, فذهب. پێشتر لێرەبوو، دواتر ڕۆیشت.

- ئەبوبەکری تەمستانی دەڵێت: التصوف اضطراب، فإذا وقع سكون, فلا تصوف. تەسەووف

شڵەژانە و ئەگەر خامۆشبوون هاتەگۆڕێ، ئەوە تەسەووف نامێنێت.

– محێدینی عەرەبی ناسراو بە ئیبن عەرەبیی(٦٥٦ ک مردووە) لە پێشەکی کتێبەکەیدا: ئەلیف (کتێبی ئەحەدییەت) دەڵێت: إخوتي الأمناء الأتقياء الأبرياء الأخفياء سلام عليكم ورحمة الله وبركاته. براکانم، ئەی دەسپاک و لەخواترس و بێبەریی و شاراوەکان، سڵاوی خوداتان لێبێت.

– پرسیار لە خەوواس کرا تەسەووف چییە؟ وتی: التصوف اسم يغطى به على الناس إلا أهل الدراية وقليل ما هم. تەسەووف ناوێکە و پەردەی پێ بە چاوی خەڵکیدا دەدرێت و تەنها کەسانی بەئاگا و شارەزا دەزانن چییە، ئەوانیش کەمن.

– شیبلی دەڵێت: **كنت أنا والحلاّج شيئاً واحداً, إلا أنه أظهر وكتمت.** من و حەللاج یەک بیروباوەڕمان هەبوو، وەلێ ئەو ڕایگەیاند و منیش شاردمەوە.

د– پێناسەی تەسەووف بەپێی دیدگەی سەلەفیگەرایی:

– تەسەووف زانستێکە وەک چرایەک لە دڵی ئەولیاکاندایە و، بە ڕووناکی کارکردن بە قورئان و سوننەت هەڵگیرسێنراوە.

– جونەیدی بەغدادیی زیاتر لە جارێک وتوویەتی: زانستەکەمان بە قورئان و سوننەت ڕێکخراوە، جا هەرکەسێک قورئان ئەزبەر نەکات و فەرموودە نەنووسێتەوە و لە فیقهـ حاڵی نەبێت، ناکرێتە پێشەنگ.

– پیاوێک هاتە لای زوننونی میسریی و لێی پرسی: ڕێی ڕاستیم بەرەو ناسینی خودا پێ بڵێ، ئەویش وتی: ئەو بارەی کە ئێستە تێیدایت، وا بۆ خودای بەجێبهێنە کە هاوڕێکی قورئان و سوننەت بێت. (البيهقي، ١٩٩٠، ٣٥٤).

– سەهلی توستوری دەڵێت: هەرشتێک قورئان و سوننەت شایەتی بۆ نەدەن، ئەوە پووچە.

– ئەبو سولەیمانی دارانی (٢١٥ ک مردووە) دەڵێت: لەوانەیە قسەیەک لە قسەکانی گرۆی سۆفییان لە دڵمدا ببێتە گرێ، هەتا دوو شایەتی دادگەرم کە قورئان و سوننەن دەستنەکەوێت، وەریناگرم.

– ئەبولقاسمی نەسرابازی دەڵێت: بنچینەی تەسەووف پابەندبوونە بە قورئان و سوننەتەوە و وازهێنانە لە هەواوهەوەس و بیدعە.

– ئەبو جەعفەری کەتتانی دەڵێت: تەسەووف ڕەوشتە، جا هەرکەسێک لە ڕەوشتدا لە تۆ زیاتری نواند، ئەوە لە تەسەووفیشدا هەروایە.

هـ – پێناسەی تەسەووف لە زاراوەکانی هاوچەرخدا:

– پەروەردەیەکردنی زانستی کردەیی دەروونەکانە، دەوای دەردی دڵانە، چاندنی تۆوی ڕەوشتە بەرزەکانە، لە ڕەگدەرکێشانی خووە ناپەسەندەکانە، جڵەوکردنی ئارەزووەکانە، لەسەر ئارامگریی و ڕەزابوون خۆڕاهێنانە، ململانێی و لووت شکاندنی حەزە سەرکێشەکانە، لێپرسینەوەی وردی سەر کردەوەکانە. (مخلوف، ١٩٧٩، ل٨).

– ڕێگەی دنیابەکەمگرتنە و پشت بە چەندان بیروباوەڕی غەیبی وا دەبەستێت کە نە هیچ بەڵگەیەکی شەرعیی و ئەقڵی نایانسەلمێنێت. (شقفه، ١٩٩٣، ل٧).

– مەزەبێکی تێکەڵکاریی ئیسلامیی بەندایەتیی و مەعریفییە، شتگەلێکە لە ئیسلامدا نین، بەزۆری مەعریفەیەکی ئیشراقییە نەک ئیسلامی تاکو بۆ قورئان و سوننەت بگەڕێتەوە. (هلال، ١٩٨١، ل٣،٢).

– تەسەووف فەلسەفەی ژیانە و ئامانجی ئەو سەرەوژووربردنی دەروونی مرۆیە لە ڕووی ڕەوشتییەوە، بە هۆی چەندان وەرزشی کردەییەوە دێتەدی و، وا دەکات هەست بە فەنابوون لەنێو هەقیقەتی باڵادا بکرێت و لە ڕووی چێژ و ئەقڵەوە بناسرێت. (التفتازاني، ١٩٥٩، ل٨).

– تەسەووف بزاوتێکی ئاینییە و وەک هەوادارییەکی بەهێز کە بانگەواز بۆ لای دنیابەکەمگرتن و خۆتێکدان لە بەندایەتیدا دەکات،

لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە بڵاوبووەوە و، پەرچەکردارێک بوو لە بەرانبەر نغرۆبوون لە خۆشییەکانی ژیاریدا، پاشان ئەو هەوادارییانە پەرەیانگرت و بوونە ڕێچکەی تایبەت و بە ڕێچکەکانی سۆفیگەریی ناسران، سۆفیگەرەکان بە تەمان دەروون پەروەردە بکەن و بەرەوژووری ببەن، سابەڵکو بەخودا بگەن و بیدۆزنەوە و بە چاوی دڵ ببینن، نەک لە ڕێگەی ئامرازەکانی شەرعییەوە، بۆیە کاروانەکەیان ڕاستەڕێی ونکرد و لەگەڵ فەلسەفەکانی بتپەرستیی و هیندیی و فارسیی و یۆنانیدا تێکەڵ بوو. (المیدانی، ٢٠٠٣، ل٢٥٣).

## تەسەووف لە بنەڕەتدا لەسەر دوو بناغە ڕادەوەستێت:

١- ئەزموونی ناوەکی ڕاستەوخۆ بۆ پێوەندیی نێوان بەندە و خودا. یانی بەهرەیەکی تایبەت بێجگە لە ژیری لۆژیکی کە ئەو بەیەکگەیشتنە دەهێنێتە کایەوە و، خاوەنەکەی هەست دەکات هێزگەلێکی سەیر لەناوەوەیدا گڕیدەدەن و، وەک ڕێژنەی نوورین دایدەپۆشن و، لەنێو شەپۆلە قووڵەکانیدا نغرۆی دەکەن.

٢- ڕێتێچوونی یەکگرتنی سۆفی و خودا. یانی بوونی ڕەها (بوونی هەق) و لەباردابوونی پێوەندیی پێوەکردنی جۆراوجۆر، تا بە ئەندازەیەک بگات کە پێی دەوترێت: یەکگرتنی تەواو، بە مانای هیچ شتێک نامێنێتەوە تەنها ئەوە نەبێت. (البدوی، ١٩٩٦، ل٦٩ ).

## پێنجەم: پوختەی پێناسەکان

- بە تێهزرین لە سەرەتاکانی بەکارهێنانی وشەکە، هەر لە ئەبو هاشمی سۆفییەوە بیگرە، تا بە جابیری کوڕی حەییانی سۆفی دەگات و دێتە سەر زوننونی میسریی کە کیمیازانی لە جابیرەوە وەرگرتووە، نە بە مانای لەبەرکردنی جلی پەمووی هاتووە، نە بە مانای ڕیزی سوففەی مزگەوتەکەی پێغەمبەر، هەروەک بە مانای سووفەتولغەوسی کوڕی موڕڕیش نەهاتووە، بەڵکو تایبەت بووە بە ژمارەیەک فەیلەسووف و کیمیازانەوە و ناوە یۆنانییەکەیش:( Sophist) هەر ئەو مەبەستەی گەیاندووە و لەنێو عەرەبدا ئەوان هەڵگری ئەو ناوە بوون.

- هەرچی داڕێژرانە زمانەوانییەکەیە، هەروەک قوشەیری باسیکردووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وشەکە هێنراوەتە نێو زمانی عارەبەوە و ڕەگی نییە و قیاسیش نابێتە شایەتی، بۆیە ڕاستتر وایە ڕەگەکەی یۆنانییە، ئەویش بەو بەڵگەیەی کەسانی سەرەتا کە بەو ناوە ناودەبران، فەیلەسووفەکان بوون.

- بە گەڕانەوە بۆ ماناکانی پێناسەکان لە زاراوەی زانایاندا، پێیانوابوو تەسەووف: بذل المجهود لمشاهدة المعبود. خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بینینی خودای پەرستراوە، واتە خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بینینی خودا، ئەوەیش قسەی ئەفلاتوونە، چونکە وتویەتی: هەرکەسێک بەدووی حیکمەتدا وێڵە، دەبێت خودا بدۆزێتەوە، پاشان پێوەندیی پێوە بکات. (محمود، ١٩٩٣، ل٢٤١، ٢٤٢).

## سەرچاوەکان


١- السهروردي، عبدالقادر عبدالله، عوارف المعارف، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٣.

٢- نموس، عبدالرحمن محمود، الصوفية بين الدين والفلسفة، ط١، دار الإيمان، الإسكندرية، ٢٠٠٨.

٣- الأصبهاني، أبو نعيم أحمد عبدالله، حلية الأولياء، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٥.

٤- الفيومي، أحمد محمد علي المقري، المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي، ط٢، المكتبة العلمية، بيروت، ١٩٨٧.

٥- القشيري، أبو القاسم عبدالكريم هوازن، الرسالة القشيرية، ط٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٧.

٦- الكلاباذي، محمد أبو بكر، التعرف لمذهب أهل التصوف، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت ، ١٩٨٠.

٧- الجيلاني، عبدالقادر موسى عبدالله، الغنية لطالبي طريق الحق، ط١، دار إحياء التراث العربي، القاهرة، ١٩٩٦.

٨- الرفاعي، أحمد علي يحيى، البرهان المؤيد، ط١، دار الكتاب النفيس، بيروت، ١٩٨٨.

٩- المكي، أبي طالب محمد علي عطية الحارثي، قوت القلوب، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٥.

١٠- ابن خلدون، عبد الرحمن محمد ، المقدمة، ط٩، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٦.

١١- البيروني، أبو الريحان محمد أحمد، تحقيق ما بالهند من مقالة مقبولة أو مرذولة، ط٢، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٣.

١٢- البيهقي، علي محمد حسين، شعب الإيمان، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٠.

١٣- محمد حسنين مخلوف، رسالة تقريظية مع رسالة المسترشدين للحارس المحاسبي، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٧٩.

١٤- شقفة، محمد، التصوف بين الحق والخلق، دار السلفية للنشر، ط١، بدون تاريخ النشر.

١٥- هلال، إبراهيم، التصوف الإسلامي بين الدين والفلسفة، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨١.

١٦- التفتازاني، أبو الوفاء، مدخل إلى التصوف الإسلامي، دار الثقافة، القاهرة، بدون تاريخ النشر.

١٧- الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة، ط٥، دار الندوة العالمية للطباعة والنشرو التوزيع، ٢٠٠٣.

١٨- بدوي، عبدالرحمن، موسوعة الفلسفة، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، القاهرة، ١٩٦٦.

١٩- محمود، عبدالحليم، التفكير الفلسفي في الإسلام، دار الكتاب المصري، القاهرة، بدون تاريخ النشر.

# سەرهەڵدانی تەسەوف لە وڵاتی کوردەواریدا




**یاسین تەها**



توێژەرو ڕۆژنامەنووسە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی بابەتە کەلتوریی و هەنوکەییەکان دەنوسێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەئاین و ئاینزاکانی کوردستان.

مشتومڕ و تیۆریای زۆر هەن لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی سۆفیگەریی و ناوەڕۆکی ئەم ڕێچکەیە، هەیە دەیگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەمی ئیسلام و هەشە پەیوەستی دەکاتەوە بە ڕەهبانیەتی سریانی و سرووتەکانی ئاینی زەردەشتی و هەندێک ڕێوڕەسمی ئاینە هندییەکان. بەڵام لەناو کورددا سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە خواپەرستییە زۆر کۆن نییە و دەگەڕێتەوە بۆ چوار سەدە لە پاش کۆچ لە مەککەوە بۆ مەدینە. ئەم بابەتە گوزەرێک دەکات بە مێژووی سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە کوردستاندا:

یەکەم بڵاوبوونەوە و دەرکەوتنی هەواڵی ناودارانی تەسەوف لە ناوچە کوردییەکانی بن دەستی دەوڵەتی عەباسی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی(١)، بەڵام دەکرێت بوترێت کە دەرکەوتنی بەرفراوانی سۆفیگەریی هاوکاتە لەگەڵ سەدەی چوارەمی مێژووی ئیسلام و ئەم سەروبەندەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە سۆفیگەری تێدا لە زوهدەوە دەپەڕییەوە بۆ خەملین و پێگەشتن(٢). ئەو هۆکارانەشی کە یارمەتی دەرکەوتن و پەرەسەندنی سۆفیگەرییان داوە زۆرن و دەکرێت بەمجۆرە پۆلێن بکرێن:

### 1_ فاکتەرە سوننییەکان:

لەبەرئەوەی بنەما و ڕیشەی سۆفیگەری لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەسەر زوهد و دنیا نەویستی بنەڕەتە، ناکرێت تەشەنەکردنی مەزهەبی فیقهی هەندێک لە پێشەوا زاهیدەکان لە وڵاتی کوردان وەک هاندەر بۆ بڵاوبونەوەی ئەم ڕێڕەوە خواپەرستییە تەماشا نەکرێت، چونکە ئەوکات زانا پێشەواکان و ڕێبەری مەزهەبەکان وەک سەرنما تەماشا دەکران و شوێنکەوتنی وردەکاری ژیانیان زۆر باو بووە، بەتایبەت ئەو گێڕانەوانەی باسی دنیا نەویستی و ڕازیبوون بە کەمی پێشەواکان دەکەن لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی(٣) کە ئەمەش سەرەتا و دەسپێکی چەکەرەکردنی بیری سۆفیگەریی دنیا نەویستییە لەناو کورد.

لەم میانەیەدا سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە مەزهەبی شەرعزانی دنیا نەویستی کوفی سوفیانی سەوری ڕەواج و شوێنکەوتەی باشی هەبووە لە شاری دەینەوەر لە سەدەی چوارەمی کۆچی(٤)، ئەم سەردەمەش هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ناوبانگی سۆفییەکانی کورد و ناساندنی دەینەوەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نزیک کرماشان بە "شاری سۆفییەکان" بە تەنیشت پەیڕەوکردنی مەزهەبی پێشەوا سەورییەوە(٥).

پێشەوا سوفیانی سەوری (٧٩٩ ز مردووە) نمونەیەک بووە لە زوهد و دنیا نەویستی و دەگێڕنەوە لە بەسرە بە نهێنی و لە تاریکایی عیشادا نێژراوە، چونکە بەهۆی ناڕەزایەتی زۆری لە ستەم و دەست بڵاوی دەسەڵات و خەلیفە مەنسوری عەباسی فەرمانی گرتنی هەبووە(٦). زۆرێک لە سۆفییەکانیش ئیمامی سەورییان کردووە بە نمونەو سەرنمای خۆیان (٧)، دەرکەوتنی ڕێبازگەی فیقهیی ئەویش لە دەینەوەر لەگەڵ ڕەوتە سۆفیگەرییەکانی شارەکەدا تەباو کۆک بووە(٨)، زۆرێکیش مەزهەبەکەی سەوری بە هۆکار دەزانن بۆ پەرەسەندنی تەسەوف لە شاری دەینەوەر، چونکە باکگراوەندێکی دنیا نەویستی و پەرگیری هەبووە(٩).

هەر لە هەرێمی چیا و لە پەنا دەینەوەردا کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی کورد بە مەزهەبی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئاشنا بوون، هەندێک لەوانەش بوونەتە یارو یاوەری ئەم پێشەوا ناودارە. ئیمام ئەحمەد خاوەن بەرهەمێکی تایبەت و سەربەخۆیە لەسەر زوهد و لەم بوارەدا زۆربەی زانایان شایەتی پێشەنگییان بۆداوە(١٠)، نەک هەر ئەوە بەڵکە لە ژیانی خۆیدا بە کرداریی و بەباشترین شێوە زوهدی جێبەجێی کردووە(١١)، هەندێک لە شوێنکەوتە نیشتەجێکانیشی لە وڵاتی کوردان شوێنپێیان هەڵگرتووە لەوانەش شێخ

ئیمام شافیعی خۆی سەروساختەی زۆری لەگەڵ تەسەوفدا نەبووە و بگرە لە هەندێ وتەشیدا ڕەخنەی زۆری لە سۆفییەکان گرتووە

جونەیدی بەغدادی (٢٩٨ ک مردووە) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی نەهاوەندە(١٢) کە شارێکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بووە (١٣)، دواتر جونەید دەبێتە سەرمەشقی سۆفییەکانی بەغدا(١٤) لەگەڵ ئەوەشدا لە شەرعزانیدا پەیڕەویی لە بۆچوونەکانی ئیمام ئەحمەد و هاوەڵانی دەکرد(١٥).

سەرچاوە مێژووییەکانیش جەخت دەکەنەوە کە شێخ جونەید بەدرێژایی ئەو کاتەی کە لەبەغدا بووە بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ دەڤەری ڕۆژئاوای هەرێمی چیا و شاری نەهاوەند و لە ڕێگای نامە گۆڕینەوەوە وەڵامی زانا ئاینییەکانی ئەوێی داوەتەوە کە زیاتر نامە گۆڕینەوە و پەیوەندییەکانیان لە بارەی خواپەرستی و باوەڕەوە بووە(١٦).

جگە لە جونەیدی بەغدادی «شێخ جاکیر محەمەد کوردی» یەکێکیترە لە ناودارانی حەنبەلی و تەسەوف هەر لە هەمان جێگا و گوزەر (٥٩٠ ک مردووە) (١٧)، جاکیر لای سۆفییەکان خاوەن کەشف و کەراماتە و لە گەورە و ناسراوەکانە لە عیرفان و لە ئیرشاد(١٨)، بەجۆرێک لایەنگرەکانی دواتر گۆڕەکەیان کردووە بە مەزارگە لە ناوچەی ڕازانی نزیک لە سامەڕا بۆ تەبەڕوک پێکردنی(١٩). جاکیری کوردی شوێنکەوتە و هەواداری زۆری هەبووە و وەها بەناوبانگە کە بەڕەبەنی ماوەتەوە و ژنی نەهێناوە لە ژیانیدا، چونکە یەکلابووە بۆ خواپەرستیی و کوڕەزایەکی بەناوی ئەحمەد جێگەی گرتوتەوە(٢٠).

لەبارەی مەزهەبی پێشەوا شافیعیشەوە کە ئاینزای زۆرینەی هەرە زۆری مسوڵمانانی کوردە هەندێک کاریگەریی بەهێز هەیە، ئیمام شافیعی خۆی سەروساختەی زۆری لەگەڵ تەسەوفدا نەبووە و بگرە لە هەندێ وتەشیدا ڕەخنەی زۆری لە سۆفییەکان گرتووە(٢١)، بەڵام هاوەڵ و شوێنکەوتەکانی زۆرینەیان ڕۆشتوونەتە سەر ڕێچکەی تەسەوف و ئەم ڕێڕەوەیان هەڵبژاردووە بۆ خواپەرستی (٢٢)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ڕۆڵی سەرنمای شافیعییە ئەشعەرییەکان و وەزیر نیزامولمولکی سەلجوقی (٤٨٥ ک مردووە). ناوبراو زۆر گرنگی بە سۆفییەکان دەدا، لە خۆی نزیک دەکردنەوە، هەوڵی زۆریدا لەوەی پێشیان بخات و فێریان بکات لە سەردەمی خۆیدا، بودجە و خەرجی ساڵانەی بۆ دابینکردن و زۆر گرنگیدا بەئاوەدانکردنەوەی خانەقاکانیان(٢٣).

نیزامولمولکی سەلجوقی لە تەنیشت فێرگەی نیزامییەی بەناوبانگ خانەیەکی بۆ شێخی شێخەکانی نەیسابور ئەبوسەعیدی سۆفی نەیسابوری کردەوە(٤٧٩ ک مردووە) (٢٤)، نەک هەر ئەوە بەڵکە نیزامولمولک خۆی بە مورید و شوێنکەوتەی ئەم شێخە دەزانی، شتێکی ئاشکراشە ئەم گرنگیدانەی نیزامولمولک بە سۆفییەکان ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر خوێندکارانی قوتابخانەی نیزامییە هەبووە کە لقەکانی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا تەشەنەیان کردبوو لەنێویشیاندا ناوچە کوردییەکان، جگەلەوەش کوردێکی زۆر لەو قوتابخانانە دەیانخوێند و لەژێر ئەو کاریگەرییەدا بوون(٢٥).

پاش بنیاتنانی خانەی شێخ نەیسابوری لەلایەن نیزامولمولکەوە، ئەم جۆرە خانەیە لە زۆربەی ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە تەنیشت قوتابخانە فیقهییەکان تەشەنەیان کرد(٢٦)، بەجۆرێک لە قۆناغەکانی دواتردا سەرانی تەسەوف کاری وانەبێژییان لە قوتابخانە نیزامییەکان و ئیرشادی سۆفیگەرییان تێکەڵ بەیەکتر دەکرد، بەناوبانگترین ئەو کەسانەش شێخ سوهرەوەردییە کە ناوی ئەبو نەجیب عەبدولقاهر عەبدوڵلا شافیعی مەزهەبە(٥٦٣ ک مردووە). سوهرەوەردی خەڵکی وڵاتی سوهرەوەردی کوردنشینە لە هەرێمی چیا(٢٧)، هەروەها شێخی سۆفییەکانی بەغدا بووە و لەهەمانکاتدا سەرپەرشتیکردنی فێرگەی نیزامیەی گرتۆتە دەست(٢٨)، جگە لەویش فەخرولئیسلام ئەبوبەکری شاشی میافارقینی کە سۆفی و ئەشعەری بووە، لەهەمانکاتدا سەرۆکایەتی شافیعی مەزهەبەکانی بەغداشی گرتۆتە دەست و لە قوتابخانەی نیزامییە وانەبێژ بووە(٢٩) .

## 2- کاریگەرییە شیعییەکان:

بیری شیعەگەریی و ئەفکارە ناواخندارەکانی ئیسماعیلیی و قەرامیتە کە لە سەدەی دووەمی عەباسیدا لە ناوچە کوردییەکان تەشەنەیان کردبوو، دوور نەبوون لە بەجێهێشتنی کاریگەری لە قۆناغە پێشەنگەکانی سۆفیگەری، چونکە بەشێک لە بیروباوەڕی سەرنماکانی سۆفیگەری لە بیروباوەڕە شیعییەکانەوە وەرگیراون(٣٠)، جگەلەوەش سۆفیگەریی تەنها پەیوەست نییە بە سوننە مەزهەبەکانەوە بەتەنها، بەڵکە دەشێت کەسێک سوننەیەکی سۆفی بێت یان شیعەیەکی سۆفی(٣١). بەپێی بۆچوونی زۆربەی شارەزایان ڕایەڵی هاوبەشی زۆر لە نێوان سۆفیگەریی و شیعەگەریدا هەیە و تەنانەت زاراوەی سۆفی بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا لەلایەن کیماگەری شیعی جابری کوڕی حەیانەوە بەکارهاتووە لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچی کە هاوتای هەشتەمی زایینییە و ناوبراو لە کوفە ڕێبازێکی دنیا نەویستی تایبەت بەخۆی هەبووە(٣٢).

جگە لەوانەی سەرەوە لە پاش شکستهێنانی زۆربەی هەرە زۆری بزوتنەوە شیعییەکان و شکستیان لە گەیشتن بە دەسەڵات پەنایان بۆ زوهد و پەناگیریی و دوورکەوتنەوە لە دنیا بردووە و لەناو سۆفییەکاندا خۆیان کپکردۆتەوە (٣٣)، هەندێک لە بزوتنەوە شیعەگەرییەکانیش زوهد و سۆفیگەرییان وەک هۆکارێکی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بەکارهێناوە(٣٤)، وەک دامەزرێنەری بزوتنەوەی قەرامیتەی باتنی (حمدان بن حمدون) کە لە خوزستانەوە هاتووە بۆ کوفە لە ساڵی ٢٧٨ک/٨٩١ ز، و کوردێکی زۆر دوای کەوتوون(٣٥)، حەمدان لە سەرەتادا دنیا نەویستی و زوهدی پیشان دەداو خۆی وەک سۆفییەک نمایش دەکرد لە بەردەم شوێنکەوتەکانی تا ئەوکاتەی خەڵکێکی زۆری لە دەوروبەر کۆبوونەوە ئەوجا ئەوەی ئاشکراکرد کە ئیش بۆ ڕێبازی ئالوبەیت و شیعەگەریی دەکات(٣٦).

لە سەرچاوە مێژووییەکانیشدا ناوی زۆرێک لە ناودارانی کوردی سۆفی شیعە هاتووە لەوانەش میر عوکبەری کوردی(٣٧)، ئەبو ستارەی دەینەوەری(٣٤٠ک مردووە) (٣٨) کە دانراوێکی هەیە بەناوی (القناعه) (٣٩)، کە دەکرێت بکرێتە بەڵگە لەسەر بوونی کۆڵەکەی هاوبەش لە نێوان تەسەوف و شیعەگەریی نەک لەسەر ئاستی ناوچە کوردنشینەکان بەڵکە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی بەتایبەت پاش ئەوەی سۆفیگەری ڕووی کردە عیرفان و پەناگیری و ناواخن و لە ڕواڵەتبینی شەریعەت بۆ دەقەکان دوورکەوتەوە(٤٠)، هەروەها لەگەڵ بزاڤە باتنییەکان یەکیگرت لە باسکردنی ئەوەی کە دەقەکان دوو واتایان هەیە یەکێک ئاشکرا و دیار یەکێکی تر نهێنی و ناواخن و بانگەشەگردنی ئەوەی کە هەندێ لە "پیاوانی خوا

ـ ئەولیا" خاوەنی بەرچاوڕوونی خوداییین لە پەنا زانینی زانستی شەرعیدا(٤١). هەردوو بیری سۆفی و شیعە لەوەدا خاڵی هاوبەشیان هەیە کە پێیانوایە خەڵکی پەنهانی زان و خاوەن کەرامەت باڵاترن لە ئەهلی شەریعەت (٤٢)، وەک ئیبن خەلدونیش دەڵێت هەردوولا لە یەک سەرچاوە ئاویان خواردۆتەوە و قسەیان تێکەڵ بووە و بیروباوەڕی هاوبەشیان هەیە (٤٣).

پ_ کاریگەرییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان:

تەسەوف لەکاتێکدا لەناو کورددا سەریهەڵدا لە سەدەی چوارەمی کۆچی کە حوکمڕانی بنەماڵەیی لە کوردستان لە گەشەکردن و ڕەگ داکوتاندا بووە(٤٤)، هەر لەم کاتەشدا ڕۆحی دورکەوتنەوە لە دنیا و گەڕانەوە بۆ دینی ڕەسەن وەک هۆکارێک بۆ دورکەوتنەوە لە سەرکێشی و دنیاویستی و خۆشخۆریی و کەیف و سەفای میرە حوکمڕان و چینە فەرمانڕەواکەی ئەوکات سەریهەڵداوە لەکاتێکدا خەڵک لە هەژاریدا دەژیان(٤٥)، ئەم حاڵەتە تەنها لە ناوچە کوردییەکاندا نییە، بەڵکو بەپێی سەرچاوەکان لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی بۆ هەڵهاتن لە قەیرانی بژێویی و ڕۆحی پەنایان بۆ سۆفیگەری دەبرد (٤٦) و کوردەکان زیاتر لەوان لەگەڵ ئەم ڕێچکەیەدا دەگونجان(٤٧).

لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەسەرهاتی سەیر لەبارەی کاریگەریی دۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر تەشەنەکردنی تەسەوف هەیە، کە تێیدا هەندێ لە چەتە و ڕێگرەکان سۆفیگەرییان وەک پەناگە دۆزیوەتەوە بۆ هەڵهاتن لە ڕابردووی خراپی خۆیان کە بەناوبانگترینیان شێخ ئەبوبەکری بەتایبەتی کوردییە کە خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتوون(٤٨)، لەگەڵ خوێندکارەکەی شێخ محەمەد شەنبەکی کوردی کە لە ڕێگرەوە بۆتە گەورەی سۆفییەکانی سەردەمی خۆی و یەکێک لە ناودارترین پایەکانیان لە بەغدا (٤٩)، ئەم دوو کەسایەتییەش کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر ئەو ژینگەیەی ئیشیان تێدا کردووە و خەڵکێکی زۆریان پەلکێش کردووە بۆ جیهانی سۆفیگەری بەتایبەت پاش ئەوەی وەک تەوبەکار و خەڵکی گەڕاوە بۆ لای خودا دەرکەوتوون و چەندین کەرامەت بەناویانەوە کراوە(٥٠).

## سەرەنجام

دەرکەوتنی سۆفیگەری لەناو کورددا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی کە تێیدا ئەم شێوازە خواپەرستییە لە زوهد و پەناگیرییەوە دەپەڕییەوە بۆ گەلالەبوون و پێگەشتن و خەملین. بۆ ئەم دەرکەوتنەش زیاتر لە هۆکارێک هەیە کە هەندێکیان پەیوەندییان بە ژیانی دنیانەویستی پێشەواکانی شەرعەوە هەیە و هەندێکی تریان پەروەدەیی و سیاسین بەتایبەت پاش ئەوەی نیزامولمولکی سەلجوقی شافیعی مەزهەب وەک موریدێکی سۆفیگەریی چالاک دەکەوێتە بەخشین و یارمەتیدانیان. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەریی شیعی لەسەر سۆفیگەریی کوردی جێ پەنجەی هەیە، چونکە تەسەوف تەنها قەتیس نییە لە سوننەدا و لە سەردەمەکانی عەباسیدا کوردستان لانکەیەک بووە بۆ داڵدەدان و پێشوازیکردنی بزاڤەکانی شیعەگەری. جگە لە پاڵنەرە مەزهەبیی و دینییەکانیش بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایی سیاسی لە خراپەکاری میرەکان ڕۆڵی زۆری هەبووە لە هەڵبژاردنی دنیا نەویستی لای هەندێک لە کورد.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٦٢ ؛ النبهاني: جامع كرامات الأولياء، تحقيق إبراهيم عطوة عوض، مركز أهل سنت، الهند، ٢٠٠١م، ج٢، ص ٣١٤.

(٢) حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان وشهرزور، ص ٣٤٣ ؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، ص ٨٨.

(٣) آدم متز: الحضارة الإسلامية، ج١، ص ٣٨٧.

(٤) المقدسي: أحسن التقاسيم، ص ٣٩٥ ؛ ابن الأثير: اللباب في تهذيب الأنساب، ج٢، ص ١٢١.

(٥)حيدر لشكرى: له شەريعەتەوە بۆ حەقيقەت، ص ٩٠ ؛ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان وشهرزور، ص ٣٤٣.

(٦) ابن النديم: الفهرست، ص ٣٠٩. ابن العماد: شذرات الذهب، ج٢، ص ١٧٥

(٧) المناوي: طبقات الصوفية، ج٤، ص ٤٧.

(٨) ابن الأثير: اللباب في تهذيب الأنساب، ج٢، ص ١٢١ ؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٢، ص ٥٨ ؛ آدم متز: الحضارة الإسلامية، ج١، ص ٣٨٩.

(٩) حيدر لشكري: لةشةريعةتةوة بؤ حةقيقةت، ص ص ٧٠ _٧١.

( ) للوقوف على أسماء وبعضا من سير علماء الكرد الحنابلة والذين صحبو الإمام أحمد ونقلوا عنه أشياء ومسائل شرعية انظر الملحق رقم (٣) لهذه الرسالة، ص ١٦٦.

(١٠) أبي يعلى: طبقات الحنابلة، ج١، ص ١٠.

(١١) ابن الجوزي: مناقب الإمام أحمد، ص ص ٣٢٩ _٣٤١ ؛ أبي يعلى: طبقات الحنابلة، ج١، ص ص ٩ _ ١٤ ؛ موفق سالم نوري: أحمد بن حنبل وعلاقته بالسلطة العباسية _ إشكالية الفقيه والسلطان، مجلة التاريخ العربي، الرباط، العدد ٢٩، ٢٠٠٤م، ص ١٣١ _١٤١.

(١٢) أبي يعلى: طبقات الحنابلة، ج١، ص ٣٤٣ ؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٦١ ؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٣، ص ٤١٦. عبدالكريم مدرس: علماؤنا في خدمة العلم، ص ١٤١.

(١٣) القزويني: نزهة القلوب، ص ٧٤.

( ١٤) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٢، ص ٢٦٠ ؛ المناوى: طبقات الصوفية، ج١، ص ٥٧٠ ؛ حسن نافعة وبوزورث: تراث الإسلام، ج٢، ص ٦٠.

(١٥) أبي يعلى: طبقات الحنابلة، ج١، ص ٣٤٣.

(١٦) ن أبو نعيم الأصبهاني: حلية الأولياء، ج١٠، ص ٢٦٥.

(١٧) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج ١١، ص ٣١ ؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٦، ص ٤٩٩ ؛ بكر أبو زيد: علماء الحنابلة، ص ١٤١.

(١٨) النبهاني: جامع كرامات الأولياء، ج٢، ص ٤.

(١٩) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٤٢٦ ؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٦، ص ٤٩٩ ؛ النبهاني: جامع كرامات الأولياء، ج٢، ص ٤ ؛ عبدالكريم المدرس: علماؤنا في خدمة العلم، ص ١٤٣.

(٢٠) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج ١١، ص ٣١.

(٢١) قال الإمام الشافعي «أسس التصوف على الكسل»، و قال «لو أن رجلا تصوف أول النهار لا يأتي الظهر حتى يصير أحمق» وكذلك قوله «ما لزم أحد الصوفية أربعين يوما فعاد عقله إليه أبدا»، وغيره من

الأقوال في هذا الشأن. انظر: أبو نعيم الأصبهاني: حلية الأولياء، ج٩، ص ص ١٣٦_ ١٣٧ ؛ ابن الجوزي: تلبيس إبليس، ص ٣٢٧.

(٢٢) آدم متز: الحضارة الإسلامية، ج١، ص ٣٥٣.

(٢٣) نظام الملك الطوسي: سياستنامة، ص ٢١ ؛ عمر سليم عبد القادر التل: متصوفة بغداد، ص ٢٩.

(٢٤) نظام الملك الطوسي: سياستنامة، ص ٢١، ص ٢١.

(٢٥) المقريزي: الخطط، ج٤، ص ١٩٩ ؛ ناجي معروف: علماء النظاميات، ص ٧٣_ ٧٦ ؛ ١٨٧_ ١٩٨ ؛ عبدالوحيد: الكرد وبلادهم، ٥٠ ؛ آكو برهان: الحياة العلمية في دياربكر وجزيرة ابن عمر، ص ٨٣ ؛ وللمزيد انظر الفصل الثالث (المذاهب الفقهية السنية) لهذه الرسالة، ص ص ٩٠ _٩٨ والملحق رقم (٢) لهذه الرسالة، ص ١٦٥.

(٢٦) عمر سليم عبد القادر التل: متصوفة بغداد، ص ٢٩.

(٢٧) الأصطخري: المسالك والممالک، ص ١١٩ ؛ ابن حوقل: صورة الأرض، ق٢، ص ٣٦٩.

(٢٨) ابن حوقل: صورة الأرض، ق٢، ص ٣٦٩ ؛ ابن المستوفي: تاريخ أربل، ق١، ص ١٠٧ ؛ الزركلي: الأعلام، ج٤، ص ٤٩.

(٢٩) ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ٣٢٣.

(٣٠) كارل بروكلمان: تاريخ الشعوب الإسلامية، ص ٢٣٨.

(٣١) مريزن عسيري: الحياة العلمية في العراق خلال العصر السلجوقي، ص ١٣٧.

(٣٢) ماسينيون ومصطفى عبدالرزاق: التصوف، ص ٢٦.

(٣٣) فلاح اسماعيل أحمد: العلاقة بين التشيع والتصوف، أطروحة دكتوراه مطبوعة، كلية الدعوة وأصول الدين، الجامعة الإسلامية بالمدينة النبوية، ١٩٩١م، ص ١١٣.

(٣٤) الديلمي: بيان مذهب الباطنية، ص ٢٠.

(٣٥) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٢، ص ٢٩٨.

(٣٦) الديلمي: بيان مذهب الباطنية، ص ٢٠.

(٣٧) محسن الأمين: أعيان الشيعة، ج٨، ص ١٤٨ ؛ حيدر لشكري: له شەريعەتەوه بۆ حەقيقەت، ص ٥٧.

(٣٨) الروزبياني: مێژووی حەسنەوەیهی و عەییاری، ص ١٢٤ _١٢٥.

(٣٩) مردوخ الروحاني: مێژووی ناودارانی کورد ، ج١، ص ٢٠.

(٤٠) ابن خلدون: المقدمة، ج٢، ص ٢٣٨.

(٤١) فلاح اسماعيل أحمد: العلاقة بين التشيع والتصوف، ص ١٨٤.

(٤٢) رفيق العجم: موسوعة مصطلحات التصوف الإسلامي، ص ١٩ ؛ فلاح اسماعيل أحمد: العلاقة بين التشيع والتصوف، ص ١٨٤.

(٤٣) ابن خلدون: المقدمة، ج٢، ص ٢٣٨.

(٤٤) كارل بروكلمان: تاريخ الشعوب الإسلامية، ص ٢١٢ ؛ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان وشهرزور، ص ٣٤٣ ؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، ص ٨٨ ؛ هدى جبير السفياني: الحياة العلمية في الري وإقليم الجبال في العصر البويهي، ص ٨٤.

(٤٥) ابن خلدون: المقدمة، ج٢، ص ٢٢٥ ؛ مريزن عسيري: الحياة العلمية في العراق، ص ١٤٢.

(٤٦)حيدر لشكرى: له شەريعەتەوه بۆ حەقيقەت، ص ٤٥ _ ٤٦

(٤٧) باسيلي نيكيتين: الكرد، ص ٣٥٥.

(٤٨) النبهاني: جامع كرامات الأولياء، ج١، ص ٤٢٤_٤٢٥ ؛ أنس محمد شريف الدوسكي: أتباع الشيخ عدي بن مسافر الهكاري من العدوية إلى اليزيدية، مطبعة هاوار، دهوک، ٢٠٠٦م، ص ٨٠ ؛ النبهاني: جامع كرامات الأولياء، ج١، ص ٤٢٥.

(٤٩) المناوي: طبقات الصوفية، ج٤، ص ١٨٢ ؛ عمر سليم عبد القادر التل: متصوفة بغداد، ص ٦٩.

(٥٠) المناوي: طبقات الصوفية، ج٤، ص ١٨٢ ؛ عمر سليم عبد القادر التل: متصوفة بغداد، ص ٦٩.

# شوێنی سۆفیزم
## له جولاّنەوەی سیاسی کورددا





**د.جەعفەر عەلی**

لەدایکبووی ١٩٦٥، کۆیە. ماستەر لە ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، دکتۆرا لە سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.

## سەرەتا

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، دوای ئەوەی دەسەڵاتی میرایەتییەکانی کورد کۆتایی هاتبوو، بۆشاییەکی سیاسی، تایبەت لە ئاستی ڕێبەرایەتیکردنی جوڵانەوەی سیاسی کورد، لە کوردستان دروستببوو. شێخەکانی تەریقەت ئەگەر پێشتر و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا، زیاتر پابەندی دیوە ڕۆحانییەکەی ناو فەزای ئایینی و کۆمەڵایەتی کورد بووبن، ئەوا دوای نەمانی دەسەڵاتی میرەکان، وەک هێزێکی کاریگەر و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێز لە ڕووی سیاسیی و لە ڕووی ئۆرگانیزەکردنی خێڵە کوردییەکان، دەرکەوتن(١).

ماوەی دەسەڵاتی میرایەتییەکانی کورد سەبارەت بە شێخەکانی تەریقەت هەرچی زیاتر ماوەی جەختکردنەوە لەسەر پرینسیپە ڕۆحییەکانی سۆفیزم و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بوو، تا ڕادەیەک دەشێت بڕوا وابووبێ، کە بزووتنەوەی سۆفیزم و شێخەکانی تەریقەت دوور لە بەشداری لە ژیانی سیاسی دەمێننەوە و دەست ناخەنە نێو کاروباری حوکمڕانی و نابنە مەترسی بۆ سەر دەسەڵات، بەڵکو بە تەنها جەختکردنەوە لەسەر دیوە کۆمەڵایەتیی و ڕۆحییەکەی سۆفیزم ڕازیدەبن و تواناکانیشیان هەر لەم بوارەدا چڕدەکەنەوە(٢).

بڵاوبوونەوەی سۆفیزم سنوری دەسەڵاتی سیاسیی و جوگرافیای خێڵەکی میرایەتییە لۆکاڵییەکانی کوردی تێپەڕاند، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە دونیابینی و دیدگای ڕۆحانی سۆفیزمەوە هەبوو، کە لە سەرەتادا تەنها جوڵە و بزووتنەوەیەکی ئایینی ڕووت بوو، لەگەڵ دەسەڵاتە زەمەنییە لۆکاڵییەکانی کوردستاندا بەریەککەوتن و دژایەتییەکی ئەوتۆی نەبوو(٣)، بەڵام کاتێک میرایەتییەکان لەنێوبران، میرانی کورد و بنەماڵە فەرمانڕەواکانیان بێدەسەڵات کران، جوڵانەوەی سیاسی کورد لەسەر ئاستی ڕێبەرایەتی پێی خستە نێو قۆناغێکی نوێوە، کە تێیدا توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ، کە بریتیبوون لە شێخەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم، جڵەوی ڕێبەرایەتیکردنی جوڵانەوەی ڕزگاری گەلی کوردیان گرتە دەست. واتە لە ڕێبەرایەتی کۆکردنەوەی خەڵکی کورد و ئاراستەکردنی بزووتنەوە سیاسیی و چەکدارییەکاندا، (شێخ) جێگەی (میر)ی گرتەوە.

لە بارودۆخی ئەوکاتی کوردستاندا، شێخەکانی تەریقەت تەنها کەسانێک بوون بتوانن خەڵکی کورد لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و سەرلەنوێ و لە فۆرمێکی جیاوازتری دەسەڵاتدا کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕێکبخەنەوە. پلەوپایە و دەسەڵاتی شێخ بەهۆی کەشف و کەرامات و توانای دەرککردنی شتە پەنهان و شاراوەکان و زێدەگۆیی زۆری خەلیفە و مرید و پەیڕەوانیان، هەروەها باوەڕهێنانی بێ بیرکردنەوەی خەڵکیش بەم هێز و توانا ئەفسانەیی و خەیاڵییەی شێخ، دەیتوانی پێگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕۆحانی شێخی تەریقەت پتەوتر بکات. لێرەوە شێخەکانی تەریقەت دەیانتوانی ببنە سەنتەری کۆکردنەوەی خەڵک و ڕۆڵی گەورە و کاریگەریش بە هەردوو دیوی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردیدا ببینن. شێخە ڕۆحانییەکان لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، توانیان شوێنێکی دیار لە پانتایی ژیانی سیاسی و خەباتی ڕزگاری گەلی کورددا داگیربکەن و لە میرە کوردەکانی پێش خۆیشیان سەرکەوتووتر بن(٤).

## سۆفیزمی کوردی لە کایەی سیاسیدا:

### یەکەم: نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە

لە سەرەتای دەرکەوتنی سۆفیزمدا، کەسی سۆفی بڕوای وابوو، کە ژیانی دونیایی ماڵێکە بۆ ئەزموونکردن، بۆیە مرۆڤ دەبێ بۆ ئامانجێکی

دوورتر و گەورەتر لە ئامانجی دونیایی هەوڵبدات، کە بریتییە لە یەکبوون لەگەڵ خودا (الاتحاد بالخالق)، یان لانیکەم نزیکبوونەوە لە خودی خودا و خۆپاراستن لە خراپییەکانی ئەم دونیا کاتییە. بە بڕوای هەندێک لە نوسەران، ئەم ڕوانینە بۆ سۆفیزم بریتییە لە دیوە نێگەتیڤەکەی بیری سۆفیزم، چونکە مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبات لە جوڵە و چالاکی و داهێنان بکەوێت و ژیان بە نوێژ و پاڕانەوە لە خودا و زیکر و پرینسیپی رووتی ڕۆحانییەت دەسپێرێت، واتە جۆرێک لە دابڕان لە ژیانی گشتی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵایەتیبوون بەسەر کەسی سۆفیدا دەسەپێنێت. پێچەوانەی ئەم بۆچوونە سۆفیزم لە کوردستان زۆرجار مەبەستەکانی سیاسی و پۆزەتیڤ بووە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی بیستدا، کارەکتەرە سیاسییەکان، بریتیبوون لە شێخە ڕۆحانییەکانی دونیای تەریقەتەکانی تەسەوف، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش لەمبوارەدا پێشەنگ و ڕچەشکێن بووە. واتە دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا سۆفیزم و ڕێبەرانی تەریقەتەکان دابەزینە نێو گۆڕەپانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و بەپشتبەستن بە پرینسیپی جیهاد و قوربانیدان، لەسەر ئاستی ڕێبەرایەتی چوونە نێو بەشداری خەباتی سیاسیی و چەکداری کوردەوە (٥). بەمانای ئەوەی ئیدی شێخان نە تەنها ڕێبەری تەریقەت و مورشیدی باڵای ئایینی بوون، بەڵکو بوونە ڕێبەری سیاسی و سەرکردایەتی جوڵانەوەی ڕزگاری گەلی کوردستانیشیان لەئەستۆ گرت.

هێزی ڕۆحانی شێخان لەنێو لایەنگر و پەیڕەوانیان بە تایبەتی و ، کەرت و خانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی، ڕیشە و قوڵاییەکی ڕۆحی-کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو. شێخەکانی سەر بە ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەیان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خێڵ و هۆزەکانی کورددا هەبوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش ڕوویان دەکردە تەکیە و خانەقاکان بەمەبەستی خۆپاراستنیان لە نادادپەروەریی و ستەمی دەسەڵاتی سیاسیی و گەیاندنی گرفتەکانیان بە کاربەدەستان. بەم مانایە شێخان نە تەنها ڕێبەری ڕۆحانی، بەڵکو هێزی ناوبژێکار و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە بچووک و گەورەکانی کۆمەڵگەیش بوون. ئەمەش چەند سەنگ و قورسایی ڕێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزمی بەهێز دەکرد، هێندەیش بنەمای جەماوەری ئەم تەریقەتانەی لەنێو خەڵکی کورددا بەرینتر و فراوانتر دەکرد، هەربۆیە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا شتێکی بەدەر لە چاوەڕوانی نەبوو، ئەگەر شێخانی تەریقەت سەرباری ڕێبەرایەتی ڕۆحی، ببنە ڕێبەری جوڵانەوە سیاسییەکانیش و بۆماوەیەکی درێژیش سەرکردایەتی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بە ئەستۆ بگرن.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ڕێی تەریقەت و ناوەندەکانی سۆفیزم و پاشخانی نەسەب و بنەماڵەوە، پێگەی سیاسیی و ئابووریی و بنکەی جەماوەری خۆی بەهێزتر کردبوو، بەڵام لە خەباتی دژی عوسمانی- قاجاریدا، ئایین نابێتە کێشە و ئامانجی سەرەکی ڕاپەڕینەکەی لە ساڵی ١٨٨٠دا، بەڵکو ئامانجی ڕاپەڕین، کێشەی نیشتمانیی و ڕزگاری گەلی کوردە، نەک کێشەی ستەمی ئایینی و بە ئامانجگرتنی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئایینی. عوبەیدوڵڵا هەوڵیداوە بە باشترین شێوە دژ بە نەیارەکانی سوود لە ئایینی ئیسلام و تەریقەتی نەقشبەندی وەربگرێت، بەجۆرێک خودی عوسمانییەکانی بەبێ دەرهاویشتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، کە خۆی وەک خەلیفەی موسڵمانان ناساندبوو، بە خودانەناس و لادەر لە ئایینی ئیسلام لەقەڵەمداوە و داوای لە کوردان کردووە لەپێناو ئایین و ڕزگاری نیشتمانەکەیاندا دژی عوسمانیی و قاجاری تێبکۆشن(٦).

# شێخەکانی نەهری هاوشانی ڕوناکبیرانی عەلمانی کورد، ڕۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی جوڵانەوەی سیاسیی و کەلتووری کوردیدا بینیوە

شێخ عوبەیدوڵڵا لە دیدی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کورد، کە خۆیان لە خەلیفە و مرید و پەیڕەوکارانی تەریقەت و سەرۆک هۆز و ئەندامانی خێڵەکانی کورددا دەبینییەوە، بوو بەو ڕێبەرە کاریزمایی و فریادڕەسەی، کە هێزی ئەوەی دەبێ بتوانێ کورد لە قۆناغێکی خراپی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە بەرەو دۆخێکی باشتر، بگوازێتەوە، تایبەت کە عوبەیدوڵڵا کوڕی شێخ تەهای سەرۆکی بنەماڵەی شەمزینییەکان و لە دونیای ڕۆحیی و مادیشدا میراتگری ئایینی و ناو و ناوبانگی خێزانەکەیان بوو (٧). بنەماڵەی شێخانی نەهری لە ڕووی ئایینییەوە پیاوی ئایینی ناودار و لە ڕووی مادییەوە خاوەنی گوندی زۆر و زەوی کشتوکاڵی فراوان بوون، دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش پایەی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، لە جاران بەهێزتر کردن. شێخ عوبەیدوڵڵا نەوەی ئەو بنەماڵە گەورە و خاوەن نفوزە بوو(٨).

بڕوای خەڵکی کورد بە شێخ عوبەیدوڵڵا، گەیشتبووە ئەو ئاستەی پێیانوابوو، کە نێردراوێکی خوداییە و بە ڕۆحێکی پیرۆزیان دەزانیی و باوەڕیان بە توانا ئەفسانەییەکانی هەبوو، لەڕاستیشدا تاڕادەیەک شێخ هەر بەمجۆرە سەیری خۆی دەکرد و باوەڕی وابوو، کە کەسایەتییەکی هەڵبژێردراوە بۆ چاککردنی بارودۆخە خراپەکە(٩). ناوی شێخ ببووە هێما و سیمبولی ڕێز و خۆشەویستی، ئەم ناوبانگە وایکردبوو هەزارەها کەس لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستانەوە نە تەنها ڕووی تێبکەن و پشتگیری خۆیانی بۆ دەرببڕن، بەڵکو وەک (باوکی کوردان)یشی بناسن(١٠).

شێخ عوبەیدوڵڵا پیاوێکی زاهید و گۆشەگیری دوور لە ژیانی خەڵک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەبووە، تا لە خانەقاکەیەوە بە نوێژ و زیکر و عیبادەت، خەریکی دوعاخوێندن بێ بۆ سەرکەوتنی سیاسی خەلیفەی مسوڵمانان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دواتریش هەر بە زەبری دوعاخوێندن و پاڕانەوە لە خودا، دوژمنانی ئیسلام لەناوبەرێت. ئەو بەدەرلەوەی ڕێبەری تەریقەتێکی گەورەی خاوەن نفوز و پێگەی کۆمەڵایەتی وەک تەریقەتی نەقشبەندی بووە، کەسایەتییەکی سیاسی و تێکۆشەرێکی نەتەوەییش بووە. شێخی نەقشبەندی پیاوێک بووە سیاسەتی کردووە، جوڵە و چالاکی سیاسیی و پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ کۆنسوڵخانە و نوێنەرانی وڵاتانی گەورەی جیهاندا هەبووە، تەریقەتی سۆفیزمی لە تەکیە و خانەقاکانەوە هێنایەدەر و بەرگێکی سیاسیی و نەتەوەیی بە بەردا کرد. عوبەیدوڵڵا لەنێو کۆمەڵێکی خێڵەکی-دەرەبەگی دواکەوتوودا دێت و مەسەلەی کورد لە ڕێگەی گوتارێکی نەتەوەیی بۆ یەکخستنی هەموو کورد لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا، بە بەکارهێنانی زاراوەکانی نەتەوە و نیشتمان و جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندییە کەلتووریی و سیاسییەکانی کورد، دەخاتەڕوو(١١).

ئەگەر مێژوو بە مانایەکی ملکەچی پێداویستی

بێت، ئەوا ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی لە کوردستاندا دروستببوو، هەروەها پێویستی دۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکەش ئەوەی دەخواست کەسێک جڵەوی نارەزایەتیی و بێزاری دۆخی کوردی بە ئەستۆ بگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەی، کە پێویستی دەکرد ئەو کەسە لە رووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە هێزی دروستکردنی جوڵەی تازە و رێبەرایەتیکردنی دۆخەکە و وەستانەوە بە رووی ستەمکاریی و هەمانکات هەڵگری خەون و مژدەی نوێ بێت بۆ پێکهاتە ئایینی و خێڵەکییەکەی کۆمەڵگەی کوردی. لەم دۆخەدا شێخ عوبەیدوڵڵا وەک پیاوی پێویستی قۆناغەکە کوردییەکە دێتە پێش و دەچێتە ژێرباری گرانی بەرپرسیارێتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەی مێژووی کورد و وەک رێبەرێکی بێ رکابەر، وەک کاریزمایەک لەنێو خانەقای نەقشبەندییەوە دێت و ئایین بە چەمکەکانی ناسیۆنالیزم و نەتەوە ئاوێتە دەکات.

**دووەم: نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، شێخ مەحمود بە نموونە**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، شێخەکانی نەقشبەندی لە نەهریی و شێخ عەبدولسەلامی بارزان و شێخ مەحمودی بەرزنجیی و شێخ سەعیدی پیران، لەنێو پرۆسەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و مێژوویی ئەوکاتەدا، چ لە سەرکردایەتی جوڵانەوەی سیاسیی و راپەرینەکانی کورد دژ بە ستەم و بێدادی دەسەڵاتە جیاوازەکانی ناوچەکە، چ لە بەشدارییان لە رێکخراو و کۆمەڵە سیاسیی و کەلتورییەکان و پشتگیری بزاڤی رۆژنامەگەری، رۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبووە.

شێخەکانی نەهری هاوشانی روناکبیرانی عەلمانی کورد، رۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی جوڵانەوەی سیاسیی و کەلتووری کوردیدا بینیوە. دەکرێ بنەماڵەی رۆحانیانی نەهری شانبەشانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، وەک دوو دامەزرێنەری دوو ئاقاری جیاوازی گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر بکرێن. بۆ نموونە، یەکێک لە ئەندامە چالاک و دامەزرێنەرەکانی یەکەمین کۆمەڵەی کوردی خاوەن بەرنامەی سیاسی، کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد (کورد تعاون و ترقی جمعیتی/ ١٩٠٨)، شێخێکی رێبازی تەریقەتی نەقشبەندی، شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە، کە دواتر بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەکە. لەم کۆمەڵەیەدا بوونی سەرۆکێکی شێخ و پرینسیپی مسوڵمانبوون، نەبۆتە کۆسپ لەرێی هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی کوردی مسوڵمان و ئەرمەنی مەسیحی(١٢).

ئەم دۆخی هەژموونی شێخە رۆحانییەکانی تەریقەت بەسەر جوڵانەوەی سیاسی کوردەوە تا ئەندازەیەکی گەورە لە راستی ئەم بۆچوونەی ئۆڵسن نزیکمان دەکاتەوە، کە دەڵێت: لە کوردستاندا بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی پێچەوانەی خواستی عەلمانیانی کورد بەنێو مەزهەب و تەکیەکاندا بڵاوبۆوە و شێخەکان بوونە پشتیوانی(١٣). هەر لەمبارەیەوە وەدیع جوەیدە گوتوویەتی: لەبەر هۆ و بەڵگەی زۆر هەرچەندی دەربارەی بایەخی تەکیەکان [هەروەها خانەقاکانیش جەعفەر] وەک بنکەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی بگوترێت، زێدەگویی نییە. ئەم بیروباوەڕانەی لەم بنکانەوە سەرچاوەیان دەگرت لەنێو خەڵکی کورددا لە ئاستێکی فراواندا پێشوازیان لێدەکرا، چونکە نیشانە و مۆری شێخەکانیان بەسەرەوە بوو، هەروەها شێخەکان خۆیشیان نیشتمانپەروەری بە پەرۆشبوون و لە نزیکەوە پەیوەندییان بە خەڵکی کوردەوە هەبوو، وێڕای ئەوەی بەهۆی بیروباوەڕ و پێشینەی فێربوونیانەوە لایەنگری ترادیسیۆن و حکومەتی ئیسلامی بوون و لە حکومەتی سیکیولاری تورکانی لاو، کە بایەخی بە ئایین نەدەدا، رازینەبوون(١٤).

ڕەنگە هەڵوێستی شێخ سەعیدی بەرزنجی بە ڕووی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکان، جیاوازتر بێت لە هەڵوێستی شێخانی وەک عوبەیدوڵڵا بۆ نموونە. هەڵوێستی شێخ سەعیدی بەرزنجی لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئیتیحادوتەرەقی، هێندەی پەیوەندی بە مەترسی لەسەر لە دەستدانی پێگە و دەسەڵاتەکەی و پەیوەندی پتەوی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و کاریگەری سیاسەتی پان-ئیسلامیزم و ئەو دەسەڵات و سامانەوە هەبوو، کە سوڵتانی عوسمانی بە شێخی بەرزنجی بەخشیبوو(١٥)، هێندە پەیوەندی بە پرسی جوڵانەوەی ڕزگاری گەلی کوردەوە نەبووبێ. بۆیە دەشێت یاخیبوونی شێخ سەعید لە ئیتیحادییەکان، وەک پەیوەندی نێوان شێخ و پێگەکەی و پەیوەندی بە دەسەڵات و سیمبولی مسوڵمانان و خەلافەتەوە سەیر بکەین، نەک وەک پەیوەندی و لێکدانەوەی لە چوارچێوەی جوڵانەوەی ڕزگاری گەلی کورددا.

شێخ سەعید، لە بنەماڵەی شێخانی بەرزنجەیە، ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی کاک ئەحمەدی شێخەوە، کە کوڕی مورشیدی باڵای تەریقەتی قادری، شێخ مارفی نۆدێییە، وێڕای پلەوپایەی ئایینی و دەسەڵاتی ئابووری، کە ببوون بە دەرەبەگی خاوەن موڵک و زەوی و زاری گەورە، بەرەو دونیای سیاسەت و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیش هەنگاویاننا(١٦).

پێگەی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان بە ئەندازەیەک گەورەببوو، گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی سوپا هەوڵیاندەدا ڕەزامەندی ئەو بەدەست بێنن، تەنانەت ژمارەیەکیان بە گوتەی ڕەفیق حلمی، بە ڕەهایی ملکەچی ببوون(١٧). پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی شێخانی بەرزنجە لەلایەک، پشتگیری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ شێخان بەگشتی، یان پەیوەندی بەهێزی شێخ سەعید لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی لەلایەکی دیکەوە، هێز و نفوز و دەسەڵاتی بنەماڵەی شێخانی لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەی سلێمانی، فراوانتر و بەهێزتر کردبوو.

شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید و نەوەی ئەم بنەماڵە گەورە و خاوەن نفوز و ناسراوە بوو. لەناو و ناوبانگی بنەماڵەکەیی و نفوزی ئایینی خانەوادەکەشی گەلێک سوودمەند ببوو، گەیشتبووە پلەیەکی بەرزی سەرکردەیی، ئیدی وردە وردە لە دونیای سیاسەتیشدا کەم تا زۆر ناسراو، ناوی کەوتە سەر زاران. لە تەمەنی منداڵیشدا هاوشانی باوکی، ماوەیەک میوانی سوڵتانی عوسمانی، عەبدولحەمیدی دووەم، بووە(١٨).

شێخ مەحمود وەک سەرکردەیەکی کاریزمی و کاریگەر بەسەر داگیرکردنی بیرکردنەوە و هۆشیاری خەڵکەوە، هەستی ئەوەی لەلا دروستببوو، کە ببێتە ڕێبەرێکی بەهێز و بێ ڕکابەر لە باشووری کوردستان، بۆیە بەردەوام خۆی وەک نوێنەری کوردانی باشوور، تەنانەت بەشێک لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، دەبینی. لە ئاستی دەرەوەشدا بەسوودوەرگرتن لە پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بنەماڵەکەی، هەوڵیدەدا وەک سەرکردەیەکی خاوەن دەسەڵاتی ڕۆژگارەکەی، سەرنجی دەرەوە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و ئەو پەیامە بگەیەنێ، کە ئەو ڕێبەرێکی کاریزمایی بێ ڕکابەر و کاریگەری ئەوتۆیە، دەتوانێ بە هەردوو دیوی، پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤدا، ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە ململانێی نێوان جەمسەرە ناکۆکەکانی ناوچەکەدا ببینێ و ببێتە گەمەکەرێکی سەرەکی، لانیکەم لە جوگرافیای سلێمانی لە بەرامبەر تورکەکان و بریتانییەکاندا.

ئەو ڕۆژگارە شێخ مەحمود، نەک هەر ناسراوترین و پڕ نفوزترین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی سلێمانی و باشووری

کوردستان بوو، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر خودی شێخ مەحمود بریتیبوو لە بزووتنەوەی سیاسی کورد و بزووتنەوەکەیش بریتیبوو لە شێخ مەحمود. لەوانەیە زێدەگۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین، لە ماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عیراقەوە، چارەنوسی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان، بە کەسایەتی و جوڵەی سیاسیی و چەکداری و پەیوەندییەکانی شێخ مەحمودەوە بەسترابۆوە(١٩).

لەگەڵ هەموو ئەم بەهێزی پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتییەشیدا، شێخ مەحمود لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و سلێمانی، تەنانەت لە نێو خودی تەریقەتی قادریشدا، بێ نەیار و بێ ڕکابەر نەبوو. شێخ، نە فریشتە بووە، نە پێغەمبەر، ئەو کوڕی ژینگەکەی و پەروەردەی بنەماڵە و کۆمەڵگەکەی بوو، ژینگە و کۆمەڵگەیەک، کە تا ڕادەیەک لەو فۆرم و شێوازە ئیداری و فەرمانڕەواییە دەچوو، کە پێش چوار سەدە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپادا باو بووە. هەرچی ئینگلیز بوو لە گۆشەنیگای ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووری سەدەی بیست و بە واقیعیەتی ئەو سەدەیە سەیری سەرکردایەتی شێخی بەرزنجی دەکرد(٢٠).

وەکچۆن شێخ عوبەیدوڵڵا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، لە ڕێی پێگە و نفوزی خانەقای نەقشبەندییەوە، بزووتنەوەی سیاسی کوردی بە بەرگی ئایینی داپۆشی، ئایین و ناسیۆنالیزمی ئاوێتەی یەکدی کرد، شێخانی بەرزنجەیش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، توانیان بەناوی جیهادەوە تەوزیفی ڕۆڵی تەکییەکان بۆ مەبەستی سیاسی بکەن، بەجۆرێک توانیان سنوری سلێمانی تێپەڕێنن و لەڕێی خەلیفە و مرید و پەیڕەوانیان، هەروەها ئەو پڕوپاگەندانەی تەکییەکان و دەروێش و مریدەکان لەو ناوچانە بۆ شێخی تەریقەتیان دەکرد، بگەنە ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی.

خێزانی شێخانی بەرزنجە بەهۆی پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکانی ئیسلام و بنەماکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمی ئیسلامی، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پڕ بایەخ و گرنگیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو، ئەو بنەماڵەیە نەوە دوای نەوە، ئەو جێگە و پێگە گرنگەیان بە میرات بۆ مابۆوە، پێگەیەک کاریگەری ڕۆحی تێکەڵ بە ڕەهەندی سیاسی لە ناوەندی کۆمەڵایەتیدا بۆ بەرجەستە کردبوون. وێڕای ئەوەی ئەم پێگەیە ببووە سەنتەرێکی ئابووری بەهێز بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەیان، بەجۆرێک نەوەی شێخان، وێڕای سەرمایەی ڕەمزی ڕۆحانی، دەبوون بە خاوەنی سەرمایەی ماددی گەورەش، دەبوون بە خاوەنی زەوی و زاری کشتوکاڵی زۆر لە سلێمانی و دەرەوەی سلێمانیدا، ئەمەش دەبووە هۆی بەهێزترکردنی پێگەکەیان و جوڵە و چالاکی لە نێو کۆمەڵگەدا زیاتر و گەورەتر دەکردن.

دەتوانین بڵێین، شێخ مەحمود چەند ئایینداری کردووە، هێندەیش سیاسەتی کردووە. ڕاستە ئەو ڕۆژگارە مزگەوت و خانەقا و تەکییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە بڵاوکردنەوە و فێرکردنی خوێندەواریی و ئامادەکردنی زەمینەی فیکری بۆ هەر جوڵەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردی لە باشووری کوردستاندا دەبینی، چونکە ئاسانترین زمانێک، کە لانیکەم بەشی هەرەگەورەی لایەنگرانی شێخ مەحمود و کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگەش تێیدەگەیشتن، زمانی کارکردن لەنێو چەمک و ماناکانی ئایینی ئیسلامدا بوو. بۆیە باشترین و گونجاوترین مامەڵەی عەقڵانی لەگەڵ ژینگەیەکی لەمجۆرەدا، ڕەنگە بریتی بووبێت لە سوودوەرگرتن لەو سەرخانە فیکرییە بۆ مەبەستی سیاسی. شێخ مەحمود کەم تا زۆر، وەک ڕێبەرێکی بێ ڕکابەر و کاریزمی لە ڕۆژگاری خۆیدا، هەوڵێکی لەمجۆرەیدا، ئەگەر هەوڵەکانی لە ئاستێکی بچووک و سنورێکی لۆکاڵیشدا بووبن.

## پەراوێزەکان

١. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا، ل١٨.

٢. پێ ڕەش، بارزان و حرکة الوعي القومي الكردي ، ص١٤.

٣. المصدر نفسه، ص١٤.

٤. جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري ، ص١٤٤-١٤٥.

٥. پێ ڕەش، موصدر سابق، ص٩.

٦. ئەڤیریانۆڤ، کورد لە جەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، ل٢٤١-١٤٣ ؛ د.عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، ل٨٤-٨٥.

7. Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement,P.77.

٨.ساڵح محەمەد ئەمین، کورد و عەجەم، ل١٥٤.

9. Jwaide, op.cit,P.77

١٠. جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان، ل١٠٧.

١١. د.عبدالرؤوف سنو، النزعات الكيانية الاسلامية، ص١٢٣.

١٢. مالمیسانژ، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، ل٥٥-٦١.

١٣. ڕۆبەرت ئۆڵسن، مەسەلەی کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا، ل٣٥-٣٦.

12. Jwaide, op.cit,P.105-106.

١٤. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٦٠.

١٥. ڕەفیق حلمی، یادداشت، ب١، ل٣٣،٣٥.

١٦. هەمان سەرچاوە، ب١، ل٣٦.

١٧. هەمان سەرچاوە، ب١، ل٣٤-٣٥.

١٨. د.جەعفەر عەلی، سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی، ل١٩٨-١٩٩.

١٩. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٢١٠.

## سەرچاوەکان


١. «شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا ١٨٧٩-١٨٨٢»، و: نەجاتی عەبدوڵلا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی،٢٠٠٤.

٢. پی ڕەش، بارزان وحركه الوعى القومى الكردى ١٨٢٦-١٩١٤، ب.م،١٩٨٠.

٣. جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري،ط٣،مظبعة التربية، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠١.

٤. پ.ی.ئەڤیریانۆڤ، کورد لە جەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، و: ئەفراسیاو هەورامی، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی،٢٠٠٤.

5. Wadie Jwaideh,The Kurdish National Movement. Its Origins and Development, First Edition, Syracuse University Press, New York,2006.

٦. ساڵح محەمەد ئەمین، کورد و عەجەم. مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ١، ب.ج، ١٩٩٢.

٧. جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠، و: د.کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٧.

٨. د.عبدالرؤوف سنو، النوعات الكيانية الاسلامية في الدولة العثمانية ١٨٧٧-١٨٨١ (بلاد الشام- الحجاز- كردستان- البانيا)،ط١، بيسان للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٨.

٩. مالمیسانژ، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کوردو ڕۆژنامەکەی، و.زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٠. ڕۆبەرت ئۆڵسن، مەسەلەی کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا، و: ڕێبوار کەریم وەلی، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٢.

١١. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد. تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥، مطبعة وزارة التربية، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠٢.

١٢. ڕەفیق حلمی، یادداشت. کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨.

١٣. د.جەعفەر عەلی، سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٨٨٠-١٩٢٥)، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٣.

# سۆفیگەریی و لێبوردەیی، سەلاحەددینی ئەییوبی بە نموونە






**عەبدوڵڵا قەرەداغی**

ەدایکبووی ١٩٥٧ ، کفری. لە ساڵی ١٩٨١ بەشی فەلسەفەی
لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووە. تائێستا زیاتر لە سەد بابەتی
بڵاوکردوەتەوە بەتایبەت لەسەر تەسەوف.

## پێشــەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە رووی هەناسەی گشتییەوە، درێژەی دوو لێکۆڵینەوەی دیکەی خۆمە بەناوی «سیمای خۆشەویستیی سۆفییانە«، کە لە کۆنفرانسی تایبەت بە سۆفیگەری، بەهاوبەشی کۆمەڵەی رووناکبیریی و کۆمەڵایەتیی پارێزگای کەرکووک و زانکۆی گەرمیان، رۆژانی ٢ و٣ ی نیسانی ٢٠١٤ لە شاری کەلار بەڕێوەچوو، پێشکەشکرا، دووەمیش بەناوی»فەرهەنگی ئاشتی لە بیری سۆفیگەریی ئیسلامیدا»، کە لە کۆنفرانسی تایبەتی لەمەڕ «سستەمی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا»، کە لەلایەن سەنتەری زەهاوییەوە، لە هۆڵێکی ئوتێل «سلێمانی پالاس» بەڕێوە چوو و پێشکەش کرا. گریمانەی هەردوو لێکۆڵینەوەی پێشوو بوونی سۆفیگەرییە بەبنەمای هەرە بەهێزی بەرپابوونی جۆرە هەڵوێستێکی جوامێرانە و مرۆڤدۆستانەی بنیاتنراو لە مامەڵەی نەرمونیان پڕ خۆشەویستی، نەک تەنها لەگەڵ مرۆڤ کە بەپێی دەقی ئایەتی قورئان، لەلایەن خوای گەورەوە ڕێزی لێنراوە: (**وَلَقَدْ كَرَّمْنا بَني آدَمَ وَحَمَلْنَاهُم فِي البَرِّ والبَحْرِ وَرِزَقْنَاهُم مِنَ الطَيِّباتِ وَفَضَّلَنَاهُم عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلا، الإسراء ٧٠**)، بەڵکو بەرانبەر بە هەموو بوونەوەرێک. لێرەدا درێژە بە رەگە قووڵەکانی لێبوردەیی لە ئەزموونی سۆفییاندا نادەم، هیوادارم ئەو خوێنەرەی مەبەستێتی لەو رووەوە زانیاریی زیاتر وەدەستبێنی، بگەرێتەوە بۆ ئەو دوو لێکۆڵینەوەی دیکەم.

ئەمەی ئێستا لەو رووەوە لەوانەی پێشوو جیاوازە کە تایبەتە بە کەسایەتییەکی هێندە ناسراو، کە رەنگە لایەنگەلێک، بەهۆی بەرژەوەندیی ئایدیۆلۆژییانەوە، پێیان خۆش نەبێت ئەو کەسایەتییە بە سۆفی بناسرێت. بۆیە، وێرای کارکردن بۆ سەلماندنی رەگی قووڵی لێبوردەیی – Toleration, Tolerance لە سۆفیگەریدا، ئەرکی سەلماندنی سۆفی بوون یان لانی کەم سۆزی گەورەی ئەو رێبازە لای ئەو کەسایەتییە بسەلمێنرێت. کەسایەتی جێی مەبەستیش سوڵتان سەلاحەددینی ئەییوبییە. بۆ ئەم مەبەستەش، وێرای زەمینەسازییەکی خێرا بۆ بنەماکانی لێبوردەیی لە سۆفیگەریدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو بەشی دیکەش لەخۆدەگرێت، یەکەمیان تایبەتە بە بەڵگەکانی لایەنگریی سەلاحەددین بۆ سۆفییان، دووەمیش تایبەتە بە لێبوردەیی ئەو.

بەپێچەوانەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان، کێشەی گەورەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سەرباری کەمی کاتم، بریتی بوو لە زۆریی سەرچاوە، کە بەهۆی ئەوەی بابەتێکی ئاوەها بۆ فایلێکی گۆڤارێکی وەک «خاڵ»، توێژەر ناچار دەکات پابەندبێت بە سەقفێکی دیاریکراو. ئەم کێشەیە ناچاری کردم بەشێک لە سەرچاوەکان وەلاوەنێم و، لە بەشەکەی دیکەشدا، هێندەی زۆر بە پێویستی بزانم، پەیرەوی لە «مشتێک نموونەی خەروارێکە« بکەم.

### زەمینەسازی، رەگەکانی لێبوردەیی لە سۆفیگەریدا:

گەڕان بۆ لێبوردەیی لای سۆفییان، بە ناچاری بەرەو چەمکی هەرە سەرەکی» خۆشەویستیی خوا – خۆشەویستیی راستەقینە پەلکێشمان دەکات»، بەڵام ئەم خۆشەویستییە، وەک رەنگدانەوەیەکی چەمکی «سۆز و بەزەیی خواوەندانە الرحمە «، لای سۆفییان دەگشتێنرێ و،»ئەو گشتاندنەش پشت بەنموونەی نێو قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) دەبەستێت، قەرەداغی ٢٠١٤، ٧٧». جاربەجار هەڵوەستەی لێکدەرەوەکان لەسەر تەنها یەک ئایەت، هێندە دەخاتە ڕوو کە دەکرێ بکرێتە بنەما بۆ زۆر ئەنجامگیریی گرنگ، بۆ نموونە:» لێکدەرەوان هەڵوەستەیان لە ئاستی هەردوو ئایەتی: ﴿**إدْفَعْ بالَّتي هيَ أحسَنُ السيِّئة ، المؤمِنون ٩٦**﴾ و ﴿**إدْفَعْ بالَّتي هي أحسَنُ السيِّئةَ فَإذا الَّذي بينَكَ و بيْنَهُ عَداوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حِميم ، فُصِّلَت ٣٤**﴾دا کردووە. زۆریان پێیانوایە کە« فەرمانە بە لێخۆشبوون و ڕەوشتی بەرز، القرطبي ١٤٢٣هـ ١٢ / ١٤٧. الأندلسي ١٤١٢هـ ٤ / ١٨٧ «.

بەشێکی دیکەی لێکدەرەوەکان مانایەکی نزیک لەمە دەخەنە ڕوو، لەوانەش ئەوەی قسەی (أبو العالیە)ی دووپاتکردۆتەوە:» ڕەنگە ڕووبەڕووی کەسێک لەوانە ببیتەوە کە دوژمنایەتیی و ڕقی لە ئاستتدا هەیە و، سڵاوی لێ دەکەیت، یان زەردەخەنەی بۆ دەکەیت و دڵی بۆت نەرم دەبێت و سینەی پاک دەبێتەوە، الجصاص ١٤٠٥، ٥ / ٢٦٢» و،» ئەوەی گەیاند کە بەرپەرچدانەوەی خراپەی دوژمن بە چاکە دوژمنایەتییەکەی دەسرێتەوە و دۆستایەتی وەدەستدێنێ، الشنقیطي ١٤١٥ هـ ٩ / ١٩٠ «. و» لە ئازاردانیان خۆت دووربخەرەوە و لێیان خۆش بە، الثعلبي ١٤٢٣ هـ ٧ / ٥٥» و هی دیکە، بڕوانە :» الزرکشی ١٩٥٧، ٥ / ٥٥، إبن عادل ١٤١٩، ١٢ / ١٨٥، أبو السعود (؟) ٥ / ١٥١».

لێکدەرەوەی تریش «بالتی هی أحسن» بە «بەوەی دڵان بێدار بکەیتەوە و ئاوەز تووشی نەزانی نەکەیت، الماوردی (؟) ٣ / ٢٢٠» لێکدەداتەوە و، لە ئەبوو قەتادە/ شەوە ئەم قسەیە گێڕدراوەتەوە :» ئای لە باشی ئەو قومەی دەیخۆیتەوە و تۆ زۆر لێکراوی، ئەوەی دەتوانێت بە چاکە بەسەر خراپەدا سەر بکەوێ، با بیکا، السیوطي ١٩٩٢، ٦ / ١١٣» و، هێندێکیش لێکدانەوەی دەگێڕنەوە بۆ» بانگەشەکردن بۆ لای خوا بە بەڵگەکانی و ئاگادار کردنەوە لە پاساوەکانی، إبن عادل ١٤١٩ هـ ١٥ / ٣٦١ «، یان بۆ» قورئان، ئامۆژگارییانی پێ دەکەن، السمرقندی ؟، ٢ / ٦٣٦ ١٣٠».

ئەم نموونە بچووکە بۆ ئێرە بەسە، بەڵام گرنگیشە ئاماژە بۆ بۆچوونێکی گرنگی قازییەکی ناسۆفی (القاضي أبو بکر محمد بن عبدالله بن محمد المعافري المالکي، ٤٦٨ – ٥٤٣ هـ) بکەین، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سۆفییان بەگشتی پێیانوایە «ئەگەر دوو مەسەلە هاتنە ئاراوە، یەکێکیان بۆ دنیا و ئەوی دیکە بۆ خوا بوو، ئەوا ئەوەی خوا پێش بخە هەردوکیانت بۆ دەبێ. ئەگەر ئەوەی دنیا پێش بخەی ڕەنگە هەردوکیانت لەدەست بچێت، إبن العربی (؟)، ٣٢٩/٣». ڕەنگە نموونەی ئەمەش لە چەمکی خزمەت لای غەزالی بریتی بێت لەوەی» خەڵکانێک شانیاندایە بەر ئەرکی خزمەتی هەژاران و، ئەمەیان کردە ڕێگەیەک بۆ فراوانترکردنی سامان و خۆشگوزەرانی لە خواردن و خواردنەوەدا، ئەمەش فەوتانە. ئەو کەسەش کە مەبەستی بەزەیی بێت و لە خواوە چاوەڕوانی پاداشت بێت، ئەوا دەتوانێ قەرز بکات بە پشتبەستن بە گومانی باشی بەخوا، نەک بە سوڵتانە ستەمکارەکان، الغزالی (؟) ٢٠٩/٤ «. لە بواری گشتاندنی خۆشەویستیشدا ئەو ڕاستییە دەردەبڕێت کە« هیچ شتێک نابێتە بەڵگەی بەهێزیی سۆز خۆشەویستی جگەلەوەی کە لە خودی خۆشەویستەوە بۆ هەموو ئەوانە بڕوات کە سەر بە ئەون، هەمان سەرچاوە، ١٨٧/٢ «.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، هێشتا مرۆڤ دەتوانێت ئاوڕ لەوە بداتەوە کە ڕۆژئاوا سنوورێک بۆ چەمکی لێبوردەییەکەی خۆی دابنێ. ئەم سنووورە پاساوی خۆی هەیە، چونکە هێشتنەوەی دەرگا بە کراوەیی، ڕەنگە ببێتە مایەی دزەکردنی بەدی – الشر– :» خودسەرێکی دوژمن enemy despot دەتوانێ پێنجەمین تابوور – سیخوڕ – ەکانی خۆی لە دەرگا کراوەکانی دیموکراسییەوە بنێرێ، کەچی دەرگا تایبەتەکانی خۆی بە پارێزراوی دەمێننەوە، Quine ١٩٨٧ \ ٢٠٦». بەگشتیش» لە ڕووی سیاسییەوە سەرنجی ئەوە دەدرێت« کێشەی لێبوردەیی لە بیستەمین سەدەی زایینیدا لەلایەن حکومەتە دیموکراسیی و ئازادیخوازەکانەوە لێبوردەیی لە دەمارگیری بووە کێشەیەکی ئاڵۆز، Cranston ١٩٦٧, ٥٠٧». لەم مەنتیقەی ڕۆژئاوادا دەتوانرێت جۆرە سنوورێک بەدی بکرێ کە« پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی» دەیسەپێنێت. ئەمە تەنانەت لای بیریارێکی گەورەی وەک» ڤۆڵتێر Voltaire»یش بەدی بکرێت، کە وێڕای ئەوەی پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێ کە توانای هەڵەکردن»ی مرۆڤانەمان پاڵمان پێوە دەنێت بۆئەوەی چاو

له گەوجییەکانی یەکدی بپۆشین، قەرەداغی ٢٠١٦،١٣١»،» بەڵام گەوجی ڕەهای نالێبوردەیی common folly that of Intolerance، کە ڤۆڵتێر بەراستی دەیدۆزێتەوە، ستەمە لێی ببووردرێ، Popper ,١٩٩٥ ١٩٠». بینینی ڕەفتاری لێبوردەییانەی سوڵتان سەلاحەددین، وەک پاشتر دەبینرێت، ئەو سنوورانەی تێدا بەدی ناکرێ، ئەگەرچی ئێمە ددان بەوەشدا دەنێین کە ئەو سنوورانە عەقڵ پاساویان بۆ دێنێتەوە.

## یەکەمین بەش:

## سەلاحەددین و سۆفیگەری:

پێش ئەوەی بچینە نێو باسی بناغەییەوە لەم بەشەدا، بە گونجاوی دەزانم بۆچوونی نوسەرێکی پاکستانی، لەبارەی گرنگی ئەزموونی سۆفیگەری لای پەیڕەوکارانی، بکەمە دەروازەی ئەم بەشە:» ڕێبەرە سۆفییەکان شوێنکەوتووانی خوان و، پیادەکارانی ئاشتی، خۆشەویستیی و جوامێری. بڵاوکەرەوەی ئایینی بنیاتنراون لەسەر چەمکی خۆشەویستی بەرانبەر بەو بوونەوەرەی لە دەوروبەریدایە fellow being و، خۆشەویستی بوونەوەری ڕەها یا ئافەریدەکار، Kamble ,٢٠١١ ٢٣٧».

کە لە دیمەشقەوە چوو بۆ میسر، سوڵتان سەلاحەددین» خانووەکەی دیمەشقی خۆی کردە خانەقا بۆ سۆفییان، الصلابی ١٤٢٩هـ ٢٥٩ «ڕەنگە یەکەمین کەس ئاماژەی بۆ ئەوە کردبێت کە سەلاحەددین یەکەمین فەرمانڕەوا بووە کە لە قاهیرەدا خانەقای داناوە (قەلقەشەندی ٧٥٦–٨٢١هـ)، بوویی، کە دەڵێت:» خانەقا و ڕیباتەکان پێش دەوڵەتی ئەییوبی نەدەبینران، داهێنەریشی سەلاحەددین یوسف بن ئەییوب بوو، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، ئەوە بوو (خانەقای سەلاحیە)ی ناسراو بە سعید السعدا/ی دامەزراند، القلقشندی؟، ٤١٧/٣» پاش ئەویش مەقریزی، ٧٦٤– ٨٤٥ ک، بێت. ئەو لەبارەی خانەقای» سعید السعدا، کە بە«الخانکاه« ناوی دەبات، دەڵێت« سەرەتا خانوویەک بوو لە دەوڵەتی فاتیمیدا بەخانووی سعید السعدا دەناسرا، کە مامۆستا قەنبەرە، دەشڵێن عەنبەر، المقریزی١٤١٨، ٢٨٢/٤، هەروەها بڕوانە: رزق ١٤١٧هـ ١٢٧ و الصلابی ١٤٢٩، ٢٥٧» و، باسی ئەوەش دەکا کە بووە تاکە فەرمانڕەوای میسر» ئەم خانووەی کردە جێگەی ئەو سۆفییە هەژارانەی لە وڵاتانەوە دەهاتن و، لە ساڵی ٥٩٦ ی کۆچیدا کردیە وەقفی ئەوان و، شێخ – مامۆستا – یەکیشی بۆ دامەزراندن گ، و» ئەوە یەکەمین خانەقا بوو لە وڵاتی میسر دامەزرا» و» شێخەکەشی بە« شیخ الشیوخ» ناسرا و، سۆفییانی نیشتەجێی بەزانایی و چاکی دەناسران، چاوەڕوانی بەرەکەتیان لێ دەکرا، ە. س. ل.».

لەبارەی سروشتی خانەقاکانیشەوە، لە نووسەری دیکە دەگێڕێتەوە کە:» لە سەرەتای دامەزرانیانەوە ڕۆڵی ئایینی و کۆمەڵاییتی و فەرهەنگی ثقافي – گرنگیان لە کۆمەڵی ئیسلامیدا بینی» و» سەلاحەددین بەم دامەزراوانە و پێشەنگە سۆفییەکانیاندا و، ڕاوێژی پێکردن، ە. س.، ٣٥٢ «. تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسانیش بایەخێکی گەورەیان بە دروستکردنی ئەم خانەقایە داوە:» دامەزراندن و دابینکردنی خەرجیی خانەقا سەرەکییەکانی سۆفییان major Sufi hospices وەک سعید السعدا لە قاهیرە (١١٧٣ ز)، سیاسەتێکی هوشیارانە بوو بۆ گۆڕینی بناغەی ڕەمزیی شارەکە و دارشتنی ڕوانگەی ئایینی لەو بوارەدا. سەلاحەددین ڕێنماییەکانی خۆی لەبارەی ئەو خانەیەوە دەرکرد و، خواردنی نزیکەی ٣٠٠ سۆفیی دەدا و، پێشینەیی بایەخی دایە زاهید و سۆفییە شەریعەتخوازەکان sharia-minded ascetics and mystics کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هێنرابوون، Bentlage ,٢٠١٧ ٧٤–٥ «. ئەمەش بە کۆششێک دەزانێ لە چوارچێوەی» پرۆژەی ئەییوبی بۆ نوێسازی سوننیگەرایی Ayyubid project of Sunni revival، ە. س.، ٧٩».

یەکێک لە مێژوونووسە هاوچەرخەکانی عەرەبیش پاڵپشتی لەم بۆچوونە دەکات و، پێیوایە:» بایەخی ئەییوبییەکان بەم جۆرە سۆفیگەرییە بەرجەستە بوو لە پشبەستنی سەلاحەددین پێیان بۆ بەرزکردنەوەی شێلگیریی و ورەی سەربازەکان لە لایەکەوە و، دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بۆ خزمەتکردنیان و تەرخانکردنی ئەوقافی چاوتێرانە بۆیان لە لایەکی دیکەوە، قاسم ١٩٩٠، ١٧٢«.

ڕۆژهەلاتناسێکی بەرجەستە سەرنجی ئەوەی داوە کە« شێوە ئێرانییەکەی خانەقا، کە لە عێراق سووریا و میسردا ڕەچاوکرا، بەڵام نەک لە مەغریب، لەلایەن فەرمانڕەوا ناعەرەبەکان و فەرمانبەرانییەوە، سەلجووقیی و ئەییوبییەکان، دامەزرێندران و پاڵپشتییان لێکرا، founded and sponsored Trimingham ١٩٧١, ٦٨«.

لە قودسیشدا قوتابخانەیەکی بۆ فەقیهە شافیعییەکان و خانەقا - رباط —ی بۆ پیاوچاکانی سۆفی هێنایە ئاراوە، ئەویش بەوەی» کەنیسەی ناسراو بە صند حنە/ی لاس دەرگای ئەسباتی کردە قوتابخانەکە و، ماڵەکەی پەترپارکیش، کە نزیکی کەنیسەی قەمامەیە، کردە ڕیبات — شوێنی سۆفییان — و، بۆ هەر یەک وەقفی تایبەتی تەرخانکرد، الاصبهانی ١٤٢٥هـ ٨٢«.

ئەمە یەکەمین ڕاستی لەبارەی پەیوەندیی ئەو بە خانەقاوە نییە، بەڵکو بنەماڵەکەیان هەر بەوە ناسراون. لەبارەی باوکییەوە گوتراوە« نەجمەددین ئەییوب زۆر نوێژی دەکرد و سەدەقەی دەدا و ڕۆژووی دەگرت، ابن کثیر ١٤٠٨هـ ٣٣٧/١٢« و، لە« ئیبن خەلەکانیشەوە دەگێڕێتەوە کە خانەقایەکی لە میسر« و،» یەکێکی دیکەشی لە دیمەشق هەیە، بە خانەقای نەجمی دەناسرێت، ه. س. ل. «. بەڵام لە ڕاستیدا ئیبن خەلەکان دەڵێت:» لە بەعلبەک خانەقایەکم بینی پێی دەگوترێ النجمیە و، دەدرێتە پاڵ ئەوەوە، ئیبن خەلەکان، ١٩٠٠ ٢٥٧/١ و ٢٦١«، مێژوونووسێکی گەورە باس لەوە دەکات کە قوتابخانە و خانەقای» الاسدیە«ی دیمەشق بە ناوی ئەسەدەددین شێرکۆ( أسدالدین شیرکوه، ٥٠٠-٥٦٤ ک) وەیە، أبو شامە ١٤١٨، ١١٤/٢« و،» پاش خۆی کارەکانیان بۆ سەلاحەددین یوسفی برازای مایەوە، ابن کثیر ١٤٠٨هـ ٣٢٢/١٢ «. ئەم ڕەگی زوهد وسۆفیگەرییە بۆ بنەماڵەکەیان، پاش خۆیشی، مایەوە. ئەوەتا» الملک الأفضل« کوڕی، کە سەلاحەددین لە قەلای دیمەشقدا داینا،» سێ ساڵ لە قەڵاکەدا مایەوە و، پابەندی زوهد و قەناعەت بوو، بن أیوب؟، ٩١/٣«.

کتێبی **(النوادر السُلطانیة)** یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ژیانی سوڵتان و، یەکێک لە ڕاوێژکار و یاوەرانی خۆی نوسیویەتی. لەوێ، لە دووتوێی باسی خەسڵەتەکانیدا، بە هەڵوەستە لە ئاستی ئایەتی {والذین جاهدوا فینا لنهدیهم سبلنا وإن الله لمع المحسنین، العنکبوت ٦٩}دەڵێت:» دەقی ئایەت لەسەر جیهاد زۆرن، ئەو، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، زۆر ئاگای لە جیهاد بوو و بایەخی گەورەی دەدایە. ئەگەر کەسێکیش سوێندی بخواردایە کە پاش دەرچوونی بۆ جیهاد دینارێک یا درهەمێکیشی لە غەیری جیهاد یا بۆ پاڵپشتیی خەرج نەکردووە، ئەوا ڕاستی کردووە، إبن شداد ١٤١٥هـ ٥٣ «. لە ئاستی ئەمەدا مێژوونووسێکی هاوچەرخ دەڵێت:» ئەمانەی ئیبن شەدداد دەیانسەلمێنێ، تەنها بۆ کەسێک ڕێکدەکەوێت کە لە خۆشەویستی ئایدیۆلۆژییەکەیدا گەیشتبێتە پلەی تەسەووف، مصطفی ١٤٢٤هـ٥٢« و،» لایەنی ڕۆحی ئەو قووڵتر و مەودا دوورتر بوو لەلایەنە فکرییەکەی، بۆیە لایەنە فەرهەنگییەکەی داپۆشی بوو، ه. س. ٥٣«. بەڵام لەڕاستیدا گەورەترین پێداگرتنی ئەو مێژوونووسە لەسەر زوهدی سوڵتانە، کە زوهدێکی سۆفیگەرانەیە، ئەو لەبارەی زەکاتەوە دەڵێت:» مرد و هێندەی هەڵنەگرتبوو کە زەکاتی لەسەر بشێ. سەدەقەی زیادەش هەموو سامانێکی ئەوی بۆ خۆی بردبوو. ئەوەی هەبوو هەر ئەوە بوو و، لە گەنجێنەکەیدا لە زێڕ و زیو جگە لە چل

و حەوت درهەمی ناصریی و تاقە دینارێکی زێڕ هیچی دیکەی بەجێنەهێشت. نە موڵک و نە خانوو و نە زەوی و گوند و باخ و هیچ جۆرە سامانێک پاش خۆی نەمایەوە، إبن شداد ١٤١٥هـ ٣٤». لە پاش خۆ بەجێنەهێشتنی موڵک و سامانیش،» هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاوتێری و دەستکراوەیی و چاکەی زۆری بۆ فەرماندەکانی ژێردەستیی و غەیری ئەوانیش بووە، تەنانەت بۆ دوژمنانیشی... لە جلوبەرگ و خۆراک و ئەو ولاخەشدا کە سواری دەبوو زوهدی دەکرد و... هیچی لێوە نەزانراوە کە خراپەیەکی کردبێت، بەتایبەت پاش ئەوەی خوا نیعمەتی فەرمانڕەوایی پێ بەخشی. گەورەترین خولیا و مەزنترین مەبەستی ئەو سەرکەوتنی ئیسلام بوو. پیاوێکی دڵنەرم بوو، خێرا فرمێسکی بەتایبەت لە کاتی بیستنی فەرموودەدا، دەهاتە خوارەوە، ابن کثیر ١٤٠٨، ٨/١٣ ». لە خەسڵەتە زۆرەکانی دیکەشی باسی بێ فیزیی لە هەموو شتێکدا دەکرێت:» هەژارە سۆفییەکان دەچوونە لای و سەماعی بۆ ڕێکدەخستن، ابن کثیر ١٤١٧هـ ١/ ١١٩».

لەبارەی بەزەییەوە ئیبن شەدداد دەگێڕێتەوە، کە چۆن ڕۆژێک ژنێکی فەرەنگ ١- مەسیحی ترساو دەبینێت، بە وەرگێڕەکەی دەڵێ: لێی بپرسە بزانە بۆ ئاوەها شێواوە، ژنەکە دەڵێ: دوێنێ هەڵیانکوتایە سەر خێمەکەم و کچەکەیان ڕفاندم، ئەمانە پێیان گوتم سوڵتان بە بەزەییترە، ئێمە دەتبەینە لای داوای کچەکەتی لێ بکە. سەلاحەددین دەسبەجێ فەرمانیدا بزانن کێ کچەکەی کڕیوە، پارەکەی پێ بدەن و کچەکەی لێ بستێننەوە. پاش کەمتر لە سەعاتێک سوارێک هات و کچەکەی بەسەر شانەوە بوو.» ژنەکە، کە کچەکەی بینی کەوتە سەر زەویی و ڕوومەتی لەو خۆڵەدا دەگوزانەوە، خەڵکیش بۆی دەگریان. چاوی بۆ ئاسمان بەرزکردبۆوە، ئێمەش نەمانزانی چی دەگوت، إبن شداد ١٤١٥هـ ٨-٦٩». کە باس دێتە سەر کۆچی دوایی ئەسەدەددین شێرکۆی مامی و جێگرتنەوەی لەلایەن سەلاحەدینەوە، دەڵێت:» وەزیرێکی بەتەنگ خواستی خەڵکەوە چووە، بەڵام بەهێزکەری مەزهەبی ئەهلی سوننەتە و، لەنێو خەڵکی وڵاتدا زانست و شەریعەت و تەسەوفی دەچاند. خەڵکیش لە هەموو لایەکەوە ڕوویان لێ دەکرد، ئەویش هێچ کەسێکیانی بێوەر نەدەکرد، إبن شداد ١٤١٥هـ ٨٠-٨١».

تەنانەت لە جلوبەرگیشدا سەلاحەددین هەر» جوببە و خوریی لەبەر دەکرد، یافیعیش لە کتێبی» روچ الرياحين»دا لە ڕیزی سێ سەد وەلییەکەی دانابوو، الحنفی ١٩٨٢، ٢٤٨ ». لەلایەن شاعیرانیشەوە خەسڵەتی زەقی ئەو بەمشێوەیە باسی لێکراوە:

**قد أنصف التَّوْحِيد من تثليثهم**
**وَأقَام فِي الْإِنْجِيل حد الْمُصحف**
**مغرى بتجريح الرِّجـــال لانه**
**يروي أَحَادِيث العـــوالي الرعف**
**ملـــك لَهُ فِي الْحَـــرب تفقه**
**وَله غَـدَاة السَّــلم زهد تصوف**

**أبو شامة ١٤١٨هـ، ٣٦٦/٣**

تەنانەت لە گێڕانەوەی قودسیشدا، کە شەوی شەوڕەوی – المعراج – بوو، ئامادەیی زاهید و خەرقەپۆشان زۆر زۆر بوو: «فەتحەکەی زۆر مەزن بوو، کەسانێک لە زانایان و، خەڵکێکی زۆر لە خەرقەپۆش و زاهیدان ئامادەی بوون، بەشێوەیەک کە خەڵکی کە بیستیان خوا، لەسەر دەستی ئەو چی لە ڕزگارکردنی ڕۆخی دەریا و ڕۆیشتن بەرەو قودسی، بۆی ئاسان کردووە، زانایان لە میسر و شامەوە ڕوویان تێکرد، بەشێوەیەک کە کەسیان دوانەکەوت، إبن خلكان ١٩٠٠، ١٧٩/٧». مێژوونووسی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ڕزگارکردنی قودس لە ڕۆژی ٢٧ ی ڕەجەب بوو، ابن الوردی ١٤١٧ هـ ٢/٩٥».

ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرێکی گەورەی بواری

سۆفیگەری، لە میانەی جەختکردنی لەسەرئەوەی» ڕەنگە سەیربێ کە ئەو بوارە، لەلایەکەوە وادەردەکەوێ ڕۆح یا دڵی ئیسلام بێت و، لەلایەکەی دیکەوە و، لەهەمانکاتیشدا نوێنەری ئەو ڕووکارەیە لە جیهانی ئیسلامیدا، کەچی ئازادترینیانە لە چوارچێوە فکرییەکەی ئەو جیهانە. گرنگە سەرنجی ئەوە بدرێت کە ئەم ئازادییە ڕاستەقینە و بەتەواوی ڕۆحییە نابێت ئامێتە بکرێت بە هیچ بزووتنەوەیەکی یاخیبوون لە نەریت. ئەو بزووتنەوەیانە لە ڕووی فکرییەوە سەربەخۆ نین لەو شێوەیانەی خۆیان ڕەتیان دەکەنەوە، چونکە شکست دێنن لە تێگەیشتنیاندا. ئێستا، ئەم ڕۆڵەی سۆفیگەری لە جیهانی ئیسلامیدا، لەڕاستیدا، هاوشێوەی ئەو ڕۆڵەیە کە دڵ لە مرۆڤدا هەیەتی. چونکە دڵ زیندووترین ڕێژەنە the vital center ی زیندەوەرە و، لە جەوهەری ڕاستەقینەیدا، ئەو کورسی ڕاستییەکە کە لە سەرووی هەر شێوەیەکی سەربەخۆوە«. لە پەراوێزی ئەم برگەیەشدا باس لەوە دەکا کە ئەمە« ئاماژەیە بۆ خودی سۆفیگەری، نەک ئەوانەی بە سۆفی ناودەبرێن. گرنگیشە بزانرێت کە بەنێوبانگترین داکۆکیکارانی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئیسلام، وەک: عەبدولقادری گەیلانی، غەزالی و سوڵتان سەلاحەدین، پابەندبوون بە سۆفیگەرییەوە، Burckhardt 2008, 4».

## سەلاحەددین و لێبوردەیی:

ئەگەرچی سەرچاوە ئیسلامییەکانیش باسی بەشێکی جوامێریی سوڵتان سەلاحەدینیان کردووە، بەڵام لەم بەشەدا پتر هەر پشت بەو سەرچاوانە دەبەسترێت کە دانەرەکانیان ڕۆژئاواییین، چ بە زمانی ئینگلیزی چنگم کەوتبێت چ بە عەرەبی. هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە سەلاحەدین خەسڵەتێکی هەبووە گەلێک لە چەمکە ئاساییەکەی لێبوردەیی – Toleration, Tolerance – فراوانتر و باڵاترە. ئەوەی ڕۆژئاواییان بۆ سوڵتانیان بەڕەوا زانیوە «جوامێری Chivalry»، ئەمەش بۆ کەسێک کە شارەزای مێژوو و چەمکەکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست و سوارچاکیی و خانەدانی و شەرەف – Knight, Noble, Honor– بێت، دەزانێت چ پایەیەکی لەو سەردەمەدا هەبووە. پسپۆڕێکی یاسا، کە ئاماژە بۆ ڕەهەندەکانی ئەو چەمکە دەکات، دان بەوەدا دەنێت کە:» وشەی جوامێری هەردوو سروشتی یاسای ئاسایی و» یا» یاسای نەریتزا – عورفی– ی هەیە و، لانیکەم لە ڕووی مێژووییەوە، تارادەیەک، بنیاتنراوە لەسەر پلەیەکی ڕێزی هاوبەش لە نێوان ئەو دوژمنانەی هاوبەشن لە هەمان نەریت و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ململانێ، یا هاوشێوەن تێیدا، Gill ٢٠١٣, ٣٤». لە ئاوڕێکی وردی دیکەی سنوورە یاساییەکەدا، کە ئاماژە بۆ ڕەفتارە فیعلییەکانی جەنگاوەری جوامێر لە گۆڕەپانی جەنگدا دەکرێ، باس لە چەمکی مامەڵەی خاوێن – Fair Play –، یا نەیاری Treachery، سەرنجی ئەوە دەدرێت کە« هەموو ئەوانەی هەمان بۆچوونیان هەیە لەبارەی خیانەتەوە لە جەنگدا، لەژێر کاریگەریی ئەخلاقییەتی عەلمانی یا ئایینیدا بن، لە ڕووی نەریتییەوە گەشەیان بە ڕەفتارگەلێکی ئەخلاقیی ورد و، نیشانەی یاساییان دانا بۆ ئەو ڕەفتارانەی ڕێگەیان پێدراوە. لە گۆڕەپانی جەنگیشدا چاوەڕوان دەکرێت لە جەنگاوەران چارەسەری ئەو کەسانە بکەن کە لە ڕیزی سوپادا نەبوون، یا بەتایبەت ئەوانەی وا لێکدراوەتەوە کە پەنایان نییە« و» جوامێریی سەلاحەدین، بەنیسبەت خاچپەرستانەوە crusaders وەدی هاتنی نەوەیەکی تازەی باشی لاوچاک gentleman یێک بوو، Greenwood 2008, 43».

کە ڕوانگەی ڕاستەقینەی ڕۆژئاواییان لەبارەی سەلاحەدینەوە دەپشکنین دەبینین ئەو کارە گەورە و قورسەی سەلاحەدین بە ئەنجامی گەیاندون، تەنانەت لە ڕووی مرۆڤایەتیشەوە، زۆر لەو

خاڵە تایبەتانە مەزنترە کە پێشتر و تائێستاش خراونەتە ڕوو. مێژوونووسێک سەرنجی ئەوەی داوە کە« بە ڕەچاوکردنی پێکهاتەی سیاسەتی سەردەمی خۆی، واتە سیاسەتی پەیوەست بە بنەماڵە Dynastic Politics، پیلان، یاخیبوون، هاوپەیمانییە کاتییەکان ephemeral alliances، ناپاکی و هاوشێوەکانیان، خەسڵەتە ئەخلاقییەکانی سەلاحەدین هەمیشە ئەویان کردۆتە مرۆڤێکی دەرەوەی سەردەمەکەی خۆی. کەسێک بوو کە ڕەتیدەکردەوە گەمە سیاسییەکانی سەردەمەکەی پیادە بکات. سەلاحەدین مرۆڤێکی بێ فێڵی سەرووی پیلانگێڕییەوە بوو، Irwin ٢٠٠٦, ١٣٥» لە سایەی ئەم بۆچوونەدا لەبارەی ئەو پیاوە مەزنەوە، کە لە مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاستی وڵاتانی ڕۆژئاواوە ماوەتەوە، سەیر نییە پێشەکی نووسی یەکێک لەو کتێبە کۆنانەی ئەوان، کە ئەمڕۆ بە سەرچاوەیەکی بەنرخی ئەو بوارە دادەنرێت جەخت بکات لەسەر ئەوەی» سەلاحەدین یەکێکە لەو کەسایەتییە ڕۆژهەڵاتییە ئێجگار کەمانەی کە پێویستیان بە ناساندن نییە بۆ خوێنەرانی ئینگلیز،iii Lean-Poole ١٨١٨».

هەوڵی لێکدانەوەی هۆکاری ئەو نێوبانگەی سوڵتان لە ئەورووپادا بەدەستی هێنا گەلێک زۆرن، بەڵام بەرجەستەترینیشیان هەر دەیگێڕێتەوە بۆ» ڕەچاوکردنی فەرهەنگە هەرە زاڵەکەی ئەورووپای سێزدەیەمین سەدەی زایینی، کە ڕێک بریتییە لە پەرەسەندنی جوامێری، Phillips ٢٠١١,٤». ئاشکراشە کە لانیکەم لە ئەدەبیاتی ئەو سەدەیانەدا، جوامێری پتر لە هەر بابەتێکی دیکە، خەڵکەکەی وروژاندووە« بێگومان سەرچاوەی سەرەکیی ئەدەب و ئەو ناسنامەیە بوو کە بووە ئەنجامی ڕاستەوخۆی، Hermes 2007,132». ئەم نوسەرە لە پەراوێزی ژمارە ٦ ی لاپەرە ١٤٤ دا باس لەوە دەکات کە« جوامێری سەلاحەدین پاڵی بە کەسێکی تەنانەت وەک (دانتی ئەلیگێری نا بە هەردوو سیفەتی پاڵەوان و چەپەڵیش لە کۆمیدیی خواوەندانە ڕێزی خۆی دەنوێنێ بۆ ئەم پاڵەوانە مسوڵمانە، بەتایبەت بە بەراورد لەگەڵ پێغەمبەر محەمەد (د.خ) و خەلیفە عەلی، ه. س. ١٤٤». هەڵبەتە ئاساییە ئەکادیمییە ڕۆژئاواییەکان بەرنامەیەکی سیاسی لە پشتی جەنگەکانی سەلاحەدینەوە ببینن و، پێیانوابێت «جەنگی دژی خاچپەرستان تەنها یەک بەش بوو لە بەرنامەیەکی خەونئاسای گەلێک فراوانتری بووژاندنەوە و یەکخستنی کۆمەڵی ئیسلامی لەژێر فەرمانڕەوایی خیلافەتی عەبباسی لە بەغدا Gibb 1952, 105».

.....بەڕامان لەو ڕۆڵەی کاتی خۆی سوڵتان وەک مسوڵمانێکی سوننی دڵسۆز، بەڵام لە کەمینەی کوردی هیندۆئێرانی بینی و، بەراوردکردنی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەو سەردەمەی داعش دەستیان بەسەر بەشێکی ئێجگار گەورەی سووریادا گرت، نوسەرێکی تازەی ڕۆژئاوا ڕایگەیاند:» چەند سەیر و گاڵتەجاڕانەیە کە ئارامگای سەلاحەدین کەوتۆتە ئەم قۆناغە تازەیەی کارەساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، Stathis 2015, 5». سەیر لەوەدایە شیعری سێزدەیەمین سەدەی زایینی هەوڵیداوە جوامێرییەکەی سوڵتان بۆ بناغە مەسیحییەکە بباتەوە:» بەپێی شیعری ناوەڕاستی سێزدەیەمین سەدە، سوارچاکێکی مەشقکردووی جوامێری بەناوی» هیووی تەبەریەیی Hugh of Tiberias» ئازادیی خۆی لە مسوڵمانان بەوە وەدەستهێناوە کە سەلاحەدینی سەرکردەی مسوڵمانانی فێری جوامێریی و سوارچاکی کردووە. ئەم چیرۆکە ڕەنگە بناغەیەکی ڕاستی هەبێت، لەلایەن شایەتحاڵێکەوە تۆمارکراوە کە لە ئابڵۆقەکەی عەککا Siege of Acre، کە هنریی تۆلۆن تێیدا بەوە تاوانبار کرا کە زێدەڕۆیی لە دۆستایەتیی مسوڵماناندا کردووە، Jones 2011, 173–4».

بەدەر لە هەر داوەرییەکی دەمارگیرانە، خودی ئەم چیرۆکە و بۆچوونی ئەم نوسەرەش بەڵگەی

ئەوەن کە بە مانای وشە جوامێرییەکەی سەلاحەدین بە قوڵی سەرنجی ڕاکێشاون. وەک پاشتریش لە باسی جەنگە گەورەکەکەی حەتتین و ڕزگارکردنی قودس، بە گوزارشتی خودی مێژوونووسانی ئەوان، دێینە سەری، نموونەی ئەو جوامێرییە، نەک هەر لای ئەوان نەبووە، بەڵکو چاوەڕوانی شتی ئاوەهاش نەبوون. بەڵگەی هەرە گەورەی ئەم بۆچوونە ئەم گوزارشتەیە:» بە هەموو تیۆرییەکی بۆماوەزانی و ژینگەیی Inheritance and environment، سەلاحەددینی کورد٢ دەبوو دڵرەق، بێ بەزەیی و ساردوسڕ لە ئاستی مافەکانی خەڵکی دیکە و، جۆرێکیش لە فەرمانڕەوای خودسەری ملهوڕ بووایە کە تەنها لەلایەن ئارەزووە خۆپەرستانەکانی خۆیەوە ببزوێنرایە، Rosebault 1930,xi.»
ئەم نوسەرە، پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە جوانترین خەسڵەتی سوارچاکی و جوامێریی ئەو دەخاتە ڕوو، وێڕای بڕوای بەهێزی بە خۆی و ئایینەکەی و سەرکەوتن، دەڵێت:» دەرەنجام، پاڵەوانی ئازا و بە غیرەت لە ڕوانگەی هەموو نەتەوە و ڕەگەزەکانەوە، ئەوەی جێی ڕێزی هەموو گوتارنووس، شاعیر و چنراوی چیرۆکەکان بووە لە جیهانی شارستانیدا – مەبەستی ڕۆژئاوایە، کە بەلای زۆریانەوە شازادەی جوامێرییە، ه. س.، ٦».ئەمە ڕەنگە ئەو ڕازە گەورەیە بێت کە نوسەرێکی دیکەیان دەڵێت:» لە نێوان سەرجەمی ئەو جەنگاوەرانەی لەو زنجیرە ململانێیەدا جەنگاون کە بە جەنگەکانی خاچپەرستان ناسراون، هیچ یەکێکیان هێندەی سوڵتان سەلاحەدین گەورەترین سایەی نەهاوێشتە سەر سەرجەمی ئەو چاخە«،» ئەوەی تەنانەت گەورەتر بوو لە هی دوژمنە بەنێوبانگەکەشی، ڕیچارد (شێردڵ)، Mackowiak 2010 784،» یا ئەوەش کە ئەکادیمییەکی گەورە دەڵێت: «ژیان و ئەو کارانەی سەلاحەدین بەجێی گەیاندوون، یەکێکە لە چرکە هەرە گەورەکانی شەڕی خاچپەرستان. لە ئەدەبییاتدا دووبارە و دووبارە بەشێوەی پاڵەوانێکی سەرکەوتوو دێتە پێش چاو، کە سەرکەوتووانە دژی دوژمنانی دەجەنگێت و لە کۆتاییشدا بەرەو بنبەستیان پاڵ پێوە دەنێت.
بەڵام چاوخشاندنی نزیکتر بەژیانی کردەکی Actual life وای پیشاندەدات کە نەک تەنها سەرکەوتوویەک بێت، بەڵکو وەک پیاوێک کە لەگەڵ دوژمنانی لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە «،» لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەیبینین کە پیاوێکە بۆ مەبەستە باڵاکانی خۆی دەجەنگێت، نەک سەرکەوتووانە، بەڵکو بەو پێوەرەی ناگاتە ئاستی خواست و چاوەڕوانییەکانی، Gibb ١٩٧٣,١ «. مێژوونووسی گەورەی دیکەش، بە گەڕانەوە بۆ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە گەورانەی هاتنە سەر ڕێی سوڵتان، بە زنجیرە خیانەتەکانی شاور (أبو شجاع شاور بن نزار بن عشائر بن شأس، کۆچکردووی ساڵی ٥٦٤ ک، ١١٦٩ ز)یشەوە، باس لە بنەما گرنگەکانی سەرکەوتن لە کەسایەتی سوڵتاندا دەکات:» بە وزەیەکی نەگۆڕ و توانای دیپلۆماتییانەی نائاسایی سەلاحەدین سەرکەوت لە بەزاندنی تێکڕای هەلومەرجی هەستیاری خۆی بەرەو هەلومەرجێکی بەهێز، کە لە ماوەیەکی ئێجگار درێژەوە بۆ هیچ شازادەیەکی مسوڵمان نەهاتۆتە ئاراوە، Brockelmann١٩٤٩, ٢٢٥».
لەبارەی لایەنەکانی دیکەی ئەم کەسایەتییەوە، مێژوونووسی دیکە سەرنجی ئەوەی داوە کە سوڵتان، تەنها بۆئەوەی پابەندبێت بە بەڵێنەکانی خۆیەوە، پەیمان شکێنیی زۆری بەشێکی فەرماندە لاوەکییەکانی خاچپەرستان، لەوانەش زنجیرە کارەکانی (ڕیناڵدی شایتۆن، بە ئینگلیزی Reginald of Chatillon ٣، کە پتر بەشێوازە فەڕەنسییەکەی ناوی دەهێنرێ Renude de Chatillon، کۆچکردووی ١١٨٧ز) کە لای مێژوونووسانی موسڵمان بە (أرناط) ناسراوە، دانی بەخۆیدا گرتووە. ئەو چاوەڕوان بوو تا» بەتەواوی ئامادە بوو، پاش ئەوە لە ساڵی ١١٨٧دا سوپاکەی خاچپەرستانی لە

جەنگی حەتتیندا لەنێوبرد و دەستی بەسەر قودسدا گرت، Backman۲۰۰۳, ۲۲٦ ».

که له ئاستی فراوانبوونەوەی بایەخی ڕۆژئاوا بە سەلاحەدین هەڵوەستە دەکرێت و، ئاماژەش بەوە دەکرێت کە ئەم دیاردەیە تەنها لە سنووری دانانی کتێب لەبارەیەوە نەمایەوە، بەڵکو فیلمیشی زۆر لەسەر دەرکرا، لەوانەش بۆ نموونە فیلمی شانشینی بەهەشت Kingdom of Heaven ٤»، یەکێک لە نوسەرە دیارەکانی ئەو بوارە باس لەوە دەکا کە« فیگەر و کەسایەتیی سەلاحەدین بۆتە ناواخنی فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش لەمەڕ بیرۆکەی هەرێمی یەکخراو لەلایەن ئیسلامەوە بەرانبەر بە دیانان، Riggs ۲۰۱۱,۱ ».

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەشێک لە لایەنەکانی لێبوردەیی سەلاحەدین لەسەر زاری دوو ڕۆژهەڵاتناس بگێڕینەوە، ئەویش تەنها لەوانەی پاش ڕزگارکردنی قودس نواندنی، یەکێکیان (ستانلی ئێدوارد لێن – پوول Stanley Edward Lane – Poole، کۆچکردووی ۱۹۳۱ ز) ی ڕۆژهەڵاتناس و شوێنەوارناسی بەنێوبانگی بەریتانییە و، ئەوی دیکەش (ئەلبێر شاندۆر)ی فەرەنسییە، کە بەداخەوە نەمتوانی هیچ زانیارییەک لەبارەی ژیانییەوە بەدەستبێنم. لێن پوول لە کتێبی (سەلاحەدین و ڕوخانی شانشینی قودس Stanley, Saladin and the Fail of the Kingdom of Jerusalem» دا، سەرەڕای بەدپەیمانییەکانی سەردارانی خاچپەرستان، بە بالیانی فەرمانڕەوای ئیبلین/ یشەوە (عەرەب بە عبلین ناوی دەبەن)، ئەوەی بە گوزارشتی لین پۆل خۆی چەندین جار پەیمانی شکاند و سوڵتان هەر پاساوەکانی بە ئارامییەوە وەرگرت، کە فیلمی Kingdom of Heaven زۆر بە شان و باڵی ئازایەتی و جوامێرییدا دێت، پاش ئەوەی سوڵتان شاری عەسقەلانی گرت، نوسەر ئەمەی بە« وەیشوومەی ئەو دانیشتووانەی قودس کە لەسەر داخوازیی سەلاحەدین هاتبوون بۆ وتووێژی ئاشتی» ناودەبات، کە سەلاحەدین پێیگوتن:» منیش وەک ئێوە پێموایە قودس ماڵی خوایەThe House of God و، بەخواستی خۆم ماڵی خوا ناخەمە بەر هەڕەشەی هێرشبردنەوە، ۲۲٤ Lane-Poole ,۱۸۹۸ »، مۆڵەتیشی دانێ، ئەگەر تا جەژنی دروێنە Pentecost خۆبگرن و، ئەگەر یارمەتییان بۆ نەهات، دەبێ لەو ڕۆژەدا قودس بدەنە دەستەوە، بەڵێنیشیدا بەوەی خۆیان و سامانەکانیان بە سەلامەتی بگەیەنرێنە شوێنێکی دیان(مەسیحی). نوسەر لەبارەی ئەمەوە دەڵێت:» پێشنیازەکە جوامێرانە (بەڵکو دۆنکیشۆتانە Quixotic بوو، مەبەستی ئەوەیە هەرگیز چاوەڕوان کراو نەبوو). کە بەدپەیمانی خاچپەرستانمان بیر دەکەوێتەوە، ئەوەش کە هیچ شتێک نەبوو پابەندی ئەوان بە بەڵێنەکانییەوە مسۆگەر بکات، بەڵام نوێنەرانی قودس بێ هیچ دوودڵییەک ڕەتیانکردەوە، ە. س. ل».

پاش چەندین پەیمان شکێنی، نوسەر ئاوەها باسی بالیان دەکا:» پاش ئەوەی بالیانی ئیبلین لە گۆڕەپانی جەنگ لە حەتتین هەڵات، کەسێکی نارده لای سەلاحەدین لێی دەپاڕایەوە Begging تا نامەی بەخشینی بداتێ تا بچێتە قودس و ژن و منداڵەکانی بێنێتەوە بۆ شاری صور Tyre، تکاکەی یەکسەر پەسەنکرا بەو مەرجەی بالیان تەنها یەک شەو لەو شارەدا بمێنێتەوە و چیدی چەک دژی سوڵتان هەڵنەگرێت. کە گەیشتە ئەوێ وەک ڕزگارکەرێک پێشوازیی لێ کرا، چونکە سوارچاکی باش لە شارەکەدا نەبوو، بەتێکرای بۆچوونەکان بە فەرماندە و پاسەوانی شارەکە هەڵبژێردرا. بێهوودە پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە سوێندی بۆ سەلاحەدین خواردووە و ناتوانێت شەرەفمەندانە بمێنێتەوە و لە داکۆکیکردندا بەشدار بێت.» من خاوێنت دەکەمەوە – پاکانەت بۆ دەکەم – I absolve you »، پاتریارک گوتی» لە گوناهەکانت و لە سوێندەکەشت، چونکە تاوانت ئەوەی سوێندەکەت بپارێزیت گەورەتر دەبێ

## خەسڵەتە ئەخلاقییەکانی سەلاحەدین هەمیشە ئەویان کردۆتە مرۆڤێکی دەرەوەی سەردەمەکەی خۆی.

لەوەی بیشکێنی و، دەبێتە مایەی شەرمەزاریی هەمیشەییت کە لەم هەلومەرجەدا قودس بەجێبهێڵیت. بەوەش بالیان مایەوە، بەهۆی ئەوەوە کە تەنها دوو سوارچاک لەوێ هەبوون و ئەوانیش لە حەتتین هەڵاتبوون، سی کەسی بە سوارچاک ناساند. پاتریارک گەنجینەی بۆ کردنەوە و، داکۆکیکاران کەرەستە و پێویستییەکانی ئابلۆقەکەیان دابینکرد، Lean-Poll ,١٨٩٨ ٢٢٥ «.» ئارامی سەلاحەدین بەم پەڵەی پەیمان شکێنییەش Dishonour نەبڕا، بێگومان ئەو پێیوابوو کە بالیات نەیتوانیوە یارمەتی خۆی بدات و، لەبری ئەوەی ڕقی لێ هەڵبگرێ، بەڵگەیەکی دیکەی متمانەی خۆی پێبەخشی، ە. س.، ٢٢٦». پاشتریش، لەو دەمەی ئیدی دەبوو مەسەلەی ڕزگارکردنی قودس یەکلابکرێتەوە،» هەڕەشە بێهوودەکانی بالیان و مشتومڕەکانی ئەنجومەنە تایبەتەکەی، دەرەنجام سەلاحەدینیان ناچارکرد کە لە سوێندەکەی پاشگەز ببێتەوە Modify his vow. ئەو سوێندە تاڕادەیەک دەپارێزرێت ئەگەر قودس عاقڵانە خۆی بداتە دەستەوە، نەک بەوەی بە شەڕ بگیرێت. لەم حاڵەتەدا بەزەیی خۆی دەنوێنێت و دانیشتووان وەک دیلی جەنگ فیدیەیان دەگیردرێت، هەر پیاوێک بەرانبەر بە وەدەستهێنانی ئازادیی دە پارچە زێڕ دەدات و، دوو ژن یان دە منداڵیش بۆ هەمان مەبەست یەکسانن بە یەک پیاو. ئەو هەژارانەش کە هیچ پارچە زێڕێکیان نییە و ژمارەیان حەوت هەزار کەسە، ئەوا بە سی هەزار بیزەنت Besant – ئەسکەناسی بیزەنتی – ئازاد دەکرێن، کە لە گەنجینەی شا هنری/یەوە دەردەکرێت. بۆ ئەم فیدیەیەش چل ڕۆژ مۆڵەت درا، پاش ئەوە هەموو ئەوانەی دەمێننەوە دەبنە کۆیلە، ە. س. ٢٢٩». بەم مەرجانەوە کە بالیان گەڕایەوە بۆ قودس،» بە پێزانین Gratitude و گریان Lamentation ەوە پەسەند کران. ئەو خەڵکە دەگریان و دەیانناڵاند و بەهیچ شتێک سەبووریيان نەدەهاتەوە: ئەو دیوارە پیرۆزانەیان ماچ دەکرد کە چیدی نایانبیننەوە و، سەریان دانەواندە سەر زەوییەکەی پێش ئارامگەکە Sepulchre – واتە هی مەسیح علیه السلام – و، بە فرمێسکیان ئەو شوێنە پیرۆزەیان دەخوساند.

بەجێهێشتنی قودس بەلای ئەوانەوە وەک دەرهێنانی دڵیان لە جەستەیانەوە وابوو، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو، وا ئاڵای مسوڵمانان بەسەر ئەو شوێنەدا دەشەکایەوە، کلیلەکان بەدەست مسوڵمانانەوە بوون، کە دەبوو لە ماوەی چل ڕۆژدا شاریان بدرێتەدەست. هەرگیز پێشتر سەلاحەدین خۆی لەم چرکەیەی خۆوەدەستەوەدانیان مەزنتر پیشان نەدابوو. پاسەوانانی لەژێر سەرپەرشتی میرە بەرپرسەکانیاندا ڕاسپێردرابوون بە پاراستنی هەموو جادەیەک. ڕێگەیان لە هەر جۆرە توندوتیژی Violence و سووکایەتیکردنێک Insult گرت. بەتایبەت هیچ ڕەفتارێکی خراپ لەگەڵ دیان – مەسیحی – یەکان هەرگیز نەبیسترا. هەموو دەروازەکانی شاری لەدەستدا بوو، فەرماندەیەکی متمانەپێکراو لە بەرپرسی دەروازەی داوود بوو بۆئەوەی فیدیە لە هەر هاوڵاتییەک وەربگرێت کە دەچنە دەرەوە، ە. س.، ٢٣٠ «. پاش ئەوەش باسی ئەوە دەکات چۆن بالیان سی هەزار بیزەنتەکە

لەبری حەوت هەزار هەژارەکە دەدات، کە لەلایەن شای بەریتانیاوە فیدیەیان بۆ درا.

ئلە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی سوڵتانیشدا، لین-پوول بەمشێوەیە لەبارەی پاتریارکەوە دەدوێت:» پاتریارک، کە نەک ڕەوشتی هەبوو و نە ویژدان، گەنجینەکانی کەنیسەکان و پەرداخە زێڕین و قاپە تایبەتەکەی قوربانی پیرۆز Monstrances و، تەنانەت قاپە پیرۆزەکەی ئارامگەی پیرۆزیشی هەڵگرت. سەرباری چەندین پێویستی دیکەش کە دەبوو بەکاریان بهێنێت بۆ فیدیەی ئەو هەژارانەی لەنێو شاردا مانەوە. کە میرەکان پێیان داگرت لەسەر ئەوەی سەلاحەدین ڕێگە نەدات بەم پیرە بەدڕەفتارە Old Rascal بەوشتانەوە هەڵبێت، گوتی:» نەخێر، من سوێندەکەی خۆمی لەگەڵ ناشکێنم» و، پاتریارک پێش ئەوانی دیکە دە بیزەنتەکەی خۆی دا. ئەمەش ئەوەی بۆ پاشا مسوڵمانەکە هێشتەوە کە کەشیش Priest ە دیانەکە فێری مانای چاکە Charity بکات، ه.س.، ٢٣١».

ئەم جوامێرییە ڕەگی لەو بنەماڵەیەدا بە قوڵی هاوێشتبوو، ئەوە بوو چل ڕۆژی مۆڵەتە بەسەر چوو و هەزاران هەژار لەوێدا لەلایەن دەوڵەمەندەکانی خۆیانەوە بەجێهێڵرا بوون، دەبوو ڕووبەڕووی کۆیلەیی ببنەوە، ئالێرەدا العادل (سیف الدين أبو بكر أحمد بن أبي الشكر أيوب بن شادي بن مروان، ٥٣٨ – ٦١٥ ک)ی برای سوڵتان چووە لای و پێی گوت:» گەورەم لە سایەی خواوە یارمەتیمدای ئەم شوێن و شارە داگیر بکەی، بۆیە لێت دەپاڕێمەوە هەزار کۆیلەم لەو خەڵکە هەژارە پێ بدەی. کە سەلاحەدین لێی پرسی چییان لێ دەکەی؟، وەڵامیدایەوە کە هەر شتێک خۆم بومەوێت، ئیدی سوڵتان هەزار کۆیلەکەی پێ بەخشی و، العادل/ یش لەڕێی خوادا تێکڕایانی ئازاد کرد، ه. س.، ١-٢٣٢».

ئپاش ئەمە باس لەوە دەکات کە لەسەر بنەمای تکای بالیان و پاتریارک سوڵتان هەزار کۆیلەی دیکەی ئازاد کرد و» ئەوجا سەلاحەدین بە میرە جەنگییەکانی گوت:» براکەم زەکاتەکەی خۆی بەخشی، بالیان و پاتریارکیش هی خۆیان کرد، ئێستاش من ئەوەی خۆم دەکەم». فەرمانی بە پاسەوانانی دا لە جادەکانی قودسدا جاڕ بدەن Proclaim کە تێکڕای ئەو پیرەمێردانەی ناتوانن فیدیە بدەن ئازادن لەوەی بچنە دەرەوەی شار. ئەوان لە دەروازە بچووکەکەی پیاوچاک لازارۆس St. Lazarus ەوە – بە عەرەبی عازەر یا ئەلیعازەر دەگوترێ، دەرچوون و، ڕۆیشتنیان لەکاتی ڕۆژهەڵاتنەوە تا شەو داهات هەر بەردەوام بوو، ه. س.، ٢٣٢ «.» وا منیش ئاگادارتان دەکەمەوە »، بالیانی بەڕێز گوتی:» لەو سۆز و ڕێزە مەزنەی سەلاحەدین نواندی بەرانبەر بەو ژن و کچانەی سوارچاکان، کە پاش کوژران یان بەدیلگیرانی سەرپەرشتیارانیان لە جەنگدا هەڵاتبوون بۆ قودس. کاتێ فیدیەی ئەم خانمانە درا و لە قودسەوە وەدەرهاتن، لە پێش سەلاحەدیندا کۆبوونەوە و بە گریانەوە داوای بەزەییان دەکرد، لێی پرسین چییان دەوێت؟، وەڵامیاندایەوە کە بۆ خاتری خوا بەزەیی پێیاندا بێتەوە، چونکە هاوسەری هێندێکمان لە زینداندان و ئەوانی دیکەشیان کوژراون و، خاک و ماڵیان لەدەستداوە، بەناوی خواوە بیانپارێزێ و یارمەتییان بدات. کە سەلاحەدین بینینی دەگریان دڵی پێیان سوتا و دڵتەنگییەکی گەورەی تووش بوو، تەنانەت خۆشی لە بەزەییان بۆیان گریا. داوای کرد لە خانمی ئەو دیلانەی هێشتا زیندوون لە شوێنی زیندانیانی کردنیان ئاگاداری بکەنەوە و، بە زووترین کات کە لە توانایدا بوو چووە زیندانەکان و ئازادی کردن، ٢-٢٣٣ «،» فەرمانیدا لە گەنجینەی تایبەتی خۆی بە دەستکراوەیی بە هەر بێوەژن و کیژێک، کە سەرپەرشتیاریان مردبوو، پارەی زۆر یا کەمیان بدرێتی بەپێی موڵکی لەدەستدراوی هەریەکێکیان. هێندە زۆریشی پێ بەخشین کە لە خوا بۆی پاڕانەوە و، لە دەرەوەش باسیان لە بەزەیی و ڕەفتاری شەرەفمەندانەی سەلاحەدین لەگەڵیان کرد.

مسوڵمانان The Saracens ئاوەها بەزەییان بەرانبەر بە شارە شکستخواردووەکە پیشاندا. هەرکەسێکیش ئەو داگیرکردنە دڕندانەیەی بیر دەکەوێتەوە کە یەکەمین جار خاچپەرستان لە ١٠٩٩ دا کردیان، ئەو کاتەی گادفری و تانکارد بەو جادەیانەدا پیاسەیان دەکرد کە پڕبوون لە جەستەی کوژراوان و ئەوانەی لە گیانەڵادا بوون. ئەو کاتەی مسوڵمانە بێ داکۆکیکارەکان ئەشکەنجە دەدران، دەسووتێنران و، بێباکانە لە بورج و شووراکانی پەرستگاکەوە هەڵدەدرانە خوارەوە. ئەو کاتەی خوێنی ڕژاوی ئەو قەسابخانەیە شەرەفی مەسیحییەتی دەڵەوتاندەوەDefiled the honour of Christendomو، ئەو دیمەنەشی لەوتاندەوە کە سەردەمانێک موژدەی خۆشەویستی و دڵۆڤانی بڵاوکرایەوە، ٢٣٣».» ئەگەر گرتنی قودس تاقە ڕاستی زانراو بایە لەبارەی سەلاحەدینەوە، ئەوا بەس بوو بۆ سەلماندنی جوامێریی و دڵفراوانی Chivalrous and great-hearted داگیرکەری سەردەمی خۆی و، لەوانەشە هی هەموو خاچەکان، ٢٣٤».

دوا بەشی ئەم کتێبە بەناونیشانی Saladin in Romance سەلاحەدین لە چیرۆکەکاندایە، لاپەڕەکانی ٣٧٧ تا ٤٠١ ی گرتۆتەوە، - کە بەڕاستی چیرۆک و ڕۆمان و شیعری خۆشەویستیش دەگرێتەوە، نوسەر باس لە کۆمەڵە کارێکی ئەدەبی دەکات کە دوور یا نزیک پەیوەندییان بە سەلاحەددینەوە هەیە، بەڵام بە کەڵکی ئەم بابەتە نایەن. بەڵام پاش ئەوەی دەیانخاتە ڕوو، بەنیوە داخێکەوە دەڵێت: «سەیرە کە هەرچۆنێک بێت، نموونەی باشی ڕۆمانی عەرەبی پەیوەست بەم بابەتەوە نییە، کەسایەتی سوڵتانی مەزن، هەرچۆنێک بێت، سەرنجی ئەورووپاییەکانی زیاتر ڕاکێشاوە تا موسڵمانان، کە کەمتر جوامێریی ئەویان لە سەرکەوتنەکانی لە جەنگدا بەدڵ بووە. بەلای ئێمەوە شەهامەتی ئەو کەسایەتییە، پتر لە سەرکەوتنەکانی لە ژیانیدا، سەلاحەدینی کردە پاڵەوانێکی ڕاستەقینە و ڕۆمانسی، ە. س.، ٤٠١. هەڵبەتە دانەر ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٨٩٨ز دا بەچاپ گەیاندووە. تا ئەو کاتە پێناچێت هیچ ڕۆمانێک لەبارەی سوڵتانەوە هەبووبێت، ئەگەرچی شیعرێکی ئێجگار زۆر لەبەردەستدایە، کە بەداخەوە زیاتر لەبارەی سەرکەوتنەکانیەوەیە، نەک جوامێریی. ئێستا، هێندەی من ئاگادار بم دوو ڕۆمان لەبارەی سەلاحەدینەوە هەیە، یەکێکیان هی جرجی زێدان/ ە بەناوی» صلاح الدین» ەوە و، ئەوی دیکەش هی ئەمین مەعلووف/ ە، بەناوی» شەڕە خاچپەرستانەکان لە ڕوانگەی عەرەبەوە «. ئەمەی دووەمین لە ئەسڵدا بە زمانی فەڕەنسی نوسراوە. هەردوو نوسەر لوبنانی و دیان – مەسیحی – ن. هەڵبەتە سیناریۆی چەند فیلمێکیش هەن، کە بەداخەوە، هێندەی من ئاگادار بم، هیچیان لە ئاستی پێویستدا نین، واتە زۆر زۆر لە خوار ئاستی دوو فیلمی» الرساله« و» عمر المختار»ەوەن.

ئەلبێر شاندۆر/ ی فەڕەنسیش چەندین ئاوڕی زۆر گرنگی لە جوامێرییەکانی سەلاحەدین داوە، لێرەدا تەنها بەشێکی ئێجگار کەم دەگوازمەوە:» سەلاحەددین نەیویست هیچ دەسکەوتێک بۆ خۆی هەڵبگرێت، بەڵکو دابەشیکردن بەسەر فەرماندە و سەرباز و ئەو فەقیهانەی لەگەڵی چووبوون بۆ قودس. لە چەندین بۆنەدا دڵفراوانی خۆی بەرانبەر بە خراپترین کەسانی نێو مەسیحییەکان دەربڕی بەو مەبەستەی بارگرانی هەلومەرجی تازەیان لەسەر سووک بکاتەوە، فەرمانیدا نەخۆشەکان هەر لەو نەخۆشخانەیەدا چارەسەربکرێن کە هۆسپیتاڵییەکان چارەسەریان دەکردن... چەندین کۆمەڵ پاسەوانی پێکهێنا بۆ ڕوونەدانی هەر جۆرە توندوتیژییەک، لەم کارەشیدا مەبەستی ئەوە بوو هیچ ڕووداوێکی تۆڵە سەندنەوە ڕوونەدات و پاش سەرکەوتن بەزەیی بەسەر لایەنگرانیدا بسەپێنێت، شادور ١٩٩٣، ٢٣٤».

لەبارەی ئەو سامانانەشەوە کە پاتریارک لەگەڵ خۆی بردبوونییە دەرەوە، دەڵێت:» مێژوونووس العماد – الاصبهانی – سەرنجی سوڵتانی ڕاکێشا بوو بۆئەوەی ئەو سامانانە دەبوو بە موڵکی نەگوێزراو دابنرێن و، لەسەر ئەم بناغەیەش، بەپێی پەیماننامەکە لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە، چونکە بەم سیفەتەی مافی سەرکەوتووە. سەلاحەدین بەم بۆچوونە قایل بوو، بەڵام پێی باشتر نەچێتە هیچ ململانێیەکەوە لەسەر سامانەکانی گۆڕی پیرۆز و لێگەڕێ ببرێن، چونکە خاوێنی گەورەتر لە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی باوەڕداراندایە، پتر لەوەی لە زێڕی قاپە پیرۆزەکەدا بێت». لەبارەی ئەو ژنانەشەوە کە مێردەکانیان دیلبوون، دەڵێت: جگەلەوەی هاوسەرەکانیانی لە دیلی ڕزگار کرد» پتر لەوەشی بۆ کردن، ئەو ژنانەی بەدیاری و ئازووقە خەنیکردن ە. س. ل.». موسڵمانان ئەم فەرەنگانەیان تا زەوییەکانی بۆهیمۆندی فەرمانڕەوای ئەنتاکیە برد،» باس لەوە دەکرێت کە فەرەنگەکانی ئەنتاکیە و سوارچاکانی کۆنتی تەڕابلوس پێشوازییان لە ئەو برایانەیان کرد کە لە قودسەوە هاتبوون. هێندێک لە مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە لە هێندێ حاڵەتدا دەیانکوشتن و، تاپییان بکرێ بارەکانیان زەوت دەکردن، ڕێگەیان نەدەدان بچنە نێو شارەکانیانەوە، بەم کارەشیان ئەو ڕاستییەی خۆیان دەرخست بەرانبەر ئەو سووکایەتی پێکراوانەی ئازار فەوتاندبوونی، کەچی گەورەترین دوژمنیان بەو ئاستەی مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵ کردبوون.

ئەو چارە ڕەشانە، پاش ئەوەی لە کۆنتنشینی تەڕابلوس و میرنشینیی ئەنتاکیە دەرکران، ڕووە و باشوور گەڕانەوە و سەلاحەدین فەرمانیدا ڕەشماڵیان بەسەردا دابەش بکرێت و بە خۆڕایی خواردنیان پێ بدرێ تا ئەو کاتەی دەتوانن لە ڕێگەی دەریاوە بەرەو ڕۆژئاوا برۆن. فەرمانیشیدا ژمارەیەکی زۆریان بەرەو ئەسکەندەرییە ببرێن بۆئەوەی پەلە بکرێت لە گواستنەوەیان. کەچی لەوێشدا چەندین بەربەستیان ڕووبەڕوو بووەوە، چونکە کەشتیوانانی جەنەوە و بیرە و ڤینیس – البندقیە – لێنەگەڕان کەس بەرن بۆ ئەورووپا، جگە ئەوانەی کرێیان دەدا و، خواردنی پێویستی هەموو گەشتەکەشیان پێبوو، ٢٣٥». لە ئاوڕێکی زۆر ورددا بەشێک لە وەسیەتنامەی سوڵتان بۆ» الافچل»ی کوڕی، پاش کشانەوەی کەشتییە ئینگلیزییەکان دەگوازێتەوە:» بەخۆپارێزی لە خوا ئامۆژگاریت دەکەم، چونکە سەری هەموو شتێکی چاکە، بەو شتەش فەرمانت پێ دەکەم کە خوا فەرمانی پێکردووی، چونکە هۆکاری ڕزگاربوونتە. لە خوێن و دەست ئاڵوودەکردن تێیدا ئاگادارت دەکەمەوە، چونکە خوێن نانوێت. ئامۆژگاریت دەکەم کە دڵی فەرماندەکان و بەرپرسە گەورەکانی دەوڵەت بپارێزیت، چونکە من بەهیچ شتێک نەگەیشتمە ئەوەی پێی گەیشتووم، جگە ڕاگرتنی دڵی خەڵکی. ڕقیشت لە کەس نەبێتەوە، چونکە مردن هەموو کەسێک دەپێچێتەوە. وریابە لەوەی لە نێوان تۆ و خەڵکی دیکەدایە، چونکە بە ڕەزامەندیی ئەوان نەبێت خوا لێتخۆش نابێت، ئەوەی لە نێوان تۆ و خواشدایە خوا بە پاشگەزبوونەوەت لێتخۆش دەبێ، چونکە بەخشندەیە«. ئەم وشانە بە تەنها ئاستی دڵفراوانی ئەو پیاوە دەردەخەن... سەلاحەدین، ئەوەی کە دوژمنانیشی دانیان بە مەزنییدا دەنا، ٣٧٤».

ئێمەش دەپرسین، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، چ کەسێک هێندە دوژمنانیشی باسیان لە گەورەیی کرد؟

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ – فەرەنگ، لە شیعری فارسیی و کوردیدا زۆر بەکارهێنراوە. زیاتر مەبەست لێی ئەوروپاییەکانە، بەڵام بۆ هەر مەسیحییەکەش بەکارهێنراوە. عەرەب وشەی» الأفرنجة «ی بۆ بەکاردێنن. ئەوروپاییەکان خۆیان و ئینگلیزیش وشەی Franks – بەکاردەهێنن، کە دیارە وشە کوردییەکە لە ئەسڵە ئەوروپاییەکەوە نزیکترە.

٢ – تایبەتمەندیی کوردبوونی سەلاحەدین سەرنجی نوسەرانی دیکەی زۆر ڕاکێشاوە، لەوانەش یەکێکی دیکە سەرنجی ئەوەی داوە ئەگەرچی زمانی فەرهەنگ عەرەبی یا فارسی بووە، بەڵام زۆربەی هەڵبژاردە سیاسیی و سەربازییەکان لەوان نەبوون و،» سەلاحەددینی مەزن خۆی بە ڕەگەز کورد بوو، Nicolle ٢٠٠٦,٨«.

٣ نوسەرێکی ناسراوی ئینگلیز خۆی لەبارەی مامەڵەی سوڵتان سەلاحەدین لەگەڵ» دی شایتۆن«ەوە دەڵێت:» هەرچۆنێک بێت، ئەوە بەباشی کراوە بە بەڵگە کە تەنها یەک حاڵەت هەیە بەدەرە exception لە جوامێریی سەلاحەددین، کە بەشێوەیەکی شەخصی سوێندی خواردبوو ڕیناڵد دی شاتیلۆن/ی خاچپەرست و سوارچاکی پەرستگای بەدناو و بەرپرسی قەڵای کەرەک بکوژێت، چونکە هێرشی کردبووە سەر کاروانێک و، بەوەش پەیمان و هودنەی شکاند و، خوشکەکەی سەلاحەددینی ڕفاند و خراپەی لەگەڵ کرد. سەلاحەددین ئەو سوێندەی، پاش جەنگی حەتتین جێبەجێ کرد، ٥ ٢٠١٥ Michae «. لێن پوول/یش باسی ئەو هەڵوێستە ناجوامێرانەیەی ئەم کەسە دەکات کە حەزی لە ڕێگرتن لە کاروانی بێ چەکی حاجییان یا هی بازرگانی بوو، چۆن کە ئەو کاروانێکی بازرگانیی ئابلۆقەدا و گوتی:» کە ئەوان باوەڕیان بە محەمەدە، با محەمەد بێت و ڕزگاریان بکات، Lean-Pool ١٨٩٨, ١٩٩«

٤ – فیلمی» شانشینی بەهەشت – Kingdom of Heaven «، فیلمێکی هۆلیوودییە، لەلایەن ولیەم مۆناهان William Monahan ەوە نوسراوە و، ڕایدلی سکۆت Ridley Scott دەریهێناوە و بەرهەمهێنەریەتی. ئەگەرچی کرۆکی ئەم فیلمە هەڵوێستی یەکێکە لە سوارچاکە مەسیحییەکانی ئەو سەردەمەی قودس ناوی بالیانی ئیبیلی Balian of Ibein یە، بەڵام ناتوانێت لە ئازایەتی، سوارچاکیی و جوامێریی بێ وێنەی سوڵتان وێنەی سوڵتان سەلاحەددین خۆی ببوێرێت..


ـ إبن أيوب ؟، أبو الفداء عمادالدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد إبن عمر بن شاهنشاه بن أيوب، الملك المؤيد صاحب حماه، المختصر في أخبار البشر، المطبعة الحسينية المصرية، ط١.

ـ إبن خلكان ١٩٠٠، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر بيروت.

ـ إبن شداد ١٤١٥هـ أبو المحاسن يوسف بن رافع بن تميم، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، تحقيق: الدكتور جمال الدين الشيال، مكتبة الخانجى، القاهرة، ط٢. إبن عادل ( ١٤١٩ ) أبو حفص عمر بن علي بن عادل الدمشقي الحنبلي ، اللباب في علوم الكتاب ، تحقيق : عادل أحمد عبدالموجود و علي محمد معوض ، دار الكتب العلمية ، بيروت ، الطبعة الأولى .

ـ إبن عادل ( ١٤١٩ ) أبو حفص عمر بن علي بن عادل الدمشقي الحنبلي ، اللباب في علوم الكتاب ، تحقيق : عادل أحمد عبدالموجود و علي محمد معوض ، دار الكتب العلمية ، بيروت ، الطبعة الأولى .

ـ إبن العربي ( ؟ ) ابو بكر محمد بن عبدالله ، أحكام القرآن ، راجع اصوله و خر□□ج احاديثه و علق عليه: محمد عبدالقادر عطا ، منشورات محمد علي بيضون ، دار الكتب العلمية ، بيروت

ـ إبن كثير ١٤٠٨هـ أبو الفداء إسماعيل بن عمر، البداية والنهاية، تحقيق: علي شيري، دار إحياء التراث

العربي، بيروت، ط١.
إبن الوردي ١٤١٧ هـ أبو حفص زين الدين عمر بن مظفر بن محمد إبن أبي الفوارس، تاريخ إبن الوردي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١.
ـ أبو السعود ( ؟ ) محمد بن محمد العمادي ، إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم – تفسير أبي السعود – ، دار ÷حياء التراث العربي ، بيروت .
ـ أبو شامة ١٤١٨هـ أبو القاسم شهاب الدين عبدالرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي، الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: إبراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١.
ـ الأصبهاني ١٤٢٥هـ عمادالدين الكاتب، أبو عبدالله محمد بن ( محمد صفي الدين) إبن نفيس الدين حامد) بن أله، الفتح القسي في الفتح المقدسي، دار المنار ؟.
ـ الأندلسي ( ١٤١٢ هـ ) ، ابو محمد عبدالحق بن غالب بن عطية ، المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز ، تحقيق : عبدالسلام عبدالشافي محمد ، دار الكتب العلمية ، بيروت ، الطبعة الأولى.
ـ الثعلبي ( ١٤٢٢ هـ ) ابو إسحاق احمد بن محمد بن ابراهيم النيسابوري ، الكشف و البيان – تفسير الثعلبي – ، تحقيق : الامام ابي محمد ابن عاشور ، مراجعة و تدقيق : نظير الساعدي ، دار إحياء التراث العربي ، بيروت.
ـ الجصاص ( ١٤٠٥ هـ ) ابو بكر احمد بن علي الرازي ، احكام القرآن ، تحقيق : محمد الصادق قمحاوي ، دار إحياء التراث العربي ، بيروت.
ـ الحنفي ١٩٨٢، إبن اياس، بدائع الزهور في وقائع الدهور ( تاريخ مصر )، تحقيق: محمد مصطفى، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ط٢.
ـ رزق ١٤١٧هـ الدكتور عاصم محمد، خانقاوات الصوفية في مصر في العصرين الأيوبي والمملوكي، مكتبة مدبولي، القاهرة، ج١.
ـ الزركشي ( ١٩٥٧ ) بدرالدين محمد بن عبدالله ، البرهان في علوم القرآن ، تحقيق : محمد أبو الفضل إبراهيم ، دار إحياء الكتب العربية ، عيسى البابي و شركاؤه ، دمشق ، الطبعة الأولى.
ـ السمرقندي ( ؟ ) أبو الليث نصر بن محمد بن إبراهيم ، بحر العلوم ، تحقيق : الدكتور محمود مطرجي ، دار الفكر ، بيروت ، الطبعة الأولى.
ـ السيوطي ( ١٩٩٢ ) جلال الدين عبدالرحمن بن الكمال ، الدر المنثور ، دار الفكر ، بيروت ، الطبعة الأولى.
ـ شاكر مصطفى١٤٢٤هـ صلاح الدين، الفارس المجاهد والملك الزاهد المفترى عليه، دار القلم، دمشق، ط٢.
ـ شاندور ١٩٩٣، البير، صلاح الدين الأيوبي' البطل الأنقى في الإسلام، ترجمه عن الفرنسية: سعيد أبو الحسن، مراجعة وتحقيق: نديم مرعشلي، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق، ط٢.
ـ الشنقيطي ( ١٤١٥ هـ ) محمد الامين بن محمد بن المختار الجكني ، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن ، دار الفكر للطباعة و النشر ، بيروت .
ـ الصلابي ١٤٢٩هـ علي محمد محمد، صلاح الدين الأيوبي وجهوده في القضاء على الدولة الفاطمية وتحرير بيت المقدس، دار المعرفة، بيروت، ط١.
ـ الغزالي ؟، أبو حامد محمد بن محمد الطوسي، إحياء علوم الدين، دار المعرفة، بيروت.
ـ قاسم ( ١٩٩٠ ) الدكتور عبده قاسم، ماهية الحروب الصليبية، سلسلة عالم المعرفة، التسلسل ١٤٩، الكويت.
ـ القرطبي ( ١٤٢٣ ) ابو عبدالله محمد بن احمد بن أبي بكر بن فرج الانصاري ، الجامع لاحكام القرآن ، تحقيق : هشام سمير البخاري ، عالم الكتب ، الرياض .
ـ قەرەداغی، عەبدوڵڵا، فەرهەنگی ئاشتی لە بیری سۆفیگەریی ئیسلامیدا، لە توێژینەوەکانی (سستمی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا)، پێداچوونەوە و ئامادەکردن بۆ چاپ: د.دیاری ئەحمەد ئیسماعیل و د.حسەین محەمەد ئیبراهیم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، ژ. ٣٥، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٦.
ـ القلقشندي؟، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري، صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، دار الكتب العلمية، بيروت.
ـ الماوردي ( ؟ ) أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب البصري ، النكت و العيون ، تحقيق : السيد بن عبدالمقصود بن عبدالرحيم ، دار الكتب العلمية ، بيروت .
ـ المقريزي ١٤١٨ هـ تقي الدين أبو العباس أحمد بن علي بن عبدالقادر الحسيني العبيدي، المواعظ والإعتبار بنقل الخطط والآثار، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١.

Backman2003, Clifford R., The Worlds of Medieval Europe, Oxford University Press, .New York< Oxford

Bentlage 2017, Bjorn, The Politics of Sufism and □asidut in Medieval Egypt, Entangled Religions. Interdisciplinary Journal .for the Religious Contact and Transfer , Vol. 4

,Brockelmann1949 Karl, History of Islamic peoples, 2nd Edition, .Routledge & Kegan Paul LTD, London

Burckhardt 2008 Titus , Introduction to Sufi Doctrine, foreword by William C. Chittick, World Wisdom, Inc., The spiritual classics .series, Indiana

Cranston (1967) Maurice , Toleration , From : Borchert (2005) Donald M. (Editor in Chief) , Encyclopedia of Philosophy , Thomson .Gale , USA , 2nd Edition

Jones 2011, Robert , General Military-Knight – The Warrior and Word of Chivalry, Ospery Publishing, 1st Published, Oxford, Great Britain

Gibb 1952, Hamilton., A. R., The achievement of Saladin, Bulletin of the John .Rylands Library

Gibb 1973, Hamilton, The Life of Saladin, .The Clarendon Press. Oxford, London

Gill 2013, Terry, Chivalry: A Principle of the Law of Armed Conflict? , From: Armed Conflict and International Law: In Search of the Human .Face, Asser Press, The Hague, Netherlands

Irwin 2006, Robert, Saladin and the Third Crusade: A Case Study in Historiography and the Historical Novel, From: Companion to Historiography, Edited by: Michail Bentley, Routledge, London and New York, Second .Edition

Kamble 2011, Maruti, Sufi Saints in Karnataka, International Journal of Social .Sciences and Humanity Studies, Vol. 3, No. 1

Lane-Poole 1898, Stanley, Saladin and the Fail of the Kingdom of Jerusalem, G. P. .Putnam›s Sons, New york , London

Mackowiak 2010, Philip A., The Last Days of Sala al-Din (Saladin) "Noble Enemy" of the Third Crusade, Military Medicine, Vol. 175

Michael 2015, G. ISIS, Syria, and Iraq: The Beginning of a Fourth Gulf War?, From: Critical Issues in Justice and Politics, Discussing the Present | Influencing the Future, Editor: Angela E. Pool-Funai , Department of Political Science and Criminal Justice, Southern Utah .University , Vol. 8 No. 1

Nicolle 2006, David, The Third Crusade 1191, Richard the Lionheart, Saladin and the struggle for Jerusalem, Osprey Publishing Ltd, .New York

Popper 1995, Karl , IN Search of a Better World , Lectures and essays from thirty years , Translated by Laura J. Bennett, with additional material by Melitta Mew , Routledge , London .and New York

Quine1987, Willard Van Orman , Quiddities : an intermittently philosophical dictionary , Harvard University Press , .Cambridge, Massachusetts , USA

Riggs 2011, G. R., The Legend of Saladin from Book to Screen: How Saladin Is Transformed from the Auchinleck MS to the Silver Screen, Florida State University Libraries, Electronic Theses, Treatises and .Dissertations The Graduate School

Rosebault 1930, Charlles J., Saladin: Prince of Chivalry, Robert M. McBride & Company, .New York

Trimingham1971, J. Spencer, The Sufi Orders in Islam, Clarendon Press, Oxford, .Great Britain

# سۆفیزمی کوردی
## لە گەمەی سێکیولاری ستەمکار و سەلەفیزمی ڕادیکاڵدا






**ماجید خەلیل**

لەدایکبووی ١٩٨٠، هەورامان. ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ/ زانکۆی سلێمانی ٢٠١٠. خاوەنی چواردە کتێبی نوسین و وەرگێڕاوو ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی بڵاوکراوەیە

## یەکەم : ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات و شکستی ئیسلامیزمی میللی

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە هەوڵی خۆرئاوا بۆ پارچەپارچەکردنی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستییەکی شاراوە نەبوو، ساڵی ١٩٠٧ لە کۆنگرەیەکی بەرفراوانی ئەوروپا بە سەرۆکایەتی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپا بەسترا، گرنگترین بڕیارەکانیان بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە یەکبوونی گەلانی ڕۆژهەڵات، چونکە ئەوان مسوڵمانن و یەکبوونیان مەترسییەکی مەزنە بۆ ئایندەی ئەوروپا(١).

مانەوەی بیری پان ئیسلامیزم، وەک فاکتەرێکی پان ئیسلامیزمی عوسمانیی ڕێگربوو لە بەردەم دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتدا. هەربۆیە بەریتانیا لە ماوەی ساڵانی جەنگدا بەتەواوی پشتیوانی خۆی لە خواستە نەتەوەییە هۆزگەراکانی عەرەب و تورک دەکرد. بۆ نموونە لە بەرامبەر خواستی ناسیۆنالیستی تورکەکانی کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی)دا دەیزانی خواستێکی عەرەبی هۆزگەرایش لە نیمچە دورگەی عەرەبی و حیجازدا بوونی هەیە. سەرەتا بنەماڵەی سعود بە فشاری خۆرئاوا کەوتبوونە هاوپەیمانییەتییەکی توند لەگەڵ وەهابییەکان، ئەمانە دژبوون بەو سیاسەتە پانئیسلامییە باوەی کە عوسمانییەکان جارِیان بۆ دابوو. لە بەرامبەردا هەمان ئامانجی ئیتیحادییەکانیان هەبوو لە دروستبوونی کیانێکی نەتەوەییدا. هاوکات بۆ سەرکەوتنی دابەشکارییەکانی (سایکس بیکۆ)، خۆرئاوا ململانێکانی نێوان بنەماڵەی هاشمیی و سعودی کۆتایی پێهێنا، ئەویش بە گواستنەوەی دەسەڵاتی هاشمییەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبییەوە بۆ ئێراق و ئەردەن، بەمەش ڕێگەی لە بەردەم بیرێکی ناسیۆنالیستی پەرتبووی عەرەبی کردەوە لە نیمچە دورگەدا کە هیچی لە بەرامبەر کیانی جووەکان پێنەکرێت(٢).

دیارە بنەماڵەی ئال سعود لەگەڵ بەریتانییەکان پێوەندییان باش بوو، لە کۆتایی ١٩١٥دا لەلایەن (هێنری مەکماهۆن)ی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە میسر پێوەندیی و ئاڵوگۆڕی تۆکمەی بە خاندانی سعودەوە هەبوو. لەو پەیوەندییانەدا بەڵێنی دابوو پێیان، بە ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ دادەمەزرێنێت(٣).

لەمبارەیەوە (حایم وایزمان) وتوویەتی: «کیانی بنەماڵەی سعود پرۆژەی بەریتانیای مەزن بوو، ئێمە بە پێوەندیی بەو هەوڵەوە توانیمان دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێنین»(٤). لە بەرامبەردا شەریف حسەینی کوڕی عەلی شەریفی مەککەی پیرۆز کە گەورەی خانەوادەی هاشمییەکان بوو، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لەگەڵ بەریتانییەکان لە قاهیرە و لە کۆتایی ١٩١٦دا بەڵێنی دەوڵەتی گەورەی عەرەبیی پێدرابوو، هەربۆیە لە ساڵی ١٩١٧دا بە پشتیوانی بەریتانییەکان بانگی شۆڕشی مەزنی عەرەبیدا و خۆی بە پاشای عەرەب ناوزەد کرد(٥). لەبەرئەوە سەرچاوەکان پێیانوایە ئینگلیز تا ڕێگری بکات لە تەشەنەی بیری نەتەوایەتی شەریف حسێن، هات وەهابییەکانی لە بەرامبەردا زیندوو ڕاگرت، کەواتە ئینگلیز پرۆژەی وەهابییەکانی لە حیجاز لە بەرامبەر بیری نەتەوەیی (شەریف حسێن)دا برەو پێدا، بەمەش لەنێو خودی عەرەبەکاندا پرۆژەی وەهابیزم، (عەبدولعەزیز سعود)ی لە بەرامبەر پرۆژەی نەتەوەیی (شەریف حوسێن) دا هاوسەنگ کرد(٦). لە بەرامبەردا بیری ناسیۆنالیستی تورکەکانیش لەژێر کاریگەریی تێزی ناسیۆنالیستی فەرەنسیی و جووەکاندا بوو، دروست بیرۆکەی دەوڵەتی دەستوورییان لە ڕۆژئاواوە گواستبوویەوە. تورکە لاوەکان گۆشکراوی سالۆنیک(٧) بوون، هەربۆیە وەختێ لە ١٩٠٨ دا کۆدەتایان کرد بەتەواوی بواریان لە بەردەم جووەکان کردەوە(٨).

هاوکات فەرهەنگ و بیری تۆرانییەکان فرە

بەبڵاوی لەلایەن ئینگلیزییەکانەوە بایەخی پێدراوە، (ئەرمینوس)(٩) کە نوسەرێکی جووە، کتێبێکی بەنێوی ( دەروێشێکی گەنج لە ناوەڕاستی ئاسیا) نووسی، ئەم کتێبە گەورەترین کاریگەریی هەبوو لەسەر تیۆریستە مەزنەکانی تورک(١٠). لەوانە (یوسف ئەقسۆر)، (ئەحمەد غایف)، (خالیدە ئەدیب) و (زیا کوک ئەڵپ)، تەواوی ئەوانە بە رۆشنی لە بیری نەتەوایەتیدا ئاڕاستەیەکی سەهیۆنییان هەبوو(١١)، هاوکات سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە بۆ هەوەڵجار خواستی لەسەرکارلادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە پێداگریی بیری پان ئیسلامیزم بوو لەلایەن جوویەکی توندڕەو بەنێوی عەمانوئیل قەرەسۆ پێشکەشکراوە، ناوبراو یەکێک بوو لەو چوار کەسەی کە لەنێو تورکە لاوەکاندا فەرمانی لەسەرکارلادانی سوڵتانیان دەرکرد(١٢).

بەدەر لە تیۆریستەکان کە بیری نەتەوەیی تورکیان دارشت، سیاسیی و سەربازیی و سەرکردەکانیش لەژێر هەژمونی بیری تۆرانیدا بوون، تەنانەت موستەفا کەمال دابڕاو نەبووە لە (سالانیک)و هاموشۆی هەبووە و پەروەردەی ئیتیحادییەکان بووە(١٣).

بەم پێیە بیری ناسیۆنالیستی تورکی هەوڵێک بوو بۆ دابڕانی مسوڵمانەکان لە رۆژهەڵاتدا و باشترین هۆکاربوو بۆ پەرتەوازەبوونی نێوچەکە و دابەشبوونیان بەسەر کیانی لاواز و بچوک بچوکدا کە ئامانجەکانی (سایکس بیکۆ)ی لێ دەبینرایەوە.

## دووەم. پێشینەی نەقشبەندییەکان وەك ئیسلامێکی کوردی لە بەرامبەر سەلەفیزم و سێکیۆلاری هەرێمیدا:

ئەوە روونە کە زۆرینەی کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر مەزهەبی شافیعی، ئەوەش بەپێچەوانەی دراوسێ عەرەب و تورکە حەنەفییەکانیانەوەیە. هاوکات بەشێوەیەکی فرە تایبەتتر، ئەوان وابەستەن بە ڕەوگەی نەقشبەندییەوە. لەڕاستیدا جوڵانەوەی ئیسلامی کوردیی بەر لە شێوەگیربوونی ناسیۆنالیزم زیاتر لە ئاوایییە دوورە دەستەکانی باکووری کوردستاندا هاتە پێشێ، لەوێندەر هەژموونی میریی و زانایانی ئایینی سەر بە میریی کەمتر دەستیان ڕادەگەیشت بەو ناوەندانە، بۆیە ئەو جوڵانەوەیە دواتر خزایە ناو مزگەوت و مەدرەسەی شارە گەورەکانی ترەوە. لە سەدەی حەڤدەهەمەوە ئەولیا چەلەبی گەڕیدە و نوسەری تورک کە گەشتی کردووە بە کوردستاندا دەڵێت لە کوردستاندا زیاتر بایەخ بە زمانی عەرەبیی و فارسی دەدرا و فێرکردنی ئایینی بەو دوو زمانە بوو نەک زمانی تورکی عوسمانی. لە کۆتایی سەدەی حەژدەهەمدا بەرەبەرە لە بەشێک لە حوجرە و مزگەوتەکاندا خوێندن بە زمانی کرمانجیش دەخوێنرا، ئەم زاراوەیە لە باکووری کوردستاندا بەکاردەهات و لەو قۆناغەدا چەند نوسراوێک وەشانران و دواتر وەک بەرنامە و میۆدی حوجرەکان لە زۆربەی حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا دەخوێنران. دیارترینی ئەو نوسینە کرمانجیانە نوسینەکانی ئەحمەدی خانی بوون ، ئەوان لە ئاستێکی بەرفراواندا لەنێو قوتابخانە ئایینییەکاندا دەخوێنران، نوسینی ئەو تەنها مەموزین نەبوو، بەڵکو دەستەواژە عەرەبیی و کوردییەکان و نەوبەهاری زارۆکان و نوسراوی پەیوەست بە بیروباوەڕی ئیسلامی پەیوەست بە مەزهەبی شافیعی لە دیارترین کارەکانی بوون.

سەرەڕای کارەکانی ئەحمەدی خانی کە بە وەزن و قافییەیەکی شیعرییەوە زانیارییەکانی دەنوسین، هەروەها کاری گەلێک مەلای دیاری کوردیش وەک مەولودنامەی ژیانی پەیامبەر لەو قۆناغە و دواتر بڵاوبوونەوە. بەتایبەت چامەکانی مەلا باتی(١٤) (١٤١٧-١٤٩١ز) (١٥). کۆڵەری رووسی رۆندکۆ M.B rûdenko دەڵێت: بۆ هەوەڵجار لەناو کورددا داستانی بەشێوەی

شیعر هۆنییەوە دیارترین هۆنینەوەکانی بریتی بوون لە (زەمبیلفرۆش) و هەروەها مەولودنامەی پەیامبەریشی بە زمانی کوردی و بەشیعر هۆنیوەتەوە و ئێستەش دەستنوسەکەی لە کتێبخانەی سالتیکۆفی شاری لینینگرادە. هاوکات موراد خانی بایەزیدیش کە هاوسەردەمی مەلاباتی بووە و بەهەمان شێوە گێڕانەوەکانی وەک شیعر بە زمانی کوردی داڕشتووەتەوە(١٦). هەروەها لە سەدەی نۆزدەدا چەندین پەخشان لەنێو حوجرە لۆکاڵییەکاندا نوسران. بۆ نموونە تەسریفی عەلی تەرەماخی لەسەر مۆرفۆلۆژی عەرەبیی و فارسی نوسرا. هاوکات بەگوێرەی سەرچاوەکانی عەلی تەرەماخی بۆ هەوەڵجار پەرتوکی لەسەر ڕێزمانی کوردی داناوە. هەروەها سەرفی عەرەبی بە زمانی کوردی داڕشتووەتەوە. بۆچوونەکان پێیانوایە ئەم مەلا کوردە لە سەدەی یازدەی زاییندا ژیاوە و هەریەک لە مەلامەحمودی بایەزیدیی و ئەلیکسەندەرژاپا ئاماژەیان بە هەوەڵین هەوڵەکانی داوە(١٧). هەروەها تەرکیف زروفی مەلا یونس، هاوکات لەسەر عەواملی جورجانی نوسیبوو کە نوسراوێکی پەیوەست بە نەحو سەرف بوو. هەموو ئەو کارانەی کە مەلاکانی کورد دەستیان بۆ برد و بە زمانی کوردی هەوڵیان بۆدا بوونە هەوێن و هێزێکی بنچینەیی لە میتۆدی نێو حوجرە و قوتابخانەی ئاواییە دوورە دەستەکانی باکووری کوردستان. هاوکات هەوەڵین هەنگاویان نا بەرەو سەپاندنی زمانی کرمانجی کوردیی و بڵاوکردنەوەی وەک زمانی نوسین و خوێندنی ناوحوجرە و قوتابخانەکان و زمانی خوێندنی ئایینی فەقێکان. بەرەوپێشچونێکی تری کوردان لە دەستپێکی پەروەردە و فێرکردنی ئیسلامیی مۆدێرندا بریتییە لە سەرهەڵدانی تەسەوف لەناو کورددا(١٨).

لقی خالیدییەی نێو ڕێبازی نەقشبەندیی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، دامەزرێنەریی ئەم ڕەوگەیە مەولانا خالدی نەقشبەندییە (١٧٧٦-١٨٢٧)، ئەو لە ڕووی زانستییەوە هێندەی ڕیفۆرمخوازە ئیسلامییەکانی تری وەک محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب و شا وەلی الله(١٩) جێ سەرنج نەبووە، وەلێ نوسەرانی وەک ئەلبێرت حورانی و بتروس ئەبو مەنا جەخت لە بایەخ و پێناوی بەرزی مەولانا دەکەنەوە.

ڕێبازە سۆفییەکان ناسراون بە سروشتی باتنییان، دروست بەپێچەوانەی ئیسلامییە ئەرسەدۆکسییەکانەوە. ئەوان پێداگرییەکی زمنی دەکەن لە ڕەوگەی سۆفیزمدا و ئەمەش بەسەر ڕاڤەی دیاریکراوی یاسای شەریعەتدا ڕەنگیداوەتەوە .دیارە ئەمە هەڵەیەکی باوە گەر بەهەمان چاوەوە تەماشای ڕەوگەی خالدی نەقشبەندیی بکەین. ئەمەش وەستاوە لەسەر سازگاری ڕەوگە سۆفییەکاندا لەتەک ئیسلامی ئەرسەدۆکسیی و ئیسلامی فەرمیدا. لەڕاستیدا نەقشبەندییەکان جیاوازن لە زۆرێک لە ڕێبازە سۆفییەکانی دی. ئەوانەی سۆفی تەواون پشت و تورەمەی خۆیان دەگەڕێننەوە سەر محەمەد (د.خ) لە ڕێگەی کوڕی مامەکەی عەلی، کە بە هەوەڵ پێشەوای شیعەکان دادەنرێت. بەپێچەوانەی نەقشبەندییەکانەوە کە هەوەڵ ڕەچەڵەکی خۆیان وابەستە دەکەن بە هەوەڵ خەلیفەی ئیسلامەوە کە ئەبوبەکرە. ئەمە وابەستەیەکی توندوتۆڵی ڕەوگەکە ڕوون دەکاتەوە بە ئیسلامی ترادیشناڵی ئەرسەدۆکسیی سونییەوە و پابەندی ڕێبازەکەیش بە شەریعەتەوە زیدەتر نومایان دەکات، هاوکات وابەستەیی بە فۆرمەلەبوونی ئیسلامێکی سۆفیگەرانە زیدەتر دوپاتدەکاتەوە(٢٠).

دیارە کەسایەتییەکی سەرەکی لە پێشخستنی ڕێبازەکەدا هەر لە سەدەی هەڤدەهەمەوە بەنێوی شێخ ئەحمەد سەرهندی کەوتبووەخۆ، ئەو نەیارییەتیی و برەودانی خۆی بۆ بیروباوەڕی ڕێبازێک تەرخان کرد لە بەرامبەر ئەو تەشەیوعەی

# نەورەسی لە دەستپێکی تەمەنیدا
# کاریگەرییەکی فرەی ڕەوگەی خالدیی
# نەقشبەندیی لەسەربوو

کە لەسەر بنەمای ئیجتیهاد ڕێکدەخرا تا لۆژیکێکی سەربەخۆ لەنێو سنورەکانی قورئان و سوننەتدا بدۆزێتەوە. سەرهندی بانگەشەی پراکتیکی سۆفیگەریی دەکرد کە تێیدا هانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەدات لەسەر حسابی پراکتیکیی سۆفیگەریی کۆنتر و لە کاروباریی گشتی پاشەکشەی پێدەکرد(٢١). لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن خالید بەکداشییەوە هێنرایەوە گۆڕێ. ئەم شێخە بە ڕەچەڵەک کوردە هەڵکەوتوو لە باکووری ئێراقی ئێستەوە لەو دەمەدا لە هندستانەوە و لەساڵی ١٨٠٩دا ڕێ و ڕێبازی بانگەوازەکەی وەرگرتووە. ئیدی ئەو لەوێوە برەویدا بە لقێکی نوێ لە ڕێبازەکەدا، کە دواتر بە لقی خالدیی یاخود خالدییە ناسرا. لەم ڕێچکەیەدا خالدیی بەکداشی سووربوو لەسەر برەودان بە هزر و ڕەوگەی سەرهندی و هاوکات هەموو ئایدیا نائیسلامیی و غەوارە و غەریبەکانی دەدایە دواوە. لە باکووری قەوقازەوە بۆ ئەدەنوسیا ئەم جۆرە بیروباوەڕانە بووە زەبرێکی کاریگەر وروژێنەر بۆ ڕەوشی کۆڵۆنیالیزم کە لەو دەڤەرانەدا دەگوزەرا. دیارە لە قەڵەمڕەوی عوسمانییەکاندا ئەمە وەک نومایانی تورەیی دانیشتووان بوو لە بەرامبەر هەموو ئەو جیاوک و تایبەتمەندییانەی کە ئەورووپییەکان لەمیانەی زنجیرەیەک ڕێککەوتندا سەپاندبوویان. بەمشێوەیە ڕێچکەی خالدیی لە تەواوی قەڵەمڕەوی عوسمانییەکاندا بووە زەمینەیەکی لەبار و بواری دەرکەوتنی ئەوانی دی خامۆش کرد. هەربۆیە ڕێچکەکە لە ١٨٢٠ ەکاندا بووە هێزێکی بەرین و بەربڵاو کە خوازیاریی هێنانەپێشێ ئیسلام و بنەماکانی ئیسلام بوون بۆ ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی و هانی سودوەرگرتنی ئیسلامیان دەدا لە بواری جێبەجێکردنی شەریعەتدا. دیارە هەروەک ڕیفۆرمە خۆرئاواگەراییەکانی قۆناغی تەنزیمات کە شوێنی خۆیان لەنێو عوسمانییەکاندا دانابوون ڕەوگەی خالدیش خۆی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی لە بەرامبەر میریدا نومایان کرد(٢٢).

دواتریش هەندێک نوسەر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕەوگەی خالدییەی نەقشبەندییە وەک ڕێبازێکی تەسەوف، پێشەنگی بوژانەوەی ئیسلامیی بووە لەو قۆناغەی دەسەڵاتداریتی و سیاسەتی عوسمانییەکاندا(٢٣).

مارتین ڤان برۆنەسن گەشەی لەناکاوی ڕێبازی نەقشبەندی لەسەدەی نۆزدەدا، بەتایبەتی لەنێو کوردانا ڕوونەکاتەوە. لەو نێوەندەدا ململانێی ئەم ڕەوگەیە لەگەڵ ڕێبازی قادری، هاوکات بوو لەگەڵ تەنزیماتی عوسمانی کە خۆی لە ڕیفۆرمگەلێک دەبینییەوە لە ڕێکخستنەوەی پانعوسمانیزم و لەو نێوەندەدا تەواوی میرنشینە کوردییەکان لەچوارچێوەی سەنترالیزمی عوسمانیدا هەڵوەشانەوە(٢٤). نەقشبەندیی پێش دەستپێکردنی تەنزیماتی عوسمانی لە ١٨٣٩دا دەستی خۆی وەشاندبوو، چوون لەسەر ئاستێکی بەرفراوان وەک دینامیکێکی ئایینی مۆدێرن لەنێو کورددا بڵاوببوویەوە. جگە لە نەقشبەندی جوڵانەوەی

ڕیفۆرمخوازیی دی پێش تەنزیمات بوونی هەبوو، گرنگترینی ئەو جوڵانەوانە سەرهەڵدانی جوڵانەوەی وەهابی بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا. جەنگاوەرانی ئەو جوڵانەوەیە لە ١٨٠١ دا هەڵیان کوتایە سەر شیعەنشینەکانی باشوری ئێراق و مەزارگە ئاینییەکانی نەجەف و کەربەلایان خاپورکرد و کوشت و کوشتارێکی فرەیان ئەنجامدا. ساڵی ١٨٠٦ توانیان دەستبگرن بەسەر مەککەی پیرۆزدا. ئەم هێز و هەرەکەتە نوێیە نەک لەتمەیدا لە شکۆی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو پێگەی پتەوی ڕەوایەتی ئاینی عوسمانییەکانیشی لەرزاند. ئەو ڕەوشە هاندەر بوو تا پیاوانی ئاینی شیعە وەها بیرکەنەوە کە بێ پشتیوانی هۆز و تیرەکانی باشووری ئێراق پارێزراو نین ئیدی دەستیاندایە هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەشیعەکردن لە نێوچەکەدا.

لێرەدا (بترس ئەبو مەنا) ئەوەی خستووەتە ڕوو کە هۆکارگەلێکی فرەخاس هەن کە دەیسەلمێنن ڕێبازی خالدییەی نەقشبەندیی وەک جوڵانەوەیەکی ڕیفۆرمخواز، تاڕادەیەک لە بەرامبەر ئەو هێرش و هێزە نوێیەی وەهابییەکان بوو، تەنانەت وەک کاردانەوە بەڕووی هەڵپە و هێرشی ئەواندا هاتە پێشەوە. هەرچەند هیچ بەڵگە و کاردانەوەیەکی ڕوون و ڕەوان لەهەمەبەر شێخ خالیدەوە لەبەردەستدا نییە کە بەرامبەر هەژموونی وەهابیەکان نیشانی دابێت، وەلێ ئەوەی کەوایکرد لەپڕ ڕێ بەرەو دەلهی بگرێتەبەر و شوێن پێڕەوانی وەلی الله بکەوێت، ئەمە دەکرێت ئاماژەیەک بێت بۆئەوەی کە نیگەرانی هەڵوێستێکی نەرێنی لەهەمبەر جوڵانەوەی وەهابی هەبووە، چونکە لەو قۆناغەدا ئەوان لەبرەو و لەسەر زاران بوونە و خەڵکی دی ڕووی لێناون. پێشتر لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەندێک لە خەلیفەکانی شێخ خالید لە ئەستەمبوڵدا نیشتەجێ ببوون. ئەوان پاش مەرگی شێخ خالید ئیدی بەخێرایی سەربەخۆتر و دوورتر لە چاودێریی و پشتیوانی دارایی عوسمانییەکان خۆیانگرت. هەرچەند سوڵتان مەحمودی دووەم لە سەرەتاوە هەوڵی فرەیدا تاوەکو ڕێ لە بڵاوبوونەوەی ڕێبازەکە بگرێت و بیانسازێنێت، ئەوەبوو بەشێک لە شوێنکەتووانی شێخ توانیان پێگەو پێناوی باڵا لە پێتەختی عوسمانیدا بەدەستبهێنن. بەتایبەتی پاش لاوازی ئینکشارییەکان و هاوکات دوای یاخیبوون و ڕاپەڕینەکانی یۆنانیەکان(٢٥٩). کەواتە بڵاوبوونەوەی خێرای نەقشبەندیەکان تەنێ بەهۆی دەرهاویشتەکان و کاریگەرییە لۆکاڵییەکانی ڕیفۆرمەکانی تەنزیماتەوە نەبوو. هەروەک مارتین ڤان برۆنەسن باس دەکات، بەڵکو وابەستە بوو بەو ڕیفۆرم و نوێسازییەی جیهانی ئیسلامییەوە کە لەو پەڕی سنورەکانەوە قەڵەمڕەوی عوسمانی گرتبوویەوە و ژینگەی کوردستانیش بەدەر نەبوو لەو بوژانەوە ئیسلامییە. بەمشێوەیە نەقشبەندییەکان لە بەرامبەر هەژموون و هێزی وەهابیەکان بەرەنگاربوونەوە و لەپێناو بەرژەوەندی و خاک و خەڵکی قۆناغەدا بوونە ڕێبازێکی جیا لەو جوڵانەوەی کە لە ناوچە عەرەبییەکان هاتبوونە گۆڕێ. گەر ئەم گریمانەیە دروستبێت، ئەوا ئەوەش دروستە کە ئەم ڕەوگەیە نەیاری شیعەگەراییشە، هەربۆیە لەم کۆڵینەوەوە بنەماکانی نەیاریەتی وەهابیزم یان سەلەفیزم نیشاندەدرێت و تێدەگەین تایبەتمەندبوونی ڕەوگەی نەقشبەندی چلۆن ڕێبازەکانی دی داوەتە دواوە.

هەر لەو دەمەدا شێخ مارفی نۆدێی قادریی و مەولانای نەقشبەندی هەریەکەیان ڕۆڵی گەورەی لە بناغەدانان بۆ نوسینی شێوەزاری سۆرانی هەبوو. ئەم زار نوسینەیش دارای تایبەتمەندییەکی تری ڕەوگەکانیان بوو لە خۆجوداکردنەوە لە باوەڕ و نەریت و سیاسەتی دەرەوەی خۆیان. بەکورتی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە، فۆرمە کوردییەکانی پەروەردە و فێرکردنی ئایینی بەرەوپێش چوون، بەشێوەیەک سەرەتا

له باکووری کوردستان وەکو پێشتر باسمانکرد، بەڵام له باشووردا لەدەروبەری ١٨٠٠ دا ئەم نەزمە دەستپێکرا، که نێوەندەکەی له سلێمانیدا بوو. هەرچەند ئەو فۆرمی پەروەردە و پێناوە فێرکارییە ئاینییە یەکسان نەبوو بە پرسێکی ناسیۆنالیستی، وەلێ بەشداربوون لە پێکەوەنانی شوناسی نەتەوەیی کوردی مۆدێرندا.

## سێهەم. بەریەککەوتنی تەسەوف و سێکیۆلاریزم

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم ئایینە ڕیفۆرمخوازییە بەشێوەیەکی بەرچاو دوچاری ئاوێتەبوون و بەریەککەوتن بوویەوە لەگەڵ ئەو نەزمە نوێ و فۆرمە تازەدەرکەوتووانەی ناسیۆنالیزمی سێکیولاردا. دیارە لە دەرهاویشتەکانی جەنگی ڕووس و عوسمانیدا (١٨٧٧-١٨٧٨) ئیدی ڕەوگەی نەقشبەندی گوتارێکی نیشتیمانپەروەریی و نەتەوەپەرستی نوێی لەخۆدا بەرجەستەکرد و چەمکەکانی خۆشەویستی بۆ خاک و بەرەڤانیکردن لە نەتەوە بوونە باوەڕێکی دامەزراو لەنێویاندا(٢٦). هەر لەو قۆناغەدا ئەوە تێبینی دەکرا کە شێخە کوردەکان لەبەرئەوەی توانیبوویان ببنە ناوەندگیر و شوێنگرەوەی ئەو ململانێ پەرەگرتووانەی کە لە نێوان تیرە و هۆزە کوردییەکاندا پەرەی سەندبوو، ئیدی بوونە خاڵێکی ناوەندی ئاشکرای هەست و هیوا ناسیۆنالیستییەکەی کورد.

بەمشێوەیە ژمارەیەک لە ڕاپەڕین و شۆڕشی کوردیی سەریهەڵدا کە بۆ هەوەڵینجار لەلایەن شێخە نەقشبەندییەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، ئەو ڕاپەڕینانە بەرامەیەکی ناسیۆنالیستی کوردیی تەواویان لێدەخوێنرایەوە. هەموو ئەو تین و تاوە شۆڕشگێڕییەی ئیسلامی نەقشبەندیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەمدا هەڵگری بنەما و باوەڕ و ئایدیایەکی جیاواز بوو لە فۆرمی سەلەفیزمی ئیسلامگەرا و بەئاشکرا دژایەتی ئەو فۆرمە لە ئیسلامیشیان دەکرد. دیارە لە بڵاوکراوەکانی سەلەفییەکاندا نەیارییەتی ڕەوتی نەقشبەندی دەکرا، بۆ نموونە ڕەشید ڕەزا(٢٧)، بەناوی بێ مەزهەبییەوە، لەکاتێکدا یەکێک لە باوەڕە سەرەکییەکانی نەقشبەندییەکان لە بیروباوەڕیاندا بەهادانان و بەهەند وەرگرتنی مەزهەبەکان بوو. ئەو بڵاوکراوەی ڕەشید ڕەزا ڕاستەوخۆ نەقشبەندییەکان دەخاتە مەتەرێز و نەیارییەتی وەهابییەکانەوە. لەو نوسراوەدا وابەستەبوون بە مەزهەبێکەوە بە جۆرێک لە بەندایەتی و گوێڕایەڵییەکی کوێرانە نیشاندراوە و بە خراپترین جۆری بەندایەتی دەیچوێنێ و بە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاقانە لێکیدەدەنەوە. هەرچەند لە ڕووی پراکتیکییەوە وەهابیەکان بۆ خۆشیان وابەستەن بە مەزهەبی حەمبەلییەوە. بەڵام ئایدیای دانەدواوەی ڕەوایەتی مەزهەبەکان، ئەو ڕاستییەی لە وەهابییەکاندا بەرجەستە کردووە کە گەرەکیانە پێناوێکی پتەو بدەنە نەزمی ئایدیۆلۆژیی خودی خۆیان و گەڵاڵەی دارشتنەوەی باوەڕی ئیسلامی لە خۆیانەوە بێت. دیارترین بانگەشەی نەقشبەندییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کە لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، بریتی بوو لەوەی کە هەواڵگرێکی بەریتانی پەیوەندی کردووە بە محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە و بانگهێشتی کردووە تا پێکەوە ویسکی بخۆنەوە و هاوکات کەمەندکێشی کردووە بۆ دارشتنی پلانێک تاوەکو پێکەوە ئیسلامی ڕاستەقینە بشێوێنن. ئەو بانگەشەیەی نەقشبەندییەکان چ بەشێوەی نوسراو و چ بەشێوەی گێڕانەوەی دەماودەم بەپانتایی دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت لە ئاسیای ناوەڕاست و بیابانەکای باشووری ئەفریقایشدا بڵاوبوویەوە(٢٨).

سەرچاوەکان ئاماژە بە گەشتی هەواڵگرێکی ئینگلیز دەکەن بەناوی مستەر هەنفەر (١٧٣٠-١٧٣١) کە توانیویەتی چاوی بە محەمەدی کوڕی

عەبدولوەهاب بکەوێت و دواتر یاداشتەکانی بڵاوکردەوەتەوە کە چۆن بنەمای تیۆریی و ڕەگەزی نەیاریەتیی شیعەی خزاندووەتە بەرنامەی کاری محەمەد عەبدولوەهابەوە(٢٩). ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەنێو عەرەبەکاندا داینەمۆی شەڕی شیعە و سوننە بووە، بۆ نمونە ساڵی ١٨٠١ وەهابییەکان کەربەلایان وێرانکرد و گۆڕی ئیمام حوسەین و زۆرێک لە پێشەوا پێشینەکانی شیعەیان وێرانکرد(٣٠).

وەلێ لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا نەقشبەندییەکانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی ڕووبەڕووی چەند تێکشکان و نسکۆیەکی بنەڕەتی بوونەوە، هەرچەند ئەو شکستانە لەپڕ و وەک کۆدەتایەک نەبوون، بەڵکو ئەوان لە ململانێ لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سێکیولار و سەلەفیزمی دەستگرۆیی کراوی دەوڵەتییەوە دۆڕاندیان. سەرەتاو ساڵی ١٩٢٥ چەکدارە وەهابییەکانی نێزیک بە خانەوادەی سعود توانیان دەستبگرن بەسەر مەککە و مەدینەدا و پاشتر هەموو ئەو نەقشبەندییانەیان وەدەرنا، ئەوان لەو شارانەدا لە سەرووی گوتاری نەتەوەییەوە پرچەک کرابوون و ڕێکخرابوون. هاوکات لەلایەن ناسیۆنایستە سێکیولارەکانی ئەتاتورکەوە چەند ڕێوشوێنێکی توندی یاسایی لەهەمبەر جڵەوگیرکردنی نەقشبەندییەکان گیرایەبەر و لە کۆماری نوێی تورکیادا بەتەواوی ڕەوگەی تەسەوف و نەقشبەندییەت پەلو پۆکرا. ڕێوشوێنە یاساییەکان بریتی بوون لە: داخستنی سەرجەم حوجرە و خانەقاکانی نەقشییەکان. هەروەها تەواوی قوتابخانەکانیشیان یاساغکران. هاوکات زمانی کوردی لەسەر ئاستی لۆکاڵیی و گشتیدا قەدەغەکرا. بەمشێوەیە کۆماری نوێی تورکیا گورزێکی گورچکبڕی سرەواندە زمانی پەروەردە و فێربوون و زمانی لۆکاڵی کوردیی و ڕایەڵەی ڕەوگەی نەقشبەندیشی لاوازکرد، ئەو ڕەوگەیەی پەیوەستییەکی بەتینتری بەخشیبوویە کۆمەڵی کوردی لەو قۆناغەدا. بەڵام بۆ قۆناغێکی داهاتووی درێژ، ئەو ڕێوشوێنانەی تورکیای نوێ بوونە فاکتەری خۆ گونجاندن و خۆڕێکخستنەوەی نەقشبەندییەکان لەگەڵ ئەو ژینگە و ژیانە نوێیەدا.

نەقشبەندییەکان لە ڕەوگەیەکی بە کۆمەڵ و هەیەجانێکی نێو گردبوونەوەکانەوە بوویە خواستێکی تاکەکەسیی و چەپێنراو، ئەوان ئیدی واخۆیان ڕاهێنا لەنێو ژینگەی شاردا و لەگەڵ یاسا و ڕێسا سێکیۆلارییەکانی دەوڵەتدا بەرببەن و بەشێوەیەکی شاراوە کاری خۆیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدەن. ئەوان ئیدی پەنایان بردە بەر نوسین و چاپەمەنی و پەیامی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی. دیارترین نموونەی ئەم خۆگونجاندنەی نەقشبەندییەکان، سەعیدی نەورەسییە(١٨٧٦-١٩٦٠)، ئەو نوسەری دیاری پەیامەکانی نورە و جوڵانەوەکەشی بە جوڵانەوەی نورجو بەنێوبانگ بوو. ئەو نەتەوەچییەکی پەرۆش و پاک بوو، هیچ ناکۆکییەی لە نێوان ئەجێندای ڕیفۆرمی ئیسلامی و کوردبوون و هەماهەنگیی نیشتیمانپەروەریدا نەدەبینی. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٩٠٩، نەورەسی لە گەڵ هاوڕێکەیدا خەلیل خەیاڵی لە موتکی، بناغەیەکی زمانەوانی کوردییان داڕشتووە کە زانستی ڕێنوس و ڕێزمان و دارشتنی ڕستەی کوردیی لە خۆگرتووە. ئەوان لەو سۆنگەیەوە کاریان دەکرد کە ئاماژەیان دابوو بەوەی زمان برێتییە لە کلیلی داهاتووی هەرنەتەوەیەک. لە شوێنێکی تردا ناوبراو بانگهەڵدەدا و داوادەکات شێرەکانی کورد لە خەوی پێنج سەدە بێئاگایی بەخەبەر بێن. نەورەسی بەئاشکرا دڵبەری خۆی بۆ ئەحمەدی خانی ، مەلای جزیریی و مەولانا خالید نیشانداوە و ڕێبازی ئەوان بۆ پەوەردە و خوێندن بەزمانی کوردیی لەپێشچاوی گرتووە و تەنانەت داوایکردووە قۆتابخانەی زمانی کوردیی بکرێتەوە و داوای کردنەوەی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی کردووە لە

ویلایەتی وان بۆ ئاشنابوون و پاراستن و فێربونی زمانی کوردیی.

ئەو هەوڵانە تەنها لەو باوەڕەوە سەرچاوەی نەگرتبوو کە فێربوونی زمانی دایک بناغەی هۆشیاریی نەتەوەییە، بەڵکو ڕوانگەیەک بوو کە پێی وابوو مەزهەبی شافیعی لە ئیسلامی سوننیدا، ئایینزایەکی پەیوەستە بە نەتەوایەتی کوردەوە. وەلێ پرۆژە سیاسییەکەی نەورەسی لە دەستپێکی کۆماری نوێی تورکیادا بەشێوەیەکی لەناکاو کلۆمدراو وەستێنرا(٣١).

ساڵی ١٩٢٥ دوابەدوای یاخیبوونی شێخ سەعید، ئیدی میریی بەپێی یاسا لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا تەواوی ڕەوگە ئاینییەکان و خانەقا و دێرەکانی وڵاتی کلۆمدا. بەمشکڵە هەموو دانپێدانانێکی یاسایی ڕێبازە ئاینییەکان کۆتاییان پێهات. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٧دا دەوڵەت لە هەوڵێکدا ئەلفوبێی لاتینی بە فەرمی ناساند و ئەلفوبێی عەربی قەدەغەکرد و بەمەش زیاتر پێ و پێگەی پیاوانی ئایینیو ڕێبازەکانیانی بەتایبەتی لە بواری سستەمی فێرکردن و خوێندندا بەرتەسککردەوە. دیارە ئەمە شتێکی هەوانتە و هەڕەمەکی نەبوو بەڵکو ئەتاتورک و شوێنکەوتووانی بە بەرنامە هەوڵیان دەدا تا ڕۆڵ و ڕەونەقی ئایین دابڕن و کاریگەریی ئەندامەکانیان کەنەفت و کورتبکەنەوە. دیارە بەشێوەیەکی سروشتی ئەم بزووتنەوە سیکۆلارە ڕادیکاڵە کاردانەوەیەکی فرە توندو بەرهەڵستکارییەکی پرجوڵەی لێکەوتەوە(٣٢). تەواوی گرووپە ئاینییەکان ناچارکران تا ژێربەژێر و بەشاراوەیی بکەونەخۆ و خۆیان بۆ ژینگەیەکی ناهەموار و سەخت ئامادە بکەن و ستراتیژی خۆیان لەو قۆناغە دژوارەدا دابڕێژن. بەتایبەتی لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا دەسەڵاتی میریی بەتەواوی نەدەشکا بەسەر ناوچەکەدا و لاواز نومایان دەبوو. هەربۆیە نەقشبەندییەکان لەوێندەر بەشێوەیەکی شاراوەیی دەستیاندابوویە چالاکیو ڕێ و ڕەسمە ئاینییەکانی خۆیان.

دیارە خوێندنی ئایینی بە فەرمی بە خوێندنێکی نایاسایی ناسێنران ئەوەبوو زۆرێک لە خوێندکاران بۆ مەبەستی خوێندنی ئایینی چوونە دەرەوەی وڵات بەتایبەت بۆ نێوەندە ئیسلامییەکانی وەک بەغداد و قاهیرە و دیمەشق و مەدینە. دیارە بەشێکی فرە و بەرچاوی ئەو خوێندکارانەی کە دەگەڕانەوە بۆ تورکیا بیروبۆچوون و هزری سەلەفیی ئیسلامیی برایانی مسوڵمانیان لەتەک خۆیاندا هاوردەی تورکیا دەکردەوە. دیارە تا ئەو کات بیری سەلەفیزم لە تورکیادا وەک ئەوەی لە دنیای عەرەبیدا دەگوزەرا کۆنسەرڤاتیڤ و ڕادیکاڵ نەبوو، وەلێ وردە وردە وانیش لە تورکیادا بوونە جیهانبینییەکی نێو دیمەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. هەموو ئەم بیروبۆچوونانە زەمینەیەکی لەبار بوون تا دیسانەوە گیان بە ڕێبازیی نەقشبەندییەکاندا بێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای ڕەوشی سۆفیگەرانەی ڕێبازەکە کە لەگەڵ بیری سەلەفیزمی ئیخوانیدا جیاوازی هەبوو. هەربۆیە لە پراکتیکدا ڕێبازەکان و ڕامیاری ڕەوگە ئاینییەکان ئەو تۆرەمە ئیخوانییەیان نە دوژمن و نەیار. هەربۆیە ڕامیاریی سیکۆلارە توندەکانی سەردەمی ئەتاتورک ، هێند درێژەی نەکێشا و تا سەر بۆیان نەچووە سەر. هەربۆیە لەمیانی مەرگی ئەتاتورک ١٩٣٨ تاوەکو هاتنە نێوەوەی دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٥٠دا تارادەیەکی ئەوتۆ فشاری سەر گرووپە ئاینییەکان کەمی کرد.

بەمشێوەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیی فرە پارتایەتی لە تورکیادا ئیدی سیکۆلاریزم مۆنۆپۆڵی خۆی لەسەر دەسەڵات ڕادەستی ئەمری واقیع کرد(٣٣). لێرەوە دەوڵەتی تورکیا بەشێوەیەکی خێرا ڕامیارییە نێونەتەوەییەکان و بەدەمەوەچوونی خواستە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەی ڕاستکردەوە. ئیدی لە سەراسەری کۆمەڵگەی تورکیدا تۆڕ و کۆمەڵە سیکۆلارییە خۆبەخش و مەدەنییەکان

لاوازبوون‌و له‌ به‌رامبه‌ردا ڕه‌وته‌ ئیسلامییه‌كان به‌شێوه‌یه‌كی ڕێكخراوه‌یی خۆیان ڕێكخست و بوونه‌ پێشه‌نگ و ته‌نێ سه‌ندیكا كرێكارییه‌كان و ڕه‌وته‌ چه‌په‌كان نه‌یارییه‌تی ئه‌و هه‌ژموونه‌ی وانیان پێده‌كرا. دیاره‌ ده‌وڵه‌تی توركیا له‌ ترسی كشان و كێبركێی سۆڤییه‌ت له‌ په‌نجاكانه‌وه‌ له‌ به‌رامبه‌ر ته‌وژمه‌ ئیسلامییه‌كاندا جۆرێك له‌ نه‌رمی نواند تاوه‌كو ببنه‌ له‌مپه‌رو كۆسپێك له‌به‌رامبه‌ر كۆمۆنیزمی ئه‌و جه‌مسه‌ره‌دا. ئه‌م ته‌وژم و ڕه‌وه‌نده‌ بۆ پێش كوده‌تای سه‌ربازی ١٩٨٠ دروستبوو، وه‌لێ له‌ ده‌ستپێكی هه‌شتاكانی پاش كوده‌تا سه‌ربازییه‌كه‌وه‌ ئیدی به‌شێوه‌یه‌كی فره‌ كارا بره‌و به‌ ڕۆڵ و ڕه‌ونه‌قی ئیسلامگه‌را درا به‌تایبه‌ت وه‌ختێك ناسیۆنالیزمی توركیی و ئیسلامخوازه‌كان ئاوێته‌ی یه‌كتربوون تا ده‌وڵه‌ته‌كه‌یان بكه‌نه‌ ده‌وڵه‌تێكی وابه‌سته‌ی ئایدیۆلۆژیی(٣٤). چوون هه‌میشه‌ توێژه‌ باڵاكانی ده‌وڵه‌ت له‌ ته‌قه‌لای ئه‌وه‌دابوون كه‌ كۆنترۆڵی ئایین له‌ چنگی خۆیاندا بێت. هه‌رچه‌ند له‌ په‌نجاكانه‌وه‌ وابه‌سته‌یی سۆفی و ڕه‌وگه‌كانیان له‌ده‌ست ده‌دان وه‌لێ توانیان به‌جۆرێك له‌ جۆره‌كان ڕێكخراوی ئیسلامی چێبكه‌ن بۆ هێنانه‌ ژێر ڕكێفی خۆیان. هه‌ربۆیه‌ بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕۆڵی پیاوانی ئایینی ناو ڕه‌وگه‌ و ڕێبازه‌كان، ده‌وڵه‌ت دامه‌زراوه‌ی ئیسلامی و فاكه‌ڵتی گه‌لێكی تایبه‌ت به‌ خوداناسی و ئیلاهیات دامه‌زراند. دیسان شانبه‌شانی هێنانه‌ ژێر ڕكێفی ڕێكخراو و دامه‌زراوه‌ ئیسلامییه‌كان، ڕه‌وگه‌ و ڕێبازه‌ سۆفیگه‌رییه‌كان به‌نهێنی درێژه‌یان به‌كاری خۆ ده‌دا. هه‌ربۆیه‌ له‌و قۆناغه‌دا ڕێكخراوگه‌ل و ڕێكخستنی ڕه‌وته‌ ئاینییه‌كانی وه‌ك نورجول و سوله‌یمانچی و ئیشیكچی له‌ توركیادا سه‌ریانهه‌ڵدا(٣٥).

دیاره‌ ڕه‌وتی نه‌ورەسییه‌كان خۆیان وه‌ك ڕه‌وگه‌ و ڕێبازێكی ئایینی نابیننه‌وه‌، به‌ڵكو پێیانوایه‌ ئه‌وان قوتابخانه‌یه‌كی ڕاڤه‌ و شرۆڤه‌كارییین. ئه‌وان له‌ ده‌ستپێكی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا له‌لایه‌ن سه‌عیدی نه‌ورەسییه‌وه‌ دامه‌زراون، ناوبراو له‌ نێوچه‌ كوردنشینه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی وڵاتدا هاتووه‌ته‌ دنیاوه‌. نه‌ورەسی له‌ ده‌ستپێكی ته‌مه‌نیدا كاریگه‌رییه‌كی فره‌ی ڕه‌وگه‌ی خالدیی نه‌قشبه‌ندیی له‌سه‌ربوو، ئه‌ویش به‌هۆی ئه‌و مه‌دره‌سانه‌وه‌ كه‌ تێیاندا درێژه‌ی به‌خوێندنه‌كه‌ی ده‌دان هه‌ربۆیه‌ له‌ژێر گاریگه‌ری شێخ و پیرانی ئه‌و نه‌زمه‌دا بوو. ئه‌و به‌ فه‌رمی په‌روه‌رده‌ی ده‌ستی ئه‌وان بوو، دواجار له‌ دۆگۆ بایه‌زیدا مۆڵه‌تی فه‌رمی له‌لایه‌ن ڕه‌وگه‌ی نه‌قشبه‌ندیی خالدییه‌وه‌ پێدرا(٣٦). دیاره‌ هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه‌ سه‌عیدی نه‌ورەسی و شوێنكه‌وتووانی له‌لایه‌ن كۆماری نوێی توركیاوه‌ دوچاری چه‌وسانه‌وه‌ و سه‌ركوتهاتن و ناوبراو دوورخرایه‌وه‌ وه‌لێ دیسانه‌وه‌ له‌ سه‌رده‌می فره‌پارتایه‌تی و ده‌سه‌ڵاتدارێتی دیموكراته‌كاندا له‌ شه‌سته‌كانی توركیادا ده‌ستیدایه‌وه‌ جموجوڵ و چالاكی. ئیدی شاگرد و قوتابیانی نه‌ورەسی له‌ سه‌راسه‌ری توركیادا بڵاوه‌یانكردوو بزووتنه‌وه‌كه‌یان گه‌یانده‌ هه‌موو شوێنێكی وڵات.

ئه‌وان بۆ گه‌یاندنی په‌یامه‌كه‌یان ڕێكخستنێكیان دروستكردوو بوونه‌ بازنه‌یه‌كی به‌ربڵاو كه‌ په‌یامه‌كانی نووریان ده‌وته‌وه‌، ئه‌و په‌یامانه‌ بریتی بوون له‌ ڕاڤه‌كانی قورئان كه‌ له‌لایه‌ن خودی سه‌عیدی نه‌ورەسییه‌وه‌ وترابوونه‌وه‌. ئه‌و په‌یامانه‌ به‌شێوه‌یه‌كی فره‌ لۆژیكی نوسرابوون و ناوبراو بۆخۆی ڕێكیخستبوون كه‌ كاریگه‌ریی ئه‌وتۆیان له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی توركیدا هه‌بوو. له‌ پاش مه‌رگی سه‌عیدی نه‌ورەسی هه‌رچه‌ند بزوتنه‌وه‌كه‌ی دابه‌شبوو بۆ به‌ره‌ی خوێنه‌ران و نوسه‌رانی، واته‌ له‌سه‌ر بنه‌مای شێوه‌ میتۆدی وتنه‌وه‌ی په‌یامه‌كانی. وه‌لێ بۆ هۆكارگه‌لێكی هه‌مه‌چه‌شنی تر دیسانه‌وه‌ جودابوونه‌وه‌ و بازنه‌ی تر له‌ هه‌ناوی بزووتنه‌وه‌كه‌وه‌ پێدابوون. له‌ئێستادا نێزیكه‌ی چل گرووپی نورجووه‌كان له‌ سه‌راسه‌ری توركیا و ده‌رێی توركیا بوونییان هه‌یه‌. زیاد له‌ ده‌ گرووپی ئه‌وان كاریگه‌ریی ئه‌وتۆیان هه‌یه‌ و له‌

هەمووشیان بەرینتر و گرنگتر بریتییە لە گرووپی گولەنییەکان(٣٧).

گولەنییەکان لە سەرەتاوە وەک دەستپێشخەرییەکی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستبوون، ئەوان بەشێوەیەکی نایاسایی لە تورکیادا بەشاراوەیی مابوونەوە. لە سەردەمی تورکوت ئۆزالدا کە بۆخۆی شوێنکەوتووی ڕەوگەی نەقشبەندیی خالدیی بوو، تا ماددەی (١٦٣) یاسای سزادانی تورکی کە تایبەت بوو بە تاوانبارکردنی پڕوپاگەندە بۆ شەریعەت لابرا. ئەم میکانیزمە یاساییە بەکارهاتبوو بۆ کلۆمدانی هەموو چالاکییە ئاینییەکان .ئیدی هەموو بازنە نافەرمییەکانی نورجو و گولەنییەکان وەک ڕێخراوی فەرمیی و بازنەی ڕێکخراوەیی بەتایبەتی لەنێو یانە خوێندکاریی و پەیمانگا خوێندکارییەکاندا دەرکەوتن و ڕێیان بۆ کرایەوە و ئەوان کە شوێنکەوتووی ئەو ڕەوتە بوون بە یورت ناسران. ئیدی ئەم ڕەوشە ژینگەیەکی میسالی ڕەخساند بۆ بزووتنەوەی نورجوو کە ببنە بەرینترین بزووتنەوە و ڕەوتی ئایینی کاریگەر لە تورکیادا. دیارە لە سەرەتاوە نورجووەکان نیازی پشتیوانییان نەبوو لە ڕامیارییەکانی پارتێکی دیاریکراو، بەڵکو لە سەردەمی نەجمەدین ئەربەکان ئەوان پشتیوانییان لە ڕەوتێکی میانگیریی سیکۆلاری ڕاست دەکردەوە نەک ئیسلامییەکان، بەڵام بە دروستبوونی پارتی دادوگەشەپێدان ئەم نیاز و پشتیوانییەیان گۆڕاو ڕوویکردە سیاسەتی ئیسلامگەرایی ئەکەپە(٣٨). لێرەوە گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە ناسیۆنالیزمی سێکیولار لە سەرەتاوە ڕۆڵی لە پاشەکشەی تایبەتمەندبونەکەی ئیسلامی میللی نەقشبەندییەکان هەبوو، هاوکات هەر بەو سیاسەتەشەوە بەتایبەتی لە تورکیادا ئیسلامی میللی نەقشبەندی کاریگەریی سەلەفیزم و ئیخوان لەناویدا گەشەیکرد و ئەم کاریگەرییە شۆڕبوویەوە بۆ گرێبەستێکی سیاسی لە نێوان ناسیۆنالیزمی تورکیی و ئیسلامگەراییەکەی سەلەفیزم و ئیخوانیزم وەک ئەوەی ئەوڕۆ پارتی دادوگەشەپێدان لە تورکیا و لە کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

**چوارەم. بەریەککەوتنی سۆفیزمی کوردیی و سێکۆلاریزمی ستەمکار لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا:**

گوتاری نەقشبەندییەکان و تایبەتمەندبوونی ئیسلامی کوردەواریی ڕاستە بەتەواوی کوردستانی نەگرتەوە، بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکان سرووشتی زۆرێک لە جوڵانەوە کوردییەکانی داپۆشی بوو. بەشێوەیەک یەکێک لە کۆڵەرە کوردییەکان کە بۆخۆی هاوئاهەنگە لەگەڵ نەقشبەندییەتدا، وتبووی لەڕاستیدا کوردەکان تێکڕا نەقشبەندیین. لەڕاستیدا ئەو بانگەشانە زێدەڕەوین، بەڵام ڕۆڵی بەردەوامی نەقشبەندییەکان فەرامۆشناکرێت. گەر ئەوڕۆ لە ڕێکخراو و دامەزراوەکان وردبینەوە تێدەگەین کە ئیدی نەقشبەندییەکان هێزێکی سەرەکیی و کاریگەر نیین لەنێو کۆمەڵی کوردیی و تورکیا و هەر شوێنێکی دیکەشدا.

هەریەک لەو وڵاتە عەرەبییانەی وەک ئێراق و سوریا کە کەمینەیەکی گەورەی کورد تێیاندا دەژین، زیاتر لە تورکیا لەهەمبەر فۆرمە ئاینییە ڕێکخراوەییەکاندا دارای تۆلێرانس و لێبوردەیین. هەرچەند کە لقەکانی پارتی بەعس لە هەریەک لەو دوو وڵاتەدا کاتێک ساڵی ١٩٦٣ دێنە سەر تەختی دەسەڵات، هیچکام لەو پارتانە ڕەوگەکانی سۆفیزمی نەقشبەندی قەدەغە نەکرد، لەبری ئەوە ئەوان بە ئەجێندایەکی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە لەگەڵ خواستە نەتەوەییەکانی کورددا بەریەککەوتنیان هەبوو. لە ئێراقی بەعسییەکاندا عەرەبە سوننییەکان کەمینەن و ئیخوان موسلمین وەک میسر و سوریا بەهێز نین و لاوازن. بۆیە ئایین دەکرێت لە ڕێکخستن و هێزی مرۆییدا ڕۆڵ ببینێت(٣٩)، لێرەدا شوێنی نەقشبەندییە کوردییەکان کرایەوە بۆ هاوسەنگبوونی عەرەبی سوننە لە بەرامبەر شیعەدا. بەڵام لە ململانێی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و دەوڵەتدا وەک ڕوانگەیەکی

ئایدیۆلۆژی کەڵک لە ئایین وەردەگیرا، ئەوان گوتاری ناسیۆنالیستیان بەرزکردبوویەوە نە ئاینی و مەزهەبیی. لە سوریاشدا ڕژێمی بەعسی ئەسەد زیاتر بە بەرامەی عەلەوییبوونەوە و بە باکگراوندێکی دێهاتییانەی عەلەوییەوە پەرژابوویە سەر جڵەوی خەڵکی و سووننەی عەرەبی لە شارەکانی وەک حمس و حەلەب و حەمادا فەرامۆشکردبوو .بۆیە لەو شارانەدا ئۆپۆزسیۆن زیاتر هەڵگری گوتارێکی سەلەفیگەرایی بوو، بەتایبەتی بنکەی جەماوەری ئیخوان موسلمین هەمیشە تێیاندا زیندوو بووە. هەربۆیە ڕژێم بەشێکی زۆر لەو کوردانەی کە باکگراوندێکی نەقشبەندییانەیان هەیە خستنییە نێو دامەزراوەکانی خۆیەوە و لەهەمبەر ئەو تەوژمە سەلەفییەدا بەکاریدەهێنان، ئەو تەوژمە سەلەفییەی کە بەرامەیەکی ئاینی نەتەوایەتییان لێدەخوێنرایەوە. دیارترین ئەو زانا کوردانە برێتی بوو لە ئەحمەد کفتارو(٤٠)، ئەو دیارتریین موفتی سوریا بوو تاوەکو ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی دەکات.

هەروەها زانای ڕیفۆرمخواز سەعید ڕەمەزان بوتی، ئەو هێندەی سەرۆکی وڵات لە شاشەی تیڤیەکانەوە دەردەکەوتن ئەوەبوو لە مارسی ٢٠١٣ دا لە مزگەوتی ئیمانی دیمەشق تێرۆرکرا. کفتار و لە خێزانێکی کوردی گەڕەکی کوردەکانی ساڵحییەی دیمەشق پەروەردە بوو، بوتیش وەختی خۆی لە چنگی کۆماری تورکیا هەڵهاتبوون و لە سوریادا ستاریان گرتبوو. هەردوو زانا ئاینییە کوردەکە بەڕاشکاوی وەفاداریی خۆیان بۆ ڕژێمی بەعسی سوریی نەدەشاردەوە و بە ئاشکرا هەموو ئەو توندوتیژیی و تێرۆرەیان سەرزەنشت دەکرد کە چالاکوانە ئیسلامییەکان پێیهەڵدەستان. بۆ نمونە کفتار و کوشتاری خوێندکارانی سەربازیی ساڵی ١٩٧٩ی حەلەبی بەتوندی سەرزەنشت کرد، ئەو کارەی کە ئیخوانەکان پێیهەڵسابوون. هەروەها ساڵی ١٩٨٢ بەتوندی دژی ڕاپەڕینی حەما وەستایەوە. بوتیش دژی هەموو ئەو ڕاپەڕینە ئیسلامییە مەزهەبگەراییەی کە نەیاری ڕژێمی بەعسە وەستایەوە، بەتایبەتی ئەو جوڵانەوە ئیسلامییە شۆڕشگێڕییە پەرگیرەی کە لە ٢٠١١ وە لە سوریادا سەریهەڵداوە. هەردوو زانای دیاری کورد باکگراوند و ڕیشەیەکی نەقشبەندییان هەیە و بەتەواوی نەیاری گوتاری سەلەفیزمی ئیسلامیین. بوتی لە بڵاوکراوە و نوسینەکانیدا هێرشی توند دەکاتە سەر سەلەفیزم و بە داهێنراوی دەزانێت بۆ نێو ئیسلام(٤١). لە تورکیاشدا ناکۆکیی و جیاوازی نێوان نەقشبەندییەکان و سەلەفییەکان هەیە و هەریەکەیان بەجۆرێک تێکهەڵکێشکراون لەتەک پرسی نەتەوەییدا. بەمشێوەیە لە نێوان کوردی ئێراق و سوریا و تورکیادا ئایدیا و هەڵوێستی نەقشبەندییەکان زیندوون. هەریەکەیان لە گۆشە و کەناری دامەزراوە و نەزمێکی جیادا بەشێوازی هەمەجۆر نومایان دەبن. لێرەوە تێدەگەین کە گەشەی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن لەم ناوچەیەدا بەشێوەیەکی تەواو وابەستەیە بە شۆڕبوونەوە و کارکردنی ئایینی ڕێکخراو و ئایینی میللی نێو خەڵکی.

**پێنجەم. بەریەککەوتنی سەلەفیزمی جیهادیی و سۆفیزم لەناو کورددا:**

لە هەر بەشێکی کوردستاندا ڕەوتی بەرهەڵستکاریی و گوتاری جیاجیا بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بونیان هەیە، بۆ نموونە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئەم سێ گوتارە لە گۆڕێدان:

١. گوتاری ناسیۆنالیستی: ئەم گوتارە لە ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە کوردستانی ئێراندا خۆی دەبینییەوە کە ساڵی ١٩٤١ دامەزراو دواتر پارتەکە نێوی گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو تاوەکو ئێستە لە سنورەکانی دەرەوەی ئێراندا مژوڵی چالاکین و ئەوان سستەمی فیدراڵی بۆ ئێران و برەوی دیموکراسی لە وڵاتدا بە تەنها چارەسەری ئاریشە هەنووکەییەکان دەزانن.

٢. گوتاری سۆشیالیستی: ئەم گوتارە لە حیزبی کۆمەڵە دا خۆی دەبینییەوە، کە دواتر نێوەکەی گۆڕا بۆ پارتی کۆمۆنیستی ئێران و تائێستە لە دەرەوەی کیشوەری ئێراندا سەرگەرمی چالاکییەکانیانن. ئەم گرووپەش دارای ڕوانگەی کۆمۆنیستیی و نێونەتەوەیین و خوازیاری عە دالەتی کۆمەڵایەتیی و جوداکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و دورخستنەوەی ئایینن لە دەستێوەردانی میری بە سەرچاوەی چارەسەریی گرفتە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان دەزانن.

٣. گوتاری ئیسلامگەرایانە: ئەم گوتارە بۆ هەوەڵجار لەلایەن ئەحمەدی موفتی زادەوە پێشنیازکراو هاتە گۆڕێ، ئەویش بە چێکردنی چەندین قوتابخانەی ئایینی لە شارەکانی سنە و مەریوانەوە دەستپێکرد و دروست لە سەروبەندی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەرکەوتن.

ئەم قوتابخانانە شێوەی زیاتریان لەخۆ دا بەرجەستەکرد، بەتایبەت وەختێک لە چوارچێوەی دوو گرووپی تایبەتمەندتر دەرکەوتن، ئەوانیش گرووپەکانی مەکتەب قورئان و گرووپی کۆمەڵچەی بانگەواز و ئیسڵاحی ئێران یان هەر گرووپی ئیخوانی موسلمینی ئێران بوون و ئیدی لەژێر ئەو ناوانەدا درێژەیان بە بوونی خۆیاندا. لە ئێستادا هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ئاشکرابوونیان هەیە (هەرچەند لە ڕووی یاساییەوە مۆڵەتیان نییە، وەلێ لەلایەن میرییەوە چاوپۆشی لە کاروچالاکی و بوونیان کراوە). هەموو ئەم تەرزە هزرییانە داکۆکی لە بنەماکانی ئیسلام و سەرچاوەکانی قورئان و سوننەت دەکەنەوە وەک سەرچاوەی سەرەکی یاساکان. لە سیمای هاوبەشی تەواوی ئەم گرووپانەشدا ڕوویەکی شێوە کوردایەتی و نەتەوەگەرایی دەخوێنرایەوە. وەلێ پاش هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئێراق و دروست لە دەستپێکی دەیەی نەوەدەکاندا گوتارێکی تری خۆرئاواگەرا خزایە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئەم گوتارە تێیدا هەردوو پارتی کوردی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق هۆکاری پەرینەوەی بوون. هاوکات گوتارێکی تری ئیسلامی بناژۆو ڕادیکاڵ لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە ڕۆڵی گێرا تا لە ڕۆژهەڵات بناسرێت، هەر ئەم گرووپە دواتر بۆخۆی دابەشبوو بەسەر چەندین دەستەوتاقمی جودا جودا دا.

دیارە پاش ئەوەی هەردوو پارتی کوردیی لە باشووری کوردستان، پارتی و یەکێتی باڵادەست بوون، ئیدی گوتاری خۆرئاواگەرایی بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕووی لە ڕۆژهەڵات کرد. لەگەڵ کرانەوەی سنوورەکان بەڕووی یەکتریدا لە باشووری کوردستانەوە کوردانی ڕۆژهەڵاتیش ئاشنابوون بە فیلمە هۆلیۆدیی و بالۆدییەکان و چەندین جۆری خواردنەوەی کحولی و چەندەها شێوەی ژیانی ئەنتەرتاینمێنتی مۆدێرنە بە کوردانی ئێران ئاشنابوون بە ستایل و نەزمی نوێی ژیانی خۆرئاوا(٤٢). لەگەڵ ئەو گوتارە خۆرئاواگەرییەدا گوتارێکی دی سەردەکێشێتە ناو، کە ئەویش گوتاری سەلەفیزمە و دیسان لە کوردستانی ئێراقەوە دەپەڕێتەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات. دیارە لە پاش یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان و ئێراق، ڕەوشێکی تری هزریی تەواو جیاواز لە گوتارەکانی ڕابردوو سەردێنێتە نێو پێرە هزرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەو ڕەوتە بە ڕەوتی سەلەفی ناسراو بە هیچ جۆرێک توخنی تاقم و تەیارە نەتەوەییەکان ناکەوێت و بە دروستی خۆیان لە چوارچێوەی تاکێکی مسوڵمان ئاشنا دەکەن و دەناسێنن. هەر لەم چەند ساڵانەی دواییدا نەوار و کاسێتی لاوە کەم تەمەنەکان وەک بانگخواز کە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجەوە بەخش دەبوون و دەستاودەستیان پێ دەکرا. لەو نەوارانەدا بە توندی هێرش دەکرایە سەر ڕۆحانییە

سوننەتییە کلاسیکییەکان و ئەدەبیات و بەندایەتی و نەزمی ئایینداری وان بە پڕ لە بیدعە و خورافیات لەکەدار دەکرا.

ئیدی وردە وردە لە ڕۆژهەلات، لە سەرەتاوە لە شارە سنورییەکانەوە و دواتر بۆ شارەکانی دی لاوانی ڕیشدار و شەرواڵ کورت و کراس سپی و خانمانی چادر پۆش و دەستکێش لەدەست دەردەکەون و دەبنە دیاردە. هەموو ئەوانە پێیان دەوترێت سەلەفی، چوون باوەڕ و ئیمانیان دروست وەک سەلەفییەکانی سعودییە وەهایە. وردە وردە تایبەتمەندی و جیاوکی وان لەتەک گرووپە دینییەکانی تری وەک ئیخوان و مەکتەبییەکان و گرووپی جەماعەت و دەعوەی ئیسلاح زیاتر دەردەکەوێت و خەڵکی بەسانایی جودایان دەکاتەوە. دیارە وانیش یەک دەستە نین و جۆر و سەبکی تایبەت بەخۆیان هەیە، دیارترینیان لەناو کورددا کە ئاشنابوون بە سەلەفییە جیهادیی و سەلەفییە نا جیهادییەکان ناسراون. سەلەفییە جیهادییەکان لە تەواوی دنیادا پرسێکی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو لە ئێستادا بوونەتە پرسێکی سیاسی زەق و لە ئەدەبیاتی سیاسی دەسەڵاتدارانی جیهاندا بە تێرۆریست دێنە نێو هێنان. ئەمانە زیاتر ئەوانەن کە بە بۆمب گوزاریی و کردەی خۆکوژییەوە مژوڵن و لە کوردستانی ئێراق بوونیان هەبووە و لە کوردانی ڕۆژهەڵاتیشدا کەسانێکیان هەن کە لە کردە تێرۆریستییەکانی ئەفغان و ئێراق و پاکستان بەشداربوون و لە زیندانەکانی هاوپەیمانان و تەنانەت گوانتانامۆ و ئەبوغرێبیشدا بوونیان هەیە. ئەمانە ئێستە مایەی دردۆنگیی و دڵخوتخوتەی خەڵکین و نومایانی تاریکیی و تەریکیین. ئێستە لە کوردستاندا ئەم پێڕە سەرچاوەیەکی شوناسی کۆمەڵایەتین و لەسەر بنەمای باوەڕ و ڕێبازێکی تایبەت شوناسێکی جودایان بەخۆیان داوە و ڕوئیایان بۆ دین و دنیا تایبەت و بناژۆیە. چۆن ئەم بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات شوێنی دەبێتەوە و چلۆن شوناسێکی لەم جۆرە لاوان کەمەندکێش دەکات. دەبێت بەوردی ڕووەکانی ئەم پرسە بخرێنە ڕوو و تاوتوێ بکرێن(٤٣).

بە گشتی ڕیشەی ئەوان وابەستەیە بە باشووری کوردستانەوە، ڕیشەکانی ئەم گەشەکردنەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، جارێکی تر جیاوازیگەلێکی بەرچاو لە نێوان ئێراق و تورکیا نومایان دەکات. لەو دوو وڵاتەدا تا ئەندازەیەک تێگەیشتنێک لەهەمبەر بە جیاوازییان هەیە. لە ئێران و سوریاشدا دیسانەوە تایبەتمەندی لەهەمبەر پرسی سەلەفیزم هەیە لەنێو کورددا. بەشێوەیەکی گشتی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران زەمینەیەکی لەباری بۆ هێز و هزری سەلەفیزم ڕەخساند لەنێو کورددا. هەروەها جیهاد دژ بە ئەفغانستانی ژێردەستی سۆڤییەت لەلایەن شۆڕشگێڕە سوننییەکان، ئەوان لەلایەن تۆڕەکانی ئیخوانی میسر و کۆمەڵی ئیسلامیی و کۆمەڵی زانایانی ئیسلام لە پاکستان پشتیوانیکران، هەروەها ڕاپەڕینی سوننییەکانی دژ بە ڕژێمی ئەسەد لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەموو ئەمانە زەمینەیەکن(٤٤).

چالاکیی کوردان لە تورکیادا بەشێوەیەک دارای تایبەتمەندی خۆیەتی و لەو قۆناغەدا هەلومەرجێکی نەتەوەیی لەخۆدا شوێنکردبوویەوە. لە نەوەدەکانەوە هەندێک ڕێکخراو کە باکگراوندێکی نەقشبەندییان هەبوو دەرکەوتن دیارترینیان مەنزلییەکان بوون، ئەوان کاریان دەرچواندنی گۆڤار و بڵاوکردنەوەی پەرتووک بوو بە زمانی کوردیی، ئەمانە کاری ئاشتی خوازانەیان دەکرد. وەلێ لەنێو کوردی تورکیادا ئیسلامگەرای توندڕەو بوونی هەبوو، بەرچاوترینیان و توندڕەوترینیان لە کۆتایی حەفتاکانەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەرکەوت، ئەوان ڕێکخراوێکی ئیسلامگەرای سیاسیی بوون بەناوی حزبوڵڵا ناسرابوون. سەرەتا ڕێکخراوەکە لەسەر دەستی چەند پەرتووکفرۆشێکی

ناوچەی باتمان ڕێکخرا، ئەوان دواتر بوونە چەند ڕەوتێکی جیاواز لەیەکتریی. یەکێک لەو ڕەوتانە کە بەدرێژایی هەشتاکان بوونی هەبوو، لەلایەن حسێن وەلی ئۆغلو(١٩٥٢-٢٠٠٠) ڕێبەرایەتی دەکرا. ئەم گرووپە بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە، هیچ پێوەندییەکی بە حزبولای لوبنانییەوە نەبوو، ئەو پارتەی کە ئێران پشتیوانییەتی، یاخود پێوەندی لەتەک شیعەدا نەبوو.

حسێن وەلی ئۆغلۆ و شوێنکەوتووەکانی لەژێر تاوی نوسینەکانی سەید قوتب و عەلی شەریعەتیدا بوون ئەوان لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران و بەرەڤانی ئەفغانیەکاندا بوون دژ بە سۆڤییەت و هەروەها کاریگەریی ئیخوان موسلمینی میسر و ڕاپەڕینەکانی ١٩٨٢ی حەمای سوریایان لەسەربوو، چوون لەو ڕاپەڕینانەدا تین و تاوی ئیخوان گەیشتبووە لوتکە. نوسەران ڕەخنە لە ئەگەرەکانی پێوەندی حزبولا و هەر ڕێکخراوێکی سەلەفی نێونەتەوەیی دەگرن چ ئیخوان بێ یان تەنانەت ڕەوگەی نەقشبەندییەکانیش بێت، حیزبولا دەرکەوتەی ڕەوشی توندوتیژی کۆتایی هەشتاکانە(٤٥)، حسێن ئۆغلۆ هزری جیهادیی و سەلەفیزمی لە ئەستەمبوڵدا و لەوکاتەدا کە خوێندکاری زانستە سیاسییەکان بووە وەرگرتووە، لەو دەمەدا فۆرمەکانی توندوتیژی لەنێو چەپ و ڕاستدا لە لوتکەدا بوون. لەو قۆناغەدا چالاکی سیاسی هەر سیکۆلار و چەپ نەبوون، بەڵکو ململانێی دژواری چەپ و ڕاست و ئاینیی و مەزهەبزاکانن عەلەویی و سوننی تێکڕا لە گۆڕێدابوون. وەلێ ئەو دەستەواژانەی کە لەو قۆناغەدا ململانێیان لەسەر دەکرا بریتی بوون لە مارکسیزمی سێکیولار و ناسیۆنالیستی ڕاسترە و واتە نەتەوەگەراکان، وەلێ دەستەواژەی ئیسلامی سیاسیی بەکار نەدەهات.

لەڕاستیدا حزبولا تاوەکو دەستپێکی نەوەدەکان هێندە ناوبانگی نەبوو، لەوێ بەدواوە سەرنجێکی زۆر لەسەر چالاکییە بناژۆ و توندوتیژەکانی چێبوو. ئیدی لە ١٩٩١دا چالاکییەکانی حزبولا خۆیان دەبینییەوە لە تیرۆر و کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانانی کوردی سەر بە پەکەکە و لەو میانەدا ڕۆژنامەنوس و نوسەر و هەڵسوڕاوانی کوردیان کردبووە ئامانج. هاوکات سەرچاوەکانی سەر بە پەکەکە ئەم هێزە بە ڕەوتێکی دروستکراوی سەر بە دامەزراوە هەواڵگیرییەکانی دەوڵەت دەزانێت. چوون لەکۆتایی نەوەدەکاندا چالاکییەکانی ئەم ڕەوتە وەستێنران و لەلایەن خودی میرییەوە ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدونان و یاساغبوون بوونەوە. لە ٢٠٠٠ دا سەرۆکی ڕەوتەکە ئۆغلو لەلایەن پۆلیسی ئەستەمبوڵەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە. بەڵام لە پاش ٢٠٠٤ جارێکی دی پارتەکە لەژێر ماسکێکی دیکەدا دەرکەوتەوە. بۆیە حزبولا بەشێوەی چالاکییەکانی کۆمەڵی مەدەنی هاتەپێشەوە و ئیدی وەک پێشووتر نەیپەرژایە سەر کاری تێکدەرانە و توندوتیژیی دەرهەق بە کوردانی نەتەوەیی و سێکیولار.

چالاکییەکانی وەک کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و یادکردنەوەی یادی لەدایکبوونی پەیامبەر و نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندانن، بۆ نموونە خۆپیشاندان دژ بە کاریکاتێریستە دانیمارکییەکان لە ٢٠٠٨/٧/٨ دا. بۆ نموونە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان زیاد لە نیو ملیۆن هاوڵاتی لەو خۆپیشاندانانەدا بەشداربوون. هەروەها دژ بە گۆڤاری چارلی ئەبدۆی کۆمیدی فەرەنسی خۆپیشاندانیان کرد کە ١٠٠ هەزار هاوڵاتی کورد تێیدا بەشداربوون. لەگەڵ ئەو نمایشە بەهێزانەی ئەو هێزەدا، وەلێ پێگەی ئەم هێزە لە هەڵبژاردنەکاندا بەوشێوەیە نییە. چوون لە ٢٠١٢دا وەک پارتێکی سیاسیی بەنێوی هودا پار دامەزران. لە ٢٠١٤ دا تەنگژەیەکی فرە کوردستانی تورکیای گرتەوە. لەو قۆناغەدا کاتێک کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) گەمارۆی کوبانێ دابوو، ئەوە ڕەنگدانەوەی لە ململانێ نێوخۆییەکانی کوردی تورکیا هەبوو، هودا پار بە ئاشکرا هاوسۆزی خۆی بۆ داعش

نەدەشاردەوە و لەگەڵ کوردە نەتەوەییەکانی سەر بە پەکەکە کەوتنە ململانێ و پشێوییەوە٤٦. ئەوە وایکرد هەوادارانی پەکەکە هێرشیانکردە سەر بارەگاکانی هوداپار و بەلایەنی کەمەوە ٣٥ کەس کوژران کە زۆرینەیان لە ئیسلامییەکان بوون. بەتایبەتی لە شارۆچکەی سیعرت دا چەندین چالاکوان لە ململانێکاندا بوونە قوربانی٤٧. بەکورتی لەگەڵ ئەوەی کە هاوسۆزی بۆ جیهادییە سەلەفییەکانی دەرەوە نەدەشاررایەوە، وەلێ هێشتا ئیسلامییە کوردەکانی تورکیا دارای تایبەتمەندیی و بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆیان بوون.

بەڵام لە باشووری کوردستاندا گرووپە ئیسلامییە کوردییەکان کە لە هەشتا و نەوەدەکاندا دەرکەوتن، پەیوەندییەکانیان لەتەک ڕەوتە جیهادییە سەلەفییەکانی دەرەوە فرە ڕوونتر و لەپێشچاوگیراوتربوو. لە نەوەدەکاندا دیارترین ڕەوتی ئیسلامی بریتی بوو لە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی ئێراق، ئەم پارتە بە ڕابەرایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بوو، ناوبراو پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی لقی ئیخوان موسلمینی ئێراقەوە بوو لە پەنجاکاندا کە لەلایەن ئەمجەد زەهاوییەوە پەیوەندی پێوەکرابوو. هاوکات لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان و موجاهیدەکانی ئەفغانستانیشدا بەتایبەتی لەتەک بورهانەدین ڕەبانیدا پەیوەندیی چێکردبوو. لەمبارەیەوە وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی وتبووی: ئەگەرچی مەلا عوسمان بۆخۆی دارای خوێندنەوە و زانیاریی تایبەت بەخۆی بوو، بەڵام لە ڕوانگەی جیهادییە سەلەفییەکانیش کەڵکی فرەی وەرگرتبوو، هەربۆیە نێزیکایەتی ئەوانی دەکرد. پاش مەرگی مەلا عوسمان لە ١٩٩٩ دا ئیدی بزووتنەوە دابەش بوو بەسەر چەند ڕەوتێکدا.

لەوێوە شان بەشانی هێڵێکی ئیخوانی کە یەکگرتووی ئیسلامی بوو، لە هەناوی بزووتنەوەدا کۆمەڵی ئیسلامیی و ئەنساروئیسلام دروستبوون. ئێستە کۆمەڵ و بزووتنەوە و یەکگرتووی ئیسلامی بەشدارن لە نەزمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا. ئەوان هەڵگری میتۆدی ئیخوانیی و وەهابیین و بەتەواوی ڕەوگەی سۆفیزم و تەریقەتەکان دەدەنە دواوە. لەکاتێکدا لە سەدەی بیست و یەکەمدا ڕێبازەکانی نەقشبەندیی و قادری وەک چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی نەبوونە داینەمۆی ڕاچەنینێکی جەماوەریی بەرفراوان، تەنها ئەوەندە هەیە کە نەقشبەندییەکان و سرووشتی نەقشبەندیبوون لەنێو تایبەتمەندیی ڕێکخراوگەڵ و پارتگەلێکی تردا نومایان دەبێت، بۆ نموونە لەنێو تورک و کورد و چەند نەتەوەیەکی دیکەی تریشدا. هەر ئەو سرووشتەیە کە وادەکات وەک ئاڵنگارییەک بۆ ئیسلامی فەندەمێتاڵ کەڵکیان لێوەربگیرێت. ئۆلیڤەر ڕوای نوسەری بەنێوبانگی فەرەنسی پێیوایە کە ئیسلامی سیاسیی پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕییە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەم پرۆژەیە لە بەرایی نەوەدەکانەوە هاتووەتە پێشێ و وەک نیو فەندەمێنتالیزم نێویان دەبات، ئەوانە هێزێکن بۆ بەئیسلامکردنەوەی کۆمەڵ و سەرلەنوێ بەهێزبوونەوەی ئیسلام. بەڵام ئەم خواستە لەنێو ئیسلامییەکاندا وەختە بەرکەنار بکرێت، بۆ نموونە لەنێو کۆماری ئیسلامی ئێران و لە میسری پاش موبارەکدا، ئێستە ئیسلامییەکان ئەوانەی کە ئاتاجیان بە سێکیۆلاریزمی لیبراڵی نەبوو، هەمان ئەو پارتە ئاینییانە پێیانوایە پێویست بە دەستەواژە و دەربڕینە ئاینییەکان نییە لە سیاسەتدا و هەنگاوێکی نوێیان لە بەشداریی سیاسیدا ناوە. تەنانەت ئۆلیڤەر ڕوا پێیوایە ئیسلامیزمی نێونەتەوەییەکە بەرە بەرە کایەی لە بەردەمدا کورتبووەتەوە و زیاتر ڕەوتە ئیسلامییەکان بوونەتەوە بەڕەوتی هەرێمیی و چاویان تەنها لە دەوڵەتەکەی خۆیانە.

لەئێستادا دیارترین ڕەوتی ئیسلامی نێودەوڵەتی بریتییە لە ڕێکخراوی قاعیدە، کە توندڕەوترین و دیارترینیانە٤٨. ئۆلیڤەر پێیوایە لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەلەفیزم تەنها

بژاردەیە بۆ ئەو فۆرمی گلۆباڵییە لە ئیسلامدا. سەلەفیزم ڕوانگەیەکی هەیە کە تەواوی فۆرمە فەرهەنگییەکان و نەریت و دیاردە لۆکاڵییەکان دەسڕێتەوە و یەک ڕەنگ و یەک شێوە و یەک بەهای هەیە بۆ هەموو سنورەکانی دنیای ئیسلام. هەموو سیما کلتورییەکانی دی بە دیاردەیەکی جاهلی و بیدعە و هاوەڵبڕیاردان بۆ خودای تاقانە لێکدەدەنەوە. لەمبارەیەوە تێزەکەی ئۆلیڤەر ئێجگار بە بایەخ و جێ سەرنجە، لەوێوە دەتوانین گرفت و جیاوازییەکانی ئیسلامی هاوچەرخ لەنێو کورددا بخەینە ڕوو. لەڕاستیدا زۆرێک لە کۆڵینەوەکان ئەوەیان لەیادکردووە، کە ئیسلامییە کورد و تورکەکان دارای تایبەتمەندی نەقشبەندییانەن، ئەوان لە ڕەوتەکانی گولەنی و نورجووەکاندان، ئەم جوڵانەوانەش هەوێنێکی نەقشبەندییان هەیە و ڕیشەکەیان لەو سەرچاوەیەوە هاتووە. هەربۆیە بەتەواوی ڕوانگەیەکی دژ بە سەلەفیزمیان هەیە٤٩. ئەوەی داعش دەیخوازێت ڕیشە سەلەفییەکەیە کە ئیسلامێکی نێونەتەوەیی دەوێت، ئەوەش کە لە ئیسلامگەرایانی وەک نورجو گولەندایە ئیسلامێکی لۆکاڵییە و بۆ هەر فەرهەنگێک خواستێکی کۆمەڵایەتی دەوێ و بەدووی دەوڵەتدا ناگەڕێت.

سەلەفیزم پرۆژەیەکی سیاسییە و دەیەوێت دەوڵەت دابمەزرێنێت. ڕاستە پرۆژەکەی ئیسلامێکی نێونەتەوەیە، بەڵام پراکتیکی داعش لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بوو. ڕاستە داعش هەڵگری پرۆژەیەکی دەوڵەتداریی بوو لەژێر ناوی خەلافەتدا، هاوکات بانگی ئەوەی هەڵدابوو کە ئومەتی ئیسلامی یەکبخاتەوە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە داعش مۆرکێکی ڕەگەزیی پێبوو، لەوێدا دیارە کە لە جوگرافیایەکی دیاریکراو بوو، زۆرینەی عەرەبی سوننی بوون، تەنانەت ئەوانەی لە لیبیا و بیابانی سینا بەڵێنیان دابوویە داعش ناکاتە ئەوەی کە ناوەندگەرایی لە داعش بسێنێتەوە، هاوکات داعش نەتەوەکانی دی لەنێویدا دوچاری فشار و پەراوێزخستن بوونەتەوە.

بەگوێرەی ناوەندی نێونەتەوەیی بۆ توێژینەوە لە توندڕەوی (ICSR) لە دەستپێکی ٢٠١٥ دا ئاماژە بەوە دەکات کە لەناو ٢٠ هەزار جەنگاوەری داعشدا زۆرینەی هەرە زۆریان سەر بە وڵاتە عەرەبییەکان بوون. ئەو ژمارانە وا دەردەخەن کە ٢٠ هەزار چەکداری بیانی کەمێک لەو چەکدارانە زیاترن کە چوونە جەنگی ئەفغانستان خۆ لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا ٤٠ هەزار چەکداری دەرەکی بەشداربوون. کەواتە پرسی داعش بۆ پرسێکی ڕەگەزیی و تایبەتییە و ئایدیۆلۆژیاکە بەکارهێنراوە. چوون زۆرینەی داعش کە پێکهاتبوون لە سوریی و ئێراقییەکان پێکهاتبوون کە خودی قەڵەمڕەوەکەشیان هەر لەوێدابوو. بەواتایەکی تر داعش دەرهاویشتەی بڕیاری عەرەبی سوننە بوو لە ئێراق و سوریادا. لەڕاستیدا بەڵگە گەلێکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نین کە تورکیا ڕۆڵی لە زیندوراگرتنی داعش هەبووبێت، تەنانەت ئەو تورکانەی لە ڕیزەکانی داعشیشدا ئێجگار کەمن. هەروەها ژمارەیەکی کەمی کوردان لە تورکیا و سوریا و ئێراق و ئێرانەوە چوونەتە ناو داعش، هێشتا پاڵنەر و هاندەری ئەوانە ڕوون و بەرچاو نییە. تەنها ئەوە هەیە زۆرێک لەو کوردانەی کە چوونەتە ناو داعش لە هەڵەبجەوە چوون ، هەڵەبجە پێشتر بنکەی هێزە ئیسلامییەکان بوو، هاوکات لە دەسەڵاتی سێکیولاری کوردیی و ڕێبەرەکانیان بەگلەیی و گازەندە و نائومێدن. ئەو کوردانەی تورکیاش زۆرتر لە باتمانەوە چونەتە ناو داعش، ئەوێش بۆماوەیەکی دووردرێژ مەیدانی چالاکی ئیسلامگەراکان بوو. هێشتا گوتاری داعش گوتاری ئیسلامێکی گلۆباڵ بوو، خۆیان بەشانازییەوە باسیان لە تێکشکاندنی ئەو سنورانەی سایکس بیکۆ دەکرد کە بەسنووری ڕەگەزیی و نەتەوەییان دەزانین(٥٠).

لێرەوە تێدەگەین ئەو ئیسلامە سەلەفییەی کە داعش و جیهادییەکان دەیخوازنن پرۆژەیەکە بۆ بەکاربردنی گەلان لە بەرامبەر پرۆژەی ڕەگەزیی و نەتەوەییاندا و نەیانتوانییەوە ئومەمیانە بیربکەنەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ علي المؤمن: جذور المسألة الطائفية في الاسلام /http://www.siironline.org/alabwab/maqalat&mohaderat(12)/865.htm

٢ نضير الخزرجي: العرب والغرب، من شكلية الاستقلال الى شرعية الاحتلال، 2007 /http://www.ssrcaw.org/ar/print.art.asp?aid85289د&ac2د

٣ ئەو نەیارییەتییەی عوسمانییەکان لەکاتێکدا بوو، کە لە سەرەتای جەنگەوە و لەکاتێکدا کە عوسمانییەکان بانگی جیهادی گەورەیاندا دژ بە ئینگلیز، شەریف حسێن یەکەم کەس بوو کە دەستی دایە چەک دژ بە ئینگلیزەکان. ( عسام واخرون: م،س، ص١٦٤).

٤ من مذكرات حاييم وايزمان أول رئيس للكيان الصهيوني في فلسطين /.http://www.azahera.net/showthread.php?tد١٦٦٧

٥ محمد سعيد احمد حمدان: العلاقات العراقه السعوديه مابين ١٩١٤ ١٩٥٣،گ١، دارىافا، ٢٠١٣، ص٨٥.

٦ ايهاب الغربى:لماذا ناصر الغرب الوهابية والإخوان ؟/ /https://nawaat.org/portail/2013/05/24

٧ سالۆنیک شارێکی یۆنانییە و پایتەختی هەرێمی مەقدۆنیای نێوەندە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ببوویە بنکەی ناسیۆنالیستەکانی دژ بە عوسمانی و هاوکات بنکەی بزووتنەوەیەکی چالاکی جوولەکان بوو، کە لە جووە سەفاردیمەکانن، ئەو جوانەی لە ئیسپانیاوە هاتبوون، بۆماوەی سێ سەدە گەورەترین کۆمەڵگەی جوولەکانی دونیابوو. (د.نسیب ابو ضرعم: دونمە المجازر، دونمە التقسیم/ http://www.arabnationleague.com/a_web/one_sub.php?id10د).

٨ سعيد النورسى: رحبة العلماء والمسماة ، ط٢، بغداد، ١٩٧٩، ص٢٥.

٩ ئەرمینیوس فامبیری ڕۆژهەڵاتناسێکی جووی بە ڕەگەز هەنگاری بوو، دۆستێکی نێزیکی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو. (د.نسیب ابو ضرعم: دونمە المجازر، دونمەالتقسیم/ http://www.arabnationleague.com/a_web/one_sub.php?id

١٠ محەمەد ڕەسوڵ هاوار: کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی جیهانی دووەم، ب١، چاپخانەی خاک، سلێمانی،٢٠٠٠، ل ٤٥١،٤٥٢.

١١ محەمەد ڕەسوڵ هاوار: س،پ ، ل٤٥١

١٢ مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی: چەند ڕاستییەکی مێژوویی لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدوسەلامی بارزانی و شۆڕشەکانی دیکەی بارزان تا ١٩٤٥ ،چ٢، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٨.

١٣ ه،س، ل٤٤٩.

14 Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml https://www.academia.edu/19108958/Religion_among_the_Kurds_Between_Naqshbandi_Sufism_and_IS_Salafism

١٥ مەلا ئەحمەدی باتی لە دێرینترین شاعیرانی

داستاننوسی کوردییە، ئەو شێخ و مەلا و شاعیر بوو، هات هونەری داستان و گێڕانەوەی تێکەڵ بە شیعر کرد. یەکەم هۆنراوەی دایکی بە زمانێکی گشتی نێو خەڵک دارشت. ئەو لە ئاوایی باتی سەر بە شاری هەکاری لەدایکبووە و ئەلیکسەندەر ژاپای رۆژهەڵاتناسی رووسی دەڵێ ١٤٩١ کۆچی دوایی کردووە. لەپاش ئەو فەقێ تەیران (١٥٩٠-١٦٦٠) داستانی شێخی سەنعان دەهۆنێتەوە. (الان محمد بيرى: أقدم /(شعراو الملحمه الكورديه. الملا أحمد الباتي (١٤١٧_ ١٤٩١ http://www.alnoor.se/article.asp?id=202690

١٦ الان محمد بيرى: س،پ.

١٧ علي-ترماخي- شاعرا- و- نحويا كرديا/ احمد حسن: علي ترماخي شاعراء نحويا كرديا

http://www.medaratkurd.com !!

18Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and ..IS Salafisml,p7

١٩ شا ولی الله ناوی تەواوی ئەحمەد عبداحلبم ی دەلهییە، ١٧٠٣ لە دەلهی لەدایکبووە، ١٧٦٢ کۆچی دوایی کردووە. ڕیفۆرمخواز و سۆفییەکی سوننی سەر بە ڕەوگەی حەنەفی بوو، لەو قۆناغەی ژیانیدا ئینگلیزەکان ناویان دەبرد بە پاشای مسوڵمانان ئەو پاشایەی ئەرتەش و هێزی نییە و کاریگەریی بەسەر مسوڵمانانی هندستانەوە هەیە. (احمد تمام: شاه ولى الله الدهلوى.. باعث السنه فى الهند http:// www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?t =26446.

20 Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml,p8..

ed. Virginia H. Aksan and Daniel Goffma: The Early Modern Ottomans21 (Cambridge: Cambridge University Press 2007) , p. 266.

Şerif Mardin, "The Nakshibendi Order of Turkey," Fundamentalisms and the State, ed22 Martin E. Marty and R. Scott Appelby (Chicago: University of Chicago Press, 1993), p. 213

I. Şerif Mardin, "The Nakshibendi Order of Turkey," Fundamentalisms and the State, ed. 23 Martin E. Marty and R. Scott Appelby (Chicago: University of Chicago Press, 1993), p. 213

24 Martin van Bruinessen, Agha, Shaikh, and State: The social and political structures of Kurdistan (London 1992), esp. pp. 224-234

Şerif Mardin, "The Nakshibendi Order of Turkey," Fundamentalisms and the State, ed. 25 Martin E. Marty and R. Scott Appelby (Chicago: University of Chicago Press, 1993), p. 218

Serif Mardin, 'The Nakshibendi order 26 of Turkey, in M. Marty & S. Appleby (eds.) Fundamentalisms and the State (Chicago: Chicago University .Press 1993), p. 205

٢٧ محەمەد ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥-١٩٣٥) یەکێکە لە ڕێبەرە ڕیفۆرمخوازە ئاینییەکانی عەرەب، بە نەژاد لوبنانییە و ساڵی ١٨٩٨ گۆڤاری مەناری دەرکرد ، ئامانج تێیدا ڕیفۆرمی ئایینی کۆمەڵایەتی دنیای ئیسلام بوو.

https://www.marefa.org/محمد_رشيد_ رضا.

١٨ (accessed February ,٧ ٢٠١٥) http://www. ٠٢٨=hakikatkitabevi.net/book.php?bookCode

٢٩ الجاسوس البريطاني الذي أسس الوهابية - المسترهنفر http://www.tariq-karbala.net/?id/د٤٨٢.

٣٠ د.على وردى: لمحات اجتماعيه من تاريخ العراق

الحديث ، ج١، ص١٩٠.

31 Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml,11.

32 Serif Mardin, 'The Nakshibendi order of Turkey, in M. Marty & S. Appleby (eds.) Fundamentalisms

and the State (Chicago: Chicago University Press 1993), p. 205.

33 Svante E. Cornell & M. K. Kaya; The Naqshbandi-Khalidi Order and Political Islam in Turkey/ https://www.hudson.org/research/11601-the-naqshbandi-khalidi-order-and-political-islam-in-turkey.

34 Svante E. Cornell & M. K. Kaya; The Naqshbandi-Khalidi Order and Political Islam in Turkey.

35https://www.hudson.org/res earch/11601-the-naq shbandi -khalidi-order-and-political- islam-in - turkey.

Serif Mardin, 'The Nakshibendi order of Turkey', in M. Marty & S. Appleby (eds.) Fundamentalisms36

and the State (Chicago: Chicago University Press 1993), p. 205.1993

37https://www.hudson.org/research/11601-the -naqshbandi-khalidi-order-and-political-islam-in-turkey.

38 https://www.h udson.org/research/11601-he-na qshba ndi-khalidi-ord er-and-political-islam-in-turkey

39 Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml

٤٠ ئەحمەد شێخ محەمەد ئەمین کفتار و ساڵی ١٩١٢ لە گەڕەکی زەینەبییەی دیمەشق لە خانەوادەیەکی کورد لەدایکبووە، نوێگەرێکی ئاینییە و ڕۆڵی لە نێکنزیکی مەزهەبەکاندا بینیوە و ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە موفتی هەموو سوریا و چەندین دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە و دەیان زانا لەسەر دەستی پێگەیەنراون. http://www.abunour.net

41 Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml

٤٢ کۆمەڵێک نوسەر: سەلەفیزم لە کوردستان، و.ماجید خەلیل، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ٢٤.

٤٣ کۆمەڵێک نوسەر: س،پ، ٣٠.

44 Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml

Mustafa Gürbüz: Rival KurdishMovements in Turkey, Amsterdam University Press,2016,p44. 45 46Mustafa Gürbüz: Rival KurdishMovements in Turkey, Amsterdam University, Press,2016,p44

F. Bilgin & A. Sarıhan (eds.) Understanding47

Turkeys Kurdish Question (London: Lexington Books 2013), pp. 167-178.

Olivier Roy, The failure of political Islam (Harvard University Press 1994); Globalized Islam: The48

search for a new Ummah (Hurst 2004)

50Michiel Leezenberg; Religion among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafisml.

# بژاری سۆفیگەریی سەردەم

پاش شکستی فەلسەفەی ڕق، هزری توندئاژوویی، تەکفیر و چەقبەستن لە ڕواڵەتی وشکی پەرستشدا، مسوڵمانانی جیهان وەک لێوی وشکبوو و تەشنەی ئاوی ژیان، ڕووی دڵیان لە ڕۆح کردوو، قۆڵیان بۆ زیندووکردنەوەی چەمکە مەعنەوییەکانی ئەهلی عیرفان هەڵماڵی. ئەم جۆرە هەوڵانە —هەرچەندە کارێکی پیرۆز و پێوستن،- بەڵام لەبەرئەوەی بێ بەرنامە و پلانە و کەسی چاوساغ و خەمخۆری شارەزا پێی هەڵناسن، ڕووبەڕووی چەند بەربەست و ئاستەنگێک بوونەتەوە، وەک پەرتەوازەیی ڕێبازی سۆفیگەریی، هەڵوێستی ناشەرعی کەسی دینداری نەخوێنەوار و دەستێوەردانی کەسی بێ دینی شارەزا لە دەستێوەردان و تێکدان. ئەم کارانەش کاریگەریی بەرچاویان هەبوە و هەیە لە تێکدان و ترازانی ڕێگای ئەهلی عیرفاندا.

جا بۆیە ئەرکی سەرشانی زانایانی ئەهلی تەسەوفە وەک خەمخۆران و پیرانی ئەو ڕێبازە مەردان بێنە مەیدان و ئازایانە بژاری ئەو گیاکەڵە و دڕک و داڵانە بکەن کە لە دەشتی پڕ لە پیتی عیرفاندا چێنراون و بەر لە سەرهەڵدان بە پاچی شەریعەت بنبڕیان بکەن. لێرەدا وەک خەمخۆرێکی ئەو ڕێبازە دەمەوێت ئاماژە بە چەند گیاکەڵەیەک بدەم کە پێویستیان بە بژارە، هەروەک پێویستە بەرلەوەی گوڵی جوان و ڕووەکی سەوزی سۆفیگەریی وشک بکەن بنبڕ بکرێن:



**د.عوسمان هەڵەبجەیی**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢، هەڵەبجە. دکتۆرا لە ئوسوڵ فیقه ، سەرپەرشتیار و ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردنی زیاتر لە شەست ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بووە. ڕاوێژکاری گۆڤاری خاڵ.

**گیاکەڵەی یەکەم: بڵاوبوونەوەی شیرك و خورافەت و دوورکەوتنەوە لە زانستی شەرعی:**

دوورکەوتنەوەی هەندێ لە شوێنکەوتوانی رێبازی تەصەوف لە زانستە شەرعییەکان بەتایبەت زانستی عەقیدە و قورئان و فەرموودە، وای لە هەندێ بەناو شێخ و شوێنکەوتوانی تەصەوف کردووە لە رێبازی پاکی شەریعەت لا بدەن و، ئەو رێبازە پاکە پڕ لە خورافە، شیرک، سوژدە بردن بۆ غەیری خودا، کەراماتی درۆ و هەڵبەستە و بیدعە بکەن، لەکاتێکدا هەڵگرانی پەیامی راستی تەصەوف بۆ پاراستنی سنووری تەوحید، بەرەنگاربوونەوەی خورافە، بیدعە و شیرک هەمیشە پێشەنگ بوون، بەشێوەیەک زانایانی دەرەوەی بازنەی تەصەوف گەواهیی و شایەتیی هەقیان بۆ داون.

بۆ نموونە ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خودای لێ بێ) دوای ئەوەی رای خەڵک لەسەر سۆفیەکان باس دەکات دەڵێت: «ڕای ڕاست ئەوەیە کە ئەوانە هەوڵ و کۆشش دەکەن لە عیبادەت و تاعەتدا، هەندێکیان گەشتوونەتە پلەی نزیکانی خودا، هەندێکی تریان لە ئەهلی یەمینن، هەندێکی تریان گوناهبارن و ستەم لە خۆیان دەکەن».

دواتر دەفەرموێت: «هەندێ ڕەوت و گرووپی ئەهلی بیدعە و زەندەقەش خۆیان داوەتە پاڵیان، بەڵام لای زانایانی ئەهلی تەحقیقی تەصەوف ئەوانە لەوان نین و، لە تەصەوف بەرین»(١).

هەروەها دەفەرموێت: «لەو کەسانەی ناوی سۆفیان لێنراوە ئەوەندە ئەولیای خودا و پاکان و چاکانیان تێدایە لە ژمارە نایەن»(٢).

هەروەها ئیمامی شاتبی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت)- دەفەرموێت: «زۆرێک لە نەزانان وا دەزانن سۆفییەکان شلن لە شوێنکەوتن و (واتە شوێنکەوتنی پێغەمبەر –سەلامی خوای لێ بێ) پابەندبوون بە شەرع و کارێ دەکەن شەرع رێگەی پێ نەدابێت، حاشا ئەوان هیچ باوەڕیان وا نەبووە، چونکە ئەوان رێبازەکەیان لەسەر شوێنکەوتنی قورئان و سووننەت و خۆپاراستن لە سەرپێچیی قورئان و سووننەت بنیاتناوە»(٣).

جا با لێرەدا هەڵوێستی شەرعییانەی چەند زانایەکی گەورەی رێبازی تەصەوف سەبارەت بە پابەندبوون بە شەرع، دوور کەوتنەوە لە شیرک و بیدعە بخەینە ڕوو:

شێخی شێخان جونەیدی بەغدادیی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت)- دەفەرموێت: «گشت ڕێگاکان لەسەر خەڵک داخراون تەنها ڕێگای ئەو کەسانە نەبێت شوێنی خۆشەویست (سەلات و سەلامی خوای لێبێت) دەکەون و پێ بەپێی ئەو هەنگاو دەنێن»(٤).

شێخی گەیلانی (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێ: ڕێبازی ئێمە لەسەر قورئان و سووننەت وەستاوە، ئەوەی سەرپێچیی قورئان و سووننەت بکات لە ئێمە نیە». هەروەها دەفەرموێت: (هەر هەقیقەتێک شەریعەت شایەتی بۆ نەدات زەندەقەیە، بە دوو باڵی قورئان و سووننەت بفڕە بۆ لای هەق تەعالا، بەرەو لای خودا برۆ و دەستت بە دەستی پێغەمبەر بێت)(٥).

مەولانا خالید (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لە مەکتووبی شەست و یەکدا دەفەرموێت: خۆشەویستی بە ئەندازەی شوێنکەوتنە، شوێنکەوتنیش بە ئەندازەی وازهێنانە لە مونکەر و بیدعە»(٦).

هەروەها لە شامەوە لە وەڵامی نامەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلی لە کۆیە - وەک لە نامەی پەنجادا هاتووە- دەنووسێت:» ئەگەر بە چاکەی خۆتان هەواڵمان بپرسن سوپاس بۆ خودا بەندە لە خۆشیدام، بەڵام لە داخی زۆری بیدعە دڵتەنگ و غەمبارم»(٧). لەنامەی ٦٣یشدا کە بۆ دوو خەلیفەی خۆی لە بەغدا نووسیوە بە ناوی سەید عەبدولغەفوور و شێخ محەمەد ئەلجەدید، دەفەرموێت: «وەسیەتتان بۆ دەکەم و فەرمانتان بەسەردا دەدەم، بەتوندی خۆتان بە سوننەتی خۆشەویستەوە بگرن (سەلامی خودای لێ بێت) و،

پشت لە نەریتی جاهیلیی و بیدعەی خراپ بکەن و نەخەڵەتێن بە شەتەحاتی سۆفییەکان»(٨).

مەولەوی عاریف و شاعیری کوردیش دەفەرموێت(٩):

لادە لە ڕێگەی بیدعەت و مونکەر
بێرە سەیری سەیر سەیدی ئەنوەر

یا لە باسی وەلیی و کەرامەتدا دەفەرموێت(١٠):

**وەلی شەخسێکە عارف بالله**
**(ما أمكن) بە زات بە صیفات ئاگاه**
**بیکێشی بە سەنگ هەرسێ تەقوادا**
**بە تەرازووی شەرع موویێ لا نەدا**

کەواتە ئێستە لە هەموو کاتێک زیاتر ئەرکی سەرشانی زانایانی تەصەوفە بەوپەڕی بوێریی و ئازایەتییەوە شۆڕشێک دژ بە خورافە و شیرک و بیدعە بەرپا کەن و، ڕێ بە نەیارانی تەصەوف و شێخە قۆڵبڕەکانی ناو تەصەوف نەدەن ڕێبازی جوانی تەصەوفی جونەیدی بەغدادیی و شێخی گەیلانیی و شێخ مەعرووفی کەرخیی و بیشری حافیی و مەولانا خالید لەکەدار بکەن.

## گیاکەڵەی دووەم: کۆیلایەتی کردنی دەسەڵات و بازرگانی کردن بە ڕێبازی سۆفیگەریی:

زانایانی خوداناسی ئەهلی تەصەوف هەمیشە عەودالی هەق بوون، قەت سەریان شۆڕ نەکردووە بۆ ئەهلی دنیا و دەسەڵات، بەڵکو ئازایانە و ئازادانە بەرامبەر ستەم و ستەمکاران وەستاونەتەوە و خۆیان بە خودا نەبێ بە کەس نەفرۆشتووە.

مەولانا خالید ئامۆژگاریی خەلیفەکانی دەکات و پێیان دەفەرمۆێ کە خۆیان لە دەسەڵاتداران و ئاغایان بە دوور بگرن، نە لێیان نزیک ببنەوە و نە بانگیان بکەن بۆ کۆڕ و کۆمەڵیان، نە خۆیان و نە دارو دەستەیان و نە بازرگانە دنیا ویستەکان، نە ئەو زانا و قوتابیانەی زانستیان وەک ئامرازێک بۆ بەدەسهێنانی دنیا و شۆرەت و گیرفان پڕکردن بەکارهێناوە، بەهەمان شێوە ئەو دەسبەتاڵانەی کە ڕێبازی تەریقەیان بۆ پڕکردنی ورگیان دەقۆزنەوە، بەناوی پیاوچاکی ئەبنە بار بەسەر گەردنی خەڵکەوە، هەروەها ئەو کەسانەی ئەگەر هەلێکیان چنگ کەوێ بۆ بەدەسهێنانی پۆستێکی دنیایی دەیقۆزنەوە و ڕوو لە دونیا دەکەن»(١١).

## گیاکەڵەی سێیەم: دەستێوەردانی هزری شیعەگەریی:

نەک بە تەنها تاکی سۆفی، بەڵکو هەر تاکێکی مسوڵمان وەک وەفا و خۆشەویستیەک بۆ پەیامبەری ئازیز خۆشەویستیی تایبەتی هەیە بۆ ئال و بەیت، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لە شوێنکەوتوانی ڕێبازی سۆفیگەرییدا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، جا چونکە ئەو خۆشەویستییە لە ناخ و دڵی تاکی سۆفییەوە هەڵقوڵاوە زۆرجار هەوڵیانداوە بە شیعر و پەخشان بەشێک لەو ئەوینە دەربڕن.

هەروەها ناوی محەمەد و عەلی و حەسەن و حوسەین و فاتمە و زارا و زەهرا لەنێو کورددا بەشێوەیەکی بەرچاو دیارن و لە ناوەکانی تر زیاتر بڵاون.

بەدرێژایی مێژوو زانایانی شیعە و دەسەڵاتی سیاسی شیعە هەوڵیانداوە لە ئەهلی تەصەوف نزیک ببنەوە و، ئەو خۆشەویستییە پاکە خاکیەی ڕێبازە جیاجیاکانی سۆفیگەریی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە، جاروباریش ویستوویانە هزری باوەڕی شیعەگەریی تێکەڵ بە هزر و بیری ئەهلی تەصەوف بکەن.

لەلایەکی دیکەوە هەوڵیانداوە هەندێک ڕێبازی بە ڕواڵەت سۆفیگەریی-کە زۆر نزیک بن بە شیعە و شیعەگەریی- لەناو کورددا وەک ڕەوتی بابیی و بەهائیی و بەکتاشیی و نیعمەت ئیلاهیی و عەلی ئەڵلایی و خاکسالاریی بڵاوبکەنەوە و یارمەتیان بدەن.

بەڵام (بە تایبەت لە کوردستانی ئازیزماندا)

بەهۆی ئەوەوە کە پێشەوا و رابەرانی زانستی شەرعی لە ئەهلی تەسەوف هەمیشە بە چەکی زانست و مەعریفەت وەک لەمپەر و بەربەستێکی سەخت لە بەردەم هزر و بیری شیعەگەرییدا وەستاون، سەرکەوتوانە هەوڵیانداوە کە تاکی مسوڵمانی کورد بە هزری شیعەگەریی نەخەڵەتێت و واز لە بیروباوەڕی سوننی بوونی خۆی نەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە کتێبگەلێکی زۆریان نووسیوە وەک (النوافض للروافض لمحمد بن عبد الرسول البرزنجي)، و (الرد على الشيعة لحيدر بن أحمد الكردي الحسين آبادي).

لاپەڕەکانی مێژوو شایەتحاڵی سەرکەوتنی ئەو زانا پاڵەوانانە بوون و، پێمان دەڵێن کە کورد بەشێوەیەکی گشتی قەت وازی لە ئاینزای خۆی نەهێناوە و بە دەگمەن نەبێت نەبووەتە شیعە.

ئیبن رەجەبی حەنبەلیش (رەحمەتی خودای لێ بێت)-بۆمان دەگێڕێتەوە کە رۆژێک لە قوتابخانەی موستەنسرییە زانای ناوداری حەنبەلی (نورالدين عبد الرحمن بن عمر البصری) لە کۆڕێکی دادوەرییدا دەبێت، زانایانی کۆڕ پێی سەرسام دەبن، زانایەکیان بە ناوی (بهاء الدين ابن الفخر عيسى) -کوردێکی شیعە مەزهەب بووە پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەم مامۆستا خەڵکی کوێیە؟ دەڵێن:خەڵکی بەسرەیە، دەڵێت: ئەی سەر بە چ مەزهەبێکە؟ دەڵێن: حەنبەلییە، ئەویش دەڵێت: بە خودا سەیرە، خەڵکی بەسرە بێت و حەنبەلیی بێت! شێخ نوورەدینیش دەڵێت: لەوە سەیرتر ئەوەیە کورد بێت و ڕافیزیی بێت، ئیتر شەرم دایدەگرێت و بێدەنگ دەبێت، ئیبن ڕەجەبی حەنبەلیش دوای گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە دەڵێت: چونکە لەنێو کوردا ڕافزیی بوون و شیعەگەریی بوونی نیە یان دەگمەنە!!(١٢).

ئێستەش مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بەهۆی بەهێزیی دەسەڵاتی سیاسیی شیعەگەریی دەستیان کردووە بە کارکردنە سەر هەندێک باڵی ڕێبازە تەسەوفییەکان، بۆیە ئەرکی سەرشانی زانایان و شێخانی تەسەوفە غەمێکی تەواوی ئەم دەستێوەردانە بخۆن و قۆڵی مەردانەی بۆ هەڵبکەن، بە چەکی قەڵەم و مەعریفەت بەرەنگاری ئەو شەپۆلە ببنەوە.

گیاکەڵەی چوارەم: دەستێوەردانی سێکیولاریزم:

بە دەرکەوتنی رەوتە توندڕەوە بەناو ئیسلامییەکان، سێکیولارەکانی کوردستان ئەو دەرفەتەیان بۆ مەرامی ئایدیای خۆیان قۆستەوە، هەندێکیان بەئاشکرا دەستیان کردە هێرشکردنە سەر خودی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بە سەرچاوەی تیرۆر و تیرۆریزمیان لەقەڵەمدەدا.

بەڵام بەشێکی تریان زیرەکانەتر هاتنە مەیدان و، دەستیان کرد بە ستایشکردنی مەولانا خالید و کاک ئەحمەدی شێخ و مامۆستای مودەڕیس و، بانگەشە کردن بۆ کاراکردنی ڕێبازی تەسەوف، بەڵام لەڕاستیدا بەکارهێنانی ناوی ئەو کەڵە زانایانە تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی مەرامی گڵاویانە و بەس، چونکە ئەو تەسەوفەی ئەم سێکیولارانە بانگەشەی بۆ دەکەن هەمان ئەو تەسەوفە باطنیە خوار و خێچەیە کە ئەو زانا بەڕێزانەی تەسەوف تەمەنی پڕ بەرەکەتی خۆیان بۆ دژایەتیی و لەگۆڕنانی تەرخان کردبوو، تەسەوفێک کە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر کۆمەڵگاوە نەبێت و، نەهێڵێ قورئانی پیرۆز لە دەلاقەی مزگەوت بێتە دەرەوە، تەصەوفێک بە ئارەزووی خۆی هیچ کێشەی لەگەڵ هزر و بیری بۆگەنی دژە ئیسلام نەبێت، گشت پەرستش و عیبادەتەکان لە ڕێڕەوی خۆی بترازێنێت، ئیتر نە ڕۆژوو واجبە، نە حەج، نە مەی حەرامە و نە زینا، تەسەوفێک وەک ڕێبازی بووزییەکان تەنها گرنگی بە ڕیازەی ڕۆحی بدات.

بۆیە دەبێت لەم سات و کاتەدا زانایانی ئەهلی تەسەوف لە بەرپەرچدانەوەی ئەو سێکیولارانەدا لە هەموو کەس زیاتر ڕۆڵیان هەبێت و کۆششیان دیار بێت. هەروەها چۆن زانستە شەرعییەکان هەمیشە پێویستیان بە نوێگەریی هەیە، بە هەمانشێوەش ڕێباز و ڕێچکە سۆفیگەراکانیش.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. قال ابن تيمية -رحمه الله تعالى- «وَ » الصَّوَابُ « أَنَّهُمْ مُجْتَهِدُونَ فِي طَاعَةِ اللَّهِ كَمَا اجْتَهَدَ غَيْرُهُمْ مِنْ أَهْلِ طَاعَةِ اللَّهِ فَفِيهِمْ السَّابِقُ الْمُقَرَّبُ بِحَسَبِ اجْتِهَادِهِ وَفِيهِمْ الْمُقْتَصِدُ الَّذِي هُوَ مِنْ أَهْلِ الْيَمِينِ وَفِي كُلٍّ مِنْ الصِّنْفَيْنِ مَنْ قَدْ يَجْتَهِدُ فَيُخْطِئُ وَفِيهِمْ مَنْ يُذْنِبُ فَيَتُوبُ أَوْ لَا يَتُوبُ. وَمِنْ الْمُنْتَسِبِينَ إلَيْهِمْ مَنْ هُوَ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ عَاصٍ لِرَبِّهِ. وَقَدْ انْتَسَبَ إلَيْهِمْ طَوَائِفُ مِنْ أَهْلِ الْبِدَعِ وَالزَّنْدَقَةِ؛ وَلَكِنْ عِنْدَ الْمُحَقِّقِينَ مِنْ أَهْلِ التَّصَوُّفِ لَيْسُوا مِنْهُمْ» مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى: ٧٢٨هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، ١٤١٦هـ/١٩٩٥م:١١/١٨.

٢. قال ابن تيمية -رحمه الله تعالى- «وَفِي الْمُتَسَمِّينَ بِذَلِكَ مِنْ أَوْلِيَاءِ اللَّهِ وَصَفْوَتِهِ وَخِيَارِ عِبَادِهِ مَا لَا يُحْصَى عَدُّهُ. كَمَا فِي أَهْلِ « الرَّأْيِ » مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ وَالْإِيمَانِ مَنْ لَا يُحْصِي عَدَدَهُ إلَّا اللَّهُ. وَاَللَّهُ سُبْحَانَهُ أَعْلَمُ. مموع الفتاوى: ١٠/٣٧٠

٣. قال الشاطبي -رحمه الله تعالى-: «إن كثيراً من الجُهّال يعتقدون في الصوفية أنهم متساهلون في الإتباع والتزام ما لم يأت في الشرع التزامه مما يقولون به ويعملون وحاشاهم (الصوفية) من ذلك أن يعتقدوه أو يقولوا به فأول شي بنوا عليه طريقهم إتباع السنة واجتناب ما خالفها».

٤. قال الشيخ جنيد البغدادي –رحمه الله تعالى- : «الطُرق كلهَا مسدودة على الْخلق إِلَّا من اقتفى أثر الرَّسُول صلى الله عَلَيْهِ وَسلم»

٥. قال الشيخ عبد القادر الكيلاني –رحمه الله تعالى-: «طريقتنا مبنية على الكتاب والسنة فمن خالفهما فليس منا».

وقال: «كل حقيقة لا تشهد لها الشريعة هي زندقة، طِر إلى الحق عزَّ وجلَّ بجناحي الكتاب والسنة، ادخل عليه ويدك في يد رسول الله صلى الله عليه وسلم. ترك العبادات المفروضة زندقة وارتكاب المحظورات معصية». الفتح الرباني والفيض الرحماني، عبد القادر الجيلاني، مكتبة زهران، ١٩٥٨م،المجلس ٤٤، ص: ١٨١.

٦. قال مولانا خالد –رحمه الله- «واعلم بأن المحبوبية على قدر الاتباع، والاتباع على قدر ترك المنكر والابتداع والردود من الوجود.» مكتوبات الشيخ المجددي مولانا خالد النقشبندي- جمع وترتيب محمد علي القرداغي-المكتبة الهاشمية-بيروت-ط١-٢٠١٥: ص٢١٠.

٧. قال مولانا خالد –رحمه الله- «إن تفضلتم علينا بالسؤال فحمدا له تبارك وتعالى، الفقير في أرفه حال، إلا أني من كثرة البدع في حزن وملال».

مكتوبات الشيخ المجددي مولانا خالد النقشبندي: ص: ١٩٦.

٨. قال مولانا خالد –رحمه الله– «فأوصيكم وآمركم بالتأكيد الأكيد بشدة التمسك بالسنة السنية، والإعراض عن الرسوم الجاهلية والبدع الردية وعدم الاغترار بالشطحات الصوفية»

٩. مكتوبات الشيخ المجددي مولانا خالد النقشبندي: ص٢١٣.

١٠. عەقیدەی مەرضیە مەولەوی، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس٣٥٢.

١١. عەقیدەی مەرضیە مەولەوی، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ٣٦١.

١٢. «ولا تتداخلوا مع الملوك والأمراء والآغوات وأعوانهم فإنكم لستم ممن له قوة إصلاح هؤلاء، ولا تدخلوا الطرقة بعد هذا اليوم أحدا منهم ولامن أعوانهم ولا من التجار المتفكهين بالدنيا، ولا من العلماء وطلبة العلم الذين جعلوا العلم وسيلة الجاه عند الخلق وجمع الحطام ولا من البطالين الذين يستندون إلى الطريقة بسبب البطالة فيحملوا أثقالهم على رقاب الناس باسم الصلاح والإرادة ولا من الذين إذا تيسر لهم رتبة من مناصب الدنيا توثبوا إليها وثبة النمر، وقد كانوا يغضبون إذا تساوى بهم أحد من الخلفاء فضلا عن غيرهم من المريدينولا من الذين يريدون الخلافة ليشتهروا لما رأوا أن بعض الناس صارت لهم الشهرة وجمع الفلوس بسبب الخلافة.

مكتوبات الشيخ المجددي مولانا خالد النقشبندي: ص٢١٤

(١٢) ذيل طبقات الحنابلة، زين الدين عبد الرحمن بن أحمد بن رجب بن الحسن، السلامي، البغدادي، ثم الدمشقي، الحنبلي (المتوفى: ٧٩٥هـ)، المحقق: د عبد الرحمن بن سليمان العثيمين، مكتبة العبيكان – الرياض، الطبعة: الأولى، ١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٥ م:١٩٨/٤، و طبقات المفسرين للداوودي، محمد بن علي بن أحمد، شمس الدين الداوودي المالكي (المتوفى: ٩٤٥هـ)، دار الكتب العلمية – بيروت:٢٨٥/١، و التاج المكلل من جواهر مآثر الطراز الآخر والأول، أبو الطيب محمد صديق خان بن حسن بن علي ابن لطف الله الحسيني البخاري القنوجي (المتوفى: ١٣٠٧هـ)، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، قطر، الطبعة: الأولى، ١٤٢٨ هـ - ٢٠٠٧ م:٢٤٤.

## دەروازەیەك بەرەو جیهانی خۆشەویستی لە

# ڕێبازی تەسەووفدا

هەموو زانستێکی سەردەم لە ڕێگەی خۆیەوە شناس پەیدا دەکات و دەناسرێت، هەموو زانستێکیش کەسانی پسپۆڕ و شارەزای خۆیان دەتوانن کاری لێکدانەوە و شیتەڵکاریی و توێژینەوەی لەسەر بکەن، ئەگەرچی ڕێبازی تەصەووف بەڕواڵەت کاری بەندەیە لە گەڵ خوداوەند و کۆمەڵە ڕێسایەکی تایبەتییە بۆ سەیر و سلووکی مەعنەویی و پێگەیشتن و تێگەیشتنی موریدی ڕێگای خوداناسی تا زیاتر ئاشنا دەبێت بە نهێنییەکانی ڕێبازی مەعریفەت، بەڵام لەڕاستیدا هەروا ئاسان نییە و کەم کەس دەتوانێت خۆی لەو دەریا پان و بەرینە بدات و لەوانەشدا کە خۆیانی لێ دەدەن کەمترین کەسی ڕاستگۆی بە هیممەت دەتوانن مەلەوانی ناو ئەو دەریا قووڵە بێ پەیە ببن و ئەمپەڕەوپەڕی بکەن و بگەنە کەناری ئاسوودەیی.





**شێخ موحسینی شێخ خالیدی موفتی**

لەدایکبووی ١٩٦٠، هەڵەبجە، خاوەنی زیاتر لە(٢٠) کتێبی نوسراو و وەرگێڕدراوە، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە لە هەولێر.

ڕێبازی تەصەووف چەندێک لەسەر بنەمای زەوق و تام و چێژی ڕۆحی دامەزراوە و موریدی سالیک کە دەکەوێتە سەر ڕێگاکە خۆشەویستی پاڵنەری سەرەکی دەبێت بۆی، کە دەستبەدەست و قۆناغ لە دوای قۆناغ بیگەیەنێت و بەرزی بکاتەوە و بە نهێنییەکانی ژیان ئاشنای بکات و بەرچاوی ڕوونبکاتەوە و چاوی دڵی ڕۆشن ببێت و تارمایی پەردە یەک لە دوای یەکەکانی زوڵمەتی دڵ و تاریکایی دەروون و بەرتەنگی ناو سینەی لەسەر هەڵدەداتەوە.

لە یەکەم هەنگاوی ڕێبواری ڕێگای ئاخیرەتدا فێنکایی بە دڵی دەگات و تامەزرۆیی بۆ شارەزابوونی زیاد دەکات و خولیای دۆزینەوەی ڕێبازی هەقیقەتی دەکات و بە ئامێر و هۆکارە ڕواڵەتییەکان ڕێگا شاراوەکانی پێ دەبینێتەوە، لە ڕێگەی دۆستایەتیکردنی هاوڕێی باش و کەسە دڵصەفادراوەکانەوە ڕێی لە دۆستانی خودا دەکەوێت، تاوای لێ دێت ئەوەندە دۆستەکەی خۆشدەوێت خۆی فەنا دەکات تیایدا و ئەگەر ئازار بەگیانی بگات وادەزانێت خۆی دووچاری هاتووە، بەتەندروستی ئەویش چاک دەبێتەوە: ئەمەیە واتای فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ) کە واتای برایەتیی و خۆشەویستی ڕاستەقینە ڕادەگەیێنێت کە نیشانەی بڕواداری ڕاستەقینە دیاری دەکات:

**((مثلُ المُؤمنينَ في تَوادِّهم وتراحُمِهم وتعاطُفِهم مَثَلُ الجَسَدِ إذا اشتَكَى مِنهُ عُضوٌ تَداعَى لهُ سائِرُ الجَسَدِ بالسَّهَرِ والحُمَّى))** (١)، بۆیە پێشەوا شافیعی دوای سەردانی برایەکی خۆشەویستی دەفەرموێت:

**مَرِضَ الحَبيبُ فَعُدتُهُ فَمَرِضتُ مِنْ حَذري عَلَيهْ**
**وأَتَى الحبيبُ يَعودُني فَبَرِئتُ مِنْ نَظَري إليهْ(٢)**

واتە: خۆشەویستم وا نەخۆشە و هەر کە بیستم کەوتووە. چوومە سەردانی لە تاوا، تاوتێم لێ نیشتووە. هەر کە چابوو خۆشەویستم، هاتە سەردانم بەتاو. سەیری ڕوخساری ئەزیزم چاوی جەستەم ڕەشتووە.

جگە لەوانەی کە واتای برایەتی ڕاستەقینە دەزانن کێ دەتوانێت ئەو فەرموودەی پێغەمبەر لە خۆیدا جێبەجێ بکات ئەگەر دڵی صەفادرا و نەبێت و ئەهلی محەببەتی ڕاستەقینە نەبێت و پلە و مقامەکانی تەصەووف و تەزکییەی نەبڕیبێت، هەروەها لە ڕێگەی پلەکاریی بەجێهێنانی ویرد و ڕێنماییە سەرەتاییەکانەوە لە پابەندبوونی بە فەرمانە درووستەکانی شەرع و پەیڕەوکردنی ڕێبازی عاریفان و زیکری دڵ و بیرکردنەوە و کۆمەڵە ئامرازێکی ئاشکراو پەنهانی دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە کە بەرچاوی ئەندازەیەک دەکرێتەوە و بەبینینی دۆستە هاوڕازەکانی دڵی ئاسوودە دەبێت و هەست بە شادومانی و حاڵەتێکی تایبەتی دەکات، کە هیچ هێز و دەسکەوتێکی ماددی دنیایی ناتوانێت بەشێک لەو خواستەی بهێنێتەدی، ئەندازەیەک هەست بە فراونبوونی سینەی دەکات و دڵی گوشاد و کراوە دەبێت و بازنەی بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێت، ڕێگای سەختی زانستی مەعریفەت بە قوڵنگی فەرهادیی و هەڵکشان بۆ سەر چیا بەرز و سەختەکان دەستپێدەکات.

بۆیە یەکەم ڕێبازی ئەهلی تەریقەت لە پڕکردنی دڵەوە دەستپێدەکات بە خۆشەویستی، پایتەختی وڵاتی جەستەی مورید کە ئاوەدان ببێتەوە و ئاستی ناسیاویی و پەیوەندی بە هێز و بتەو ببێت لەگەڵ سەروو خۆیدا، ئیتر گوێ بە چواردەور و یار و نەیار نادات، گوێ بە تاریف و تانە و تەشەری دۆست و ناحەز ناگرێت، ئامانجی ژیانی خۆیی لە پێش چاوی داناوە و دەزانێت بۆ کوێ دەڕوات، هەموو هەنگاوێکی بەرەو ئەو ئامانجەیە و هەموو ڕۆژێک هەوڵدەدات زیاتر لێی نزیک ببێتەوە.

کەواتە لە سەرتاوە ڕێگای عەشق و ئەوین دەگرێتەبەر، ئەوینی ناو ئەم ڕێبازە جیهانێکی سەربەخۆیە، زانا و دانا و شارەزا و پسپۆڕی بە توانای دەوێت تا سەر لە باس و خواسەکانیان دەربکات، ئەوەی لە دەریای سۆفیەتدا مەلەوانی دەکات دەڵێی دەیان ساڵ وانەی ڕەوانبێژیی و

وشەسازی و مەجاز و کینایە و ئەوینی خوێندووە و وتوویەتیەوە، دەڵێی ئەسپسواری نێوەندی بازاڕی قسەزانیی و نوکتەسازیی و جوانکارییە، بۆیە هەموو زانا پێشەنگەکانی ئەهلی تەصەووف بەشێوەیەکی زۆر جیاواز شارەزای مەجاز و حەقیقەتن، هەموو وشەیەک لە شوێنی خۆیدا بەکاردەهێنن، بۆ هەموو مەبەستێک زاراوەی تایبەتیان بۆ داناوە.

زوبانی ئەهلی عیرفان وەک زوبانێکی سەربەخۆ وایە، لە زوبانی دایکی محەببەتەوە سەرچاوەی گرتووە، خاوەن زوبانە جیاوازەکان بە زوبانی حاڵ و ئەوین لەیەک تێدەگەن، بە زاراوەکانیان پلە و مەقامی یەکتری حاڵی دەبن و تەنها بە بینینی یەکتریی و هێمای چاوە مەستەکانیان هیچ پێویستییەکیان بەئامرازە سەرەتاییەکان نامێنێت، مەگەر بیاتەوێت کەسانی دەرچوو لە بازنەی مەعریفەت حاڵی بکەن، ئەوکاتە شێوەزاریان بە لەهجەی ئەوان دەگۆڕن و تێیان دەگەیێنن.

بۆیە خاوەنی مەعریفەت دەتوانێت خەڵکی پێنەگەیشتووی ناحاڵی تێبگەیێنێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەسی نەشارەزا دەم لە باسوخواسی ئەوان بکوتێ و خۆی بهاوێتە ناو بازاڕی عیرفانەوە و باسی زاراوەکانیان بکات و تەنها بە هۆکاری شارەزایی ڕووکەشی بۆ ڕێبازەکە لە ڕووی توێرییەوە وادەزانێت ئیتر خۆی سەرقاڵی ئەو بابەتەیە و بەپێی بیر و ئەندێشە و خەیاڵبازی خۆی پێوەرەکان دیاری دەکات و مەقام و پلەکان دەکێشێت و کەسایەتیەکانی تەصەووف هەڵدەسەنگێنێت و هەرجارەی بەپێی بیرۆکە و میتۆدی تایبەتی خۆی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، ئەم باسە دەتوانین بچینە ناویەوە، بەڵام بەدرەنگ لێی دەرباز دەبین، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست:

ڕێبازی تەصەووف پێویستی بە کۆمەڵە هۆکارێک هەیە کە هەموویان پێکەوە بەستراون و لێکجودا نابنەوە، هەموو ئەوینێکی درووستی مەجازی دەبێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ ئەوینی حەقیقی، تا مرۆڤ لە شتە ڕواڵەتییەکان حاڵی نەبێت ناتوانێت بچێتە ناو ناخ و ناوەڕۆکی شتە شاراوەکانەوە، بەڵام پێویستە هەرکەسە لە ئاستی توانا و شارەزایی خۆیدا قسە بکات، دەیان زاراوەی تایبەتی هەیە ئەهلی مەعنا بەکاریدەهێنن هەرگیز بە خوێندنی ڕواڵەتی نازانرێن.

زاراوەکانی سەیری ڕۆحیی و ئەنفوسیی و ئافاقیی و محەببەت و فەنا و بەقا و دەیان زاراوەی دیکە لە بازنەکانی تەصەووفدا و پلەکانی کە بە دەوائیری عیشرین ناوزەدکراون و بەرزبوونەوەکانی دیکە کە برینی ڕێگەی دەیان هەزار ساڵی ڕۆحییە و فراوانبوونی دڵە بەو ئاستەی کە بتوانێت گەورەیی خودا لە دڵی خۆیدا جێگا بکاتەوە و نەک بەواتای بەرجەستەبوون کە ئەوە مەحاڵە، بەڵکو بەواتای ئامادەباشیی و تواناسازیی و بەرگەگرتن و بەهێزبوونی دڵ وەک فەرموودەی قودسی هێمایەکی پێ دەکات: **((مَا وَسِعَني سَمائي ولاَ أَرضي، ولَكِنْ وسِعَني قَلبُ عَبدي المؤمن))** (٣).

تێگەیشتنی تایبەتمەندەکانە لەو توانایەی کە پێغەمبەر(د.خ) توانیویەتی بەرگەی هاتنە خوارەوەی قورئان بگرێت بۆ سەر دڵی، کە پێشتر بە بینینی حەزرەتی جوبرەئیل ماوەیەکی زۆر خۆیی دادەپۆشی، بەڵام بەبڕینی چوار قۆناغی پاڵفتەکردنی دڵ و تەزکییەی نەفسی توانیویەتی بەرگەی بینینی خودا (جل جلاله) بگرێت، کە ڕاستەوخۆ حەزرەتی موسا ئەم داوایەی ڕەتکرایەوە وەک مەحوی لە دیوانەکەیدا دەفەرموێت:

أرني و لن تراني، با نەڵێت و نەشنەوێ موسا
بە سائیل نادرێ ئاخر ئەوی دەرخواردی میوانە

پێغەمبەرێکی مورسەلی ئولولعەزم بەبینینی تەجەللای خودایی کە لەو کەژەیدا و ڕاستەوخۆ بەری خۆی نەکەوت کەچی بەرگەی نەگرت، **((قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنْظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا**

# تا مرۆڤ لە شتە ڕواڵەتییەکان حاڵی نەبێت ناتوانێت بچێتە ناو ناخ و ناوەڕۆکی شتە شاراوەکانەوە

أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ)) (سورة الأعراف/١٤٣). بەڵام حەزرەتی پێغەمبەری بەچاوی دڵ خوداناسیی و بەچاوی سەر خودای بینی و ڕاستەوخۆ فەرمایشتی لە خزمەتدا کرد و بەرگەشی گرت.

کەواتە پلەکان جیاوازی تواناکان دەردەخات، بەرزبوونەوەی پلەی ڕێبوارانی ڕێگای حەقیقەتیش تەنها بە ڕێگەی پلەکارییە، کە هەموو بەرزبوونەوەکان لە ڕێگەی ڕێنمایی و مامۆستا و مورشیدی ڕاستەقینەوە نەبێت هەرگیز ناتوانێت سەربکەوێت، دەبێت کەسێک قۆناغێکی بڕیبێت ئینجا دەتوانێت بەوانە بیڵێتەوە، دەبێت نیسبەتێکی تایبەتی لەگەڵ دڵبەندەکەیدا پەیدا بکات، کە هەموو کەس ناتوانێت بگاتە ئەو ئاستەیە، لە ڕووی صەفای دڵەوە پلەی ڕۆحی بەرزبێتەوە و لە ڕووی ماددەی جەستەیی خۆیشییەوە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ خەڵکەکاندا ببەستێت، بۆیە مرۆڤی خوداناس تا زیاتر بۆ حزووری خودا پلە بەرزەکان ببڕێت، زیاتریش دادەبەزێت بۆ ئاستە نزمەکان لە پەیوەندی کردن بە خەڵکە ئاساییەکانەوە.

گەیشتن بە چڵەپۆپە و لوتکەی بەرزیی ڕێگەی پێ دەدات لەگەڵ بەرفراوانترین کۆمەڵانی خەڵکدا پەیوەندی ببەستێت و ئیرشادییان بکات، چونکە تا زیاتر بەرگەی تەجەللیاتی خودا بگرێت زیاتریش دەتوانێت بەرگەی بینینی خەڵکی گومڕا و سەرگەردان و قەسوەتی دڵ و نەخۆشییە دەروونییەکانی مرۆڤ بگرێت کە بە نووری خودا دەتوانێت چارەسەریان بکات و ببێتە پزیشکی دەروونیی و دڵە نەخۆشەکانیان بە عەشق و ئەوین پەروەردە بکات، دەیان کۆسپ و تەگەرەی ژیان بێتە ڕێگای خۆشەویستانی ئەو ڕێبازە دڵیان هەمیشە بە هۆگربوونیان بۆ خۆشەویستە ئەصڵییەکان دەمێنێتەوە، تا وایلێدێت دار و دیوارەکان ماچ دەکات، چونکە بۆنی خۆشەویستەکەی لێدێت، ئەمە لە ئەوینی مەجازیدا بەمشێوە دەردەکەوێت، وەک لە وەرگێڕانی هۆنراوەکەی مەجنونی لەیلادا دەڵێم:

**دام بەلای شوێن و وڵاتی عەشقی لەیلام بەرکەوێ**
**تا بە دەم ماچی دیوار و دار و بەردیکەم، لەوێ**
**خۆشەویستی ئەو دیارەم خۆ نەچەسپاوە لە دڵ**
**بەڵکو حوببی لەیلی دولبەر وا لە نێوی دەسرەوێ**

ئەوانەی دەگەنە دوا پلەکانی ئەوین، ئەوەندەی نهێنی خۆشەویستەکەیان دەپارێزن ئەوەندە بیرناکەنەوە لە بەرژەوەندی خۆیان، وەک وتوومە:

**ئەو سیڕرە کە نێژراوە لە دڵدا ئەبەدی بێ**
**وەک مردوو نەبێ چاوی لە نەشری جەسەدی بێ**
**بەڵکو دەبێ وابێ کە بەبیریشی نەمێنێ**
**بۆ ساتێ هەواڵی لە خەیاڵاتی بەدی بێ**
**کەتمی خەبەری بەینی من و ئەو کە دروستبێ**
**لەو پەردە نیهانەی کە نەزانێ ڕەصەدی بێ**

جاکەسێک بتوانێت نهێنی دۆستێکی بەمشێوە بپارێزێت دەبێت چونبێت بەرامبەر نهێنییەکانی پەروەردگاری، بۆیە ئەهلی تەصەووف دەبنە هەڵگری نهێنییەکانی خودا، دەتوانن نهێنی ناوی پیرۆزی ئەعزەمی خودا هەڵبگرن و بیشیپارێزن و بۆ بەرژەوەندی دونیایی بەکاری نەهێنن. ئەوانە لە وتە و نهێنییەکانی فەرموودەی خودا حاڵی دەبن:

بۆ نموونە خودا (جل جلاله) دەفەرموێت: ((﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾ (سورة فصلت١١). بە ئاسمان و زەوی فەرمووو: بێن بۆ مەجالی بوون و ڕێکوپێکی، بەجۆرێک کە سوودتان لێوەربگیرێت، بەخۆشیی و ڕەزامەندی خۆتان، یان بێ ڕەزامەندی؟ وتیان: بەڕەزامەندی خۆمان هاتین(٤).

ئەوەی تەمبەڵ و گەمژەیە، یەکسەر ئەوەندەی لێتێدەگات، کە ئاسمان و زەوی پێویستییان بە ئەقڵ و ژیان و تێگەیشتنی خیتابی خوداییە، و دەبێت ئەو قسەکردنەش بە دەنگ و پیت بووبێت، کە ئاسمان و زەوی گوێیان لێی بێت، بەڵام پیاوی دانا و بەرچاو ڕوون دەزانێت کە ئەوە مەبەستی پێی زوبانی حاڵە نەک گوفتار، ئەمەش هەواڵدانێکە کە ئەرز و ئاسمان ژێردەستەی قودرەتی خودان و ئیختیاریان لە دەستدا نییە و ناچارن فەرمانی خودا جێبەجێ بکەن.

هەروەها ئەم ئایەتی خودایەش هەر لەمبارەوەیە کە فەرموودەی: ﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾ (سورةالإسراء/٤٤، ).

هیچ شتێک نییە لەم بوونەوەرە کە تەسبیحات و پاکوخاوێنی بۆ خودا بڕیار نەدات. ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی نزمە، وادەزانێت کە مادده وشکەکانیش پێویستیان بە ژیان و ئەقڵ و قسەکردن هەیە، بەهۆی دەنگ و پیتەوە، بۆئەوەی کە بڵێت: سوبحانەللا! بەڵام پیاوی بەرچاو ڕوون دەزانێت کە مەبەستی ئایەتەکە ئەوە نەبووە کە وەک مرۆڤ قسە بکەن، بەڵکو ئەوانە بە ئەسڵی بوونەکەیان، پاکو مونەززەهی بۆ خودا بڕیاردەدەن، تەقدیس و بەرزی خودا ڕادەگەیێنن و، وەحدانییەت و یەکتایی خودا ڕادەگەیێنن، وەک وتراوە(٥): وَفِي كُلِّ شَيئٍ لَهُ آيةٌ تَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ واحِدا!

لەو واتایەدا منیش دەڵێم:

**سەیرە ئەو توانی کە یاخی بێ بە دڵ یاخو بەزار مولحیدە گەر ئەو نکوڵی کا، لە خوای پەروەردگار هەرچی دەنواڕی نیشانە، بۆ نیشانی شانی ئەو گشتی بەڵگەی تاک و تەنهایی خودایە بێ شومار(٦).**

کەواتە ئەوانەی ئەهلی دڵن و شارەزان تەنانەت کەلامی ڕاستەقینە بە وتەی ناو دڵ و کەلامی نەفسی لێکیانداوەتەوە وەک پێشەوا غەزالی ئەم بابەتەی هێناوە و دەفەرموێت:

إنَّ الكَلامَ لَفي الفُؤادِ وَإنَّما جُعِلَ اللِّسانُ على الفُؤادِ دَليلاً

واتە: کەلامی ڕاستی لە دڵەوە دەردێت زوبان دەلیلە و پیایدا تێدەپەڕێت(٧).

ئیمامی غەزالی چونکە خۆی شارەزای هەموو پلە و مەقامەکانە، بۆئەوەی کەسانێک تووشی هەڵدێریی فیکریی و زانستی و تەصەووف نەبن، لە ئاخری کتێبەکەی (المقصد الاسنى)دا، باسی هەندێک کەلیماتی سۆفیەکان دەکات، کە خەڵکێک لێیان حاڵی نین، یان ئەوان لە حاڵی سەکر و بێ هۆشیدان، واتە لە حاڵی (فەنا و فەنای ئەتەم) دان، ئەوا هەندێک قسە دەکەن، یان شت دەبینن وادەزانن حەقیقەتەکەیان بینیوە، یەکێک لەو پرسە گرنگانە مەسەلەی (ئیتتیحادە)، لە دوای ئەوەی بە درێژی باسی دەکات دەفەرموێت:

ئەم پرسە جێگەی پێ هەڵخلیسکانی زۆر لەو کەسانەیە، کە بە نەشارەزایی تێی کەوتوون، هەرکەسێک قەدەمی ڕاسیخ و شارەزایی لە زانستی مەعقولاتدا نەبێت، لەوانەیە یەکێکیانی لەویان بۆ جودا نەبێتەوە، کە قوربی مەعنەوی خۆی دەبینێت لە خوداوە، سەیر دەکات وەک گەوهەری درەوشاوە بەخشڵی جوانکاری حەقیقەت ڕازاوەتەوە، خۆی نابینێت و تەنها خودا دەبینێت، خۆی لەبیر دەکات و تەنها خودا دەبینێت، بۆیە وشەی: (أنا الحق) دێت بە زاریدا، ئەوەش وەک بینینی نەساراکان بۆ حەزرەتی عیسا، کە تەجەللیاتی خودایان تێدا دەبینی، وایان دەزانی خودایە، ئەمیش هەروا لە هەڵەدایە وەک ئەو کەسەی بەسەر هاتووە، کە وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێتەوە، کە ئەو وێنە ڕەنگینەی تێدا بەرجەستەیە، وادێتە خەیاڵیەوە کە ئەوە ئەسڵی ئاوێنەکەیە و ئەو ڕەنگانەش ڕەنگی ئاوێنەکەن، ئەوەش زۆر دوورە

له ڕاستییەوە، چونكه ئاوێنەكه له زاتی خۆیدا هیچ ڕەنگێكی نییه، و حاڵی وایه كه قەبوڵی ڕەنگی هەموو خاوەن ڕەنگەكان دەكات، بەشێوەیەک كه مرۆڤ وا خەیاڵ دەكات، كه ئەوە وێنەیی و ڕەنگی نێنۆک و ئاوێنەكه خۆیەتی. بۆ نموونه منداڵێكی نەشارەزا، یەكەمجار كه ئاوێنەیەک دەبێنێت یەكسەر وا گومان دەبات كه مرۆڤەكه لەناو ئاوێنەكەدایه، (زۆریش هەبوون كه خۆیانیان له ئاوێنەدا دەدی، دەیانووت ئەو كابرا كێیه؟ قسەشم لەگەڵدا دەكات)، زۆر گیان لەبەریش هەیه، لەناو ئاوێنەدا شەڕ لەگەڵ وێنەكەی خۆیدا دەكات، ئەمه هەموی تەعبیره له نەزانین و كەم ئاستیی بیر و زانست تیایاندا.

هەروەها دڵیش له زاتی خۆیدا هیچ وێنەیەكی تێدا نییه، هەیئەت و شكڵ و شێوەی تێدا نییه، بەڵكو حاڵەتی وایه، قەبوڵی مەعنا و واتای هەیئەت و شێوه و وێنه و حەقیقەتەكان دەكات، ئەوەی كه دەچێته ناویەوه، وەک ئەوه وایه كه لەگەڵیدا تێكەڵ بووبێت، نەک به حەقیقەت تێكەڵیەتی، بۆ ئەم بابەته نموونەیەكیان هێناوەتەوە: ئەو كەسەی شیشەی شەراب و شەرابی نەدیبێت و نەیناسێت، ئەگەر شیشەیەک ببینێت ئارەقی تێدایه، نازانێت كه جیاوازن له یەک، هەندێک جار وای دەبینێت، كه ئەوە تەنها شیشەیه و شەراب نییه، هەندێک جاریش وای دەبینێت كه ئەوە تەنها شەرابه و شیشه هەر دیار نییه، وەک شاعیر بەمشێوه تەعبیری لێداوەتەوە:

رَقَّ الزُّجاجُ ورَقَّتِ الخَمرُ　　فَتَشابَها وتَشاكَلَ الأَمرُ
فَكأَنَّما خَمرٌ ولاَ قَدَحٌ　　وكأَنَّما قَدَحٌ ولاَ خَمرٌ

له تەرجەمەیدا دەڵێم:

**شیشه ناسک تر دەبینی، وەک شـــەرابی تـــامدار**
**چون یەكی هەردوو بەجارێ، تێكەڵیكردن به زار**
**هەروەک و تەنها شەرابه و، جامی خەمری نادیار**
**جام دیاربوو، لەم دیاری عەشقه خەمره نادیار**

هەروەها له (مشكاه الانوار)دا دەفەرموێت:

دوور نییه كەسێک بۆ یەكەمجار لەناكاودا ئاوێنەیەک ببینێت، واگومان ببات ئەو وێنەیەی له ئاوێنەكەدایه، وێنەی خۆیەتی و لەگەڵی تێكەڵ بووه، و ئەو شەرابه لەناو شیشەكەدا ببینێت، واگومان ببات، كه شەرابەكه ڕەنگی شووشەكەیه، بەڵام ئەگەر چەندین جار ئەم دیمەنەی بینی و لای ئاسایی بوویەوه، و زانستیی و شارەزایی تیایدا تەواوكرد، ئەو كاته حاڵەتەكه بەتەواوی دایدەگرێت و هەموو گیان و ڕۆحی پێوه سەرقاڵ دەبێت و شیعرەكەی سەرەوه دەڵێتەوە(٨).

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەمەی لەم پێناسه كورتەدا باسمان كرد تەنها تەقەدانه له دەرگای محەببەت و هەوڵدانه بۆ شارەزابوونێكی سەرپێیی له سەرەتاكانی ڕۆچوون لەو دەریا بێ پەیەدا، ئەگەرنا ڕاستییەكەی ئەوەیه كه حەزرەتی شاهی نەقشبەند دەفەرموێت: (برو ببین) واته: بڕۆ ناویەوه و بەچاوی خۆت نهێنی ئەسرارەكانی ببینه.

---

**سەرچاوه و پەراوێزەكان**

(١) رواه البخارى (٥٦٦٥ ) ومسلم برقم ٤٦٩١، رقم ٦٠١١.
(٢) دیوان الشافعى (١٥١).
(٣) حديث قدسي ذكره السخاوى في المقاصد الحسنة برقم ٩٤٤.
(٤) خۆلاصەی تەفسیری نامی، ل٤٧٧.
(٥) شیعری (ئەبو لعەتاهییه) دیوانەكەی، ل١٠٤. سەرەتاكەشی ئەمەیه:

وا عَجَباً كَيفَ يَعصي الإلهَ　　أَم كَيفَ يَجحَدهُ الجاحِدُ

(٦) بۆ درێژی ئەم بابەته بڕوانه ژیانەوەی زانستەكانی ئایین ب٢، ل١١٥–١١٧.
(٧) دەڵێن شیعری ئەخگەله و له دیوانەكەیدا نییه، وەدەڵێن شیعری ئیبن و صەمصامی ڕەققاشییه، بڕوانه: (ذيل مرآة الزمان)١٨٩/٣. و اتحاف١٤٦/٢ وەرگێڕی شیعرەكانیش (ئەحسەن). نووسەری ئەم چەند دێڕەیه.
(٨) بڕوانه: إتحاف السادة المتقين ٢٥٩/٢.

# ئەدەبیات و ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی

## وەك دەروازەیەك بۆ ئایینناسی

بەر لە زیاتر لە دووسەد و پەنجا ساڵ، کاتێك شاعیر و بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی (گۆتە) سەردانی ڕۆژهەڵات_ئێران_ی کردوو چووە سەر گۆڕی شاعیرێکی مسوڵمان (حافزی شیرازی)و شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی خوێندەوە، نووسی: بناغەی شیعری ڕۆژهەڵات لەسەر ڕێزدانان بۆ ووشە دانراوە. شیعر لای ڕۆژهەڵاتییەکان وەك پەرستنێکی ئاخێوەری (عبادتی کلامی) سەیردەکرێت.






**د.سەبور عەبدولکەریم (شکار)**

لەدایکبووی ١٩٧٣ تەوێڵە. دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردکاری کوری – فارسی. دوو کتێبی چاپکراو و چەند وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

ئەم هەڵسەنگاندن و سەرنجە وردەی ئەو شاعیرە ئەڵمانیە، بارگاوییوون و ئاوێتەبوونی کلتوور و شیعری ڕۆژهەڵات بە ئایین و مەعنەویەتەوە دەسەلمێنێ. ئەم وتەیە تاقانە و سەیر نیە، بەڵکو دەبینین لێکۆڵەری هۆڵەندی (دۆبرۆین) دەڵێت: لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێرانی _وادەزانین بۆ کوردیش ڕاستە_دا کە باسی جوانی ئافرەت کراوە، هەست دەکرێ بەشی سەرەوەی لەشی (سەر، برۆ، ڕومەت و هتد... باسکراوە و ئەمەش _جیاواز لە ئەوروپا_ڕوویەکی مرۆڤدۆستی – پتر لەلایەنی سێکسی –زیاتری ئافرەتی تێدایە.

لێرەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە مرۆڤە مەعنەویی و ئاینپەروەرەکان _کە ماموستایانی ئاینی بەشێکی گرنگی ئەو توێژەن _دەبێ ئەدەبیات و ئەدەبیاتی عیرفانی بە گەنجینە و سەرچاوەیەکی زۆربلێندی خۆیان _نەک لاوەکی_دابنێن و ئەمەش_ لانی کەم_لە دوو ڕووەوە بایەخی خۆی هەیە:

یەکەم: لەسەر ئاستی تاکە کەسی خۆیان بەهرەمەند دەبن لە چێژی مەعنەوی و بەهێزبوونی هەستی جوانیناسی _کە هەستێکە خودای گەورە بە چەندین ئایەت داوای سەرنجدان لە جوانیی و ڕێکوپێکی سستەمی بونەوەر دەکات –کاک ئەحمەدی موفتیزادە بە هەستی دووەمی غەریزەی مرۆڤ دوای (هەستی پرسیار کردن )ی دادەنێت –تا دەگات بە بەهرەمەندبوون لە مەعریفە و پەند و بەها مرۆڤایەتیی و ڕەوشتییەکان و هەروەها دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی وشە و زمانی کوردییان.

دووەم: نزیکبوونەوە لە ڕۆحی مرۆڤی کورد وکلتووری ڕەسەنی کوردی و بەوەش بەدەستهێنانی کەرەستەی کاریگەر بۆ کاریگەری دروستکرن لەسەر گوێگر و خوێنەری کورد لە چەندین ئاستدا: گرنگترینیان جێگیرکردن و دامەزراندنی باوەڕ و بەها ئاینییەکان لە کۆنەستی (لاشعوری جمعی) خەڵکدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی هەمان کلتوور _کلتووری کوردی_ بەتایبەت کە لە ئێستادا کورد شەڕی ناسنامە و نەتەوەی هەیە بەگشتی لەلایەک و، لە لایەکی تر کار لەسەر ناشیرینکردنی عەرەب و کلتووری عەرەبی _کە دواجار ئیسلام پێوەی پەیوەستە –کراوە. وانەزانین شاعیرە خواناس و عارفەکان بە قوڵی هەستیان بەمە نەکردبێ. ئەوەتا مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بەڕوونی پێمان دەڵێت: هێزێکی نادیاری خودایی لە دەرونمەوە پێم دەڵێ شیعر بڵێ و بە فارسیش بیڵێ:

ای کە میانی جان من تلقین شعرم می کنی
گرتن زنم خاموش کنم ترسم کە فرمان بشکنم
فارسی گو کە جملە دریابند
گرچە از این غافل و در خوابند

هەمان هەست و بەرپرسیارێتی مەعنەوی وا لە (مەحوی) دەکات، کە بە کوردی شیعر بنوسێت و ئەمیش بۆ (پیری دڵ)ی دەگێرێتەوە:

بنوسە ! پیری دڵم ئەمری کرد ئیتاعەم کرد
لە ئیبتیداوە بەیتێ موناسیبی دیوان
گەدایەکی وەکو( مەحوی ) قەلەندەرێکی کورد
میسالی پادشا هی فورسە ساحێبی دیوان

**چۆن سوود لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی و عیرفانی کوردی وەربگرین؟**

وادەزانین ماموستایانی ئاینی بەپێی سروشتی کارەکەیان دەتوانن زیاتر کەڵک لە چوار ڕەهەندی ئەدەبیاتی کلاسیک و عیرفانی وەربگرن:

١–ڕەهەندی ناسین و ناساندنی خودا بە خەڵک.
٢–ڕەهەندی بنەماکانی باوەڕ( ارکان الایمان) بەگشتی.
٣–ڕەهەندی بنەما مرۆڤایەتیی و ڕەوشتیی و کۆمەلایەتییەکان.
٤.ڕەهەندی بنەما سۆزداریی وعیشقییەکان.

سەرەتا و پێش چوونە سەر باسکردنی ڕەهەندەکان، وادەزانم باش وایە ماموستای

ئاینی بەپێی دەرفەت و هەوڵی ڕاستگۆیانەی – ییبلۆگرافیا و پۆلێن بەندییەک – کە چی گرنگە بۆ وتارە ئاینییەکان و بەرنامەکان و کاریگەرە لەسەر خەڵک بەگشتی_ بکات و ئەوکات بەپێی سروشتی ئەو بوارە بگەڕێت یان ڕاوێژ بکات، کە چ شاعێریک لەو بوارەدا شتی هەیە. بۆ نمونە لە ڕەهەندی یەکەمدا_ناسین و ناساندنی خودا _ وا دەزانین هەم لە شیعردا _غەزەل و قەسیدە و جۆرەکانی تر_ و هەم لە چیرۆکە شیعرییەکاندا _مەسنەوییەکان _ی شاعیرانی کوردە شتی زۆر بڵند و بەنرخ هەیە _ پێویستە ئەوەشمان لە بیر بێت _ وەک (کاک ناسری سوبحانی ) دەڵێت: کاری بانگەواز لەم سەردەمەدا بە پلەی یەکەم لە سەلماندنی هەبوونی خودا و بەرپەچدانەوەی بێباوەڕیی و ئیلحاددایە و لێرەوە هێنانی شیعرێکی _ وەک ئەم شیعرەی پیرەمێرد _ کاریگەری گەورەی لەسەر گوێگر و خوێنەری کورد هەیە:

خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن
هیچیان نەدیوە وا هەڵەوەرن
ئەگینا سەیری باخێکی گوڵ کەن
تەماشایەکی بە ئەقڵ و دڵ کەن
لێی ووردبنەوە کە ئەو سەنعەتە
کێ دەڵێ زادەی خووی تەبیعەتە ! تد..

یان بۆ نمونە خانای قوبادی لە (شیرین و خوسرەو)ە کەیدا بە ناساندنی خودا و باسکردنێکی عیرفانیی و مەعریفی دەستپێدەکات:

بە نامەی ئەو کەس شیرینی ئەرمەن
پەیداکەر فەرهاد پەیش بی بە کۆکەن
تەعالا جەسونع پەروەردگاریش
جەکاری شیرین شیرین کرداریش
پەی نەزەربازان جەعەرسەی زەمین
ئاراست بیساتێ بە زەوقی شیرین

لەم چیرۆکە شیعریەدا چەندین ناساندنی قوڵ و جوانی خودا – کە دەرفەتی شیکردنەوەیمان نیە- دەبینرێت. یان ئەحمەدی خانی زیاتر لە (٤٠)بەیتی سەرەتای (مەم و زین) بۆ باسی خودا تەرخان دەکات:

سەرنامێ نامە نامی ئەڵڵا
بێ نامێ تە ناتەمامە وەڵا
ئەیمەتڵەعی حوسنی عشق بازی
مەحبوبێ حەقیقی و مەجازی
ئەی خالقی ئەرز و ئاسمانان
وەی فالیقی جوملە ئینس و جانان

یان سەرەتای دیوانی نالی بە شیعری بڵندی:

ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا
سەر ڕشتەی دین بێ مەدەدی تۆ نیە حاشا

کە خودا بە دەرخەری جوانییەکان لەلایەک و ڕاکێشەری سەرنج و تەماشاکردن _ لە ڕێگەی چاوەوە -لەلایەکی تر دەزانێت و ئەم یاسا گەردونیەش دەبەستێتەوە بەوەی، کە ئەگەر مەدەد و هاوکاری تۆ _خودا_ بۆ مرۆڤ نەبێت ڕێگای ڕاست و بینینی حەقیقەتەکان حاشا ڕوونادات.

**ڕەهەندی دووەم: بنەماکانی باوەر**

لە شیعری کوردیدا بە گشتی و بەتایبەتی لە هەندێ شیعردا، کە زیاتر ڕەهەندێکی فێرکاری (تعلیمی)یان هەیە، ئەم ڕەهەندە زۆرتر دەبینرێت، بە نمونە وەک (زوبدەی عەقیدە)ی (مەولەوی) کە بە شیعر پوختەی بیروباوەڕی ئیسلامی _کە دەکرێ لە هەندێ شوێندا سەرنجی لەسەر هەبێت_ بە ئاستێکی سادە و قوڵ و پوخت دەخاتە ڕوو.

**ڕەهەندی سێیەم: بەها مرۆڤایەتیی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان**

ئەگەر سەیری دیوانی شیعری شاعیرانی کورد بکەین، ڕەنگە شاعیرێکی کلاسیکمان دەستنەکەوێت، باسی بەها مرۆڤایەتیی و ڕەوشتیی و کۆمەڵایەتییەکانی _بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ _نەکردبێت و ئەو باسکردنانەش لە کۆن و نوێدا _کاریگەری زۆری لەسەر خەڵک هەیە:

**لە دەستی دۆستی دووڕوو دڵم تەنگە**
**فیدای ئەو دوژمنەبم کە یەک ڕەنگە**

**(مەحوی)**

**کە خاکی خاکی دامەن بە وەگەرنە تۆزی بەربادی**
**کە ئاوی ئاوی گەوهەر بە وەگەرنە بڵقی سەرئاوی**

**(نالی)**

بەشێوەیەکی گشتی باسکردن لەم ڕەهەندانە لای شاعیرانی کورد زۆرە، جگە لە شاعیرانی کلاسیک، لای شاعیرانی نوێ، بابەتە کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتییەکان لای هەندێک شاعیر زیاتر دەبینرێ وەک لای (پیرەمێرد) و (قانع) و (بێکەس). هەر لێرەشدا شایانی ئاماژە بۆکردنە _لەبەرگرنگی کاریگەری شیعری شاعیران لەسەر خەڵک لە ڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە_دەبینین کۆمەڵناس و دەروونناسێکی بەتوانای وەک (د.موحیەدین محەمەدی خانی) لە سەرجەم بابەتی کۆڕ و سیمینارەکانیدا پشت بە شیعری شاعیران دەبەستێت.

**چوارەم: ڕەهەندی بنەما سۆزداری و عشقییەکان**

گومانی تێدانیە، کە مەسەلە سۆزداریی و خۆشەویستییەکان زۆر گرنگن و بناغەی باوەڕ کاتێک دادەمەزرێت، کە خۆشەویستی و کارلێکی قەلبی هەبێت، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە دنیای نوێ_گەرچی دەوترێ دونیای عەقڵانیەت و زانستە – دنیای ئازادی و جڵەو شلکردن بۆ حەز و خولیا و ئارەزوو و سۆز و ئەویندارییە و بزوێنەرەکانیش زۆر بە هێزن، بۆیە گرنگە لە هەمان کەرەستە، کەرەستەی بونیادنەری سۆزداری بەدەستبهێنین. ئەگەر سەیر بکەین شاعیرانی کلاسیکمان هەستیان بەم لایەنە گرنگە کردووە و ویستویانە ئەم هەستە مرۆڤانە بە ئاراستەی مرۆڤدۆستانە و دروست و قوڵەکەی بڕوات. ئەحمەدی خانی کە چیرۆکی ئەڤینداری (مەم و زینی) نوسیوە–کە پێشتر فۆلکلۆر بووە و خەڵک دەماودەم گێڕاویانەتەوە هێناوە و ئەم دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە مرۆڤی کورد بەرەو کەماڵ و مەعنەویەت ببات:

خانی ژ کە مالێ بی کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیت خالی

ئەو زۆر بە ڕوونی دەڵێت مەبەستیەتی:

تە سفیەی دل ببت مە حاسل
هەڤ دە نگ ببم دگەل عەنادل

واتە خانی دەیەوێت لە ڕێگەی (مەم وزین) ەوە خاوێنکردنەوە و تەزکییەی دڵ لە مرۆڤەکاندا ئەنجام بدات بە جۆریک ببنە بەشێک لە دەنگی کۆی بونەوەر و پێکەوە یاد و تەسبیحات ئەنجام بدەن.

هەرلێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین–کە ئێمە لە نامەی دکتۆراکەماندا بە پشتیوانی خوا–دەرکمان بەوە کرد، کە مەولەوی زۆر دەروونناسانە مرۆڤ لە هەموو بوارە سۆزداریی و مرۆڤایەتیەکاندا–بە بەرزی و نشێوییەکانیەوە–لە تەواو مرۆڤییەوە (کاملا انسان) بەرەو مرۆڤی تەواو(انسانی کامل) و بڵندبوونەوە و گەورەبوونی مەعنەوی دەبات. کەواتە ئەم ڕەهەندە و سێ ڕەهەندەکەی پێشوو، بوارێکی گرنگە بۆ کارکردنی مامۆستایانی ئایینی. بەڵام شتێکی گرنگ، کە دەبێت لەبیری نەکەین، بریتییە لە ناسینی سروشت و تایبەتمەندی شیعر و ئەدەبیات، چونکە ئەدەبناسی مەرجی بنەڕەتی مامەڵەی دروستە لەگەڵ ئەدەبدا و ئەو ڕووداوەی کە لە مێژووی ئیسلامدا دەیگێڕنەوە، کە پیاوێک سکاڵا دەباتە لای پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێی ڕازی بێت) کە شاعیرێک بەناوی (حطیئة) لە میانەی شیعریکدا کە ڕواڵەتی ستایشە، داشۆرین و هێرشی کردووەتە سەر، ئەویش بڕیار نادات و شاعیر و شیعرناسێک دەکاتە داوەر ڕاوێژی پێ دەکات و دواتر بڕیار دەدات–ئەمە نمونەی زانست و شارستانیەتە. کەواتە گرنگە مامۆستایانی سەروەر و بەڕێزی ئاینیمان ئەدەبناس و گەوهەرناس بن، بەرلەوەی ڕوو لە بازاڕی گەوهەر فرۆشی شاعیرانمان بکەن.

# تەوەری داهاتوو

## فەتوا لە نێوان ململانێی سیاسیی و ئەرکی شەرعیدا

گۆڤاری خاڵ بابەتی (فەتوا لە نێوان ململانێی سیاسیی و ئەرکی شەرعیدا) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١- فەتوا چییە؟ مەرجەکانی موفتی کامانەن؟

٢- مەبەست لە فەتوای سیاسی چییە؟

٣- مێژووی فەتوای سیاسی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

٤- چۆن فەتوا دەکرێتە چەکی یەکلایی کردنەوەی ململانێ سیاسییەکان؟

٥- ئاینی ئیسلام چۆن لە بەکارهێنانی فەتوا بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە و دەستکەوت دەڕوانێت؟

٦- دەسەڵاتداران چۆن سوود لە فەتوا و موفتی وەردەگرن بۆ بەرژەوەندی خۆیان؟

٧- ئایا فەتوا دەقێکی پیرۆز و نەمرە یاخود بەپێی گۆڕانی شوێن و کات ئەویش دەگۆڕێت؟

٨- تا چەند دەتوانرێت سوود لە زانستی نوێ وەربگیرێت لە بواری فەتوادانا؟

٩- مەترسییەکانی فەتوای سیاسی بۆ سەر ئاینی ئیسلام کامانەن؟

١٠- ئایا ئەمڕۆ فەتوا کاری تاکە کەسە یان دەستەجەمعی؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٨/٥/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

# شیعر و سۆفیگەریی





**مستەفای سەید مینە**

لەدایکبووی ١٩٦٣، سەنگەسەر، ماستەر لە ئەدەبی کوردیی، خاوەنی کتێبێکی چاپکراو و ژمارەیەک کتێبی وەرگێڕدراوە.

شیعر هەواری سۆز و ئەندێشە و زمانی ڕاز و هێما و نهێنییە، عیرفانیش هەر لە گیانپەروەریی و ئیلهام سەرچاوە دەگرێت، هاوسەرچاوەیی، ئەو دوانەی لێک نزیک خستوونەتەوە و، سەرەنجام شیعر بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ عیرفان و سۆفیگەریی، گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. دیارە شیعر و سۆفیگەریی و عیرفان تەواو پێکەوە دەگونجێن، چونکە شیعر جەزبەی دەروونیی و سۆز و عاتیفە و خەیاڵە، عیرفان و سۆفیگەریش، هەر لایەنی گیانی مرۆڤ و کەف و کوڵ و هەڵچوون و جەزبەی دڵ و ڕووحە، شیعری ئایینی و عیرفانیش هەر لەو سۆنگەیەوە سەریهەڵداوە.

هەڵبەت هەموو شت و دیاردەیەک لە پاش سەرهەڵدانی، وردە وردە گەشە دەکات و دەگاتە قۆناغی تێر و تەواویی ... شیعریش بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ عیرفان و سۆفیگەریی، پێی ناوەتە ئەو قۆناغە، ئاخر هەردووکیان زمانی ڕاز و نهێنیی و لایەنی ڕووحی مرۆڤن. هەرکام لە عیرفان و شیعر سەروکاریان لەگەڵ ئەوین و خۆشەویستی و پاککردنەوەی دەروونی مرۆڤ هەیە تاکو بیکەنە مرۆڤێکی تێر و تەواو، کە سەرچاوە و هەوێنی خۆشەویستی بێت و، بە چاوی ئەوین لە سەرپاکی دەوروبەری- بەگیاندار و بێگیانەوە بڕوانێت.

ئەم ڕاستییەش وایکردوە، وەک چۆن عارف و سۆفییە گەورەکان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، شیعری عیرفانیش زمانی خۆی هەبێت؛ چونکە زمانی ئاسایی دەرەقەتی ئەو هەموو جۆش و خرۆش و هەڵچوونە ڕووحییە و، ئەو دەریای گەورەی سۆزە نایەت:

**من این حروف نوشتم چنان که غیر ندانست**
**تو هم زروی کرامت چنان بخوان که تو دانی**
**(حافز)**

من ئەم قسانەم وانووسین کە خەڵک تێیان نەگات، تۆش بەگوێرەی کەرامەتی خۆت بیانخوێنەوە و تێیان بگە.

**زوبانی ئێمە ناڵە و ئاهە قەتعا**
**زوبانی وا ناگرێ بورهانی قاتیع**
**(مەحوی)**

**عشق را گوهر زکانی دیگر است**
**مرغ عشق را ز ئاشیانی دیگر است**
**درنیابد کس زبان عاشقان**
**زآنکە عاشق را زبان دیگر است**

گەوهەری عیشق سەرچاوەکەی کانێکی دیکەیە، مەلی ئەوین لە هێلانەیەکی دیکەوەیە، کەس لە زمانی عاشقان تێناگات؛ چونکە زمانی عاشق زمانێکی دیکەیە.

لەبەرئەوە عارف و سۆفییەکان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، مەعنای تایبەتی خۆیان بەو وشانە دەبەخشن، کە لە دەرەوەی بازنەی خۆیان هەڵگری مەعناگەلی دیکەن، تەنانەت وشەی ئەویندارانیش بۆ خۆیان وەردەگرن و بە مەعنای دیکە بەکاریان دێنن، هەر ئەمەشە وایکردووە گەلێک جار توێژەر و نووسەران لە تێگەیشتنی مەبەستی چەندان شیعر بە هەڵە بچن و شیعری عیرفانی و دڵدارییان لێ تێکەڵ بێت...

**سەرهەڵدانی ئەم جۆرە زمانەش بۆ گەلێک هۆ دەگەڕێتەوە لەوانە:**

١. زمانی ئاسایی ناتوانێت نهێنی و هەڵچوون و جەزبەی ڕۆحی عارفان و شاعیرانی سۆفی و عارف دەرببڕێت:

**مرا هرگە سخن گویم شود عالی سخن لیکن**
**نگهبانم خرد باشد ز گفتن کان زیان دارد**

ئەگەر شاعیرێکی گەورەی وەک وەفایی بە نموونە بێنینەوە کە زۆر لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی و بە شیعری دڵدارییان تێگەیشتوون، مەبەستەکە تەواو ڕوون دەبێتەوە، با دوو شیعر کە هەردووکیان کراونەتە گۆرانی، بکەینە بەڵگە:

نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم
حەقم بە دەستە ئەگەر بناڵم
**فەرمووت: چلۆنی؟ چ بڵێم عەزیزم؟**
**دوور لە زولفی تۆ کافر بە حـــاڵم**
**بەیادی چاوت چوومە خەرابـات**
**لە ڕەهنی (مەی)دا خەرقە و بەرماڵم**
**من مورغی قودسی لە لامەکان بووم**
**ئیلاهی، ڕووحــــمی، شـکستە باڵـم**
**شـــــەوێکی تاریک، ڕەهێکی باریک**
**هەر بە ئومێدی چرای جەماڵم**
**دەمێکی بـا بێ دەوای دڵم کا**
**بـــە چاوەکانی گەلێ بێحـاڵم**
**(٦٢-٦٣)دیوان**

لێرەدا (چاوی کاڵ) و (زوڵف) کارێکی چاوخەڵەتێنیان ئەنجامداوە و ڕواڵەتێکی دڵدارییان بە شیعرەکە داوە، هەرچەندە وەفایی لە دیارترین شیعری ئاینیشدا، ئەو جۆرە وشانەی بەکارهێناون و ئەوە خەسڵەتی دیاری شیعری وەفاییە، بەڵام دواتر وشەی سۆفیگەریی و خواناسیی بەکارهێناوە و، (خەرابات) کە لە فەرهەنگدا (مەیخانە)یە و، هێمایە بۆ (تەکیە و خانەقا)و، مەی بۆ (جەزبە و عەشقی حەقیقی)، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن... شاعیر کە هاتووشە خۆی بە مورغی قودسی-مەلی پیرۆز)ی ڕەها و بێ جێ و مەکان داناوە، کە ئێستا بەهۆی تاوانەوە، باڵی شکاوە و، ئازادیی و ڕەهاییەکەی نەماوە، داوای کۆمەک لە خوا دەکات، بەتەواوی بابەتەکە یەکلا دەکاتەوە و ئاماژە بۆ ڕۆژی بناوان دەکات، کە مرۆڤ ئەوکاتە هەر گیان بووە و نەخراوەتە بەر لاشە و، هێشتا ڕەهەندە ماددییەکان سنووربەندییان نەکردوە و شاعیرانی کلاسیک _لەوانەش وەفایی_ بە ڕۆژی «ئەلەست» ناویان بردووە.

لە شیعری (لەبەر نازی چاوبازان)یشدا، وەفایی هەر وایکردووە، ئەم شیعرەش بە ڕوخسار دڵداریی و بە نێوەڕۆک ئاینییە و، چەند وشە و دەربڕینێکی سۆفییانە دەبنە نیشانەی ئەو مەبەستە:

**لەبەر نازی چاوبازان خورد و خەوم خوێناوە**
**بە تیری تیرئەندازان چ بکەم جەرگم بڕاوە!**
**شێت و شەیدا و سەحرایی دەگریم هەروەک (وەفایی)**
**چ بکەم لە دڵەی سەودایی، پەریان دەستیان لێداوە**
**عیشوەی ڕووی تۆ هەر خۆش بێ، موشکیل گوشا و سەرخۆش بێ**
**بڕۆت بادی نەورۆزیی گرێی زوڵفت کراوە**
**زوڵفت جێی بێقەراران، ڕووت ڕۆژی شەو بێداران**
**ئەمان ئەی شای گوڵزاران ڕوحمێک تاڕوحم ماوە!**
**با شەو بڕوا سەحەر بێ باغی گوڵان وەبەر بێ**
**گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ، کافر ئیسلامی ناوە!**
**لە سایەی چاوەکانی بوومە ڕەندی خەرابات**
**لە لای پیری مەیخانە، خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە**
**لە دەردی بێدەرمانیی، کەوتوومە سەرگەردانیی**
**بە جوابی (لن ترانی)، چ بکەم ڕووحم سووتاوە!**
**(دیوان ١٥١-١٥٣)**

٢. ئەو ڕاز و نهێنیی و زمانە هێمادارە بۆ خۆ حەشاردان و خۆلادانە لەمەترسیی، چونکە تێگەیشتنی ئەو زمانە ئاسان نییە و، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕواڵەتی و ڕووکەش لێکبدرێتەوە ئەگەری خراپ چاوەڕوانی خاوەنەکەیانە، وەک لە مەنسووری حەللاجدا ڕوویدا.

**دیدی ان یار کزو گشت سردار بلند**
**جرمش این بود که اسرار هویدا می کرد**
(حافظ ١٣٧٩-١٠٩)

ئەو زمانە سفت و توند و تۆڵەی سۆفییەکی گەورەی وەک مەحویش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە مەحوی بیری وردی فەلسەفیی و عیرفان و سۆفیگەریی لە شیعرەکانیدا تێکەڵ کردووە و، ئەوەندە لەو بابەتە و لە یاریکردن بە وشەدا ڕۆچووە، مرۆڤی دەستبژێر و ئاست بەرز نەبێت، لە شیعرەکانی تێناگات:

**لە عوششاق و ڕەقیب ئەو شۆخە چاوی لوتفی وەرگێڕا**
**کە ئاسک ئادەمی یا سەگ ببینێ، غەیری سڵ چ بکا؟!**

# لەنێو شاعیرانی کورد، ئەوانەی سۆفیش نین، شیعری خواناسانە و ئاخنراو بە سۆزی ئایینی و خواناسیی هەر دەبینرێ

**چ حاجەت نەرگسی مەستت بکەم وەسفی بە مەخمووریی**
**کە چاوی سوورمەکێشراوی خودایی بێ، لە کل چ بکا؟!**
(دیوان ١٥)

دیارە شیعری عیرفانی ڕەوش و ژیانی تایبەتی عارفان و بیروبۆچوون و تێڕوانین و دنیابینییان ڕووندەکاتەوە... شیعر خوێندنەوەش هەر لە کۆنەوە لە تەکیە و خانەقایان و لە کۆڕ و مەجلیسی سۆفیان شتێکی ئاسایی و باو بووە.

ابو سعید ابو الخیر (٣٥٧ک- ٤٤٠ک) یەکەم کەس بووە شیعری بۆ چارەسەری نەخۆشیی و لابردنی ماندوێتیی ڕێبواران بەکارهێناوە، (سەنایی)ش کە ساڵی (٥٢٥ک)ی مردووە، یەکەم شاعیرە شیعرەکانی بۆنی سۆفیگەرییان لێ بێت..... ماوەیەک دوای ئەوە محەمەد عەتتاری نیشاپووری (٥٤٠ک-٦٢٨ ک) دێت، کە یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی سۆفی، کە هەموو غەزەل و چوارینە و دوو بەیتییەکانی خۆی بۆ دەربڕینی هەڵچوون و جەزبە و خەیاڵی سۆفیانە تەرخانکردوون و، (منطق الطیر)ەکەی لە هەرە گرنگەکانیانە.... لە سەدەی( ٧ و ٨)ی کۆچیدا، بەهۆی ڕەوشی تایبەتیی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە، سۆفیگەریی و شیعری عیرفانیی گەیشتە لووتکە و، مەولانای ڕۆمی (٦٠٤-٦٣٧) کە گەورەترین شاعیری سۆفیی ئێرانە، ئەو جۆرە شیعرەی گەیاندە ترۆپک و بە غەزەل و دوو بەیتییەکانی، داهێنان و وەرچەرخانێکی گەورەی ئەنجامدا.

جاران کە شیعر بەشی زۆری بۆ بابەتی دڵداریی و ستایشی دەسەڵاتداران بەکاردەهات، بە باڵی عیرفان و سۆفیگەریی کەوتە فڕین و سەرەنجام بە یەکانگیربوونی ئەو دووانە، هەردووکیان بەرەو تەواویی و کامڵبوون هەڵکشان، چونکە لە شیعری سۆفیگەریی، وێڕای هەست و سۆز و خەیاڵ، سوود لە عەقڵ و حیکمەت و فەلسەفەش وەردەگیرێت، وەک لە شیعری حافظ و سەعدی و مەولانا و مەولەویی تاوەگۆزیی و مەحوی و....هتد دا دەبینرێت.

شیعر لەگەڵ سۆفیگەریی و عیرفان، وەک باسمانکرد ، بوونە تەواوکەری یەکدیی و، بەوهۆیەوە شیعر چەندان گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا هاتن، لەوانە:

١. نەمانی ستایشی نابەجێ و کیسەکێشیی (تملق)، چونکە سۆفییەکان دنیایان بە کەم دەگرت و حەزیان لە ناوبانگ و ستایشی خەڵک نەبوو.

٢. ڕمێن پەیداکردنی ستایشی خوا و پێغەمبەر(د.خ) لەجیاتی ستایشی کاربەدەست و دەسەڵاتداران.

٣. دوورکەوتنەوە لە شەڕە جنێو و قسەی سووک و هەجوو، بایەخدان بە خواناسیی و لەخواترسان و پاککردنەوەی دڵ و دەروون.

٤. ڕێگرتن لە هەڵخلیسکانی شیعر بەرەو زەلکاوی بەرەڵڵایی و ئارەزووبازیی.

٥. تێکەڵکردنی حیکمەت و فەلسەفە لەگەڵ شیعر لەلایەن شاعیرانی سۆفییەوە.

٦. جەختکردن لەسەر سۆز و خۆشەویستی و

میهرەبانی و چاکە و دادپەروەریی و دوورکەوتنەوە لە خراپە و بەدکاریی و رق و قین.

٧. دەوڵەمەندبوونی زمانی شیعر بەهۆی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی سۆفیگەریی.

٨. هەستکردن بە سەرفرازیی و بێمنەتیی لە ئاقاری ستەمکاران و تۆخکردنی رێز و بەهای مرۆڤ.

٩. جوانیناسیی و تێڕوانینی ئەویندارانە لەمەڕ گەردوون و سەرجەم دروستکراوەکانی خوا.

١٠. قووڵکردنی چەمک و مەعنای شیعر و ناچارکردنی خوێنەر بۆ تێرامان و بیرکردنەوە.

١١.جەختکردن لە ناسین و بەندایەتی خوا و پەیڕەوی کردن لە ئیسلام و باسکردنی بابەتگەلی ئاینیی.

١٢. باسکردنی ڕووداوە مێژووییەکان و دەربڕینی هاودەردیی لەگەڵ خەڵک لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و کارەسات و کێشەکاندا.

شاعیرانی کوردیش ، وەک کۆمەڵە کەسێکی خواناس، ئاوڕیان لەو لایەنە گرنگە داوەتەوە، تەنانەت ئەو شاعیرانەی سۆفیش نەبوون و لە عیرفانیشدا هێندە ڕۆنەچووبوون، سۆزی ئاینیی و خواناسیی لە شیعرەکانیاندا هەر ڕەنگیداوەتەوە.

باباتاهیر کە کۆنترین شاعیرە شیعرەکانیمان بەدەست گەیشتبێ و هەزار ساڵێک پێش ئێستا بووە، شیعرەکانی وەک عارف و سۆفییەکی گەورە دەیناسێنن، چونکە کە لە دەورووبەری ڕادەمێنێ، تەنها خوای وەدیهێنەر دەبینێ:

**بە دەریا بنگەرەم دەریا تە وینەم**
**بە سەخرا بنگەرەم سەحرات تە وینەم**

لە ڕووی سادەیی و دنیا بە کەمگرتنیش دەڵێ:

من ئەو بێباکەم کە ناوم قەلەندەرە و نە ماڵ و حاڵم هەیە و نە ئارام و شوێن، کە ڕۆژ دەبێتەوە، بە دنیادا دەگەڕێم، کە شەویش دادێت، سەرم وە خشتێک دەکەم و لێی دەنووم:

**موو ئان ڕەندەم کە نامەم بێ قەلەندەر**
**نە خون دیرەم نە مون دیرەم نە لەنگەر**
**چوو روز ئایەد بگەردەم گەردی گیتی**
**چوو شەو ئایەد بە خشتی وانەهەم سەر**

مەلای جزیریش، کە شاعیرێکی بلیمەتی سۆفیگەریی و عیرفانە، ئەوینی خوایی بە هەموو دنیا نادات و سوپاسی خوا دەکات کە لەجیاتی دراو و دینار و درهەم، ئەوینی خۆی پێ بەخشیوە:

مێننەت ژ خودایێ کو ب عەبدێ خوە مەلایێ
ئێکسیری غەمی عیشق نە دینار و درەم دا

لەنێو شاعیرانی کورد، ئەوانەی سۆفیش نین، شیعری خواناسانە و ئاخنراو بە سۆزی ئاینیی و خواناسیی هەر دەبینرێ، ئەوەتا نالی میری شاعیرانی کورد، تەنانەت لە زۆر شیعری ئەویندارانەشدا، وشە و زاراوەی ئاینی بەکارهێناوە، کە ئەوەش داهێنانێکی گەورەی نالییە:

**تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدەم ،چ دەکەی**
**لەم دڵەی پڕ شەڕەڕ و سینەیی سۆزانمدا؟!**

سەرباری ئەوەی ئایین و ئەوین دوو بنەما هەرە سەرەکیەکەی شیعری نالین و، هەرچی زیاتر تەونی داهێنانی نالییان سفت و ڕەنگین کردووە، وەک شاعیرێکی خواناس و مسوڵمان، ئەو شاعیرە مەزنە لە چەندان شاکاریدا سۆزی عارفانەی لێ دەچۆڕێت:

**ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵە و کێشی تەماشا**
**سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا**
**فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی**
**ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا**
**(دیوان،٧٥-٧٦)**

لێرەشدا جارێکی دیکە نالی داهێنانی کردووە و، خۆی لە گرێ و گۆڵی هەجوو ڕاپسکاندووە و، لە کۆتایی قەسیدەکەی (مەستوورە)دا پەشیمان دەبێتەوە، کە ئەمە شتێکی دەگمەنە:

**«نالی» وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ**
**ڕوو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ**
**وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ**
**نەک بەحسی سوڕووڕ و عەلەم و بادی هەوا بێ**
**(دیوان ٦٢٩-٦٣٠)**

ئایین و سۆزی خواناسیی لەنێو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا ئەوەندە ڕیشەدار و کاریگەرە، تەنانەت شاعیرێکی وەک قانعیش، کە بیری هاوردەکراویش کاری تێکردووە، بە ئاشکرا ئەوەی پێوە دەبینرێت:

**وەرە کوردە باوەڕ بکە خودایە خالیقی دانا**
**کە بەیەک لەفزی کاف و نون جەمیعی ماسیوای دانا**

هەڵبەت ئەم بابەتە هەویرێکی ئاوکێشە و ناکرێ نموونە لە هەموو شاعیران بێنیەوە، بەڵام با کۆتاییەکەی میسکی مەولەوی تاوەگۆزیی پایەبەرز بێت:

**ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە**
**پەیدا هەر تۆ نی(ماسیوا) سایە**
**پەنهان بی تەنها (وەحدەت) مەوج وەرد**
**پەی شناسایی (ظهور)ێوەت کەرد (دیوان ٥٥)**
**-دڵە ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن**
**پردەکە سەختەن خەیلێ باریکەن**
**سارای هیدایەت تاریک مەوینوون**
**ڕای نەجات یەکسەر باریک مەوینوون**
(٥٩-٦٠)
**-جفت مەعسییەت، جە تاعەت تاقم**
**ڕوو سیای مەجلیس جەرگەی عوششاقم**
**بینای وجوودم خەجلەت ئەساسەن**
**بەختم موخالیف نامەدیم ڕاسەن\(دیوان ٦١)**

**سەرچاوەکان**

١. پایەی وەفایی، مستەفای سەید مینە، نووسینگەی تەفسیر، ٢٠٠٧.
٢. تاپیر تصوف و عرفان بر شعر و شاعری، فصلنامە تخصصی ادبیات فارسی، دانشگاە ازاد اسلامی مشهد، د.جمشید صدری.
٣. دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتیح عبدالکریم، چ٢، سنندج، ١٣٨٦.
٤. دیوانی مەولەوی، کردنە سۆرانی محمد امین ئەردەلانی، تهران، ١٣٨٧شەمسی.
٥. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتیح عبدالکریم، بەغدا، ١٩٧٦.
٦. دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی، محمد سعید نجاری(ئاسۆ)، انتشارات کوردستان، ١٣٩٠شەمسی.

# مەولانا خالیدی نەقشبەندی

## نوێکەرەوەی ڕێبازی سۆفیگەری لە کوردستاندا






**پ.ی.د.ئاراس محمد ساڵح**

دکتۆرا لە زانستە ئیسلامییەکاندا. چەند توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەی هەیە. ژمارەیەک کتێبی چاپکراوی هەیە. مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.

ئەگەر بەدرێژایی مێژوو کورد بیرو ڕێبازەکانی لە دەرەوەی خۆی وەرگرتبێت، ئەوا مەولانا خالید ئەو شەقڵە دەشکێنێت و گەلانی ناوچەکە لە کوردستانەوە پێشەنگێکی نوێکەرەوەی ئایینی دەکەنە سەرمەشقی خۆیان و شوێنی دەکەون، ڕاستە مەولانا خالید لە (دیهلی) و لە دەرەوەی کوردستان ئەو ڕێبازە وەردەگرێت، بەڵام مەولانا دەتوانێت بە بەرگوباوێکی کوردەواری ئەو هەنگاوە نوێخوازییە بڵاوبکاتەوە و بە هەزاران شوێنکەوتەی لە دەور کۆبکاتەوە، لە کوردستانەوە بیری نوێکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی بڵاودەبێتەوە و شارە گەورەکانی وەک بەغداد و دیمەشق و ئەستەمبوڵ دەگرێتەوە، زۆری ژمارەی مورید و شوێنکەوتوانی مەولانا وادەکات ئەو بزاڤە نوێیە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە حسابی بۆ بکرێت، هاتنە دەنگی بابی عالی لە ئەستەمبوڵ و ڕاسپاردنی والی بەغداد کە زانیاری لەسەر جوڵانەوەکەی مەولانا کۆبکاتەوە، هەروەها ناچاربوونی مەولانا کە کوردستان و عێراق بەجێبهێڵێت بەڵگەیە کە ئەو بزاڤە نوێیە کاریگەری زۆری هەبووە لە ناوچەکەدا.

مەولانا خالید لە ساڵی (١٧٧٣ز) لەناوچەی قەرەداغ لەدایکبووە، لەو ڕۆژگارەدا قەرەداغ بەپێوەری ئەوکاتە لە ڕووی خوێندەوارییەوە لە ئاستێکی باشدا بووە، سەرەتای خوێندنی لە قەرەداغ بووە و پاشان دەچێتە سلێمانی، لای مەلا ناسراوەکانی ئەوکاتی کوردستان خوێندوویەتی، وەک: مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجیی و مەلا عەبدوڵڵای خەرپانیی و ئیبنوئادەم لە ناوچەی باڵەکایەتیی و شێخ محەمەد قەسیمی سنەیی، خوێندنی لای ئەو مامۆستا گەورانە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەسایەتی و پێگەیشتنی مەولانا.

لە ڕۆژگاری دەرکەوتنی مەولانادا باردۆخی سیاسی کوردستان بەگشتیی و ناوچەی سلێمانی و شارەزوور بەتایبەتی لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووە، هەموو ئەوانەش بەهۆی هێرش و پەلاماری ڕۆم و عەجەم لەلایەک و شەڕی ناوخۆی میرەکانی بابان لەلایەکی ترەوە بووە، لەو بارودۆخە قەیراناوییەدا دەسەڵاتی ئایینیی و تەریقەتی قادری توانای ئەوەیان نابێت کاریگەری لەسەر چاککردنی ئەو دۆخە هەبێت و هەوڵی چاکسازی بدەن، هەربۆیە مەولانا دەکەوێتە هەوڵی چاکسازیی و بەدوای ڕێگەچارە و دەرچەیەکی تردا دەگەڕێت، بۆ ئەو مەبەستەش کاتێک لە ساڵی (١٨٠٥) سەفەری حەج دەکات لە شام هەواڵی تەریقەتی نەقشبەندیی و شێخ عوبەیدوڵڵای دیهلەوی دەبیستێت، مەولانا لە دوای سۆراخی ئەو تەریقەتە دەکەوێتە خولیای ئەوەی سەفەری هیندستان بکات و تەریقەتی نوێ وەربگرێت، چونکە ئەو تەریقەتە بۆ ئەوکات و سەردەمەی کوردستان وەک هەنگاوێکی چاکسازی سەیری کردووە(١).

بێگومان لەناو ژینگەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارەی کوردستاندا کە نەخوێندەواریی و نەزانی باڵی بەسەردا کێشاوە ئاسان نەبووە هەوڵی گۆڕان و چاکسازی بدرێت، هەربۆیە هەوڵەکانی مەولاناش ڕێگر و بەربەستی زۆری بۆ دروستبووە، هەتا گەیشتووەتە ئەوەی مەولانا ناچاری کۆچکردن بووەتەوە و نیشتمانی بەجێهێشتووە، لە سەرەکیترین بەربەستەکانی بەردەم پرۆژە چاکسازییەکەی مەولانا:

یەکەم: بوونی تەریقەتی قادریی و شێخانی بەرزنجەیی خاوەن دەسەڵاتی ئایینی بووە لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەریدا، شێخانی بەرزنجە لەو ڕۆژگارەدا پێگەیان بەهێز بووە و هەردوو دەسەڵاتی ئایینیی و تەریقەتی قادری بەدەست ئەوانەوە بووە، لەهەمانکاتدا لەلایەن میرەکانی بابانەوە پشتگیریی و هاوکاری کراون، هەروەها لە ناوچەی هەولێر و ڕەواندز بنەماڵەی حەیدەری خاوەنی دەسەڵاتی ئایینی بوون، ئەمەش وایکردووە زەمینەی دەرکەوتنی هەژمونێکی تری ئایینی لە کوردستاندا بە ئاسانی جێگەی نەبێتەوە، مەولانا

خۆشی باش هەستی بەوە کردووە، هەربۆیە کاتێک شێخ عوبەیدوڵڵای دیهلەوی ئیجازەی پێدەدات و دەڵێت برۆرەوە لە کوردستان ئیرشاد بکە، مەولانا دەڵێت: چۆن لە کوردستان ئیرشاد بکەم کە هەردوو بنەماڵەی (بەرزنجەیی و حەیدەری) لە گۆڕەپانەکەدان، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا دەڵێت برۆ کاری خۆت بکە(٢).

**دووەم**: دەوڵەتی عوسمانی، عوسمانییەکان زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەی سلێمانیی و شارەزووردا کردووە، لەبەرئەوەی کەوتبووە سەر سنووری هەردوو دەوڵەتی ڕۆم و عەجەمەوە، عوسمانییەکان هەموو کات ترسی پەلاماری ئێرانییەکانیان بۆ سەر کوردستان و گۆڕانی هەڵوێستی کورد و لایەنگیریان بۆ ئێرانییەکانی هەبووە، هەروەک چەند جارێک ئەو هەڵوێستە ڕوویداوە لەلایەن میرەکانی بابانەوە، بۆیە کاتێک تەریقەتی نەقشبەندی و کەسایەتیەکی وەک مەولانا خالید دەردەکەون و لەماوەیەکی پێوانەیی کورتدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری تەریقەتەکەی کۆدەبێتەوە، هەموو ئەمانە ترس لای عوسمانییەکان دروست دەکات و هەوڵی کپکردنەوەی دەدەن، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێکی پەیوەندی لە نێوان بابی عالی و والی بەغدادا کراوە، بابانەکانیش بۆئەوەی لەلایەن ئەستەمبوڵەوە کێشەیان بۆ دروست نەبێت پشتگیرییان لە مەولانا خالید نەکردووە(٣).

**سێیەم**: بەربڵاوی نەخوێندەواریی و دواکەوتوویی: لەو ڕۆژگارەدا نەخوێندەواریی و دواکەوتوویی باڵی بەسەر کۆی گشتی کورستاندا کێشابوو، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو شەڕ و نائارامییە سیاسییەوە خەڵکی لە دۆخێکی خراپدا بوون، بێگومان گۆڕان و چاکسازی لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووری لەو جۆرەدا و لەناو کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دواکەوتووی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی کوردستاندا کارێکی زۆر زەحمەت بووە و کات و توانا و زەمینەسازی زۆری پێویست بووە(٤).

### چاکسازی و کاریگەرییەکانی مەولانا خالید لە کوردستاندا:

مەولانا خالید و بانگەوازەکەی لە هەموو ڕووەکانی سیاسیی و ئاینیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەوە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کۆمەڵی کوردەواری، بەڵکو لە ڕۆژگاری خۆیدا گۆڕانێکی گەورە و بابەتی لەناو کوردستان و دەورووبەریدا کردووە، ئەو گۆڕانکارییانە هێندە دەنگدانەوەیان هەبووە لەلایەن بەغدا و ئەستەمبوڵ و تارانەوە حسابی بۆ کراوە، لە گرنگترین ئەو گۆڕانانە:

**یەکەم**/ چاکسازی سیاسی: مەولانا خالید لەکاتێکدا بانگەوازی چاکسازی دەکات بارودۆخی کوردستان لە هەموو ڕووەکانی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە لە دۆخێکی خراپدا بووە، لە ڕووی سیاسییەوە بەهۆی ململانێی میرە کوردەکان لەلایەک و پەلامار و هێرشی ڕۆم و عەجەم لەلایەکی ترەوە بەتەواوی خەڵکی کوردستان ماندوو ببوون بەدەست ئەو نا ئارامیی و شەڕ و پەلامارە بەردەوامانەوە، مەولانا هەوڵی ئاشتەوایی دەدات لە نێوان میرەکانی باباندا و پەیمانی ئەوەیان لێوەردەگرێت کە ئیتر دەستی سوپای ڕۆم و عەجەم نەگرن بۆ سەر وڵاتەکەیان و واز لە شەڕ و ململانێی یەکتری بهێنن، هەرچەندە ئەو میرانە پەیمان دەدەن بە مەولانا، بەڵام بەو پەیمانەوە پابەند نابن، هەربۆیە لە ڕۆژی ٢٠/١٠/١٨٢٠ز بۆ دواجار مەولانا بڕیاری کۆچکردن دەدات و بە یەکجاری کوردستان بەجێدەهێڵێت.

هەرچەندە مەولانا خالید بەشداری کاری سیاسی نەکردووە، بەڵام وەک شێخێکی تەریقەتی خاوەن پێگەی ئاینیی و کۆمەڵایەتی هەوڵی چاکسازی سیاسی داوەو خۆی دورەپەرێز نەکردووە لە کێشەکانی نەتەوەکەی(٥)، هەربۆیە لە دوای خۆی مورید و شوێنکەوتووانی کەسانێکی کەنارگیر و دوورەپەرێز نەبوون لە بەرامبەر کێشەکانی میللەتەکەیاندا، بەڵکو خودی خۆیان بەشداری کاری سیاسییان کردووە،

بنەماڵەی شێخانی نەهریی و قازی محەمەد و شێخ سەعیدی پیران و شێخانی بارزان لەو نمونانەن(٦). لە دوای بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا وەلائی تاکی کورد لە بازنەی خێڵەوە دەگۆڕێت بۆ سنورێکی فراوانتر کە ئەویش بازنەی تەریقەت بووە(٧).

**دووەم**/ گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردی: هەتا بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا، تەنها شیعر بە زمانی کوردی نوسراوە، هەرچی پەخشانە بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی نوسراوە، مەولانا بۆ یەکەمجار پەخشان بە زمانی کوردی دەنووسێت، نووسینی (عەقیدەنامەی کوردی) بە زمانی کوردی گۆڕانێکی گەورەی لە بزاڤی رۆشنبیریی و زمانی کوردیدا بەرپا کرد، لە دوای ئەو هەوڵەی مەولانا ئیتر نووسینی پەخشان بە زمانی کوردی گەشە دەکات، لە ڕووی بزاڤی شیعریشەوە ئەدەبی کوردی گەشەی زۆر دەکات، دەرکەوتنی سێکوچکەی بابان (نالی، کوردی، سالم) هەرسێکیان لە مورید و شوێنکەوتووانی نەقشبەندی لە خۆڕا نیە، بەڵکو هەمووی بەکاریگەری مەولانا بووە، ڕاستە میرەکانی بابان لە سلێمانیدا پاڵپشتێکی گەورەی زمان و فەرهەنگی کوردی بوون، بەڵام کاریگەری مەولانا زۆر زیاتر بووە و لە دوای هەوڵەکانی مەولانا بۆ یەکەمجار  شێوەزاری سلێمانی دەبێتە زمانی ئەدەبی کوردیی و شێوەزاری گۆرانی کە سەدان ساڵ بوو زمانی شیعری کوردی بوو پاشەکشە دەکات(٨). ئەگەر تەنها بە هاوکاری میرەکانی بابان بوایە ئەو گۆڕانە، ئەی بۆچی لە میرایەتی سۆراندا ئەو بزوتنەوە شیعریی و ئەدەبیە دروست نەبووە؟ خۆ میرەکانی سۆرانیش پشتگیری ناوەندەکانی خوێندن و رۆشنبیرییان کردووە(٩).

لەو هەنگاوەیدا وەک یەکەم کەسێک لە بواری پەخشان نووسینی کوردیدا دەبێتە پێشەنگ، مەولانا خالید یەکەم کەسە بە زمانی کوردی پەخشان دەنووسێت و چەمکێکی گرنگی ئاینداریی و لایەنی فیکریی و ڕۆحی کورد بەشێوەی پەخشان دەخاتە بەردەم خوێنەوار و کۆی گشتی کۆمەڵگای کوردی، مەولانا لەو نوسینەیدا بۆ کات و سەردەمی خۆی هەنگاوێکی زۆر گرنگ و ناوازەی ناوە و ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە دەبێت زمانی ئاینداری تەنها یەک زمان بێت و کوردیش نابێت بە زمانی زگماکی خۆی فێری ئاینداری ببێت، لەو کورتە نوسینەدا مەولانا بە زمانێکی زۆر سادە باس لە بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات و ڕوکنەکانی ئیمان کە لە شەش ڕوکن پێکدێت زۆر بە زمانێکی سادە و بێ گەڕانەوە بۆ بابەتەکانی عیلمی کەلام و لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتی پیرۆزدا باس دەکات، بەشێوەیەکی وەها هەموو مسوڵمانێکی سادەی نەخوێندەواریش لێی تێدەگات و بەهرەمەند دەبێت(١٠).

**سێیەم**/ چاکسازی لە ڕەوشی ئاینییدا: یەکێک لە چاکسازییە سەرەکییەکانی مەولانا خالید چاکسازی بووە لە ڕەوشی ئاینی کوردستاندا، مەولانا لە هەرسێ ڕووی میتۆدی ئاین و تەریەقەت و زمانی ئایدنارییەوە چاکسازی کردووە، لە ڕووی میتۆدەوە مەولانا هەوڵی گەڕانەوەی داوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام، هەرچەندە لەناو ڕەوشی ئاینداری کوردستاندا گرنگی بە فەرموده و زانستەکانی نەدراوە، بەڵام مەولانا خالید زۆر گرنگیداوە بەو لایەنە و ئیجازەی گێرانەوەی فەرمودە و زانستەکانی لەلایەن زانا گەورەکانی شامەوە وەک (محمد الکزبری و مستەفا کوردی) پێدراوە(١١).

هەروەها لە ڕووی زمانی ئاینداریەوە کە لە ئاستێکی قورسدا بووە، زانستەکانی کەلام و فەلسەفە کە لە حوجرەکانی کوردستاندا خوێندراوە تەنها بۆ کەسانی بەتوانا بووە، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی نەخوێندەواری ئەو ڕۆژگارەی کوردستان هیچ سودێکیان لەو زانستانە وەرنەگرتووە، بۆ ئەو مەبەستە مەولانا خالید (عەقیدەنامە)ی کوردی

# مەولانا خالید یەکەم کەسە بە زمانی کوردی پەخشان دەنووسێت

دەنووسێت، عەقیدەنامەکەی مەولانا بە زمانی کوردییە و لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی زۆر سادە باسی بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی دەکات، باسکردنی باوەڕ بەوشێوەیە هەموو کەسێکی ئاسایی تێیدەگات، مەولانا زۆر باش ئەو ڕاستییەی زانیوە کە بابەتەکانی ئیمان بۆ هەموو تاکێکی مسوڵمانە نەک تەنها بۆ توێژی زانایان کە خۆیان بە زانستەکانی کەلامەوە سەرقاڵ کردبوو(١٢).

هەروەها لە ڕووی تەریقەت و تەسەوفەوە، ئەو تەریقەتانەی لە کوردستاندا بوون لە قەیراندا بوون و توانای وەڵامدانەوەی خواستەکانی تاکی کوردیان نەبوو، لەهەمانکاتدا ببوونە بەشێک لەو دەسەڵاتەی کە خەڵکی بەهۆی شەڕ و ململانێکانیان لەلایەک و، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو باج و سەرانەی سەپاندبوویان بەسەریاندا تەواو پرزەیان لێبڕابوو، بۆیە خەڵکی هیوایەکیان بەو تەریقەتانە نەمابوو، هەر ئەمەش وادەکات کاتێک مەولانا بەو تەریقەتە نوێیەوە دەگەڕێتەوە دەبێتە جێگەی هیوای خەڵکی و لە ماوەیەکی کورتدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆدەبنەوە(١٣).

**چوارەم/** گرنگیدان بە دین و ژین: مەولانا خالید هەردوو ئیجازەی (دین و دنیا)ی لە شێخ عوبەیدوڵڵای دیهلەوی وەرگرتووە، نەقشبەندی وەک تەریقەتێکی تەسەوفی تەنها گرنگی بەلایەنی عیرفانیی و ڕۆحی نادات و خۆی کەناگیر بکات لە خەمەکانی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی دنیا، بەڵکو لە یەک کاتدا ڕۆح و دین و ژینی خەڵکی ئاوەدان دەکاتەوە، مەولانا هەمیشە ئامۆژگاری شوێنکەوتووانی دەکرد لەناو خەڵکیدابن و ئاگاداری کێشە و ئازارەکانیان بن(١٤).

مەولانا خالید و تەریقەتەکەی بەرهەڵستکار لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەردەکەوێت بۆ بە گژاچوونەوەی ئەو ستەمانەی لە خەڵکی دەکرا، هەرئەوەش وادەکات خەڵکێکی زۆر لە توێژی بازاڕیی و کاسبکار لە شاری سلێمانیدا شوێنی بکەون، نەقشبەندی زیاتر وەک هێزێکی شاری دەردەکەوێت و دەیەوێت دژایەتی ستەم بکات، هەرئەوەشە مەولانا تووشی کۆچکردن دەکات ئەو نایەوێت شەرعیەت بدات بەو زۆر و ستەمەی لە خەڵک کراوە، لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە شامەوە ناردوویەتی بۆ موریدەکانی داوایان لێدەکات لە دەسەڵاتی ستەمکار و بازرگانی گەندەڵ نزیک نەبنەوە. هەروەها هەوڵە ئاشتیخوازەکانی مەولانا لەگەڵ میرەکانی باباندا و ناردنی نامە بۆ والی بەغداد هەتا لەگەڵ میرەکانی باباندا ئاشت بێتەوە، نمونەی گرنگیدانی مەولانا و تەریقەتەکەیەتی بەلایەنی دنیاداریی و خەمەکانی نیشتمانەکەی(١٥).

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا تەریقەتی تەسەوفی تەنها ڕێکخراو بووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە هەزاران مورید و مەنسوبی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و توانیویەتی ئاڕاستەیان بکات، بە زاراوەی ئەمڕۆ وەک ڕێکخراوێکی فشار بەکاریان بهێنێ بۆ ڕادەستکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، خانەقا شوێنی ئیرشادی شێخ و کۆبوونەوەی خەلیفە و موریدەکانی و سازکردنی ڕابیتە بووە، شێخ لەوێوە ڕابەری ڕێکخراوێکی فراوان و بەربڵاوی دەکرد، کە پێکهاتبوو لە سەدان خەلیفە و مورید و سۆفی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و

وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا، خانەقا بارەگای دینیی و دنیایی شێخ بوو لەوێوە دەتوانرا هەزاران کەس بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئاڕاستە بکرێن(١٦).

**پێنجەم**/ وەرنەگرتنی موڵک و سامان لە دەسەڵات:

لە ڕۆژگاری مەولانادا دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەوڵی زۆر دەدەن بۆ نزیکردنەوەی پیاوانی ئاینیی و کۆمەڵایەتی خاوەن نفوز لە خۆیان، هەتا لە ڕێگەی ئەوانەوە وەلائی کۆی گشتی خەڵکی دەستەبەر بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش موڵک و زەویی و دێهاتی زۆریان لەسەر تاپۆ دەکەن، هەتا ئێستاش زاراوەی (تاپۆی ڕەشی عوسمانی) لەناو کورددا باوە، ئەو هەنگاوەی عوسمانییەکان کاریگەری زۆری دەبێت لە گەشەکردنی سستمی دەرەبەگایەتی لەناو کورددا.

مەولانا خالید وەک شێخێکی تەریقەتی خاوەن نفوز ئەوە قبوڵ ناکات و هیچ موڵک و سامانێک لە دەسەڵات وەرناگرێت و ڕازای نابێت شوێنکەوتووانیشی ئەو کارە بکەن، مەولانا لە نامەیەکیدا کە لە شامەوە ناردوویەتی بۆ موریدەکانی دەڵێت: (پشت هەڵکەن لە هەموو کردەوەیەکی نەفامی بێ بنەما، هەروەها مەغرور مەبن بە تواناتان لە تەسەوفدا، تێکەڵاوی کەسانی هەلپەرست مەکەن، ئەوانەی داواتان لێ دەکەن لای دەسەڵاتداران کاریان بۆ بکەن.. هەوەها تێکەڵاوی پاشا و ئاغا و دەسەڵاتداران مەکەن، چونکە توانای ئێوە لەو ئاستەدا نیە ئەوان ئیسڵاح بکات.. هەروەها لە ئەمڕۆ بەدواوە هیچ کەس لەوانە و دەست و پێوەندەکانیان مەخنە ناو تەریقەتەوە، هەروەها ئەو بازرگانانەش لەناو ئارەزوبازیدا نوقبوون، ئەو زانا و خوێندەوانەش کە زانستەکەیان کردووە بەهۆی بەدەستهێنانی پۆست و کۆکردنەوەی پارە، ئەو تەمەڵانەش کارێک ناکەن و بوون بە بار بەسەر خەڵکییەوە بە ناوی ئاینەوە، هیچ یەکێک لەو توێژانە مەخەنە ناو تەریقەتەوە)(١٧).

ئەمە چەند بڕگەیەکی نامەیەکی مەولانایە کە هەڵوێستی خۆی و تەریقەتەکەی ڕوون دەکاتەوە لەبارەی دەسەڵات و خۆدەوڵەمەند کردن بەسەر خەڵکی ڕەش و ڕووتەوە بەناوی ئاینەوە، ئەم هەڵوێستانەی مەولانا بۆ ڕۆژگاری خۆیان شۆڕشێکی گەورە بوون لە ڕەوشی ئاینداری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا.

کۆتایی: مەولانا خالید و تەریقەتەکەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو ڕووەکانی ئاینیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی ئاینییەوە مەولانا دەتوانێت ئەو دۆخە چەقبەستووە بشەڵەقێنێ و ڕەوشێکی ئاینی نوێ دروست بکات، مەولانا توانیویەتی ڕەوشی ئاینی لە پاشکۆییەوە تەوزیف بکات بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی، ئاین دەکاتە فاکتەری چاکسازی سیاسیی و هەوڵی فشار دروستکردن دەدات بۆئەوەی میرە کوردەکان بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆیان یاری بە چارەنوسی میللەت نەکەن.

لە ڕووی فەرهەنگییەوە ئایین و خوێندنگە ئاینییەکان ئاڕاستە دەکات کە بە زمانی کوردی بنوسن و هەوڵی خزمەتی زمان و کەلتووری خۆیان بدەن، ئەو هەوڵەی مەولانا ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی و نووسین بە زمانی کوردی، ئەو هەڵوێستەی مەولانا وادەکات لەناو ڕێبازی نەقشبەندیدا شاعیری گەورە دەربکەون و باس لە غەمی زمانی کوردی بکەن.

لە ڕووی ئاینییەوە مەولانا هەوڵی ئاسانکردنی زمانی ئاینیی داوە، لەهەمانکاتدا هەوڵی گۆڕینی میتۆدی خوێندنی ئاینیی داوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ئیسلام، لەهەمانکاتدا هەوڵی پاکردنەوەی ڕەوشی ئاینداری داوەو فەرمانی کردووە بە شوێنکەوتووانی بەناوی ئایینەوە نەبنە بار بەسەر خەڵکی هەژارەوە، بەڵکو فەرمانی کردووە هەموو کات موریدەکانی لەناو خەڵکیدابن و ئاگاداری خەم و ئازارەکانیان بن و لە چاسەری کێشەکانیاندا هاوکاریان بن و دەستباریان بدەن.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


– محمد اسعد صاحب، مكتوبات حضرة مولانا خالد المسمى بغية الواجد، اعتنى به محمد هادي الشمرخي المارديني، الطبعة الأولى ١٤٣٣هـ٢٠١٢م، مكتبة صيدا، دياربكر- تركيا، ص٣. المحامي عباس العزاوي، مولانا خالد النقشبندي، مجلة المجمع العلمي العراقي، الهيئة الكردية، العدد الأول، ١٩٧٣، ص٦٩٦ الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، الطبعة الأولى، مطبعة التمدن، بغداد، ص٣٨. و محمد أمين زكي بك، تاريخ السليمانية وأنحائها، ترجمة: محمد جميل الروزبياني، الطبعة الثانية ٢٠٠٢م، السليمانية، ص١٠٥ وما بعدها.

٢ ابراهيم فصيح الحيدرى، المجد التالد فى مناقب حضرت مولانا خالد، الطبعة لأولى ٢٠١٤م، المكتبة الهاشمية، اسطنبول، ص٥٥.

٣ المحامي عباس العزاوي، شهرزور– السليمانية اللواء والمدينة، مراجعة محمد علي القرداغي، الطبعة الاولى ١٤٢٠هـ ٢٠٠٠م، السالمي- بغداد، ص٣١٣. ڕەشاد میران، دکتۆر، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چ٢، بڵاوکراوەی سەنتەری برایەتی، ٢٠٠٠ز، کوردستان، ، ل٦٢.

– ٤ مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و.د.کوردۆ عەلی، چ١، حەمدی ٢٠١٠، سلێمانی، ب٢، ل ١٥٢ بەدواوە. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩ بەغدا ، ب١ل٤٥. د. هەڵکەوت حەکیم، ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی- خالیدی، ب٢، ل٥٢-٥٣.

–٥ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم، چ٢، ٢٠٠٥، سلێمانی، ل١٨٨-١٨٩.

– ٦ ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، ل٦١-٦٢.

–٧ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم، ل١٨٤. کلۆدیۆس جیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، و.محەمەد حەمەباقی، ب١، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٤-١٦.

–٨ مەولانا خالیدی نەقشبەندی، عەقیدەی کوردی، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٨، ١٩٨١، ل١٩٩ بە دواوە. هەروەها بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چ٢، ١٩٩٨، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ل١٤٤.

–٩ غسان نعسان، حوار مع البرفيسور مارتن فان بروينسن والبرفيسور ميخيل ليزنبرع والبرفيسور ميشائيل كيمبل، الموقع الالكتروني، http://www.pukmedia.com.

–١٠ مەولانا خالیدی نەقشبەندی، عەقیدەی کوردی، ١٩٨١، ل١٩٩ بە دواوە.

١١–مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب١، ل٦٨-٦٩.

–١٢ غسان نعسان، حوار مع البرفيسور مارتن فان بروينسن والبرفيسور ميخيل ليزنبرع والبرفيسور ميشائيل كيمبل، الموقع الالكتروني، http://www.pukmedia.com.

–١٣ الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، الطبعة الأولى ٢٠١٢م، دار الزمان، دمشق- سورية، مكتب التفسير- أربيل، ص ٤٥١. هەروەها بڕوانە: جەعفەر عەلی، دکتۆر، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چ١، ٢٠٠٤ چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ل١٥٣.

–١٤ نزار اباظة، الدكتور، الشيخ خالد النقشبندي العالم المجدد حياته وأهم مؤلفاته، الطبعة الألى ١٤١٤هـ١٩٩٩٤م، دار الفكر- دمشق، ص٥.

–١٥ ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، ل٦٠-٦٢. جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل ١٥٢-١٥٣.

–١٦ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم، چ١، ٢٠٠٥، سلێمانی، ل١٨٤.

–١٧ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب١، ل ٣٥٦-٣٥٨.

# مەحەببەت و جوانی

## میراتی سۆفییانەی عیشقی ئاسمانی



بۆ ناسینەوەی دیاردەکانی عیشقی ئاسمانی لەناو دەقی ئەدەبیدا، شارەزابوون لە ئەدگار و هێماکانی ئەم جۆرە عیشقە لەناو مێژووی سۆفیگەریدا، ڕێگا لە بەردەم خوێندنەوەی هێرمینۆتیکانە خۆشتر دەکات، تا بە زانیارییەوە وەرگر ڕەفتار لەگەڵ پارچەکانی ناو دەق بکات. یەکێك لەو بوارانەی ناو عیشقی خودایی، مێینەبوونی دەقە بەو ئاڕاستەیەی، کە وەرگر هەست بە ناسینەوەی جۆری عیشقەکە بکات. لەنێویشیدا خودی ڕەگەزی وشەکان لە ڕووی نێرینەیی و مێینەبوونەوە ئاسۆی بەردەم پێشبینییەکانی وەرگر دەگۆڕن، بەتایبەتیش ئەگەر ڕەگەزی وشەکان بۆ ڕەگ و ڕیشەیەکی سۆفییانە بگەڕێنەوە، کە بەهۆی ئەم پەردەپۆشییەوە تێگەیشتن لێی و کاردانەوەی وەرگر لە هەمبەریدا بەهۆی ئەو بنەمایەوە ڕەوتی تێگەیشتن زیاتر بەرەو خۆی کەمەندکێش دەکات.




**د.هێمن عومەر خۆشناو**

لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی چەند کتێبێکی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا چاپکردووە. چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

بەکارهێنانی تاکە وشەیەک بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو دەقدا، وەرگری شارەزا دەخاتە باری هەڵوەستە لەسەرکردن و گەڕان بە دوای سیاقی وشەی ناوبراو، ئەگەرچی هاوواتاشی بەرامبەر هەبێت، دەچێتەوە چوارچێوەی چۆنیەتی کارکردنی شاعیر لەسەر وشەکە و خوێندنەوە بۆ ئەو ڕەوتە فیکرییەی کە وشەکەی لەلا گرنگە و پێیەوە پەیوەستە. یەکێک لەو وشانە وشەی (مەحەببەت)ە، ئەم وشەیە لەناو شیعری سۆفییانەی کوردیدا، هێز و قورسایی لە وشەی خۆشەویستی زیاترە، کە هاوواتایەتی بە زمانی کوردی. بەکارهێنانی بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو شیعری مەحوی و شاعیرانی تر، وێڕای ئەوەی حسێبی لایەنی تەکنیکی و ڕەوانبێژی لەناو دەقدا بۆ کراوە، بەڵام زانیاری شاعیریشی تێدا دەردەکەوێت، کە ئەم وشەیە پێشتر لە میراتی شیعری سۆفییانەدا، لەناو هاوواتاکانیاندا زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە.

بەلای کەسێکی وەک (سوهرەوەردی)یەوە، عیشق لە مەحەببەت تایبەتیترە، چونکە هەموو عیشقێک مەحەببەتە، بەڵام هەموو مەحەببەتێک عیشق نییە، مەحەببەت لە مەعریفەت تایبەتترە، چونکە هەموو مەحەببەتێک مەعریفەی هەیە، بەڵام هەموو مەعریفەیەک مەحەببەتی نییە. یەکەمین پایە مەعریفەت و دووەمین مەحەببەت و سێیەمین عیشقە... ناتوانی بە جیهانی عیشقیش بگەیت، تا لە مەعریفەت و مەحەببەت نەگەیت(١). بۆیە ئەگەر شێوەی واتاکانی خۆشەویستی سۆفییانە (الحب الصوفی) لە میراتی سۆفییانەدا بپشکنین، ئەوا لە پێناسەکانی هەریەکە لە ناوداران و ڕابەرانی ئەو بوارە وەک (سری سەقەتی، جونەیدی بەغدادی، شبلی، حەللاج، سمنون المحب، حسین النوری، ئەبو یعقوب السوسی، ئیبراهیم الخواص.... بۆ خۆشەویستی سۆفییانە بڕوانین، ئەوا بە درێژایی چەندین سەدە لە دەربڕین و کتێبەکانیاندا، لە جیاتی وشەی (الحب) وشەی (المحبە)یان بەکارهێناوە، کە مەحببەت لە زمانی عارەبیدا وشەیەکی مێینەیە، ئەمەش لە وشەی (الحب) ڕەوانتر و ناسکترە و شکۆمەندی زیاتری پێوە دیارە، بەتایبەت کە ناوەڕۆکەکەش و بابەتەکەش تەنیا لەسەر خۆشەویستی خودایی بێت. حەللاج لە دیارترین ئەو کەسانەیە لە شیعر و پەخشانەکانی لەم ڕێرەوە لایداوە و وشەی (الحب)ی بەکارهێناوە(٢). مەحوی لە شیعرە کوردییەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە و دەرخەری ئەوەیە کە:

**أ/ پەیڕەوی میراتی سۆفییانەی کردووە ڕووەو تێگەیشتنی خۆشەویستی خودایی.**

ب/ مێینەبوونی دەق دەسەلمێنێت، وەک ئەو تێگەیشتنەی، کە وشەکە شکۆمەندی زیاتر لە خۆدا هەڵدەگرێت، ئەگەرنا خودی وشەکە هاوواتای دیکەی لە کوردیدا بەرامبەر هەن. دەتوانرا مادەم وشەی دانسقە و ڕەوانی تری کوردی لای شاعیر بەکارهاتوون، دەکرا ئەگەر لەبەر ڕەچاوی ئەم حاڵەتە نەبوایە وشەی تر بەکارهاتبان.

مەحوی دەڵێت:

**لەبەر باری مەحببەت ئاسمان و ئەرز ئەناڵێنن**
**چییە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارە گاپیرت**
**/ ٦٨**

**یان دەڵێت:**

**قوڕی بکەم بەسەرا یا بە دادڕینی بەرۆک**
**حەقی مەحەببەت ئەدا کەم، بەدەی خودایە دەست.**
**/ ٧٠**

مەحوی لە تەواوی دیوانەکەیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، کە ڕێژەیەکی بەرچاوە و سەلمێنەری ئەو بۆچونەی پێشوومانە بۆ ناسینەوەی ڕەگەزەکانی پێکهاتەی عیشقی خودایی لەناو دەقدا. کەچی لە تەواوی دیوانەکەی مەحویدا لەناو غەزەلەکانیدا وشەی (حب) هەر نابینرێت، تەنیا لە قەسیدەی (بەحری نور)دا بەدواییەکدا لە دوو دێردا، سێ جار ئەم وشەیە بەکارهاتووە، کە

خودی دوو دێرەکە لەچاو سیاقی ئەو دێرانەی وشەی (مەحببەت)یان تێدایە، زۆر سادە و ساکارن و نابنە بەربەست لە بەردەم تێگەیشتن و، پێویست بە خوێندنەوەی هێرمینۆتیکانە ناکات، چونکە لە مەسەلەی عیشقی خوداییدا، هەر زوو لە بەحری نووردا، وەک شیعرێکی ئاینی خۆی بەدەستەوە دەدا:

**لەتۆ حوببی خودا بۆ خۆم و بۆ ئەولاد و ئەحبابم**
**کە حوببی ماسیوا دەرکا لە دڵ وەک بت لە بتخانە**
**خودایا هەم لە تۆ حوببی ڕەسول و ئیتتیباعی ئەو**
**کە ئیکسیری مسی ماهییەتی مەغشوشی ئینسانە./**
**دیوانی مەحوی/ ٤٥٨**

### دەقی سۆفییانە لە جەمالی خوداییەوە بۆ جەمالی مرۆڤ:

مامەڵەکردنی وەرگر لەگەڵ هەندێ وشە لەناو دەقدا، ئەگەر بە تەنیا بە واتا فەرهەنگییەکە بێت، دەق شێوەیەکی چەقبەستوو نیشان دەدات و ناتوانێت هەڵگری کۆمەڵێک واتا بێت. شیعری سۆفییانەش سروشتەکەی وایە لە پشت هەر واتایەکەوە واتایەکی تر خۆی نیشان دەدات، بەڵام چێژی دەق ئەو کاتە پلەکەی بەرز دەبێتەوە، کە واتای دووەمی دەق واتایەکی زەمینی و دونیایی نەبێت و هۆشی مرۆڤ پەلکێش بکات بۆ جوانییەکی نەبینراو بە چاوی سەر، بەڵکو مەعنەوییەت و باتینییەتی ئەو کەسانەی لەناو ئەزموونەکەدان دەرک بە جوانییەکە بکەن و ئەو جوانییەش سەرچاوەکەی ئەو دیو سروشت و هۆشی مرۆڤ بێت.

بەدەر لە دەقی ئەدەبیش، خودی مرۆڤ وەک وەرگرێک لە هەمبەر جوانییەکانی دەوروبەردا، هەر لە زووەوە بۆتە جێگای سەرنج و ڕوانینی جیا جیا. لەو سۆنگەوەش فەیلەسوف و زانایان لە سەردەمی گریکەکانەوە لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستەیان کردووە، هەندێکیان جوانییان گەڕاندۆتەوە بۆ مەسەلەی سوود و، هەندێکیان بۆ شکۆمەندی، بە لای هەندێکیشیانەوە جوانی لە عەقڵدا جێگیرە و ناکرێت زیاتر بکرێت یاخود هەموو جوانییەک سەرچاوەکەی تاکە جوانییەکە. یەکێکی وەک ئەفلاتونیش سەرچاوەی جوانیەکانی بۆ خودا گەڕاندەوە بەوەی هەموو وێنەیەکی هەستی تیشکدانەوەی جوانی خوداییە(٣).

ئەو وشانەی کە لەناو دەقدا دەلالەتی جوانی دەگەیەنن، وێڕای ئەوەی ئەگەر خوێنەرەکە شارەزای بنەما و بنچینەی وشەکەش نەبێت، جۆرێک لە ئیستێتیک بەدەق دەبەخشێت و لەناو وەرگرتنی ئەو جوانییەدا چێژ خۆی بەرجەستە دەکات. (جەمال) کە خەسڵەت یان بەشێکە لە ڕۆنانی نەوەد و نۆ ناوەکانی خوای گەورە و واتای جوانی دەگەیەنێت، بەڵام مەزراندنی بۆ ناو دەقی ئەدەبی سۆفییانە و پراکتیککردنی بنەمای وەرگرتنی، بەشێک لە تروسکایی جوانی خوداییە بۆ مرۆڤ. بەواتایەکی تر، گواستنەوەی پشکی جوانی ئاسمانییە بۆ جوانی سەر زەوی، ئەمە ئەگەر لە شیعری عەرەبیدا ئیشکالییەتی زۆر دروست نەکات، بەڵام لە شیعری کوریدا لە چۆنیەتی پاچڤەکردنی وشەکە بۆ سەر زمانی کوردی جۆرە ئیشکالییەتێک دەخاتەوە، چونکە لە هەندێک کاتدا پاچڤەکردن کۆمەڵێک سیمای دەلالی لە دەست دەدات، کە پێشتر لە زمانی یەکەمدا هەڵگریان بوو.

لە پاچڤەکردندا ئەگەر بە ڕێگایەکی تازە وشەکە داڕێژرایەوە، ئەوا وادەکات بەپێی بیروڕای (گادامیر) هەموو وەرگێڕانێک هێرمینۆتیک بێت(٤)، چونکە بەشێک لە واتای زمانی یەکەم لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام بە گوێرەی بنیاد و پێکهاتەی زمانی دووەم، هەندێک واتا لە خۆیدا زیاد دەکات و دەربڕینێکی تر دەهێنێتە کایەوە، کە کردەی تێگەیشتن هەمان کردەی تێگەیشتنی یەکەم نابێت و بەپێی وەرگرەکانی زمانی دووەم چێژ و ئیستێتیک بەرجەستە دەکات. دەستبردنیش بۆ ناوەکانی خودا و مەزراندنیان بۆ ناو دەق، هەموویان لە یەک

**بەلای کەسێکی وەك (سوهرەوەردی)یەوە، عیشق لە مەحەببەت تایبەتیترە، چونکە هەموو عیشقێك مەحەببەتە، بەڵام هەموو مەحەببەتێك عیشق نییە**

ئاستدا ئەو قورساییەیان نییە و کردەی تێگەیشتن لە هەموویاندا وەک یەک نییە، بەڵام ئەوانەی کە پێشتر لەناو تیۆرەکانی سۆفیگەریدا مەدلوولێکیان جێگیر کردووە، بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕێچکەیە کەم تا زۆر دەمێنێت. گرنگ ئەوەیە شاعیر بە هۆشیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و ئامانجێکی لە پشت بەکارهێنانیدا هەیە، کە پەیوەستکردنی واتا زەمینییەکانە بەواتا ئاسمانییەکان و سازاندنی وێنەیەکی بەهێزە بۆ دەقەکە و بەرز کردنەوەی پلەی شیعرییەتە تێیدا.

ئەگەر لە ڕوانگە سۆفیگەرییەکەوە لە (جەمال) بڕوانین، بەوەی ئەگەر یەکێک لە ئامانجەکانی ڕەوتی تەسەووف گەیشتن بێت بە حەقیقەت، ئەو حەقیقەتەی کە ئەوان لە باتینەوە بۆی دەچن و بە گەیشتن بە نوور دەگەنە مەبەست. لەڕاستیدا لەناو خودی حەقیقەت و ڕۆشنایشدا جوانی هەیە، ڕوانینی خودی مرۆڤەکان بۆ جوانییەک، کە ئاسان دەستناکەوێت و یەکێکیشە لە پایەکانی تەسەووف، پێویستە ڕێ و شوێنی پێویستی بۆ بگیرێتەبەر. بۆیە بەرلەوەی جۆرەکانی (جەمال) لەناو مێژووی سۆفیگەریدا دەستنیشان بکەین، وەک هەڵوەستەیەک لەسەر مێژووی جوانیناسی، ئەوا دەبێت نکۆڵی لەوە نەکەین لەناو وردەکاریی جوانیدا، کە چاو وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆڵی بینینی جوانییەکە دەبینێت لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. هەبوونی ئەم جیاوازییە ئەگەر لە بیروڕا گشتییەکانیش بێت، لەناو کایەکانی ژیاندا، ئەوا لە بابەت پرسی جوانیدا خاڵی هاوبەش زۆرە، لەبەرئەوەشە جوان و جوانتر و جوانترین هەمیشە لە مەعریفەی مرۆڤایەتیدا حزووری هەیە.

ئەگەر لای گریکەکان و ئەفلۆتینیش سەرچاوەی جوانییەکان بۆ خودا بگەڕێندرێتەوە، ئەوا ئەم بیرە بۆ سەردەمانی دواتریش درێژدەبێتەوە، لەوەدا گرفتێکی گەورە نایەتەکایەوە. ئەوەی کە هەمیشە بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە پرسی هەڵتۆقینی سەرچاوەی جوانی بووە لەناو خودی ئادەمیزادەوە، چونکە لە زووەوە سۆفییەکانیش پشتگیری جوانییە خوداییەکەیان کرد و بە دنیا پەیوەستیان کردەوە، بەوەی (خودا جیهانی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە، کە خۆی جوانە و جیهانیشی هەمووی جوانە) (٥) و، ئەگەر لەناو چوارچێوەی جیهانیشدا، مرۆڤ بە نموونەی سەرەکی وەربگرین ئەوا دەگوترێت (خودا ئادەمی لەسەر وێنەی خۆی خەلق کردووە)(٦)، کە ئەمە ئەگەرچی دەچێتە ناو یەکێتیی جوانی (جەمال)و شهودیش(٧)، بەڵام ئەم پەیوەستبوونە بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبات، کە لە گوتاری ئیسلامیی و شەرعیدا جۆرە ترسێک لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا هەبووە، هەرئەمەش ڕێگای زیاتر لە بەردەم سۆفییەکان خۆشکرد، کە لەپێناو قسە لەسەر جەمالی خوداییدا، سنوور ببەزێنن و بواریان بۆ خۆش بێت، کە کەرەستەی ناپەسەند بەدیدی ئیسلامییەوە بۆ دەربڕینەکانیان

بەکاربێنن یان قسە لەسەر مەترسی و قەدەغە لەسەر کراوەکان بکەن.

ئەم دوو وشەیەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە سەرچاوەی جوانییەکان لە خوداوەند و پاشان بەشێکی بۆ جیهان و مرۆڤ گواستراوەتەوە. ئەمە لەو مێژووەدا نکۆڵی لێ نەکراوە، ترسەکەش دەگونجێت لەوەدا بووبێت، کە پیرۆزکردنی خودی مرۆڤ لە چوارچێوەی جوانییەکەیدا، لە بەهای جوانی خودا کەم دەکرێتەوە. هەر لەو ڕوانگەوەش فەیلەسوفە مسوڵمانەکەن وەک شێوەیەک لە ڕوانین بۆ جیهان، یان دەستخستنی جوانی، بایەخیان بە ڕوانینی جوانیناسانە نەداوە، بەڵکو وەک دەربڕینێکی جوانی بایەخیان بە هونەر داوە، لەمەشدا تیۆری لاسایکردنەوە و خەیاڵکردنی ئەفلاتون و ئەرستۆیان بەهەند وەرگرت. ئەم ڕوانینەش لە کاری فەیلەسوفانی وەک (فارابی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد) و هەتا سۆفییەکانیش بەرجەستە بوو بەدەر لە ئیبن عەرەبی، کە ئەو لاسایی ڕای جوانی (جەمال)ی ئەفلاتون و ئەفلۆتینی نەکردەوە، کە پەیوەست بوون بە شتە جوانەکان، کە هەست بۆ ڕۆح و بۆ جیهانی نموونەیی و دواتر جوانی ڕەها دەبات، ئەمەش تەنیا خودی خودایە، ئەی جوانی خودا چیە؟ بۆیە ئەو پەیوەستی کردووە بە شهود، کە هەر کەسێک جیهانی لەبەر جوانییەکەی خۆشویست، کەواتە خوداشی خۆش ویستووە(٨).

جیاوازییەکە لێرەدا لە نێوان خودا و جوانیی خودادا بوو، ڕەوتی سۆفیگەری دوای ئیبن عەرەبی زیاتر لەسەر سەرچاوەی جوانی خودا چڕبوونەوە نەک خودی خودا، بۆیەشە دواتر هەر خودی ئەم وشەیە واتای تری لەخۆدا هەڵگرت، کە لە واتا فەرهەنگییەکەدا خۆی دەترازێنێت و لەگەڵ ناوەکانی تری خودا خۆی تێکەڵ دەکات. جیاوازییەکی واتایی ئەوتۆ کە بواری لێکدانەوە (هێرمینۆتیک) لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و لە هەمبەر ئەدای جوانیی و ئیستێتیکای ئەدەبیاتدا، سۆفییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەدەبیات دەکەنە ئامرازی دەرخستنی جوانی خودایی. لەناو ئەم دەربڕینە ئەدەبییانەشدا بۆ وشەی (جەمال) دەستەوەستان نابنو لێکدانەوەی جیاواز نیشان دەدەن. ئەوەتا یەکێکی وەک شا نیعمەتوڵلا دەڵێت: (جەمال جوانی دەرکەوتن و تەجەللاکردنی حەقە بەرەو ڕووی حەق و بۆ حەق) (٩). ئەم پەردەپۆشکردنەی واتای ڕووکەشی، لە واقیعدا لای سۆفییەکان گرنگیدان بوو بە جوانی خودایی، هەر ئەمەش وای لێکردبوون تێبینیان لەسەر ئەدای پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ خودادا هەبێت و لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو پەیوەندییە برازێننەوە و جوانتری بکەن، ڕێژەی شەیدابووەکان و هۆگرانی جوانی خودایی زیاتر بکەن و بەدوای ئەو جوانییەدا بکەونە حاڵەتی ناوێزەبوون، لەناو کۆمەڵگەیەکی سەرلەبەری نائاشنا بەم جوانییە سەرچاوەییە، ئەوان لە بەرگێکی سادە و ساکار و خاکیدا لە باتیندا، بەرەو ئەم جوانیی و جەماڵە هەنگاو بنێن.

ئەگەر جوانییەکان بەپێی کەسەکانیش جیاواز بن، ئەوا خودی جوانییە، عیشق دروست دەکات. عیشق دەچێتە دڵەوە و جوانیش لە ڕێگای چاوەوە دەبینرێت، لێرەدا چاو ئامرازی گواستنەوەی عیشق و خۆشەویستییە لە دەرەوە بۆ ناو دڵ. کەواتە ئەگەر هەر جۆرە خۆشەویستییەک بە دونیایی و ئاسمانیشەوە هەبێت، ئەوا بەبێ بوونی جوانی تێیدا ناگاتە لوتکە، لەوەشدا لای سۆفییەکانیش بەشێک لە هۆکاری دروستبوونی مەحەبەت و عیشق بوون بە سەنتەری عیشق، لە (جەمال– جوانی) دایە، کە شاعیری سۆفی لە دەقی شیعریدا هەردوو چەمکی جوانی و عیشق بەیەکەوە گرێدەدات و دڵیش دەکاتەوە چەقی بەرهەمهێنان و مانەوەی عیشقەکە:

**بەو جەماڵە عیشق و بەو جاهە حەسەد**
**هەم دڵی من، هەم دڵی دوشمن کەباب / ٤٤**

له شیعری مەحویدا، سیاقی دەربڕینەکان وایە، جوانی– جەمال لەگەڵ عیشق بەیەکەوە گرێدەدرێن. واتە دەرووبەرە واتاییەکە دەبێت لە چوارچێوەی خۆشەویستیدا بخولێتەوە، کە باس لە جوانی– جەمال بکرێت. ئەمە ئەگەر بە تەنیا بێت و لە ڕووە ئاساییەکەی بێت، کە جوانی خودی مەعشووقەکانیش تریسکەی جوانی خودایان تێدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام پەیوەستکردنی جەمال بە خەسڵەتی تری نزیک لە خۆی و بەتایبەتیش وەرگرتنی هاوشێوەکانی خەسڵەت و سیفاتی ناوەکانی خودایی، مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات و سەلمێنەری ئەو بارەیە، کە شاعیر بە مەبەست و هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم چەمکانەدا کردووە، حاڵەتی دوێندراویش (المخاطب) هەمیشە بە جوانی پەیوەست کراوە. لە سێگۆشەی عاشق و مەعشووق و جەمالدا، عاشق چونکە هەڵوەدای گەیشتنە بە مەعشووق، مەعشووقیش لە سیفەتی جوانی سیخناخە، بۆیە کەسی عاشق، یان بکەرەکە، لە جوانی خاڵییە و بە ڕێگایەکی سەختدا گوزەر دەکات بۆئەوەی لە ئەنجامدا جوانی دەستکەوێت. جوانییەکەش لەناو باتینی مەعشووقدا خۆی حەشارداوە، لەبەرئەوە دەگونجێت مەحەببەت بۆ گەیشتن بە جەمالی ڕەها ئامراز بێت، بەوپێیەی دەستخستنی مەحەببەت لە دەستخستنی جوانی ئاسانترە. بەواتایەکی تر عاشق لە خۆشەویستی دەگلێ و پێیەوە دەتلێتەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە جوانی. هەربۆیەشە مەحوی بە ناچاری ڕێز لە مەحەببەت دەگرێت، ئەگەرچی ئێش و ئازاریشی زۆر بێت، چونکە دەسکەوتێکی دیکەی لە خۆیدا حەشارداوە، ئەویش گەیشتنە بە جەمالی ڕاستەقینە:

**لەسەرخۆ چوونە شەیدا بوونە، قورپێوانە، سوتانە**
**هەتا مردن مەحەببەت، ئێشی زۆرە ڕیزی لێ دەگرم / ٢١٩**

## سەرچاوە و پەراوێز

----------------------

١–سهروردی شیخ اشراق مدیحه سرای نور، نگارش عطاء الله تدین، چ٤، انتشارات تهران، ١٣٨٨، ص٣٢٢.

٢–الحب فی التصوف الاسلامی، ابن عربی نموذجا، یحیی الراضی، دار التکوین للترلیف والترجمه والنشر، دمشق، الطبعه الاولی، ٢٠٠٩، ص٧٢

٣–بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی چەمکی جوانی بگەڕێوە بۆ ئەم کتێبە: تاریخ الفکر الجمالی، د.محمود خضره، الطبعه الاولی، جامعه دمشق،١٩٩٩

٤–سیرورات الترویل من الهرموسیه الی السیمیائیات، سعید بنکراد، منشورات الاختلاف، الرباط، الطبعه الاولی،٢٠١٢ م، ص١٥٩.

٥–الفتوحات المکیه، ابن عربی، المجلد الثانی، ص ٢٣١، هەروەها موسوعه مصطلحات التصوف الاسلامی، د.رفیق العجم، مکتبه لبنان ناشرون، الطبعه الاولی، ١٩٩٩، ص٢٥٢.

٦–ئەبو عەلای عەفیفی دەڵێ: ئەم وتەیە سۆفییەکان بە حەدیسی پێغەمبەری دادەنێن و دەربڕینێکە لە تەوراتیش هاتووە. بروانه الحب فی التصوف الاسلامی، یحیی الراضی، ص٢٤٧، ئەویش لە کتێبی فصوص الحکم/٢ ص٨٦ی وەرگرتووە.

٧– یەکێتی شهود (وحده الشهود) لە بەئاگاهاتنەوەی نووستوو دەچێ لە خەونەکەی، کاتێک چەند ساتێکە خەوتووە، ئەمە حەقیقەتێکە، کە تەواو بەئاگادێتەوە، ئەوەی بینیویەتی هیچی لە واقیعدا نییە، بۆیە پەنا بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی دەبا، یان بۆ تەئویلەکەی، چونکە دەزانێ ئەو وێنانەی ئەو بینیویەتی تەنیا ڕەمزگەلێکن، ڕەمزەکانیش پێویستیان بە خوێندنەوە و تێگەیشتنە. (تأویل الشعر وفلسفته عند الصوفیه، ل٢٣٤)

٨–الحب فی التصوف الاسلامی، یحیی الراضی، ص ٢٤٦-٢٤٧.

٩–فرهنگ المصطلحات تعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی، چ٩، افست گلشن، ١٣٨٩ص٢٨٨.

# تەحسین حەمەغەریب:

## لە هەموو دینەکاندا کە تەسەوف دەبێتە قوتابخانە و جۆرێك لە سەربەخۆیی وەردەگرێت ماڵی خۆی جیا دەکاتەوە



ئامادەکردنی عومەر ڕەشید

## پێناسەیەکی قوڵ و هەمەلانە بۆ چەمکی تەسەوف یان سۆفیگەری چۆن ئەکەیت؟

ـ سەرەتا سوپاس، حەزەکە ئەوە بڵێم کە گۆڤاری خاڵم خۆشەوێ، بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت، دەمەوێ نەچمە بابەتی مێژووی تەسەوف و لە کۆندا چی دەربارەی تەسەوف وتراوە، چونکە هەرکام لەکایە مەعریفییەکان بەجیا مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە، تەنانەت هەر ئاینێک بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ کرووە، لەویش وردتر لە مەزهەبەکانیشدا مامەڵەی جیاوازی دەربارە کراوە، بەڵام بەپێی ئەو کەمە بەدواداچوونەی من کردوومە تەسەوف چۆنیەتییەکی تایبەتی دینداریيە، کەواتە ئەکرێ ستایلەکانی دینداری جیاوازبن، هەیە لە ڕووی ڕەفتاری ڕۆژانەوە دیندارە، هەیە لە ڕووی فیقهییەوە، واتا گرنگی بە ئەحکامە شەرعییەکان دەدات، یان فەلسەفەی ئیسلامیی و عەقیدەی ئیسلامیی و کەلامی ئیسلامی و ئەم بابەتانە.

تەسەوفیش جۆرێکی دینداریيە کە پشت بە بنەمایەکی سەرەکی دەبەستێت کە پێی دەوترێت ئەزمونی ڕۆحی (تجربە روحیە)، ئەگەر دەستەواژە دینییە ئیسلامییەکەی بۆ بەکاربێنین، تەجرەبەیەکی ئیمانی قوڵە، لێرەدا ئەوەندەی ئەزموونی بەندایەتی نێوانی بەندە و خالق سەنتەرە ئەوەندە مەعریفە سەنتەر نییە، ئەوەندەش ڕەفتاری دەرەکی وەک لە شەریعەتدا هەیە سەنتەر نییە، بە مانای ئەوەنا کە ئەو دووانە گرنگ نین، بەڵام سەنتەر لە سۆفیگەریدا لایەنە ڕوحییەکەیە، ئیتر ئەمە بەپێی بەدواداچوونی من کرۆکی تەسەوفە.

هەرئەمەشە سەید حەسەن نەسر ناوی ناوە دڵی ئیسلام، بێگومان هیچ دینێک لەمە خاڵی نییە، ئەگەر ئەم لایەنە لە دینەکان دەربکەیت کۆمەڵێک سرووتی ئاینی وشک و ڕەقوتەقی دەمێنێتەوە، تەسەوف قۆناغی جیاجیای هەیە، چونکە وەک وتمان ستایلێکی دینداریيە بۆ ژیان، ژیانیش یەک سات نییە، بەڵکو ساتەکانی جیاوازن، یان بڵێین ڕووگەیە، یان بە دەستەواژە قورئانییەکە وەجەهت و وەجهییەیەکە.

ئەم بابەتە لە تەسەوفی ئیسلامیدا قۆناغی جیاجیای هەبووە:

یەکەم: قۆناغی پری تەسەوف (پێش تەسەوف).

دووەم: تەسەوفی سەرەتایی.

سێیەم: قۆناغی دارمانی تەسەوف (انحطاط).

باسکردنی ئەم قۆناغانە، یارمەتیدەری ئێمەن بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

قۆناغی پری تەسەوف: قۆناغێکە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کە سەدەی یەکەم و دووەمی ئیسلام دەگرێتەوە، ئەوکاتە بووە کە شارستانییەت خۆی بۆخۆی ڕەق نەبووە، بوارەکانی تریش وەک پسپۆڕی جیا نەبوونەتەوە، لەو سەردەمەدا کتێبی عەقیدە و فیقهـ و ئەو بابەتانەمان بەجیا نییە، لەو دوو سەدەیەدا مسوڵمانان مامەڵەیەکی زیندوویان لەگەڵ خوا و دیندا کردووە، بەڵکو مامەڵەیەکی خزوریانەی ئیمانیانەیە، لەو زەمەنەدا کەسێک نەبووە بەتایبەت پێی بوترێت سۆفی وەک ئێستا دەوترێت، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا سۆفی بووە، هەموو کۆمەڵگا تەجربەی ئیمانیی و ڕۆحی هەیە.

کاتێک سەدەی یەکەم و دووەم تێدەپەڕێنین، سەردەمی نووسینەوە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا دەستپێدەکات، واتا ئیسلام دەچێتە ناو کۆمەڵگاکان لە تەواوی بوارەکاندا، خەریکی ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێت کە فەتح دەکرێن، ئالێرەدا فیقهی ئیسلامی دەردەکەوێت، هەرلێرەشدایە کەلامی ئیسلامی دەگاتە لوتکەی خۆی و سۆفییە سەرەتاییەکان دەردەکەون، لە شێخ حەسەنی بەسرییەوە دەستپێدەکات، تا ڕابیعەی عەدەویی و جونەیدی بەغدادیی و شەفیقی کەرخی، ئەتوانین بڵێین ئەو ڕەقیەی لە سەردەمی دووەمدا دەردەکەوێت هێشتا بەوشێوەیە بوونی نییە، ئەتوانین بڵێین جوانترین تەسەوف و گونجاوترینی

لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا هی ئەوکاتەیە، ئەم سەرەتایە لە بەغدادەوە سەرهەڵئەدات، پاشان ئەگوازرێتەوە بۆ خۆراسان.

لە خۆراسانیش کۆمەڵێکی وەک شێخ سەعید ئەبولخەیر و کەسانی تر پەیدا دەبن، کەوا دەکەن جیهانی ڕۆحیەتی ئیسلامیی دەرکەوێت، کاننونێکە تەسەوفیانە و عیرفانیانەی وا دروست دەکەن، تا چوار پێنج سەدە بەردەوام دەبێت، سەرەتاکەی ئەم تەسەوفە خۆراسانیە بوون، کۆتاییکەی دەگاتە شاعیرە عیرفانییەکانی وەک جەلالەدینی ڕۆمیی و حافیزی شیرازیی و شێخی سەعدی، لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا پێی دەوترێت سەبکی عێراقی عەجەم، شاعیرەکانی خۆشمان هەر سەر بەو قوتابخانەیەن.

قۆناغی دواتر قۆناغی دەرکەوتنی تەریقەتەکانە، ئەوانیش ڕۆحیەتێکی مەعنەویانەیان تیادایە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە قۆناغی ڕەقبوونی تەسەوفە، ئەگەر بەشێوازە زانستییەکە بیڵێین، قۆناغی یەکەم، قۆناغی بەرهەمهێنەری تەسەوفە، قۆناغی دواتر قۆناغی بەروبوومی تەسەوفە، کە ئاشکرایە لە بەروبوومدا گەیی و نەگەییو هەیە، ڕزیو و پاک هەیە، لە کوردەواریشدا ئەو ڕەخنانەی لەناو شیعری کوردیدا لە وشکە سۆفی و زاهید و ئەو بابەتانە دەگیرێت هی قۆناغی دووەمن.

یەکێک لە تەسەوفناسەکان بۆچوونێکی جوانی هەیە، کە دەڵێت: کاتێک تەریقەتەکان ئەگیرسێن، ئەوکاتەیە کە قۆناغی سێیەم واتا قۆناغی داڕمانی تەسەوف دەستپێکردووە، هەتا لە کۆتاییدا دەبێتە دووکانداری، ئەمەش ناکرێت گشتگیر بکرێت، لێرەدا ڕۆحەکە ماوە، بەڵام بەکەمی، ئەوەشمان بیرنەچێت تەسەوف لە هەموو دینەکاندا هەیە، بەڵام بەشێوەی خۆی، پشتی بەو دینە بەستووە و مێژووەکەش هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەمە قۆناغەکانی تەسەوف بوون.

**ـ کەواتە جگە لە تەسەوفی ئیسلامیی، تەسەوفی تریش هەیە کەسەر بە دین و ئایدیایەکی تایبەت و جیاواز لە دینی ئیسلام بن، وەک ئۆشۆ کە خۆی بەنیمچە سۆفیەک دەزانێت؟**

ـ ئەبێ بپرسین هەموو گرووپەکان لە مێووی ئاینەکاندا کەی دروست دەبن؟ سەرەتا ئەزموون و فکرەیەکە کە کەسێک هەیەتی و دروست دەبێت، بەشێوەیەک لەناو دنیا نەریتییەکەدا جێی نابێتەوە، ئەبێ ماڵی خۆی جیاکاتەوە، هەرئەمەشە وا دەکات تەکیە و خانەقا دروستببێ، لەوکاتەدا ئەبینرێت دوو گرووپی تر لە لوتکەدان ئەوانیش یەکەمیان کەلامییەکانن و دووەمیشیان فەقیهەکانن، هەردووکیان ڕۆڵی گەورەیان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا هەبووە، دروستبوونی ئەمانە بەو واتایە دێت کە جێیان لە ماڵەکانی ئەواندا نابێتەوە، لە هەموو دینەکاندا کە تەسەوف دەبێتە قوتابخانە و جۆرێک لە سەربەخۆیی وەردەگرێت ماڵی خۆی جیا دەکاتەوە.

دەبێت ئەوە بڵێم کە هیچ دینێک بەبێ تەسەوف دین نییە، شتێکی تر هەیە لە دەرەوەی دینەکان، بەڵام ناتوانین بەوە بڵێین تەسەوف، بەڵکو مەعنەویەتە، مرۆڤ دروستکراوێکی خوای گەورەیە وای دروستکردووە کە بەبێ مەعنەویەت ناژی، لە پێش مۆدێرنەدا مرۆڤ ترسێکی زۆری هەبوو ئەویش ترس بوو لە دەرەوەی خۆی، وەک ترس لە جنۆکە و شەیتانەکان، خەڵکی ترسەکەی لە دەرەوەی خۆیەتی، کە چۆن ژیان دابین بکات، لەکاتێکدا هاتە شارەکان، یان ترسی لە تەکنەلۆجیای بۆ دروست بوو، لە قۆناغی دووەمدا لەکاتی لەخۆبایی بوونی مۆدێرنەدا ترسەکەی لە خۆیەتی خەو و پشودانی نییە، ئەمەش بۆتە وتارێکی فەلسەفی لە ڕۆژئاوا، پێی دەوترێت مەعنەویەت.

تەنانەت بێبڕواکانیش(ملحید) ئەم بڕوایەیان هەیە، ئەم مەعنەویەتە لە دەرەوەی دین بوونی هەیە، ئەمیش هەروەک تەسەوف وایە، بەڵام ڕیشەیەکی دینی نییە، ئەمە جیاکەرەوەیەکی گەورەی تەسەوف و مەعنەویەتە، بەڵام جیاوازی تریشیان هەیە،

# تەسەوف ئەزمونە، عەقڵ نییە تا مرۆڤ بتوانێت بەعەقڵ کەشفی بکات

هەردووکیان بەشوێن ئەزموندا دەگەڕێن، بەڵام لە تەسەوفدا کە ڕیشەیەکی دینی هەیە، پێش ئەوەی ئەم ئەزمونی لەگەڵ دەکات هەمیشە حزوری هەیە، مرۆڤی دیندار و عارف ئەوەی ڕێگای تەسەوفی گرتووە، ئەزانێت کە هەمیشە خوا هەیە، بەڵام خۆیان نین و کەمتەرخەمن، ئەمە گوناهەکانی کردووە بە پەردەیەک ناهێڵێت بگات بەخوا، ئەگەرنا هەمیشە خوا حزوری هەیە، بەڵام لە مەعنەویەتدا بەتایبەتی لە مەعنەویەتی مۆدێرنەدا ، حەسرەتی نەبوونی خوا هەیە، ئەمەش لە دوای نیچە پەیدابوو، حەسرەتەکەیان ئەوەیە کە خۆزگە خوا هەبوایە تا ئەو ئەزموونەیان بۆ دروستبوایە، ئیتر ئەو حەسرەتەیان ناوناوە مەعنەویەت.

ئەگەر ئەوە بەکاربێنین کە هەموو دینەکان عەهد یان پارادایمی خۆیان هەیە وەک عەهدی موسا عەهدی عیسا عەهدی پێغەمبەری خۆمان لە هەندێک لە دینەکاندا ئەم بابەتە بە قازانجی لایەنە ڕۆحییەکانە، بەڵام لە هەندێک لە دینەکانی تر بە قازانجی ئاکار و شەریعەتە، تۆ وەرە بەراوردێک بکە لە نێوان ئاینی یەهودیەت و مەسیحیەتدا، هەرچەند لە یەهودیەتیشدا سۆفی هەن و تەریقەتی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام ئەو عەشق و مەعنەویەتەی لە مەسیحیەتدا هەیە لە یەهودییەتدا بوونی نییە، لە یەهودییەتدا ئەوەندەی ڕووکەش سەنتەرە ئەوەندە ئەو قوڵیی ڕۆحیە سەنتەر نییە، هەربۆیە ئەوان مەسیحیەت بە ئینحیراف دادەنێن، گوایە وازیان لە شەریعەتی ڕووکەشگەرایی هێناوە، ئەگەر دیقەتی دینی ئیسلامیش بدەی، لە مەزهەبەکاندا تەنانەت لە ناوچەکانیشدا جیاوازی هەیە، من بڕوام وایە کانونی خۆرهەڵات ئیسلامی واتا وڵاتە ئیسلامییە عەرەبییەکان تا دەگاتە ئەندەلوس، کانونێکن زیاتر فیقهـ سەنتەر بووە واتا شەریعەت تیایدا سەنتەر بووە، ئەگەرچی بابەتی تەسەوف بوونی هەبووە وەک تەریقەتی شازلیی و قادریی و تەریقەتەکانی تری کە لە مەغریب و میسر و جەزائیر وڵاتەکانی تر بوونی هەبووە، ئەمەش بەپێچەوانەی کانونی خۆرئاواوە کە لە کوردستانی خۆمانەوە دەستپێدەکات تا هیندستان، ئالەم کانوونەدا بابەتە ڕۆحیی و عیرفانییەکان سەنتەر بووە، بۆیە دەبینی ئەو ئەدەبیات و ئەزمونە ڕۆحیانە زیاتر دەکەوێتە ئەم کانونانە، دەمەوێت ئەوە بڵێمەوە کە هیچ دینێک بەبێ ئەم بابەتە نییە.

**- ئایا جۆرێک لە خورافە بەناوی تەزکییەوە تێکەڵ بە تەسەوف نەکراوە؟ لەکاتێکدا ئەگەر لە دەلاقەی سەلەفییەتەوە بۆ تەسەوف بڕوانین، خۆیان گوتەنی یەک پارچە خورافیاتە.**

- ئەتوانرێت بە دوو شێواز باس لە خورافە بکرێت، لە فکری تازەدا باسی ئەفسانە (اسطورة) باسێکی سەنتەرییە، تەنانەت ئەم بابەتە بەشێکی گەورەی سەنتەری مۆدێرنەشە، ڕۆنالدباک باسی وێنەیەک دەکات کە تیایدا کەسێکی ڕەشپێست سەلام بۆ ئاڵای فەڕەنسا دەکات، ڕەشپێستێکە

ڕەگەزنامەی فەرەنسای وەرگرتووە، دەڵێت: ئەمە لە ڕووکەشدا تەنها وێنەیەکە، بەڵام وردتر سەیری بکەیت ئەفسانەیە، ئەفسانەکەش ئەوەیە کە گوایە فەرەنسا ئەوەندە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیە ڕەشپێستەکانیشی گرتۆتەوە.

دەتوانین بە جۆرێکی تریش بیخوێنینەوە، فەرەنسا ئەوەندە دیموکراسیی و هەمەجۆرە، تەنانەت ڕەشپێستەکانیش فەرەنسین، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەفسانە قۆناغێکی مێژوویی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەفسانە تا ئەفسانە جیاوازی هەیە، بمانەوێت یان نا ئەفسانە هەر دروست دەبێت، بۆیە دەبێت بەردەوام تازەگەریی (تجدید) دینی بکرێت، جا ئەو ئەفسانانە لەکوێ کە دەتوانرێت چاک و پاک بکرێتەوە و ئەو ئەفسانانە لەکوێ کە لە سەردەمی داڕمانی تەسەوفدا دەبێتە سەنتەر.

بە بۆچوونی من ئەفسانە سەنتەری دیاردەیەکی سەردەمی داڕمانی شارستانییەتی ئیسلامییە، واتا لەو سەردەمەدا داڕمانێک دروستبووە تەنانەت بە کەلام و فەلسەفەشەوە، پاشان ئەمە لە تەسەوف و سەلەفیەت و فیقهسەنتەریشدا دروست دەبێت، لەجیاتی ئەوەی ئەمە چاک بکرێت، بەپێچەوانەوە هەموو لەوی ترەوە وەریدەگرێت، ئەو شتەی کە عەقڵ و بە جوڵەی مسوڵمانان و بە فەقیهـ و سۆفیەکان پڕ نەکراوەتەوە، هەمیشە بەشتێکی ئامادەی بیرلێنەکراوە پڕ کراوەتەوە، بەمەش وتراوە خورافە.

ئەم بابەتسەنتەریی مولکی تەسەوف نییە لەڕاستیدا، هەرچەند پشکێکی گەورەی بەرکەوتووە، هۆکاری ئەم پشکە گەورەیەش ئەوەیە کە لێرەدا لەسەر بنەمای (هەرچی ئەویتر بڵێ ڕاستە) کار دەکرێت، لای ئەوان بابەتی شێخ و ئەو شتانە هەیە، چی ئەو بڵێ ئیتر پێویست نییە بیری لێبکرێتەوە، بەمەش لە تەسەوفدا باشتر خورافە دەردەکەوێت.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لە شوێنی تردا نییە، چونکە لە مەزهەبیشدا بەهەمانشێوەیە، دیقەتبدە شافیعی مەزهەبێک پێیوایە هەرچی شافیعی و لە مەدرەسەی شافیعیدا وترابێت هەرئەوەی قبوڵە، لەبەرئەوە بۆ ئێمەی مسوڵمان ئەفسانە بۆتە قۆناغێکی مێژوویی، هەر لەو قۆناغەشدا بووە کە تەریقەتەکان دەرکەوتوون، وەک وتم ئەمانە پشکیان بەرکەوتووە، نەک خۆیان داهێنەری خورافە بن.

**- لێرەدا لە نێوان سیاسەت و تەریقەتی تەسەوفدا جۆرێک تێکەڵی یان لەیەکچون نییە، بۆ نموونە هەردووکیان شوێنکەوتەی یەک کەسی دیاریکراون و بە پێشەوا یان مورشیدی خۆیانی دەزانن؟ ئەمە جگەلەوەی لە مێژووی ئیسلامیدا جاری وا هەبووە خودی مورشیدەکە کەسی یەکەمی دەستەیەک یان شۆڕشێکی سیاسیش بووە، ئەم تێکەڵی و لەیەک چوونە تا چەند دروستە؟**

- هەموو فەرهەنگێک، مەبەستم لە فەرهەنگ ئەو شتانەیە کە مرۆڤ دایهێناون و نابینرێن، چونکە فەرهەنگ واتای زۆری هەیە، جا فەرهەنگێکی مەعنەوی و عیرفانی قوڵ بێت یان فەرهەنگێکی ڕووکەشی بێت، ئەمە لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا دەرکەوێت ڕەنگ و بۆی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێت، بمانەوێ یان نا ئەم بابەتانە لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمانی قەبیلەگەرا دەبێت، ئەمەش عەیب نییە کە ئەم قسە دەڵێم، چونکە پێش سەردەمی مۆدێرنە کۆمەڵگەیەکی قەبیلەیی بووە، بەمشێوەیە قەبلەگەرایی لە هەموو ئیشەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لە کاروباری سیاسیدا، ئەوەی کە باس لە شورا و ئەهلی حەللو عەقد دەکرێت، ئەوە لەوکاتەدا سستەمێکی قەبیلەیی بووە و بەوجۆرە سیاسەت کراوە، بنەماکەیان وەرگرتووە ئیسلامیان بۆ زیاد کردووە، واتا ڕەقیەکانیان نەرمکردۆتەوە تا بگونجێت لەگەڵ ڕۆحیەتی ئیسلامدا.

تەریقەتە تەسەوفییەکانیش کە دروستبوون هەر لەسەر سستەمێکی قەبیلەیی دروستبوون، چونکە لە دوو سەردەمەکەی پێشوودا هەرگیز

مامۆستا کەسێکی دیاریکراو نەبووە، بەجۆرێک ئەوە شێخی من بێت و شوێن شێخی تر نەکەوم، ئەگەر وابێت سۆفیەکانی ئەو سەردەمانە سۆفی نەبوون، چونکە مامۆستای لەو شێوازەیان نەبووە، ئەوەش ڕاستە کە هەموو مرۆڤێکی دیندار بڕوای وایە دەبێت موقتەدایەکی هەبێت، مەرجیش نییە ئەو موقتەدایە لەبەردەستدا بێت، زۆرێک لە تەریقەتەکان گوایە لە ئەبوبەکر یان عەلی یان عوسمان وەرگرتووە، بۆ نموونە تەریقەتی قادری لە پێشەوا عەلیەوەیە، تەریقەتی نووربەخشی لە ڕێگا حەزرەتی ئەبوبەکرەوەیە، یان تەریقەتی ئووەیسیە هەبووە کە لە ئوەیسی قەرنییەوە هاتووە لەکاتێکدا پێغەمبەریشی نەبینیوە، ئەمە کامیان ڕاستەوخۆ ئەم هاوەڵانە مامۆستایان بوون؟ کەواتە مەرج نییە مامۆستا بەو شێوازە نەریتییە بێت واتا کەسێکی بەرجەستەی دیاریکراو هەبێت، ئەکرێت مامۆستاکە حزوریشی هەبێت، بەڵام بەتەنها ئەمە نییە.

نوورسی دەفەرموێت پێغەمبەر(د.خ) دوو جۆر سیفەتی هەیە، سیفەتێکی مەعنەوی و ڕۆحی، من بەو سیفاتانە خۆم لە ناخەوە پوختە دەکەم، سیفەتێکی دەرەکیش کە بەپێی ئەو سیفەتانە دەجولێمەوە، ئەمە وادەکات کە ئێمە چۆن لەکارەکانماندا پێغەمبەر سەنتەرمانە، بەهەمان شێوەش لەلایەنە ڕۆحیەکانیشدا هەر ئەو سەنتەرمانە، لەکاتێکدا کەسمان پێغەمبەرمان نەبینیوە، ئایا لە فەرمودەدا نەهاتووە کە پێغەمبەر ئێمەی بەبرای خۆی باسکردووە؟ دەمەوێت ئەوە بڵێم بەڵێ بێ پیر تەسەوف ناکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پیر کێیە؟ ئەوەیە کە وەک مردوو بچیتە بەردەستی و ئەویش وەک مردوشۆر هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکات؟ یاخود پیر ئەو کەسەیە ڕێنمونی بۆ تۆ ئەکات و بەو شتە مەعنەویانە ڕێ بەتۆ دەدات کە پوختە بیت و عروج بکەیت، بە بۆچوونی من ئەگەر سەیری تەواوی مێژووی تەسەوف بکەیت پیر ئەوەی دووەمیانە، واتا مەبەست مامۆستایەکی دیاریکراو نییە، کاتێ سەیری ئەوانە دەکەیت کە کەسێکی دیاریکراویان کردۆتە مورشیدی خۆیان شتی سەیریان لێدەبینی، جاری وایە خودی مامۆستا شایستەی ئەو شوێنە نییە، خۆی قوفڵ کردووە و بە هیچ شێوازێک بیر ناکاتەوە.

مارتی دیگس باشترین کتێبی لەسەر سۆفیەت نووسیوە، ئەبوبەکر سیراجەدین کە مسوڵمان بووە، باوەڕی وابووە کە کەسێ دەبێتە سۆفی دەبێت مامۆستای هەبێت، بەڵام مامۆستاکە جیاوازە، ئەوە نیە تەنها ڕاستەوخۆ بێت.

**- ئایا عەقڵ قوفڵکردن لای سەلەفیەتیش نییە، بەڵام بەشێوازێکی تر، بۆ نموونە لای سەلەفیەت عەقڵ ئەوەندە ئیشی هەیە تا دەقت پێدەناسێنێت، لای تەسەوفیش عەقڵ وابەستەی عەقڵی مامۆستایە و خۆی ئیشێکی وای نییە؟ ئەمە لەکاتێکدایە بەدرێژایی مێژوو ئەم دوو ڕەوتە دژبەیەک بوون، یان وەک دژبەیەک ناسراون؟**

- ئەم دوو قوتابخانەیە بەو شێوازەی باست کرد زۆر قوڵیەکی مێژوویی نییە، نە سۆفییەت بەو ڕەقیە و نە سەلەفیەت بەم تەرزەی ئێستا زۆر قوڵ نیە، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سەردەمەکانی پێشتر، ئەوەی ناوبراو بە سەلەفی سۆفیش بووە، ئیبنول قەیم چی بووە؟ (مدارج السالكين) سۆفیانەترین کتێبە، د. عەبدولدائیم کە کتێبەکەی کورت کردۆتەوە دەڵێت: لە ئەشعەریانەترین و ڕۆحانەترین حاڵەتی خۆیدا ئەم کتێبەی نووسیوە، ئەمە لەکاتێکدا کتێبەکەی ئیبنول قەیم خوێندنەوە یان جۆرێکی تر لە نووسینەوەی کتێبەکەی ئیمامی هەرەویە، کەناوی (منازل السائرين)ە، ئیمامی هەرەوی ئەو ئەبو عەبدوڵلای ئەنساریەیە کە قوتابخانەی تەسەوفی خۆراسانی دامەزراند، کە هەم فەرمودەناسێکی گەورە بووە، هەم سەد مەقامی ڕۆحیی و تەسەوفی لە قورئاندا دەرهێناوە، لە ڕووی ئەزموونە ڕۆحییەکەوە، کە ئەمە شتێکی زۆر نایابە و هەرئەمەش وای لە ئیبنول قەیم

# شەڕی نێوان سەلەفیەت و سۆفیەت جەنگی شوناسە، هەمیشەش کە بابەتی شوناس هاتە پێشەوە جەنگ دروست دەبێت.

کردووە چاوی لێبکات و دواتر قوتابخانەی ئیبنو تەیمییەش دەربکەوێت، ئەمە لەوکاتەدا بووە کە سەردەمی دارمان دەستی پێنەکردووە.

**- کەواتە ئیبنول قەیم هەم سۆفی بووە و هەم سەلەفی بووە؟**

- بەبۆچوونی من بەڵێ، چونکە ئەزمونی ڕۆحی هەبووە، ئەمە لەم سەردەمەشدا دووبارە بۆتەوە، من کەسانێک دەناسم لە ڕووی ئەزموونی ڕۆحییەوە سۆفی مەشرەبن، لە ڕووی ڕەفتاری دەرەکیانەوە سەلەفین.

دەمەوێت ئەوە بڵێم بەوشێوازەی لەسەرەوە باستکرد ئەم دوو قوتابخانەیە تەمەنی دوو سەدەیە، تۆ بگەڕێرەوە بۆ پێش ئەو دوو سەدەیە دەبینیت زۆربەی زۆری شوێنە پیرۆزەکانی مەککە خانەقابوون، ئەتوانین بڵێین لە چاکسازییەکانی خوالێخۆشبوو محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە دەستپێکرد، یان دواتر، چونکە بەڕاستی قوتابییەکانی لەسەر شێوازی ئەو نەڕۆیشتنەوە، بۆ نموونە یەکێک لەوانە شێخ وەلیوڵڵای دەهلەوی، کە قوتابییەکی گەورەی شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بووە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەم ڕۆحیانە سۆفیەکەی هەیە، هەم توندییەکی زۆری هەیە لە بابەتە فیقهییەکاندا، لە کتێبی (حجە اللە البالغە) دا باسی ئەوە دەکات، فیقهی ئیسلامی پێش ئەو بەرگێکی عەرەبیانەی هەیە، واتا داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکات، کەواتە هەم فەقیهێکی گەورە بووە، هەم ئەو حاڵەتە تەسەوفییەی لای مسوڵمانانی هیندستان باو بووە، لای ئەویش هەبووە.

بەکورتی لەم دووسەدەیەی ڕابردوودا، بەتایبەتی تر پاش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، هاتنی وڵاتە داگیرکەرەکان بۆ ئەم ناوچانە، ئەم بابەتە تاوی سەند، ئەمە سەردەمی تەواوی دارمانی شارستانییەتی ئیسلامی بوو، ئیتر هەموو گرووپ و دەستەکان چوون بەگژیەکدا.

**- لە مێژووی ئەم ڕەوتانەدا هەندێ جار تەکفیرکردن و کوشتنیش هەبووە، بەتایبەت لەسەر فکرەی وەحدەتولوجود ئەو بابەتانە، وەک مەسەلەی حەلاج، ئایا پێتوایە ئەمە لە بوونی دەسەڵاتدا درێژەی دەبێت؟**

- تەسەوفی وەحدەتولوجد لە عەمەلیدا کەمتر بوونی هەیە، سۆفیە عەمەلییەکان تەنانەت شاعیرەکانیشیان لە درێژەی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا، وەک نووسەرێک دەڵێت، لەسەدا نەوەد بەرەوسەریان سونی مەزهەب و ئەشعەری مەزهەب بوون، کێ لە جیهاندا لە مەولانا جەلالەدین بەناوبانگتر بێت؟ لەکاتێکدا ئەشعەری بووە.

دژایەتی تەریقەتەکەی مەولانا بۆ تەریقەتەکەی ئیبنوعەرەبی وەحدەتولوجود بەناوبانگە، تەنانەت ئیبن و عەرەبی سەردانی قۆنیە ناکات کە جەلالەدینی لێژیاوە هەتا نەمرێت، ئەوکاتە ئەچێتە سەرگۆڕەکەی، قسەیان بەیەکەوە نەکردووە، عیرفانی فەلسەفی کەمترین بوونی هەیە لەناو

تەسەوفدا، زۆربەی سۆفییە سونی مەزهەبەکان بڕوایان بەمرۆڤی کامڵ نییە، لێکۆڵینەوەیەکی هەیە کە باسی فەلسەفەی ئیسلامیانی سونی دەکەم، لەو فەلسەفەیەدا بڕوای بەوە هەیە کە مرۆڤ هەرگیز ناگاتە کەماڵ.

ئەوە تەسەوفی ئیبن عەرەبیە یان تەسەوفی نەزەرییە، ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەمەش بکرێت، ئەمە بەو سادەییە نییە کە سەلەفییەکان باسی لێوە دەکەن، چونکە ئەویش قوتابخانەیەکی گەورەیە، تۆ بڕوائەکەیت لەم کوردستانەی ئێمەدا سەردەمانێک هەبووە بۆ ماوەی سەد ساڵ لەوتاری هەینیدا نزای خێر بۆ ئیبن عەرەبی کراوە؟ چۆن ئێستا بۆ حەزرەتی ئەبوبەکر و حەسەن و حسێن و خەلیفە و هاوەڵان دەکرێت، ئەگەر ئەو کەسە ئەوەندە مونحەریف بووبێت چۆن یەک سەدە ئەم ئوممەتە نزای خێری بۆ دەکەن؟

لەبەرئەمانە وەحدەتولوجود و وەحدەتولشهود و ئەم بابەتانە تەفسیر و تەئویلی جیاوازی هەیە، هەم ئەمانە لای ئیبن عەرەبی بەجۆرێک بووە پاشان لای قوتابییەکانی وەک شەهرەزوری ئەوانە کە نوسیویانەتەوە بەجۆرێکی تر بووە، لەلایەکی ترەوە بەشێک لە شیعەکان کە خۆیان بە شوێنکەوتەی ئەو ڕێبازە دەزانن، هاتوون لادانیان لەم بابەتانەدا کردووە و بەشێوەک باسیان کردووە کە لەگەڵ مەزهەبەکەی خۆیاندا بیگونجێنن، لەڕاستیدا ئەمە لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەوێت هەروا بەو ئاسانییە نییە، ئیبن عەرەبیش پیاوێکی گەورە بووە، من بۆخۆم کۆمەڵێک کێشەی فکریم هەبووە، مەبەستم ئەزمونی تایبەتی خۆمە، دواجار چارەسەری ئەو کێشانەم لای ئیبن عەرەبی دۆزیوەتەوە.

بەکورتی لەبەرئەوەی قوتابخانەکان جیابوونەوە، شوناس بۆتە بنەما نەک مەعریفە، شوناسی گرووپەکەی من گرنگترە لەبەرئەوەی شوناسی تۆ لە من جیاوازترە، ئیتر تۆ حەق ئەڵێی یان ئەمە لای من بابەت نییە، گرنگ ئەوەیە ئێمە گرووپەکەمان لە یەک جیاوازە، ئیتر ناتوانم لەگەڵ تۆ هەڵکەم، شەڕی نێوان سەلەفیەت و سۆفیەت جەنگی شوناسە، هەمیشەش کە بابەتی شوناس هاتە پێشەوە جەنگ دروست دەبێت.

**- جۆرێک لە تەسەوفی تر هەیە، کە خۆیان بە هەڵگری هیچ دینێک نازانن، بەڵام خۆیان بۆ خۆیان بانگەشەی جۆرێک لە تەوق دەکەن، واتا ڕیشەی تەسەوفەکەیان ناگاتاوە هیچ دینێک، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەجۆرێک خۆیان بە عاریف و زاهید و سۆفی دەزانن، ئەمانە لەکوێی تەسەوف و سۆفیگەریدا جێی دەبێتەوە؟**

- تەسەوف بابەتێکی مرۆڤانەیە، بەتایبەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا مرۆڤ زۆر ماندوو تەنهایە، یەکێک لە سیفاتەکانی مۆدێرنە تەنهاییە یان تاکگەراییە، مرۆڤ بەجۆرێک تەنها دەبێتەوە هەست بە چۆڵی دەوروبەری دەکات، وەک کانت دەڵێ: کۆمەڵێک تەنهاین خراوینەتە پاڵ یەک، واتا لە ڕووی ڕۆحییەوە تەنیاین، ئەمرۆ مرۆڤەکان دەزانن شتێکیان کەمە، وەک ئەو مرۆڤەی کە دەزانێت نەخۆشە، بەڵام نازانێت چیەتی، هەرکەسێک شتێکی پێ بڵێ بڕوا دەکات، چونکە ئەزانێت کە نەخۆشییەکەی تێدایە، مرۆڤی ئەم سەردەمە لە هەموو سەردەمەکانی تر حەسرەتی نەبوونی خوای هەیە.

بێبڕواکان هەمیشە حەسرەتی ئەوەیان هەیە کە خۆزگە خوا هەبوایە، بەڵام ڕێی تێنابەن، ئیتر لێرەدا تەسەوف و عیرفانی درۆزنانە دروست دەبێت، لەوانەیە لە خودی خۆیدا ڕاستگۆبێت، بەڵام ڕێگاکە نادۆزێتەوە، جا ئەگەر ڕاستییەک لەم جۆرە تەسەوفەدا هەبێت ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دینەکان، یەکێکی وەک ئۆشۆ یان ئەوانەی لە بارەی دەروونناسیەوە ئیشیان کردووە وەک یۆنگی قوتابی فرۆید، باسی لاشعوری کۆمەڵی نەبینراو دەکات، ئەم دەروونناسانە داهێنانەکانیان ئاشکرا

کردووە و کێشە و نەخۆشییە دەروونییەکانیان پێ دۆزیونەتەوە، ڕیشەیەکی دینیان هەیە، وەک مەک تایم کە فەیلەسوفێکی بەناوبانگی ئەمریکییە، دەڵێت مارکسیەت هەر مەسیحیەتە بەڕەنگێکی تر، ئەو بەهەشتەی مەسیح باسی کردووە، مارکسیش هەرئەوەی وتووە، بەڵام بەشێوازێکی بەزەمین و بێ بڕوایی کراو، لەبەرئەوە ئەو مەعنەویەتەش هەر بابەتە دینییەکەیە، بەڵام بەشێواز و بەدیوێکی تر.

ئێستا زۆرێک لە کایە مرۆڤیی و عیرفانییەکان بوونەتە کاڵای بازرگانی، وەک یۆگا کە زۆرێک لە بازرگانە جیهانییەکان پێوەی سەرقاڵن بۆئەوەی بحەوێنەوە، پێیان دەوترێت ئاواو ئاوا بکەن، کۆمەڵێ شتی بازاڕییە، وەک ئەو کتێبانەی کە دەنووسرێن کە چۆن دەوڵەمەند دەبیت.

ئەم مەسەلەیە یەکێکە لە کاڵانی سەردەمی سەرمایەداری، سەرمایەداری کاڵاکانی خۆی دەفرۆشێ، یەکێک لەکاڵاکانی ئەم بابەتەیە، ئێستا تەریقەی مەولەوی لە بەردەمی مارکێتدا دەسوڕێتەوە، ئەمە بەسیکۆلاریزە کراوی ئەو دیوە ڕۆحیەیە، بەبازاڕی کردنیەتی، واتا دوکانداریی و پارە پەیداکردنە، باس لە ئەزمونە ڕۆحییەکانی وڵاتی چین دەکرێت، کە بەهیچ شێوازێک نهێنیەکانی خۆیان بە کەس ناڵێن، وەک لە مێژوودا باتنیەکان هەبوون وایان کردووە، چونکە ئەمان مامەڵەی پێوە دەکەن.

تۆ دیقەتی ئۆشۆ بدە، کاتێ دەچێتە ئەمریکا چۆن دەوڵەمەند دەبێت، لەکاتێکدا خۆی دژی دنیابوون و تەکنەلۆژیایە، خۆی دەبێتە کۆدی ئەو بابەتە، دەبێتە خاوەنی جوانترین ڤێللا و دوا مۆدێل ئۆتۆمبێل و ئافرەت و ئەو شتانە، ئەمە نەک هەرخۆی، بەڵکو قوتابییەکانیشی کە ناوچەیەک بۆخۆیان جیا دەکەنەوە.

بەبۆچوونی من ئەمە ئەزمونێکی قوڵ نییە، ئەزمونە قوڵەکە ئەوەیە کە لە ئاینەکانەوە هاتوون، چونکە تەسەوف ئەزمونە، عەقڵ نییە تا مرۆڤ بتوانێت بەعەقڵ کەشفی بکات، عەهدە، هایددەر قسەیەکی جوانی هەیە، ئەڵێ ئێمە لەگەڵ وجوددا عەهدێکی تایبەتمان هەیە، ئێمەش لە دینی خۆماندا و لە دینەکانی تریشدا عەهدێکمان لەگەڵ خوا هەیە، ئەمەیە پەیوەندی نێوان خالق و بەندە ئەمە بنەمای تەسەوفە، (الست بربکم) ئێمەش وتومانە (بلی) ئا لەوەوە هاتووە.

# پیرەمێرد و عیرفان[١]





عومەر ئیسماعیل ڕەحیم
لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.
ماستەر لە فیکری ئیسلامی
شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

**پێشەکی، عیرفان لە ئەدەبیاتی کوردیدا:**

عیرفان، یا سۆفیگەری ئەمڕۆ لە تەواوی جیهان وەک لقێکی مەعریفەی مرۆیی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە، بەتایبەتی ڕەهەندە تیۆرییەکەی، بەردەوامیش لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە، لە هەندێ لە کۆلیژ و زانکۆکانی جیهان بەشی تایبەتی بۆ کراوەتەوە، لە ناوەندە هزریی و ڕوناکبیرییەکان سیمینار و موحازەراتی تایبەتی لەبارەوە دەوترێتەوە، بێگومان بابەتی سۆفیگەری بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلامیش لای زۆربەی ئایینە ئاسمانیی و مرۆییەکان هەر بووە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام پێموایە ئەو بایەخەی ئێستا بە عیرفان و عارفە گەورە جیهانییەکان وەک جەلالەدینی ڕۆمی و مەولانا خالید و هی تریش، بێگومان ئەو بایەخە ئاماژەی ئەوەش ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو جەنگە کاولکارییانە و تەشەنەکردنە بێ سنوورەی توندوتیژیی و ڕۆچوونەی مرۆڤایەتی لە ژیانی ماددی، تینوێتی بۆ کایەی مەعنەویی و ڕۆحی زیادی کردووە.

لە ناوەندە هزریی و ڕوناکبیرییەکانی کوردیش ئەو بایەخە بە ئاشکرا بەدیدەکرێت، تەنانەت ئەو بایەخپێدانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ڕەنگیداوەتەوە، وەک نمونەیەکی نمایان لەوبارەوە لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی دووایی زیاد لە دە پەرتوک بە ڕۆمان و لێکۆڵینەوە لە نێوان نوسین و وەرگێڕان، تەنها لەسەر مەولانای ڕۆمی بڵاوکراونەتەوە(٢)، ئەوە جگە لەو بابەت و وتارانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبونەتەوە، هەرچەند ئەو بایەخە زیاتر بەدیوە تیۆرییەکەی عیرفانە وەک کایەیەکی مەعریفی مرۆیی، کەمتر لە بواری پراکتیکی و مومارەسەی کرداری کاری لەسەر کراوە، چونکە عیرفان پێچەوانەی هەموو کایەکانی تری مەعریفە بە پراکتیک و کردار دەستپێکرد و دواتر تەنزیری بۆ کراوە، عیرفان بەقەد ئەوە مومارەسەیە ئەوەندە نەزەریات نییە، تەنانەت هەندێک چەمک و دۆخی دەروونیی و ڕۆحی سۆفیی و عاریفەکان بە وشە گوزارشتی لێناکرێت، بۆیە ئاسان نییە بتوانرێت وێنای ئەو حاڵەتە بگوازرێتەوە بۆ کەسێک کە مومارەسەی عیرفانی نەکردبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام کە ئەو بایەخەی ئێستا بەو بوارە دەدرێت، لەباری ڕۆحیی و تێرکردنی کەسەکان لە ڕووی مەعنەویی و وەرگرتنی چێژی ڕۆحی بێ کاریگەر نابێت.

کوردستان مەڵبەندێکی گەورە و دیاری عیرفان بووە، وەک کاک ئەحمەدی موفتی زادە دەڵێت: (نیشتمان مەڵبەندی زانست و عیرفانە لادێ و شاری تۆ)، چەندین عارف و خواناسی گەورە و ڕابەری سۆفەگەری لێهەڵکەوتووە، دەیان و بگرە سەدان تەکیە و خانەقای هەبووە تێیدا ئیرشاد و ڕابەرایەتی سالک و ڕێبوارانی ڕێگەی خودای تێداکراوە، بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە جێنشین و خەلیفەی شێخی دەهلەوی بووە، خۆشی سنوری لۆکاڵیی و هەرێمی تێپەڕاندوو ڕەهەندی جیهانی وەرگرتبوو، دەیان شاعیری هەڵکەوتوو لە بواری هۆنراوەی عیرفانی ئەسپی خۆیان تاوداوە، یا دەتوانین بڵێین دەیان شاعیری عارف، یا عارفی شاعیر لەناو کورددا هەڵکەوتوون، بەمەش ئێمەی کورد بووین بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین نەتەوەکانی جیهان لە مەیدانی ئەدەبی عیرفانی، بابا تاهیر، نالی، مەحوی، مەولەوی و...هتد، سەدان قەسیدە و دەقی عیرفانیان خستۆتە سەر خەرمانی ئەدەبیاتی عیرفانی جیهانی، کە بێگومان ئەو دەقانە نەک هیچیان کەمتر نییە لە بەرهەمەکانی مەولانا و حافز و... بگرە باڵاتریشن، بەڵام داخەکەم ئەم نەتەوەی کوردە نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە بەد بەخت و بێکەسە بووە، بەڵکو لە هەموو بوارەکان بێکەس کەوتووین، ئەوەتا تائێستا چوار لاپەڕە لەو ئەدبیاتە عیرفانییە دەوڵەمەندەمان وەرنەگێردراوەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان وەک ئینگلیزیی و فەرەنسی، تەنانەت عەرەبیش.

یەکێک لەو شاعیرە گەورانەی بەشداری کارای بووە لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی عیرفانی پیرەمێردی فەیلەسوفە، کە چەندین دەقی ناسک و بەرز و جوانی بەرهەمهێناوە، کەچی تەنانەت پسپۆڕانی ئەو بوارەش وەک پێویست لێی ئاگادار نین، لێرەوە بەندە ئەگەر چی پێنوسەکەیشم تا بڵێیت کول و بێ برشتە بەڵام هەر بۆ ئاگادارکردنەوەی سوارچاکانی ئەو مەیدانە ئەو هاوارە درەنگ وەختەم کرد(٣) و ئەو چەند لاپەڕەیەم ڕەشکردەوە، بەئومێدی ئەوەی سوارچاکانی ئەو مەیدانە بکەونە خۆ، لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلی لە بارەوە بکەن.

یەکەم، پێناسەکردنی عیرفان و سۆفیگەری:

پێش ئەوە بچینە ناو قوڵایی ئەو باسە دەبێت بزانین عیرفان چییە؟ و عارف کێیە؟

عاریف، یا خواناس، ئەو کەسەیە کە لە خۆشەویستی خودادا تواوەتەوە، چەمکی عیرفان خۆی لە ووشەی «عرف» زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە چاوگەکەی «المعرفة و العرفان»ە، بەواتای ناسین، یا زانین دێت، عیرفانیش بەو زانست و مەعریفەیە دەوترێت کە لە ڕێگەی بینینی دڵەوە (المشاهدە) دەستکەوتبێت، بەبێ ڕۆڵی عەقڵ و مێشک، یا لە ڕێگەی ئەزمونکردنەوە هاتبێت(٤)، ئەو مەعریفەیەش جۆرێکی تایبەت لە زانست و زانین دەگرێتەوە، کە ئاستی ڕووکەش و ڕواڵەت تێدەپەڕێنێت و بەرەو ناخ و قوڵایی ڕۆدەچێت، بێگومان ئەم جۆرە موعریفەیەش لە ئەنجامی دڵسۆزی لە پەرستش و ڕامان و بیرکردنەوەی زۆر لە ئایاتی خودا و وەرزشی ڕوحی وەدەست دێت.

ئەگەرچی عیرفان لە سەرەتاوە بە پراکتیک و کردار دەستپێیکرد، کە بریتی بوو لەو میکانزم و ڕێو شوێن و وەرزشە ڕۆحییانەی لە دنیای مەعنەویەت، شێخ مریدەکانی پێ پەروەردە دەکرد و قۆناغ بە قوناغ بەرەو خودا دەیانبات، بەڵام دواتر ڕەهەندی تیۆریشی پەیدا کرد، تەنانەت ئێستا چەند لقی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، وەک عیرفان و سوفیگەری پەتی و عیرفان و سۆفیگەری فەلسەفی...هتد(٥).

**بە کورتی دەتوانین بڵێین دوو جۆر عیرفانمان هەیە:**

یەکەم: عیرفانی (پراکتیکی) کرداری، کار لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندی بەندە و عاریف (سالک) بە ناوەوەی خۆی لەلایەک، پەیوەندی بەندە و عاریف بە مەعبودیەوە لەلایەکی تر دەکات، هەروەها پەیوەندی بە دروستکراوەکانی تری خودا، ئەوەش لە ڕێگەی وەرزشی ڕۆحی و بڕین و تەیکردنی ئەو قۆناغانەی لە ئەدەبیاتی عیرفانی پێیان دەوترێت مەقامات، تا لە کۆتا قۆناغ دەگاتە مەقامی فەنا(٦)، کە بە هۆی بڕینی ئەو قۆناغانە هەوڵی دابڕان و ڕزگار بوون لە ئارەزووە مادییەکان دەدرێت، تا ئامادە بێت بۆ بەرزبونەوە بۆ لای پەروەردگار و تواندنەوەی ویست و ئیرادەی خۆی لە ویست و ئیرادەی پەروەردگاردا.

دووەم: عیرفانی تیۆری، کە ئەمەش گەڕانە بە دوای تەفسیری بوونی خودا و مرۆڤ، هەوڵی ناسینی خودا لە ڕێگەی زانین و ناسینی ناوە پیرۆزەکانی خودا و سیفەتەکانی و تەجەلیاتی ئەو ناوانە لەناو دیمەن و پێکهاتەکانی کەون و ژیانی مرۆڤدا.

لە پاڵ زاراوەی عیرفان زاراوەگەلێکی تر بۆ هەمان مەبەست، یا لەگەڵ کەمێک جیاوازی، بەکارهاتوون وەک زاراوەی تەسەوف، دەروێش، قەلەندەر، دیارە لای هەندێک، زاراوەی عیرفان گشتگیر و ووردتر دەبینن. عیرفان لە فەرهەنگی زیاتر لە نەتەوەیەک و زیاتر لە ئاینێک بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە، هەرچی تەسەوفە سنوری بەکارهێنانەکانی تەسک ترە، زیاتر لە فەرهەنگی مسوڵمانان و عیرفانی ئیسلامی بەکارهاتووە، لێرەشەوە دەگەینە ئەوە کە ووشەی عیرفان و سۆفیەتی «تصوف» بۆ یەک مەبەست

بەکارهێنراون لەگەڵ کەمێک جیاوازی(٧)، بەڵام لای هەندێک شارەزا و توێژەر عیرفان جیاوازە لە سۆفیەتی، عیرفان لای ئەوانە قوتابخانەیەکی فیکریی و فەلسەفییە بۆ ناسینی حەقیقەتی شتەکان و گرتنەبەری ڕێگەی کەشف و شهود بۆ گەیشتن بە ناسینی خودا، هەرچی سۆفیەتییە شێوە و ڕێگەیەکی زاهیدانەی پابەند بە شەریعەتە بۆ پاڵفتەکردنی گیان و پاککردنەوەی دەروون، لەگەڵ پشتکردن لە دنیا و خۆشییەکانی، لەو ڕێگەوە کەسەکە دەیەوێت بگات بە کەماڵ، لەبەرئەوە دەڵێن پلەی عارف باڵاترە لە سۆفی، چونکە عیرفان وێڕای لایەنی کردەیی وەک سۆفی لایەنی هزریش دەگرێتەوە، بۆیە هەموو عاریفێک سۆفیە، بەڵام مەرج نییە هەموو سۆفییەک عارف بێت، هەندێکی تر دەڵێن سوفیگەری فەنابوون و مەحوبونەوەی موریدە لە کەسایەتی شێخ و مورشدەکەی، هەرچی عیرفانە فەنابوون و مەحوبونەوەیە لە حەقیقەتی خودا و ڕەببانی بوونی عاریفە، واتە عاریف قوناغی مەحوبونەوەی لە کەسایەتی شێخ و مورشید تێپەڕاندووە، بەم بۆچوونەش عیرفان گشتگیرترە لە سوفیەتی.

**جەوهەر و چییەتی عیرفان لای پیرەمێرد، وەک لە هۆنراوەکانی ڕەنگدەداتەوە:**

دوور لە پێناسەی زانستی و ئەکادیمییانە، لە حەد و ڕەسم، پێوەرە لۆجیکییەکان، عاریف و سۆفی ئەو کەسەیە جیاواز لە هەر یەکێکی تر لە ئێمە لە نهێنییە گەورەکانی بوون دەکۆڵێتەوە و تێدەگات، سەرنج و ڕامانەکانی بۆ دەوروبەر و ناوەوەی خۆی قوڵتر و ووردتر و جوانتر و دورستر دەکات، گەورەیی و جوانکاری خولقێنەری بونەوەر کە مەعشوقی خۆیەتی لە هەموو شتێکدا دەبینێت، بۆیە پیرەمێردی عاریفیش دەڵێت:

**خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن**
**هیچیان نەدیوە وا هەڵەوەڕن**
**ئەگینا سەیری باغێکی گوڵ کەن**
**تەماشایەکی بە عەقڵ و دڵ کەن**
**ئەو ڕەنگە جوانەی پەڕەی (هەرجایی)**
**بە زەرەبینی تیشکی بینایی**
**لێی وردبینەوە کە ئەو صەنعەتە**
**کێ دەڵێ زادەی خووی تەبیعەتە؟**
**گەڵای (گوڵ پەسند) کام مەقەست بڕی**
**(پەردەی عروسی) کێ پەردەی دڕی**
**کێ هات لاولاوی بە دارا ئاڵان**
**کام دەست گەردنی وەنەوشەی شکان(٨)**

عاریف ئەو کەسەیە لە عیلم بە ئایین ناوەستێت و دەیگوازێتەوە بۆ کردار و ڕەفتار بە ئایین، تەنها ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی ئارایشت ناکات بەدیمەن و سیما ئاینییەکان، بەڵکو ناخی جوانتر دەکات، پڕدەکات بە عشق و خۆشەویستی.

عیرفانی ڕاستەقینە و دوور لە بیدعەگەرێتی ڕێبازێکی دینداریی و خوداپەرستییە، گەیشتنە بە وەدەستهێنانی ڕەزامەندی عیشقی خودایی، هەر ئەو ڕێبازە کە سەروەر و یارانی گرتویانەتە بەر و مەحویش ناویناوە ڕێگەی هودا و تەریقەتی عیشق و ڕێبوارەکەی دەگەیەنێتە وسوڵ، وەک دەفەرموێت:

ڕێگەی هودا تەرقەتی عیشقە دە مەحویا
وەرن و پیا بڕۆن و صلوا علی الرسول
هەر ئەم تەریقە بوو بە هەموو صەحبی گرتیان
ڕۆیین پییا هەتا گەینە مەرتەبەی وصوڵ(٩)

عاریف کەسێکە لە بری سەرقاڵبێت بە گفتوگۆی بێ بەرهەم و زانستی ئەبستراکت...خۆی گەرم دەکات بە ڕاهێنانی دەروونی و ڕەنج و جەفا کێشان، شۆڕبوونەوە بەناو خۆیدا و مشتومالکردنی تونێڵ و ئەشکەوتەکانی نەفس و ڕاماڵینی خەوش و تاریکی و ناشیرنییەکانی ئارەزووە نزمەکان لە ناویدا، تا بە نوری عیشقی مەعشوق بدرەوشێتەوە، ئەوان واتە عاریفەکان ئەوەندەی وێڵی وەدەستهێنانی ڕەزامەندی مەعشوقەکەیانن، نایانپەرژێت بیر لە جەننەت و چێژە حسییەکانی تری ناو بەهەشت

بکەنەوە، ئەوەتا پیرەمێرد چەند جوان و ڕاشکاو گوزارشت لەو ڕاستییە دەکات و دەڵێت:

**من کە دێوانەی تۆ بم بە تەنیا**
**شەقێک هەڵئەدەم لە هەردوو دونیا**
**دڵم هەمیشە یادی تۆ دەکا**
**گیان لە ڕێی تۆدا جستوجۆ دەکا**
**لەم خۆشیانەدا ئەگەر بێ و بمرم**
**بۆنی تۆی لێدێ گیاکەی سەر قەبرم**
**بەهەشت مەدح ئەکەن بەناو و داوێ**
**من لیقای خوام بێ بەهەشتم ناوێ**
**عاشق کە بە ڕاست دەستی لە گیان شت**
**پەکی سەیران و گەرانی خۆی خست(١٠)**
**لە شوێنێکی تردا دەڵێت:**
**من دێوانەی تۆم بە تاقی تەنیا**
**وا شەق هەڵئەدەم لە هەر دوو دونیا**
**ئەو ڕۆژەی گڵی لەشت دارشتم**
**تۆزێک لە لیقای خۆتت تێخستم**
**وا بەو مایەیە، گەیشتمە مەرام**
**تەنها تۆم ئەوێ بەهەشت پەشمە لام(١١)**

عارف ئەو کەسەیە ڕاستگۆ لەگەڵ حاڵ و بارودۆخی خۆی، ڕاستگۆ لەگەڵ دەوروبەری، لای گرنگ نییە ئەوانی تر چی دەڵین، چۆن سەیری دەکەن، چۆن ڕەفتارەکانی لێکدەدەنەوە، ئەوەی لای ئەو گرنگە و خەمی لێدەخوات ئەوەیە، مەعشوقەکەی ئەو چی دەڵێت، چۆن سەیری دەکات، چەندە لێی ڕازییە.

عاریف کەسێکە بە کوخ و ڕەشماڵی دنیای فانی ڕازی نابێت، فریوی چێژ و خۆشییە کاتی و سنوردارەکانی ئەم ژیانە ناخوات، ئەمانە بە کەم و بچوک و کەم بایەخ سەیر دەکات، چاوی بریوەتە ئەو دنیا و دراوسێیەتی پێغەمبەران و نزیکی و حەوانەوە لە سایە و سێبەری بارەگای مەعشوق، ئامادە نییە وەک بوونێکی بچووک، یا کەرەستەیەکی بێ بەها و ناچیز تێکەڵاوی ئەم دونیا فانییە ببێت، ڕێگە نادات یاری و گەمە دزێو و ناشیرنەکانی دنیا و دنیا ویستەکان بەسەریدا زاڵبن و تێپەڕن، دیارە چرکەیەکیش نییە تێپەڕێت بەسەرماندا بێ بوونی چەندین لەم یاریی و فیروفێڵە دزێو و ناشرینانە.

عاریف و سۆفی کەسێکە لێوان لێو لە جستوجۆ و جۆش و خرۆش، گیان و ناخی سوتاوی عەشقی ئیلاهییە، هەمیشە.

ئاشکرایە ڕێبازی عیرفان و سۆفیگەریش بە هەموو تەریقەت و ڕێچکەکانیەوە وەک هەر کارێکی تری مرۆیی خاڵی نەبووە و نییە لە کەم و کوڕی، لە هەڵە و چەوتی، لە خەوش و خاڵ، بە مەبەست، یا بێ مەبەست کەوتۆتە ناویەوە، بەتایبەتی ڕوونە هەندێک ئەگەر نەڵێم زۆربەی تەریقەتەکان کاریگەری حەزارات و فەلسەفەی ئایینی تری غەیری ئیسلامییان بەسەرەوەیە، وەک حەزارەت و فەلسەفەی هیندیی و فارسی، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لە پاڵ ڕێباز و تەریقەتە پڕ لە جوانی و ناسکی و سوننەتییەکەی مەولانا خالید و شێخی پیران و نەهریی و...هتد، کە لە یەک کاتدا هەم ئیرشادی ئاینییان دەکرد و مرید و سالیکەکانیان پەروەردە دەکرد و بەرەو خودا دەیانبردن، هەم خزمەتگوزاری نەتەوەکەیشیان بوون، لە ڕووی پەخشکردنی هۆشیاریی و زانست و چاکسازی کۆمەڵایەتیش، تەنانەت هەندێکیان سەرکردەی سیاسیش بوون لە شۆڕشە نەتەوەییەکانیان، لە پاڵ ئەوانەدا هەندێک ڕێباز و فۆرمی تری سۆفیگەریی و دەروێشی هەبوو سیخناخ بە خورافات و بیدعە و خەوش و خاڵ.

### دووەم، کەناڵەکانی ئاشنابوونی پیرەمێرد بە جیهانی عیرفان و سۆفیگەری:

ڕیشەی ئاشنابوونی پیرەمێرد بە دنیای عیرفان و کەناڵەکانی پەیوەندی کردنی بەو دنیا پڕ جۆش و خرۆشە ڕۆحییە، ئەو ژینگە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەی پیرەمێرد تێیدا لەدایکبووە، پێگەیوە و گەورە بووە، لە ڕووی دەروونی و فیکریی و

ڕۆحی گەشەی کردووە، ژینگەیەکی عیرفانی بووە، لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بە کەناڵەکانی ئاشنابوونی پیرەمێرد بە دنیای عیرفان دەکەین:

یەکەم: تێکەڵی پیرەمێرد بە خانەوادەی شێخانی نەقشبەندی، لەوبارەوە خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (من لە تافی جوانیدا جۆشی دەروونم وەک تافی قەڵبەزەی سافی شووشەی مەی یا وەک تاڤگەی زەڵم و بەڵخە و ئاشە بەرزە، کەفی ئەچەند، ڕێم کەوتە بیارە بۆ خزمەت شێخ عەمەر، نەزەری ئەو، ئەو جۆش و خرۆشەی دێوانەییەی بۆ خستمە ناڵەی نەی نەتیجەی قەڵەمەوە، ڕۆییم ساڵەها دوور کەوتمەوە، بەڵام هەر نزیک بووم دوور و نزیکی یەکسانە بۆ گیان)(١٢).

بێگومان پیرەمێرد ئەو تێکەڵاوییە و هاتن و چوونەی لەگەڵ ئەو خانەوادە بەردەوام بووە، ئەو بەردەوامییەش کاریگەری خۆی لەسەری بەجێهێشتووە و لە ڕووی ڕوحی کەوتۆتە ژێر کاریگەریانەوە، ئەو خۆشەویستیی و گەورەییەی شێخ عومەر لە چاوی پیرەمێرد وایکردووە شیعری بۆ بهۆنێتەوە(١٣).

دووەم: تێکەڵی عارف و خواناس و شاعیر و فەیلەسوفی پایە بەرزی کورد مەولەوی، بە ماڵی پیرەمێردەوە، پیرەمێرد هەر خۆی ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (مناڵبووم، لە بیرمە جارێ مەولەوی هاتە ماڵی ئێمە قاپوتێکی کورکی سەوزی لەبەردا بوو منیان خستە باوەشیەوە و دەمی ماچ کردم، لە دەمی دەم ماچ کردندا چاوم بە چاوی کەوت بروسکەیەکی پڕ خەندەی لێ ئەبوەوە، ئەو چاوانە کە لە دواییدا کوێر بوو بوو چەند جوان و پڕ مەعنا و جازیبەدار بوو، کە پێگەیشتم کەوتمە ناوەوە شەیدای شیعر و ئاوازی خۆشی بووم خوا لێی خۆش بێ (عەزیز ئامینە) گۆیندەیەکی بێ هەمتا بوو شیعری مەولەوی ئەمەندە جوان ئەخوێندەوە گفتەی لە ئاوازی خۆشتر و ئاوازی لە گفتەی، بەهۆی گۆرانی عەزیزەوە خووم دایە مەولەوی، هەتا لێی وورد ئەبوومەوە بەڕۆحتر بوو، تا گەییە پایەیەک لە ڕۆم و عەجەم و عەرەبدا بە مەعنا لەو بڵندتر و بە مەعنا ترم نەدی، هەندێک خەیاڵی هەیە ئەمەندە وردە سەد ساڵ پاش خۆی تێی دەگەن)().

پیرەمێرد لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییەی بە شیعرەکانی مەولەویی و خۆشەویستی بۆ خودی مەولەوی جگە لەوە کە شیعرەکانی بەتان و پۆ و کاریگەر بە شیعرە فارسییە بەرزەکانی مەولانا خالید و هەڵبەستە ئایینیەکانی مەولەوییەوە چنیوە، هەوڵی زۆریشیداوە شیعرەکانی مەولەوی وەرگێڕێتە سەر زمانی تورکی، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی زۆریی و نەبوونی کەسانێک بۆ یارمەتیدانی لەو هەوڵەی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام دواتر و دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی وەریگێڕانە سەر شێوەزاری سۆرانی لەژێر ناوی «ڕۆحی مەولەوی». لە پێشەکی وەرگێڕانەکەشیدا ئاماژە بە کاریگەری ڕۆحیی و مەعنەوی قەسیدەکانی دەکات، لە بەشی دووەمیدا دەڵێت: مەولەوی بە ناڵەی دڵسۆزییەوە بێداری کردمەوە).

سێیەم: پیرەمێر بەهۆی ئەوەی زمانی فارسی زانیوە و شارەزاییەکی باشی لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی هەبووە، هەر زوو ئاشنایەتی بە مەسنەوییەکانی مەولانا( ) و شاعیرە عیرفانییەکانی تر پەیدا کردووە، شیعری شاعیرە عیرفانییە کۆنەکانی فارس و تورک کاریگەری تەواویان لە پیرەمێرد کردووە، بەتایبەتی شیعرەکانی شێخی سەعدی و حافیزی شیرازی، لە شاعیرە عیرفانییە تورکەکانیش عبدالحق حامد، دواتریش کە چووەتە تورکیا کاریگەری مەولانای بەچاوی خۆی بینیوە ئیدی ئەویش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی عیرفانی و ئەسپی خویشی تێدا تاوداوە و زۆریش سەرکەوتوو بووە، شوێنەواری مەولانا لە هەندێک لە شیعرەکانی پیرەمێرد دەردەکەوێت بەنمونە چیرۆکی سەنگتراشەکەی مەولانای کردووە بە شیعر، بەندە لە خاڵێکی تریشدا کاریگەری مەولانا

بەدی دەکەم لەسەر پیرەمێرد، ئەویش ئەوەیە مەولانا کۆمەڵێک چیرۆکی میللی باوی سەرزاری خەڵکی هێناوە وەستایانە دایڕشتوون و دەیان پەند و وانەی فەلسەفی و عیرفانی تیا حەشارداون، پیرەمێردیش پەندە میللییەکانی کوردەواری سەر زمانی خەڵکی هێناوە بەوشێوە کە هەموومان دەزانین دایڕشتونەتەوە و چەندین حیکمەت و تیۆریای مەعریفیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی تێدا نمایشکردوون، تەنانەت وەک مەولانا بەشێوەی دوانەیی «مپنوی» دایڕشتونەتەوە؛ جگە لەمانەش پیرەمێرد چوارینەکانی عاریف و سۆفی (شێخ سەعید ئەبولخەیر)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەوبارەوە خۆی دەڵێت: (زۆر دەمێک بوو ڕوباعیاتی شێخ سەعیدی ابو الخیرم لەم لاو لەولا ئەبیست، یا لە هەندێ گۆشەی بەیاز و کەشکۆڵدا بەرچاوم ئەکەوت، لە دوو سێ جیهەتەوە، تەئسیری ئەکردە دڵمەوە، جارێ لە نوقتەی ئەدەبیاتەوە، هەندێ نوقتەی وای تیایە من لە هیچ شاعیرێکی ترم نەبیستووە، دوای ئەوە هەندێ موناجاتی هەیە، سەرانسەر مەعنەویات و ئیلاهیاتە، کە ئەگەر کەسێ بە دڵ و دەروونێکی پاک بیخوێنێتەوە لە بارەگای خوادا، دەنگ ئەداتەوە و فریشتەکانی عالەمی باڵا ئەبنە هاوناڵە و هاودەنگ)، ئەمەش نمونەیەک لە چوارینەکانی ئەبو الخیر:

تۆم وای لە دڵا ئەگینە پڕ خوێنی ئەکەم
چاو تۆ نەبینێ، کوێر و بێ سەروشوێنی ئەکەم
گیان بێت و بەدەوری سەری تۆدا نەگەڕێ
نایگرمە خۆم پڕ شەق و جوێنی ئەکەم

چوارەم: پیرەمێرد زۆر شەیدای ژیان و مەکتوباتی کاک ئەحمەدی شیخ بووە، لەگەڵی ژیاوە، هەر ئەو شەیداییەش وایلێکردووە کە مەناقبی کاک ئەحمەدی شیخ لە فارسییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

پێنجەم: پیرەمێرد شارەزایی لە شیعرەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی هەبووە، کاریگەری ڕۆحی زۆریان لەسەر بەجێهێشتووە، تا بە ئاڕاستەی عیرفان و خواناسیدا بڕوات، هەر ئەو شەیداییەی پیرەمێرد بۆ دنیای عیرفان و خۆشەویستی بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ئەو ڕابەرە ڕۆحییە و شێخە گەورەی عیرفان و سۆفیگەرییەی کورد، قەسیدەکانی ئەویشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی، لەژێر ناوی ڕۆحی مەولانا خالید، پیرەمێرد لەبارەی مەولانا خالید دەڵێت: (حەزرەتی مەولانا کە لە هەموو قەڵەمڕەوی موسڵماناندا ناوبانگی ڕۆیوە و بە ڕاستی فەخری کوردانە ئەمانەوێ تەرجەمەیەکی حاڵی بنوسین هەرچەندە کە بە هەموو زوبانێکی ئیسلامی مەدایح و ویلایەتی نوسراوە، بەڵام هێشتا بە زوبانەکەی خۆی هیچیکمان لەناودا نیە، وا خوایاربێ ئێمە کەمەکێکمان لە شەرحی حاڵی ئەو نوسیوەتەوە پەرەی ژینی پێ ئەڕازێنینەوە).

شەشەم: دوای چوونی پیرەمێرد بۆ ئەستەمبوڵ و تێکەڵبوونی بە ژیانی ئەوێ، یەکێک لەو کەسایەتیانەی پیرەمێرد زۆر لەگەڵی تێکەڵ بوو و وەک هاودەم و هاوڕێی ڕێگەی خزمەت بە ئایین و نەتەوە، زانا و خواناسی پایەبەرز سەعید نورسی بوو، کە زۆر پێی سەرسام بوو، دیارە کاریگەری لەسەر پیرەمێرد بەجێهێشتووە.

سێیەم، پێگە و شوێنگەی شەریعەت لە عیرفاندا لای پیرەمێرد، یا پەیوەندی هەرسێ چەمکی (حەقیقەت و تەریقەت و شەریعەت) لای پیرەمێرد:

یەکێک لەو بابەتانەی نوسەر و بیرمەندانی بواری عیرفانی لە زوەوە بەخۆوە سەرقاڵکردووە، پەیوەندی ئەو سێ چەمکەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردوون، هەرکەسێکیش بیەوێت قسە لەبارەی سوفیگەریەتی و عیرفانەوە بکات ناتوانێت ئەو پرسە فەرمۆش بکات، ئەگەر بەڕاستی بیەوێت تێبگات، لەو بۆچونانە بۆچوونی ئیمامی قوشەیرییە کە دەڵێت: (شەریعەت فەرمانە بەپابەندبوون بە بەندایەتییەوە، حەقیقەت واتە بینینی

پەروەردگاریانەیە، هەر شەریعەتێک بە حەقیقەت پشتیوانی نەکرابێت قبوڵکراو نییە، هەر حەقیقەتێک بە شەریعەت کۆتوبەند نەکرابێت قبوڵکراو نییە... شەریعەت بۆ ئەوەیە بیپەرستی و حەقیقەتیش بۆ ئەوەیە ببینی)، هەندێک لە سۆفییەکان گومانیان وایە گرتنەبەری تەریقەت و گەیشتن بە حەقیقەت، سۆفی، یا عاریف بێنیاز دەکات لە شەریعەت، وای لێکدەدەنەوە کە شەریعەت پەیوەستە بە ڕواڵەت و پاکردنەوەی دیوی دەرەوەی مرۆڤ، تەریقەت بۆ پاڵفتەکردنی ناوەوەی مرۆڤە، هەرچی عیرفان و حەقیقەتە بۆ پاککردنەوە و یەکلاکردنەوەی ڕاز و نهێنیەکانی مرۆڤە، ئێمە لەو نوسینەماندا مەبەستمان ئەوە نییە ئامار و قسە لەسەر تەواوی بۆچوونی عاریف و نوسەرانی ئەو بوارە بکەین، بەقەد ئەوەی کە دەمانەوێت بۆچونی پیرەمێرد هەم وەک عاریف و هەم وەک شارەزایەکی ئەو بوارە بخەینەڕوو، پیرەمێرد ڕای خۆی ڕوون و ڕاشکاوانە لە هۆنراوەی لە عیشقی تۆدا تۆمارکردووە، پیرەمێرد دەڵێت:

**خوا کاتێ ویستی خوایی بنوێنێ**
**ئەمڕۆی بۆ داناین لە شوێنی دوێنێ**
**ویستی ڕووی زەمین بێ بە کارزار**
**نەوەی ئادەمی هێنایە ڕووی کار**
**دونیا بەیەکدا هاتووە و ئەژەنێ**
**خۆیشی لەسەردا پێی پێ ئەکەنێ**
**لەو میانەدا دانای هەڵبژارد**
**ڕێ پیشاندانی خۆی بەوان سپارد**
**ئنجا ئەوانە کە خوا ئەناسن**
**دەستی ئەوانە ئەگرن کە کاسن**
**ئەیانبەن بۆ سەر ڕێی عیلم و زانین**
**بۆ توێشووی ڕێگای ئەولا پێک هانین**
**دوو ڕێیە هەردوو سەر یەک ئەچنەوە**
**کوێرایی نەبێ لێک جوێ نابنەوە**
**یەکێ تەریقەت، یەکێ شەریعەت**
**حەقیقەت دەریا و شەریعەت گەمێ**
**تەریقەت غەرقە گەر لادا کەمێ**
**تەریقەت لە سەر سێ قوەت بەندە**
**بەو سێیە خوای خۆی ئەناسێ بەندە**
**یەکەمیان فەنا و دووەمیان وەفا**
**سێیەم لیقایە سەمەرەی جەفا**
**فەنا خۆ بە خۆ ڕسگار کردنە**
**بە کوشتنی نەفس گرەو بردنە**
**وەفا پەیمان و شەرت بەجێهێنان**
**ئەنجا ئەگەیتە لای لیقای یەزدان**
**کە لە خۆت بڕای دوست لات حازرە**
**جاو شۆڕا و کوترا ئنجا گازرە**
**ئەوی کە ئەهلە، گشت کاری سەهلە**
**خودبینی پیشەی شەیتانە جلە**
**کە نەفست فرۆشت زیوێکی قاڵی**
**خۆفرۆشیت کرد دیزەی بەتاڵی**
**نوێژت بە قەزا ئەگەڕێتەوە**
**دڵی دۆست ڕەنجا ئەبڕێتەوە**
**مایەی خۆبەختی قەلەندەرییە**
**هەرچەند لە ڕیش و سمێڵ بەرییە**
**کە هاتە سەر ڕێی ڕەزا و قەناعەت**
**پادشاهێکە بە ڕەنج و میحنەت**
**دنیا هەر چۆنێ، بیگری وا ئەڕوا**
**کە دووی نەکەوتی ئەوت دێ لە دوا**

سەرەتای هۆنراوەکە باس لەوە دەکات خودا بۆ دەرخستن و جلوەدان بەخوایەتی خۆی ئەو بونەوەرە و گیانلەبەران و مرۆڤیشی دروستکردووە، مرۆڤ بەو تایبەتمەندییەوە، تەکلیف کراوە کە بەندایەتی بکات، بانگکردن و پەروەردەکردنی مرۆڤەکانیش لەسەر ئەو بەندایەتییەی سپاردووە بە کەسانێکی دانا، بۆئەوەش پیرەمێرد نەیوتووە بە پێغەمبەران، تا بازنەکەی فراوان بکات و مورشید و شێخەکانیش بگرێتەوە، دواتر بەوشێوەیە پەیوەندی ئەو سێ چەمکە وێنا دەکات. شەریعەت و حەقیقەت یەک ئامانجیان هەیە، هەردووکی دەبێت مرۆڤ بەرەو یەک ئامانج ببەن، کەسێک کوێر

نەبێت ئەو ڕاستییەی لێ وون نابێت، شەریعەت و حەقیقەت بەدوو شتی جیاواز دانانێت و لەیەکتریان جوێناکاتەوە، ئەنجا حەقیقەت بە دەریا دەچوێنێت و شەریعەتیش بە بەلەم (گەمیۍ)، هەرکات تەریقەت و ڕێگەی گەشت بە ناو ئەو دەریا قوڵ و فراوانە لە ڕێگەی بەرەو ئامانج چوون، دوورکەوتەوە لە شەریعەت ئەوا بێگومان خنکان و سەرگەردانی مسۆگەرە.

**دوو ڕێیە هەردوو سەر یەک ئەچنەوە**
**کوێرایی نەبێ لێک جوێ نابنەوە**
**یەکێ تەریقەت، یەکێ شەریعەت**
**حەقیقەت دەریا و شەریعەت گەمیێ**
**تەریقەت غەرقە گەر لادا کەمیێ**

### چوارەم، درەوشانەوە و ڕەنگدانەوەی عیرفان لە ژیانی پیرەمێرد:

١-خۆشویستنی خودا : پیرەمێرد وەک لە ئاوێنەی شیعرەکانی دەردەکەوێت، عاریفانە پەیوەندی لەگەڵ خودا بەستووە، پەیوەندییەکی عاشقانە، خودایە نامەوێت کونهت بزانم کە ئەوە ئەستەمە، لە گەورەیەتیدا مات و حەیرانم، وادیارە ئەوەندە وردبۆتەوە و ڕاماوە لە ئایاتی خودا، لە گەورەیی و بەخشندەیی و جەلال و جەمالی حەیران بووە، ئیدی هەر جۆرە مامەڵەیەکی تر کە خەڵکی دەیکەن لەگەڵ خودا وەلا ناوە و دڵی پڕ بوو لە عیشق و خۆشەویستی خودا و داوای لێدەکات کە بەو عیشقەی ئەو بۆ خودا، ئەویش خۆشەویستی خۆی بۆ بکات بە سەرمەشق، خۆشەویستییەک کە هەر خۆی پێی بزانێت و بە پەنهانی بمێنێتەوە، چونکە ئەو جۆرە عیشقە چێژی تایبەتی هەیە.

**نامەوێ کونهی زاتت بزانم**
**لە گەورەییتدا مات و حەیرانم**
**بەلام ئەمەوێت بە سۆزێکی عەشق**
**خۆشەویستی تۆم ببێت بە سەرمەشق**
**سەرمەشقی عەشقی پەنهانی وابێ**
**کەس پێم نەزانێ و تۆم لە دلا بێ.**

ئەگەر پیرەمێرد ئەو عیشقە خواییەی دەستکەوێت، هەتا مردن بەسیەتی، بۆیە دەڵێت:

**من ئەمەم بەسە هەتاکو دەمرم**
**زەوقێک لە یادی عەشقت وەرگرم**

بۆیە داوا دەکات لە مەعشوقەکەی کە ڕێگە نەدات دڵی جگە لە خۆشەویستی و سەرقاڵبوون بە یادی ئەو، هیچی تری تیا بێت، ئینجا ئەوکاتە دەتوانێت وەک پێویست ببێتە بەندەی بارەگا.

**ئەمەوێ دڵم تەنها تۆی تیابێ**
**لە یادی غەیری تۆ تەوەللا بێ**
**زبانم تەنها زیکری تۆ دەکا**
**ئەتوانم ببمە بەندەی بارەگا**
**لە شوێنێکی تریش دەڵێت:**
**خوایە وام لێ بکە ئاگام لە خۆم بێ**
**کە ووتم «الله» هەر لەگەڵ تۆم بێ**
**نەوەک بە زوبان دوعا بخوێنم**
**لە دڵدا ڕەگی خەڵکی دەربێنم**

ئەگەر وام لێنەهات و عیشقەکەم درۆینە بوو، بۆ ڕیابازی بەکارمهێنا، یا مامەڵەی بازرگانیم لەگەڵ تۆ کرد ئەوا جگە لە بەدناویی و سەرگەردانی شتێکی تری بۆ نامێنێتەوە:

**ئەگینە هەروا بمێنمەوە**
**تۆوی بەدنامی ئەچێنمەوە**
**چەند خۆشە نەشئەی تۆم لە دلا بێ**
**شەقم لە چەند و چوونی هەڵدابێ**

لەگەڵ خۆشەویستی خودا ئیدی مرۆڤ تاڵی و شیرینی، خۆشی و ناخۆشی، بوون و نەبوونی، هەمووی لا یەکسان دەبێت، لێرەوە پیرەمێرد دەڵێت:

**ئەوسا کە کەتیە ڕێی عەشقی مەولا**
**تاڵیی و شیرینیت، یەکسانە لەلا**
**هەر عەشقی خوایە، دڵ ڕوون ئەکاتەوە**
**گرەو هەر پیاوی ڕاست ئەیباتەوە.**

٢-دژایەتی کردنی نەفس و ئارەزووە نزمەکان: عاریف و سۆفییەکان، بەگشتی زۆر بە توندی

دژایه‌تی ئاره‌زووه‌ مادییه‌ نزمه‌كانی ده‌رونییان كردووه‌، تا ڕۆحیان شه‌فافیه‌ت و ڕوونیه‌ك وه‌رگرێت، دڵیان ناسك ببێته‌وه‌، خاڵی بكه‌ن له‌ هه‌رچی خه‌وش و خاڵی دنیا ویستییه‌، تا جێگه‌ی عیشقی خودای تێدا ببێته‌وه‌، له‌وپێناوه‌ش ڕیازه‌تی ڕۆحیی و نه‌فسی زۆریان كردووه‌، پیره‌مێردیش وه‌ك عاریفێك ئه‌وه‌ی زانیوه‌ كه‌ نه‌فس و ئاره‌زووه‌كانی چ كۆسپێكن له‌و ڕێیه‌:

**نه‌فست مارێكه‌ پێكوڕه‌ی شه‌یتان**
**گه‌ر فرسه‌تت دا ئه‌گه‌زێ به‌ ددان**

بۆیه‌ ئه‌ویش هه‌مان مه‌سله‌كی دژایه‌تیكردنی نه‌فس و ئاره‌زووه‌كانی گرتۆته‌به‌ر، كه‌سێكی دنیا نه‌ویست بووه‌، وه‌ك له‌ برگه‌ی دواتر باسی ده‌كه‌ین زۆر زاهید بووه‌، زۆر سه‌رپێچیی و دژایه‌تی نه‌فسی خۆی كردووه‌، ئاره‌زووه‌كانی سه‌ركوت كردووه‌، تا ئه‌و عیشق و خۆشه‌ویستی خواییه‌ی به‌رده‌وام بێت كه‌ خۆراكی گیان و ئاوی حه‌یاتی عاریفه‌كانه‌.

**كه‌ نه‌فست فرۆشت زیوێكی قاڵی**
**خۆفرۆشیت كرد دیزه‌ی به‌ تاڵی**

داو ده‌كات خودا یارمه‌تی بدات و بتوانێت به‌سه‌ر ئه‌و دوو فاكته‌ره‌ بنه‌ڕه‌تییه‌ی كه‌ ئاره‌زووه‌ ده‌روونییه‌كان ده‌جوڵێنێت و ده‌یانوروژێنێت زاڵ بێت، ئه‌وانیش «ته‌ماع» و «شه‌هوه‌ت»، ده‌ڵێت:

**خوایه‌ هاوارم ته‌نها به‌ تۆیه‌**
**تۆ نه‌بی عالم به‌ چل و چۆیه‌**
**دوو باڵم به‌رێ كه‌ پێی بفڕم**
**باڵی دوو ته‌یری نه‌حسی پێ ببڕم**
**یه‌كه‌م كولاره‌ی ته‌ماعی نه‌گبه‌ت**
**دووهه‌م سیساركه‌ كه‌چه‌ڵه‌ی شه‌هوه‌ت**
**ئه‌گه‌ر ئه‌م دوانه‌م توانی باڵ شكاند**
**نێچیری مه‌ردیم له‌ دونیا فراند**

خۆ ئه‌گه‌ر هه‌روا ئه‌م دووانه‌م سوار بێ
ئه‌بێ ناوی من كه‌ری ژێر باربێ

پیره‌مێرد مرۆڤێكی واقیعی بووه‌، شاره‌زایی مرۆڤ و بووه‌، ئه‌وه‌ی زانیوه‌ كه‌ ئاره‌زووه‌كانیش وه‌زیفه‌یه‌كیان هه‌یه‌ له‌ ژیان، بۆیه‌ هه‌رگیز ناتوانرێت به‌یه‌كجاری له‌ به‌ین ببرێن، ناشبێت له‌ناو ببرێن، بۆیه‌ ده‌بێت له‌ومیانه‌دا هاوسه‌نگی ڕابگیرێت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر خودا یارمه‌تیده‌ر نه‌بێت ئه‌و هاوسه‌نگییه‌ ڕاناگیرێت بۆیه‌ دووباره‌ په‌نا ده‌باته‌وه‌ لای خودا و ده‌ڵێت:

**په‌روه‌ردگارا عوزرم په‌سه‌ندكه‌**
**له‌ ڕاستی گوناه جڵه‌وم توند كه‌**
**هه‌موو عومری خۆم خۆم دام به‌بادا**
**هێشتاكو شه‌یتان یه‌خه‌م به‌رنادا**
**بوون و نه‌بوونم له‌لا یه‌كسان كه‌**
**له‌ وه‌ختی غه‌مدا شادیم ئاسان كه‌**
**خوایه‌ ئه‌ترسم له‌ گوناهی خۆم**
**ده‌ستم ڕاكێشه‌ ده‌سته‌وسانی تۆم.**

٣-زوهد و دنیا نه‌ویستی، یاخیبوون له‌ ماددیات:

پیره‌مێرد تا له‌و دژایه‌تیكردنه‌ی نه‌فس و جه‌نگی ئاره‌زووه‌ نزمه‌كان سه‌ركه‌وتوو بێت، ڕێگه‌ی زوهد و خۆپاراستنی له‌ دنیا و خۆشییه‌كانی گرتۆته‌به‌ر، تابڵێیت كه‌سێكی زاهید و دنیا نه‌ویست بووه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌و پێگه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌ به‌رزه‌ی هه‌یبووه‌، ئاستی خوێنده‌واری و ئه‌و پله‌ كارگێڕییه‌ی له‌ خه‌لافه‌تی عوسمانی پێیدراوه‌، كه‌ تا پله‌ی والی «پارێزگار» ڕۆیشتووه‌، ئاماده‌ بووه‌ جلی كۆنه‌ی خه‌ڵك له‌به‌ر بكات، مووچه‌ خانه‌نشینییه‌كه‌ی خۆیشی ببه‌خشێت به‌ هه‌ژار و نه‌داره‌كانی ده‌وروبه‌ری، پیره‌مێرد زۆر ڕقی له‌ بریق و باقی باڵه‌خانه‌ و دیوه‌خانه‌كان و مێز و خوانه‌ قه‌ره‌باڵغه‌كان بووه‌، هه‌رگیز نه‌چون به‌ دڵیدا، به‌ڵكو قه‌ڵه‌نده‌رخانه‌كه‌ی خۆی زۆر به‌ به‌رزتر زانیوه‌ له‌و جۆره‌ دیوه‌خانانه‌، له‌ هۆنراوه‌یه‌كیدا له‌ژێر ناوی فه‌لسه‌فه‌ی كورد به‌شێوه‌یه‌كی زۆر دزێو وێنای دنیای كردووه‌، دنیا ئه‌چوێنێت به‌ ته‌ڕپیرێكی ئاڵ و واڵا، دێت بۆ لای پیره‌مێرد و گفتوگۆیه‌ك ده‌كه‌وێته‌ نێوانیان، دنیا باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ خۆی به‌خه‌ڵات هێناوه‌ بۆ پیره‌مێرد و پێی ده‌ڵێت: هه‌رچه‌ند ده‌شزانم تۆ خۆت قه‌مته‌ركردووه‌

و منت ناوێت، چونکە هەرکەس پیاو و جوامێر بێت منی ناوێت، تەنها ئەوانەی نێرەموکن_لەناو خەڵکی نێرەموک ڕەمزی سووکی بووە_ ئارەزووی من دەکەن، بۆیەش تائێستا کچێنیم نەڕۆشتووە، بەمەش بوونەتە جێگەی گاڵتەجاریی و مەسخەرەی من، بەئارەزووی خۆم ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکەم و دەیانگۆڕم، بۆرە دێنمە جێگەی بازە.

٤-خێرخوازیی و بەخشین و خزمەت بە ئەوانی تر: زوهدی پیرەمێرد لەو جۆرە نەبووە کە لەبەر نەبوونی، یا پیسکەیی و دەست قونجاوی دەست بگرێتەوە، بەڵکو ئەو هەیبووە بەخشیویەتی بە هەژاران و لە بەرژەوەندی گشتی سەرفی کردووە، بەرچاو تێر بووە، گوزەران و هەڵسورانی ژیان و دابینکردنی بژێوی بەوە زانیوە کە خودا ئەیدات، وەزیفەی بەندە ئەوەیە بیبەخشێت و بیدات بە خەڵک.

**کاری گوزەران بەرچاو تێرییە**
**دۆست پەیداکردن، بە چاودێرییە**
**ئەوەی کە ئەتبێ و لێی ئەدەیت بە خەڵک**
**بە هەردوو دونیا بۆت ئەبێ بە کەڵک**
**ئەوی خۆی ئەیخوا و هەر بە تەنیایە**
**لە بێن ئەگیرێ، چاوی لە دوایە**
**خۆ هەر چۆن بێ، هەر ئەبڕێتەوە**
**کەواتە، وابکە بێتە ڕێتەوە**

ئەو دەوڵەمەند و خواپێداوانەی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بە ئەمانەتەوە خەلافەتەکەیان لەسەر موڵکی خودا بەجێ دەگەیەنن، دەبنە هاوڕازی فریشتەکانی عەرش و بارەگای خودا.

**ئەو خوا پێداوەی برسی نەوازە**
**لەگەڵ فریشتەی عەرشا هاوڕازە**
**ئەوەش لە ڕێی خوادا ئەیبەخشێ**
**بە هەموو هێزی دەوران نالەخشێ**
**لە شوێنێکی تردا دەڵێت:**
**تێ بگە ڕێگای دوورت لەبەرە**
**چاکە بۆ ئەو لا توێشووی سەفەرە**
**خوا فەرمویەتی: ڕێی چاکە بگرن**
**بۆ ئێمەیەتی، کە دوایی ئەمرن**

٥-خاکەڕایی و خۆ بە کەم زانین: زوهد و دنیا نەویستی، بەوە تەواو نابێت چڵێس نەبیت و خۆت لە ئارەزوو خۆشییە مادییەکان بگریتەوە، بەڵکو ئەخوازێت لەو شتە مەعنەوییانەش کە خودا پێیداوی زوهد بنوێنیت، ج زیرەکییە، جوانییە، پلەوپایەی باڵای کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کارگێڕیی و زانستییە، هەرچی هەیە، ئەمانە نەبن بە مایەی غرور و لەخۆبایی بوون. لای پیرەمێرد غرور و لەخۆبایی بوون بەهۆی پێدراوە خواییە مەعنەوییەکان، مامەڵەکردنی ئەوانی تر بە سووکی و کەم سەیرکردن ئاکارێکی شەیتانییە، لایەق نییە بە مرۆڤ لاسایی شەیتان بکاتەوە لەوبارەوە دەڵێت:

**شەیتان ووتی من قەدری ناگرم**
**ئەو قوڕە ڕەشەو من ئاگرم**
**چونکو بایی بوو تفی لێکرا**
**لەو شوێنە بەرزە بە شەق دەرکرا**
**ئەمە دەرسێکە بۆ نەوعی بەشەر**
**پیاو کە بەرز فڕی بۆی ئەبێ بەشەڕ**

هەر لە خۆبایی بوونێک سەرەنجامی بۆ خاوەنەکەی باش نابێت، چونکە ئەو شتانەی خواپێیداوی، وەزیفەیەکیان هەیە ئەبێت ئەدای بکەیت، نەوەک بەهۆیانەوە خۆت لێبگۆڕێت و مەغرور بیت، دەرەنجامەکەی بەشێوەیەکی نەرێنی بەسەر خۆتدا دەشکێتەوە، چوون شەیتان کەوتە بەر نەفرینی خودا.

٦-ئاشتیخوازیی و دووری لە شەڕ: عیرفان و سۆفیگەری ڕێگەیەکی ئارام و ئاشتیخوازانەی ئایینداری و خوداپەرستییە، ئەگەر سەیری مێژووی عیرفان و ژیانی عاریفە گەورەکان بکەیت، لێوانلێو بووە لە تەبایی و خۆشویستن و ئاشتی و ئارامی، بۆیە هەمیشە بۆتە مایەی بڵاوکردنەوەی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن و فەلسەفەی ناتوندوتیژی،

گەیشتن بەو ئەنجامەی ژیان پانتاییەکە جێگەی هەمووان بە جیاوازی ئاین و ڕەگەز و ڕەنگ و زمانی تێدا دەبێتەوە، هەمووان بە تەبایی و ئارامی برایەتی ژیان بگوزەرێنن.

لێرەوە پیرەمێرد وەک کەسێکی پێگەیشتووی ژینگەیەکی عیرفانی لە ڕووی پراکتیکی ژیانی هەمووی ئاشتیخوازی بووە، تەنانەت ڕق و کینەشی لە دڵ نەگرتووە بەرامبەر نەیار و ناحەزەکانی.

خودای بێ نیاز بێ خوێش و هامراز
**بە (دوو) خەڵکی چاک بمکە سەرفراز**
**یەکێکیان ئەمەی غەرەزم نەبێ**
**لەڕاستی هیچ کەس (عوض)م نەبێ**
**کەس لە کردەوەم، زیان نەبینێ**
**دڵم ژەنگ نەگرێ بە بوغز و کینێ**

لە ڕووی تیۆریش لە زۆر شوێن لە شیعر و پەندەکانیدا هەڵوێستی نەیاری خۆی بەرامبەر شەڕ و جەنگ خستۆتە ڕوو، شەڕی بە ئازایەتی و کارێکی دورست نەزانیوە، تەنانەت لە خەباتی نەتەوەییش ڕێگەی ئاشتی و خەباتی مەدەنی بە دورست زانیوە، بەڕادەیەک هەڵوێستی لە شۆڕشە چەکدارییەکانی کوردیش نەرێنی بووە، هەربۆیەش هەندێ لە نەیارەکانی بە ترسنۆکیان زانیوە، لەو ڕووەوە ڕەخنەیان لێگرتووە. بێئاگا لەوە کە پیرەمێرد ئاستی بیرکردنەوەی زۆر پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە، هەمیشە لەوسەردەمەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی فەلسەفە و کلتووری ئاشتیی و یەکتر قبوڵکردنی داوە، چونکە شەڕ کەس ناگەیەنێت بە ئامانج و هەمووان تێیدا دۆڕاون، ئەزمونەکانی دواتری مرۆڤایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەریانخست کە شەڕ و جەنگەکان بە هەر ناو و لەژێر هەر پاساوێکدا بێت جگەلە وێرانکاریی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و تیاچوونی خەڵکی سڤیل و بێتاوان لە دوای خۆی جێناهێڵێت.

هەموو دەرسی شەڕ ئاخر شەڕییە
بۆیە هەڵکردمان کوێرەوەرییە

٧-ڕاشکاوی لە مامەڵەکردنی بەرامبەر و نەبوونی ڕق و کینە: کاتێک مرۆڤ لێبڕا بۆ خودا، هەرچی کرد، هەرچی ووت، بۆ خودا ئەیکات و بۆ خودا ئەیڵێت، ئیدی خەم لەوە ناخوات، کێ پێیخۆشە و کێ پێیناخۆشە، بۆیە ئاشکرا و ڕاشکاوانە قسەی خۆی دەکات، ڕەخنەی خۆی دەگرێت لەو بۆچوون و هەڵوێست و دیاردانەی دەیانبینێت، لە کات و شوێنی خۆی لە هەرکەسێکەوە بن، دواتر ناچێت لە پشتەوە گلەیی و توانج بگرێت و شتەکان بگرێتە دڵ، خۆێشی هەر هەڵە و خەتایەکی کرد، ئازایەتی ئەوەی هەیە داوای لێبوردن بکات و هەڵەکەی ڕاستبکاتەوە، ئەو کاتە لە ڕووی دەروونییەوە بە ئارامیی و ئاسودەیی ئەژیی، بەپێچەوانەوە ئەوانەی کینە و بوغز هەڵدەگرن هەمیشە نا ئارام و بێ ئۆقرەن.

**بە سەر دۆستا بێی بە دیارییەوە**
**لەوە چاکترە کین بشارییەوە**
**کە ئیشێکت کرد زانیت خەتایە**
**بگەڕێیتەوە بوزورگی تیایە**
**ئەگەر لێ بوردی بێ پەشیمانی**
**ئەنجا لەزەتی عەفو دەزانی**
**ئەگەر بێی بە قین تۆڵە بستێنی**
خەوی ڕەحەتی لای خۆت نابینی

لە چەند بەیتێکدا باس لە دڵسافیی و بێگرێی خۆی دەکات لەگەڵ ئەوانی تر و دەڵێت:

**ئەوەنە هەیە یەک ڕوو یەک دڵم**
**لە مەتانەدا پەروەردەی گڵم**
**هەندێکی وا هەن هەسانی مەککەن**
**سەما بە دڵی بزورگان ئەکەن**
**بە مێچکە مێچکە پێ ئەلێسنەوە**
**کە هەڵخلیسکا خۆ ئەکێشنەوە**

شێخ مەحمود گەواهی ئەوەی داوە پیرەمێرد کەسێکی پاک و دڵساف بووە، لە ئاڵۆزییەکدا کە دەکەوێتە نێوان شێخ مەحمود و پیرەمێرد، شێخ مەحمود دەفەرموێت: (ئێمە لەگەڵ پیرەمێرددا پیر

و موریدین و حەقی زۆری بەسەرمانەوەیە، جگە لەوەش شاعیرێکی بەرز و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە، هەرچی وتووە بە نیازێکی پاک وتوویەتی هەر لەبەرئەوەیە کە دۆست و خۆشەویستی منیشە)، زۆرجار پیرەمێرد وەک هەر کەسێکی تر کە هەوڵیدابێت کۆت و بەندی باوی سەردەمەکەی خۆی تێپەڕێنێت، هەوڵی چاکسازیی و نوێیونەوەی دابێت، دووچاری ڕەخنەی توند و تۆمەتبارکردن، تەنانەت هەندێک جار گاڵتە پێکردنیش بۆتەوە لەلایەن پارێزەرانی نەریت و لاسایی کوێرانە، ئەویش زۆرجار تەنانەت بە نوێژنەکەر و بێ دەستنوێژ لەقەڵەمدراوە، لە بەرامبەردا پیرەمێرد پەرچەکردارێکی ئەوتۆی وەرنەگرتووە.

٨-ئیخلاص: پیرەمێرد وەک لە ڕەفتار و ڕەوتی ژیانی دەردەکەوێت خواپەرست و ئاییندارێکی لێبڕاو و دڵسۆز _مخلص_ بووە، ئیخلاصێکی عیرفانی سۆفییانە، چونکە کەم و زۆر گوێی نەداوە بەوە کە دەوروبەر لە خۆی ڕازی بکات، گوێی نەداوە بە تانە و توانجی ئەم و ئەو، گوێی نەگرتووە لەو ڕەخنە و گلەییانەی نەیار و ناحەزەکانی گرتوویانە.

شەمسی تەبرێزی کاتێک دەیەوێت کار لە سەر ڕۆمی بکات تا یەکلایی ببێتەوە بۆ خودا، ڕاهێنانی پێدەکات، داوای هەندێک کار و ڕەفتاری ئەوتۆی لێدەکات تا بکەوێتە بەر لۆمەی خەڵک و ڕەخنەی لێبگیرێت، تا وای لێدێت لەسەر خۆی بە جواب نەیەت، پیرەمێردیش هەرچەند بەهۆی هەندێ لە ڕەفتار و دووری لە نەریتە باو و دیمەنە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان و بیدعەوە تۆمەتبارکراوە بە کەسێکی بێدین و لادەر و لە خوا نەترس، بەڵام ئەو مەولانا ئاسا ئاوڕی نەداوەتەوە، ئەوەی گرنگ بووە لەلای ئەو پاکی ناخ و عیشقی قەلبییە بۆ خودا، هەر لێرەوەش چیرۆکی سەنگ تراشەکەی مەولانای بە شیعر هۆنیوەتەوە، لەژێر ناوی (بە زمان نییە ئیخلاص حیسابە)(٥٠).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- عیرفان، وەک زۆرێک لە چەمکە هزریی و زانستییەکانی تری ناو هەناوی تورسی ئیسلامی بەرهەم و داهێنانی عەقڵی مرۆڤەکانە، لە سەردەمێکی مێژوویی و ناوچەیەکی جوگرافی داهێنراوە، نە لە قورئان و نە لە فەرمووده نەهاتووە، هیچ پیرۆزیی و باڵاییەکی نییە، هەرچەند بە دواداچوونی وردم بۆی نەکردووە، بەڵام لە بنەڕەتدا دور نییە لە ژێرکاریگەری کلتوور و حەزاراتی تر وەرگیرابێت، ئەمە وەک چەمک، بەڵام وەک میکانزم و ڕێبازێکی دیاریکراو، عیرفان، یا سوفیگەری ئەو ڕێو شوێن و سروتە تایبەتانەن کە ڕابەر، یا عاریف مورید و شوێنکەوتوەکانی لەسەر پەروەردە دەکات و بەو مەقام و قۆناغانەدا دەبیات تا دەیگەیەنێت بە دوا قوناغی عیرفان و پەرستن و خودا ناسی، بەڵگە نەویستە کە لە سەردەمە سەرەتاییەکانی هاتنی ئاینی ئیسلام، واتە سەردەمی پێغەمبەر و ڕاشدین چەمکێک نەبوو بەناوی عیرفان، یا ڕێبازێک نەبوو بە ناوی سۆفیگەری یا عیرفان، بەڵام زۆر چەمکی تر هەن و بەکار هاتوون لە بواری سلوک بەرەو خودا و پەروەردەکردنی ئیمانی و ڕوحی، هەندێکیان ڕیشەی قورئانیان هەیە و هەندێکیان داهێنراوی عەقلی مرۆڤەکانن، وەک (تزکیة و تهذیب..)، چەندین نوسراوی زۆر بە نرخ و زانستی و تەصیل کراو لەو بوارە نوسراون و کاریگەری زۆریشیان بە جێهێشتووە و تائێستاش سودیان لێوەردەگیرێت، وەک کتێبی (مدارج السالکین) نوسراوی ئیبن قەییم و (منهاج القاصدین) نوسراوی هەروەها (احیاء علوم الدین) نوسراوی ئیمام غەزالی.

هەرچەندە عیرفان دواتر جگە لەوە وەک ڕێبازێکی سلوک بەرەو خودا چوون ڕەهەندی فیکری و فەلسەفیشی وەرگرتووە، ئێستا قسە لە عیرفانی ئیسلامی و عیرفانی تری غەیرە ئیسلامیش دەکرێت. ئەم تێبینییەم هەڵوێست نییە لە بەرامبەر عیرفان وەک چەمک و وەک ڕێباز بە قەد ئەوە کە هەڵسەنگاندن و ڕونکردنەوەیەکە.

٢- دیارە کتێب و نوسراوی تری زۆر لە بارەی عیرفان و سۆفیگەری بە گشتی، یا لە سەر کەسایەتی و ڕەمزە مێژووییە دیارەکانی ئەو مەیدانە نوسراوون، ...

٣- ئەگەر نەڵێم بە سەر چوو.

٤- دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری، دکتور عبدالله خدر حمد، لاپەڕە ٥١.

٥- سەیری کتێبی ڕەنگدانەوەی کەسێتی دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی وفارسیدا بکە، سەبور سەیوانی، ل٥٨-٧٤.

٦- لەبەرئەوە تێگەیشتن لەو چەمکە هەندێ لە ڕاستەقینەی خۆی ترازاوە دواتر تیشکێکی دەخەینە.

٧- سەیری صەبور سەیوانی بکە، ڕەنگدانەوەی

٨. محەمەد ڕەسوڵ هاوار، دیوانی پیرەمێرد، ل٣٥٢.

٩. دیوانی مەحوی.

١٠. ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٧٦.

١١. هەمان سەرچاوە ل،٧٥.

١٢. ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٢.

١٣. واوەیلا کەوتەوە ناو کورد.

کە شێخ عومەر وەفاتی کرد

(چیاع)ی دین و دنیایە

کەساسی عیلم و تەقوایە

خانەقای مەولانای چۆڵ کرد

تەشریفی بۆ لای مەولای برد. ئومێد ئاشنا، ب١، ل٣٨٤.

١٤. ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٢-١٣.

١٥. محەمەد رسوڵ هاوار، دیوانی پیرەمێرد، ل ٨٧.

١٦. مەولەوی، وەرگێرانی پیرمێرد، ل١١٩.

١٧. هەر ئەو کاریگەرییە وای لە پیرەمێرد کردووە کە هەندێک لە چیرۆکەکانی ناو مەسنەوی بە شیعر بهۆنێتەوە، وەک چیرۆکی شوانەکە و موسی. ( (

١٨. محەمەد ڕەسوڵ هاوار، دیوانی پیرەمێرد، ل٥٧. هاوار دەڵێت هەموو جارێک لە زمانی خۆشییەوە بیستوومە شیعرەکانی عبدالحق حامد و نامق کەمال)ی تورک زۆر کاریان تێکردووە و دڵبەندیانی هەڵبەستەکانیان بووە.

١٩. ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٣٢٤.

٢٠. ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٣٤١.

٢١. ڕوحی مەولانا خالید، و.پیرەمێرد، ئامادەکردنی مەحمود ئەحمەد محەمەد، ل٢٥٨.

٢٢. بە بۆچوونی کەسی خۆم پێموایە ئەو هاوکێشە و بەراورده هەڵەیە، باس لە حەقیقەت و شەریعەت و شوێنی هەریەکەیان لەوەی تر، چونکە ئەگەر بمانەوێ شەریعەت بە ڕێگەزانی و ئەحکامی مامەڵەی دیوی دەرەوە و ماددیات، و حەقیقەتیش ڕێگەزانی و ئەحکامی مەعنەوی و مامەڵەی ناخ و دیوە نادیار و شاراوەکانی مرۆڤ، بە واتایەکی تر شەریعەت ئەحکامی مامەڵەی مرۆڤ لەگەل مرۆڤەکانی تر و دەور و بەرە ماددیەکەی و حەقیقەت مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ خودا و جیهانی نادیار و مەعنەوی، ئەوە هەڵەیە، چونکە بە مەفهومی قورئانی شەریعەت لەو تەفسیرە فراوانترە و هەردوو ڕەهەندەکە دەگرێتەوە، **(شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ) (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا))** بۆیە ڕاستتر ئەوەیە لە جێگەی شەریعەت فقە دابنێین، چونکە فقە مەعریفەی ئەحکامی مامەڵە ڕواڵەتی و ماددیەکانە، حەقیقەت فقهی قەلب و مامەڵە مەعنەوی و ڕوحییەکانە. هەردوکیان بەشێکن لە شەریعەت، یا ئیجتهاداتی مرۆڤەکانن لە بە عەمەلی کردنی ئەو ڕێساو پرنسیپانەی قورئان بۆ هەر یەک لەو دوو مەجالە دایناوون.

٢٣. الرساله القشيريه، ئیمام عبدالکریم القشیری، وەرگێڕانی، عبدالکریم فتاح، ١٨٨.

٢٤. پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٧٣-٧٤.

٢٥. ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨٤.

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

٢٧. هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

٢٨. ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٥٧.

٢٩. ڕەفیق سالحی، پەندەکانی پیرەمێرد، ل٤٢٥.

٣٠. فائق، دیوانی پیرەمێرد، ب١، ٢٤٤.

٣١. ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٧٠.

٣٢. هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٧٤.

٣٣. هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٨١.

٣٤. هەمان سەرچاوە، ب٢، ٧٩.

٣٥. پیرەمێرد خۆی لەوبارەوە دەڵێت:

هەر لە ژوورەوەم هاوین و زستان

هەرچی ئازایە بۆم بێتە مەیدان

جلی هاوینەم کۆنەی زستانە

ئەویش هی خەڵکە وا پێنج ساڵانە

زۆر جل و بەرگی تازە ئەبینی

لەشی لەش پیسی تێدا نهێنی

کە مەرگ ئەو بەرگەی لێ ئەکاتەوە

تاتە شۆر لەشی پاک ناکاتەوە. فائق، دیوانی پیرەمێرد، ب١، ل٢٤٨.

٣٦.

٣٧. هاوار، ٢٧٩، ٢٨٠. (بۆرە) و (بازە) لە کوردەواری ناون سەگ.

٣٨. پەندەکان، ٦١٧.

٣٩. فائق هۆشیار، دیوانی پیرەمێرد، ب١، ٢٤٦.

٤٠. پەندەکان، ل٥١٨.

٤١. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٤٢. پەندەکان، ل٤٥٩.

٤٣. هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

٤٤. بۆ نمونە سەیری لاپەڕەکانی:٤٨٤، ٤٨٩، ٤٩٠، ٥١٠، ٥٦١، ٦١٦، ٦١٧، ٦٢٥.

٤٥. پەندەکان، ٤٤.

٤٦. پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥٣.

٤٧. پەندەکان، ل١٢٧.

٤٨. محەمەد ڕەسول هاوار، دیوانی پیرەمێرد، ل٦٦.

٤٩. دیوانی پیرەمێرد، فایەق هۆشیار، ب١، ل٣٠٥.

٥٠. هاوار، دیوانی پیرەمێرد، ل٤٠٤.

# چاوی سێیەم
# دەربارەی عیرفان



**بەرایی:**

کاتێك عاریف هەردوو چاوی دادەخات، ئەوسا چاوی سێیەمی-کە چاوی دڵیەتی-
دەکاتەوە و ڕادەمێنێ و بیر دەکاتەوە، بەو هۆیەوە دەگات بە حەقیقەتی شتەکان و کاکڵەی
عیرفان، کارکردن لەسەر عیرفان، خەرمانێ زانست و تەمەنێ بەدواداچوونی دەوێت،
ئەویش لەبەر قووڵی واتای چەمکەکە و مێژوویەکی دووروودرێژ و تەمومژاویی و پڕ هەوراز
و نشێویی، کەسێتی عاریف و سۆفی، پەیوەست نییە بە هیچ ئایین و ئایدیایەکەوە، لە
دەربەندی مێژووشدا گیر نەبوون، شوێنێکی دیاریکراویش کەلەپچەی نەکردوون، ئەوەی
گرنگە، ئەزموونێکی تاکەکەسی قووڵ و میتۆدێکی دەوێت، تا بەهۆیانەوە مرۆڤ دەگات بە
ترۆپك، ناوەڕۆکی ئەم بابەتە، هەڵوێستەیەکە لەسەر چەمکی عیرفان، ئاوڕدانەوەیەکی
خێرایە لەسەر ئەو چەمك و بابەتە هەستیارانەی کە وروژێنراون.




**حسەین سەیید ئەحمەد**

لەدایکبووی ١٩٧٩، زەڵم - خورماڵ، خاوەنی (٥)
کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر نووسین و
وەرگێڕانی بڵاوکراوەیە.

**عیرفان چییە؟**

عیرفان، زانستێکە تایبەتە بە مرۆڤ و لە ئاوەز و دڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بۆ گەیشتن بە خوای تاکانە و نادیار و باڵا، بەهۆی ناو و سیفات و دەرکەوتەکانییەوە، دەکۆشێ بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی جیهان و کۆی قۆناغەکانی بوون (وجود)، عیرفان ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە و تایبەت نییە بە ئایین و شوناسێکەوە، بەڵام بەهۆی گشتگیریی و ئازادی بیرکردنەوەی مسوڵمانانەوە، عیرفانی ئیسلامی بووەتە خاڵی بەهێز و جیاکەرەوە لەگەڵ عیرفانەکانی تردا.

عیرفان باوەڕبوونە بە دۆزینەوەی ڕاز و نهێنی دنیا، ساتی ڕامان و پرۆسەی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و تێهەڵچوونی ڕۆحە، ناسین و دووبارە ناسینەوەیە، ونکردنی خود و دۆزینەوەیەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، عیرفان هەڵوێستەکردنە، بڵندبوونەوەی ڕۆحە، سەربەرزکردنەوەیە بۆ ئاسمان، حولوولە لەگەڵ خودای تاقانەدا، گەیشتنە بە حەقیقەتی شتەکان، ئەویش لە ڕێگەی دۆزینەوە و بینینەوە، ناتوانرێت لە ڕووی زاراوەییەوە پێناسەیەکی کۆنکرێتی و دیاریکراو بۆ عیرفان دیاری بکرێت، چونکە بەستراوە بەڕادەی تێگەیشتن و وەرگرتن و سلووکی عاریفەوە.

عیرفان دوو لایەنی هەیە: لایەنێکی کۆمەڵایەتی، کە سۆفی پێ دەگوترێت، لایەنی دووەمیش، لایەنێکی ڕۆشنبیرییە، ئەویش کارەکتەری عاریفە(١)، عاریفی مەزن زوننوون (ذوالنون)ی میسری (٧٩٦- ٨٥٩ز) عیرفان دەکات بە سێ بەشەوە:

**یەکەم**: هێڵێکی هاوبەش لە نێوان مسوڵماناندا.

**دووەم**: عیرفانێکی تایبەت بە زانایان.

**سێیەم**: عیرفانێکی تایبەت بە وەلیی خودا(٢).

پایەکانی عیرفان:

یەکەم/ میتافیزیک: ئەمەش تەنیا فەلسەفە و حیکمەتی میتافیزیک ناگرێتەوە، قۆرخیش نەکراوە بۆ بابەتە میتافیزیکییە کۆن و نوێکان، بەڵکو کۆی ئەمانە و زیاتر و قووڵتریش دەگرێتە خۆ، میتافیزیک لە عیرفاندا دەتوانێت هەموو ئەو گرفتانەی کە لە کایەکانی دیکەی مەعریفەی دینیدا دەرکەوتوون، چارەسەر بکات، کاتێک دین واتابەخشی ژیان بێت، کەواتە میتافیزیک واتای واتاکانە.

دووەم/ هونەری عیرفانی، یان عیرفانی موقەددەس: هونەری ئیسلامی بەشێکە لە ڕۆحی عیرفانی ئیسلامی، هەروەک چۆن لە عیرفانی تیۆریی و پراکتیکیدا بنەماگەلێک هەیە، بەوشێوەیەش لە عیرفانی وێنەیی و هونەریدا بوونی هەیە، هونەر خۆی دیوێکی عیرفانی و ڕۆحی تێدایە، لە عیرفانیشدا جێکەوتێکی بەرفراوانی هەیە.

سێیەم/ ئەخلاق: ئەخلاق نەک لە عیرفاندا، بەڵکو لەنێو کایە و شارستانیەتی ئیسلامیشدا بوونی هەیە، ئەخلاق هەوێنی عیرفانە، زۆرجار بەهۆی ئەخلاقەوە و لەگەڵ دیوی کردەیی، کە تەسەووفە و دیوی تیۆریش کە عیرفانە، مامەڵە کراوە(٣).

چوارەم/ ئیرادە: ئیرادە، پایەیەکی گرنگی عیرفانە، بەپێچەوانەی تەسەووفی باوەوە، ئەویش بەستنەوەی سۆفی و مورید بە شێخ و پیرەوە، ئیرادەی عیرفانی دیوێکی میتافیزیکیی و هونەریی و ئەخلاقیی تێدایە.

**خاسیەتەکانی عیرفانی جیهانی:**

**یەکەم/** کردار بناغە و سەرەتای بزاڤە: سۆفیگەری بەتەنها پشت بە زانست نابەستێت، بەڵکو کردار لەلای مەرج و بناغەی کارەکەیەتی، خودی زانست دەرئەنجامی کارە.

**دووەم/** باوەڕبوون بە یەکێتی حەقیقەتی جیهانی: بەهۆی هەستە بەرجەستەییەکانەوە، مرۆڤ پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی ماتریاڵدا هەیە، باوەڕبوون بە حەقیقەت و یەکێتیی واقیعی و جیهانی ناوەوە و ڕواڵەتیش، لە خاسیەتەکانی عیرفانی جیهانییە.

**سێیەم/** باوەڕبوون بە ڕەسەنایەتی پەیوەندی:

ئەویش لە ڕێگەی عیشق و تامەزرۆییەوە بەدەست دێت، عاریف بە تەنها خۆی لەنێو قەڵەمڕەوی عەقڵدا قەتیس ناکات.

**چوارەم**/ پەسەندکردنی حەقیقەتی بەرچاو و دیار: ئامانجی عاریف، گەیشتنە بە حەقیقەتی حەقیقەت و یەکگرتن لەگەڵ ناو و سیفاتی خوا و فەنابوون، تیایدا بە نەمانی سیفەتی خراپ لە عاریفدا، دەربڕینی جۆراوجۆر بۆ یەکێتی عاریف هەیە، ئەویش پەیوەستە بە چوارچێوەی کلتووری عاریفەوە.

**پێنجەم**/ باوەڕبوون بە کۆشش و ڕامهێنان و جڵەوکردنی دەروون: ئەم خاڵە تەنانەت پایەی سەرەکی هەموو عیرفان و تەسەووفێکە، بەجۆرێک زۆرێک لە سۆفی زیادەڕەوی تێدا دەکەن و خۆیان لە هەموو خۆشییەکی ئەم دنیایە بێبەش دەکەن.

**شەشەم**/ باوەڕبوونی عاریف بۆ کێشکردن لە پەنای کۆششدا: واتە موجاهەدە بەس نییە، بەڵکو جەزبەش قۆناغێکی پێویست و گرنگە، عاریف بەتەنیا جەزبەی نییە، بەڵکو کۆششیش دەکات، ئاخر ئەوەی یەکەمیان سۆزیشی تێکەڵە و بەهۆی وەجد و حاڵەوە ڕوودەدات، هەرچی ئەوەی دووەمە، کۆششی دەروونیی و جەستەییە بۆ گەیشتن بە مەبەست.

**حەوتەم**/ عیشق: عیشق بنەڕەتی عیرفان و هەوێنی پەیوەندیی نێوان عاریف و عاشق و مەعشووقە، عیشق تاکە سەرمایەی عاریفە بۆ گەیشتن بە مەعشووقەکەی، هۆیەکە بۆ نەهێشتنی پەیوەندیی نێوانیان، لە بڕینی ئەم ڕێگەیەدا عاریف چاوی لە مەرام و پاداشت نییە لە مەعشووقەکەی(٤).

جۆرەکانی عیرفان: عیرفان دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا، ئەوانیش: (عیرفانی تیۆری) و (عیرفانی پراکتیکی)ن:

عیرفانی تیۆری، زانستە بە بوونی خوا و بوون (وجود)، لەمبارەیەوە هاوتەریب لەگەڵ فەلسەفەی ئیلاهییاتدا یەکدەگرێتەوە، هەروەک چۆن فەلسەفەی ئیلاهی ڕاڤەی بوون(وجود) دەکات، عیرفانی تیۆریش بەو کارە هەڵدەستێ.

عیرفانی پراکتیکی، ئەرکی مرۆڤ لەگەڵ خۆیی و بەرامبەرەکەی و خوا ڕوون دەکاتەوە، وەک: زانستی ئەخلاق، ئەخلاقییانە ژیان(٥).

سلووکی مەعنەوی بە ڕەهایی لەسەر بەرەکەت و تەوفیقی خوایی بونیادنراوە، ئەویش لە نیگاوە سەرچاوەی گرتووە، دەشێ کەسێک ئاشنایی بە لایەنەکانی عیرفانی تیۆری هەبێت، بەڵام هەنگاوێکی بۆ سلووکی مەعنەوی نەهاوێشتبێ، دەگونجێ کەسێکیش بە بەرزترین مەقامی عیرفانی پراکتیکی گەیشتبێت، بەبێ ئەوەی وشەیەکی لەبارەی عیرفانی پراکتیکییەوە بەیان کردبێ(٦).

زۆرجار عیرفانی تیۆری بەبێ وەرگرتنی تەریقەت و سلووکی عیرفانی بەدەست نایەت، عیرفانی پراکتیکی پێشەکییەکە بۆ چوونە ناو عیرفانی تیۆرییەوە، عیرفانی پراکتیکی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی و بەرپرسیارێتی مرۆڤە لەگەڵ خۆی و خوا و گەردووندا، بەمەش نێوانی عیرفانی پراکتیکی و ئەخلاق دیاری دەکرێت، بەگشتی عیرفانی تیۆری بناغەی عیرفانە، دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە خودی عیرفانی تیۆری(٧).

عیرفان هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مۆدێرنە، واتە بەهۆی عیرفانی تیۆرییەوە، مرۆڤ دەتوانێت لە بابەتەکانی پێش مۆدێرنە تێبگات، شارستانییەت و ئایینەکانیش بەهۆی عیرفانی تیۆرییەوە دەناسرێن، بەهۆیەوە مرۆڤ لە تێگە فەلسەفییەکان تێدەگات، هاوکات زمانی شارستانییەتەکانە، بەهۆی ئەم جۆرە عیرفانەوە، مرۆڤ لە چەمکەکانی خودناسی و خواناسی و مێژووناسی تێدەگات، چونکە عیرفانی تیۆری کۆمەڵێک بنەما و ڕێسایە بۆ جیهانبینییەکی قووڵ(٨).

### فەلسەفەی عیرفان چییە؟

فەلسەفەی عیرفان هەوڵێکە بۆ دەرهێنانی عیرفان لە تەمومژی تاکایەتی و تایبەتمەندیکردنی ئەم چەمکە لە کۆتوبەندێتی و، بەخشینی جۆرێک لە ئاسانکارییە

بۆ مرۆڤ، جیهانبینییەکی تایبەتە بە خودی عیرفان، فەلسەفەی عیرفان لە عیرفانی تیۆریی و پراکتیکی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو ناواخنی خودی عیرفان تاوتوێ دەکات، بنەما عیرفانییەکان لەگەڵ یاسا عەقڵیی و بنەڕەتییەکانی فەلسەفە بەراورد دەکات(٩)، فەلسەفەی عیرفان، عیرفان لە گشتاندن و دەستبەسەرداگرتن رزگار دەکات، لەوانەیە لە جۆرێک لە ڕووداریی و زیادەخواستنەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەمەش تایبەتمەندیی خودی ئاوەز و ئەندێشەی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها، ئەویش بەمەبەستی دەرهێنانی مرۆڤ لەژێر ڕکێف و توانا بەرهەستەکانیدا، بە ئەندازەیەک مرۆڤ بخاتە نێو ئەو نیاز و داوا و خواستانەوە، کە پێویستن بۆ تێگەیشتن لە بەرامبەر، بۆئەوەی بگات بە پرۆسەی گشتاندن و مەسەلە و تێگە و بابەتە جیاوازەکان(١٠)، ئیبن سینا (٩٨٠-١٠٣٧ز) گوتوویەتی: کەسانێک عیرفان پەسەند دەکەن و هەندێکیش ڕەدی دەکەنەوە، ئەمە فەلسەفەی عیرفانە(١١).

## عیرفانی کلاسیکی چییە؟

مرۆڤ هەمیشە هەڵوەدای حەقیقەتی ڕەها و ئارەزووی جاویدانی و نەمریی و پیرۆزیی و بێڕەنگیی و بێسنووری بووە و، مەیلی بۆ جوانی و عیشق هەبووە، (من)ی ڕاستەقینەی لەگەڵ ئەم چەمکانەدا گرێ داوە، پێویستبوونی خۆی بۆ ئەو تێگە فەلسەفیی و ئەنتۆلۆژییانە دەربڕیوە، بەڵام لەبەرئەوەی جیهانی ماتریاڵ سنووردار و ڕێژەیی و بەرتەسکە و کۆیلەی شوێن و کاتە و مەحکوومە بە مردن، بۆیە هەمیشە ئەم چەمکانە لە ڕۆحی مرۆڤدا بوونەتە خولیا و، تامەزرۆیی گەیشتنیان بووەتە ئارەزوویەکی هەمیشەیی(١٢).

لە دیرۆکەوە مرۆڤ لەنێو مەیدانی بوون (وجود)ەوە بە شوێن ونبووی ڕۆح و ڕێکخستنی پەیوەندییە مەعنەوییەکانیەوە بووە، بەردەوام لەگەڵ جیهانی باڵادا لە تەماسدا بووە و سەری هەڵبڕیوە و بۆ ئاسمانی ڕوانیوە، بۆ ئەو مەبەستە هەڵوەدا بووە تا گەیشتووە بە دەرئەنجامێک، پاش دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان، کەسێکی وەک (قەشە ئاگۆستین) لەنێو بازنەی ئایینی مەسیحییەتدا دەرکەوتووە، گرنگی و بایەخی لایەنی مەعنەویی خۆی، بە گوێرەی تێگە مەسیحییەکانەوە پۆلێن کردووە و چالاکییە ڕۆحییەکانی خۆی بەرجەستە کردووە، لەنێو پانتایی ئایینی ئیسلامیشدا کەسانێکی وەک: ئەبوو حامیدی غەزالی (١٠٥٨-١١١١ز) و مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣ز)، هزری ئایینی و تێزە عیرفانییەکان و هەستی مەعنەویی و ئەزموونی ڕۆحیی خۆیان لەنێو دڵی کلتووری مسوڵماناندا هەڵێنجاوە و ڕوونیانکردووەتەوە و بەگەڕیانخستووە، تاگەیشتووەتە ئەم قۆناغەی ئێستا، ئەم جۆرە تێڕوانینە دێرینە و بەرجەستەکردنی عیرفان لە دڵی ئاییندا و خستنەگەڕی، بە عیرفانی کلاسیک ناوزەد دەکرێت، (ئاگۆستین و غەزالی و مەولانا)یش بە عاریفی کلاسیک دێنە ئەژمار.

عیرفانی کلاسیکی، خۆی لە فرەیی دەرباز کردووە و یەکتایی هەڵبژاردووە، ڕووگە و ئاراستەی خۆی کردووەتە جیهانی بێ ڕەنگ و بێ نیشان، ونبوون لەو نێوەندەدا و نغرۆبوون لەنێو مەعشووقدا، سیفاتی عاریفی کلاسیکن، عاریفی کلاسیک دەیەوێت خۆی حیجابی خۆی بێت، هەروەک ڕازگر و گۆشەگیر و تەنیایە(١٣).

## عیرفانی مۆدێرن چییە؟

عیرفانی مۆدێرن، عیرفانێکە بە دەرکەوتنی زانست و فەلسەفە و عەقڵانیەتی نوێ، هاتە نێو کایەی ڕۆشنگەرییەوە و جێگەی خۆی کردووەتەوە و، تەریب لەگەڵ ئەو دیاردە و چەمکانەدا شکۆفەی کرد و پشکووت، عیرفانی مۆدێرن عیرفانێکی خۆگونجێنە و خۆی ون ناکات، گرنگی بە زانستی ئەبستمۆلۆژیا (مەعریفەتناسی) و ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی) دەدات، نەک مۆدێرنە کاریگەریی

سلبیی نەکردووەتە سەری، بە پێچەوانەوە، بووەتە بەشێک لە مۆدێرنە و ناسنامەی خۆیشی ون نەکردووە(١٤)، عیرفانی مۆدێرن، پێویستی بە بنەماکانی بوونناسی و میتافیزیکی ئەفلاتوونی نییە، چەمکی ئیرادە و سالیکی خاوەنویست و ئیرادە، لە بنەماکانی ئەم جۆرە عیرفانە و عاریفی مۆدێرنن،

عیرفانی مۆدێرن، عیرفانێکی بوێر و بەهێز و خاوەن دیدگایەکی روونە، ژیانی ئەم دنیایەی بە جددی وەرگرتووە و خۆی لە خۆشییەکانی بێبەش نەکردووە، گۆشەگیر نییە و ئاگای لە دەوروبەری هەیە، ژیانی ئاسایی رۆژانە و رووداوە ئاساییەکانی رۆژگار نابنە رێگر لە بەردەم سلووکی عاریفی مۆدێرندا، پەپوولەیەکی نەخشین و گوڵێکی رەنگاورەنگ، سەرنجی عاریفی مۆدێرن رادەکێشن و ئەزموون و سوودیان لێ دەبینێ، گێتی لەلای ئەو، خاوەن سستمێکی عیرفانییە، دژی گۆشەگیریی و زوهدە، بەم پێیەیش خەسڵەتەکانی لەگەڵ هەندێ لە خەسڵەتەکانی عاریفی کلاسیکدا دژ و ناتەبان، شاعیری ناوداری ئێرانی (سوهرابی سپەهری ١٩٢٨- ١٩٨٠ز) نموونەیەکە لە عاریفی مۆدێرن، لە لایەک لەگەڵ میتافیزیکی ئەفلاتوونیدا یەکناگرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ تەنیاییدا هاونشینە و فەلسەفەی بوونگەرایی لا پەسەندە(١٥).

**زمانی عیرفانی:**

چەمکی زمان لای عاریف و سۆفییەکان ئامرازە، نەک مەبەست، زمانێکی رەمزئامێز و رازئامێزە، زمانی عیرفانی، زمانێکی بە رواڵەت سادە و ئاشکرا و لە ناواخندا شاراوە و قووڵ و رەمزی و کینایەئامێز و واتادارە، وەک: زوڵف و یار و خەت و خاڵ. زمان، نهێنی و رازی عاریف هەڵدەماڵێ، ئەویش بۆ گەیاندنی ئەو ئامانج و پەیامەی کە هەیەتی و بانگەشەی بۆ دەکات، ناتوانێت بە زمانێکی سادە بدوێت، بەهۆی زمانەوە دژ و نەیار بۆ خۆی و رێبازەکەی پەیدا دەبێت، شەمسی تەبرێزی (١١٨٥-١٢٤٨ز) کە سۆفییەکی گەڕۆک بوو، بەهۆی ئەوەی بوویە هۆی روو وەرچەرخانی زمانی مەولانای رۆمی، شاربەدەر کرا و دواتریش رووبەرووی چارەنووسێکی نادریار بوویەوە.

کەم کەس لە زمانی سۆفی و عاریفەکان تێدەگات، مەگەر بەو مەقامە گەیشتبێت، یان شارەزایی لێ هەبێت، زمانی شەتەحات یەکێکە لەو دەربڕینانەی، کە سۆفی بەکاری دەهێنێت، بۆ رەشەخەڵک بۆنی بێباوەڕی لێوەدێت، حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج (٨٥٨- ٩٢٢ز) گوتی: (انا الحق)، واتە: من هەقم، مەبەستی ئەوەیە کە خوایە! یاخود بایەزیدی بەستامی (٨٠٤-٨٧٤ز) گوتوویەتی: (سبحاني! ما اعظم شأني) واتە: پاک و بێگەردی بۆ خۆم، چ پلەیەکی مەزنم هەیە!

لە عیرفاندا دەربڕین ئەستەمە و زمان سەختە، بۆ رزگاربوون لەو کۆت و بەندە، باشتر وایە عاریف، یان سۆفی، خۆی لە زمان قوتار بکات و رازەکە نەدرکێنێت، دەربارەی درکاندنی ئەو دوو دەستەواژەیەی حەللاج، گوتراوە: نەدەبوو رازەکە بدرکێنێ، بەڵام حەللاج بۆ نەهێشتنی گومانی خەڵکی، پێویستی بەوە هەبوو بۆچوونی خۆی دەرببڕێت و کاکڵە و ناوەڕۆکی ئایین روون بکاتەوە، مەبەستی بوو رایبگەیەنێت کە شەریعەت توێکڵی ئایینە و بەوهۆیەوە کرۆکەکەش ئاشکرا دەبێت، کە دەکاتە دینی حەقیقی(١٦)، ئەگەرچی گیانیشی لەو پێناوەدا بکاتە قوربانی، دەشێ چاوەڕێی وەها چارەنووسێکی کردبێت کە تووشی بوو.

**ئامانجی عیرفان:**

هەروەک چۆن پزیشکێک لە رێگەی پشکنینی جەستەیی و دەروونیی کەسێکەوە جۆری نەخۆشییەکە دیاری دەکات، پاشان چارەسەری بۆ دادەنێ، عیرفانیش بەوشێوەیە لە رێگەی عاریفەوە و بەهۆی کارەکتەری سۆفی و رێبازی سۆفیگەریی و تەسەووفەوە و بۆ دیوە دەرەکیی و

ناوەکییەکەی و بە ناسین و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خوا، دەکۆشێت، ئەمەش بە پرۆسیسی عیرفانی تیۆریی و پراکتیکی دەبێت، ئامانجی عیرفان گەیشتنە بە خوای تاک و تەنیا و ڕازیکردن و بەستنی پەیوەندییەکی بەردەوام و تۆکمە، ئەویش لە ڕێگەی سلووکەوە، هاوکات یارمەتی عاریف دەدات تا بە خوای تاکانە بگات، ڕێنوێنی مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە باڵاکان، مرۆڤ دەگەیەنێتە قۆناغ و ئاستێکی باڵای بێوێنە، یارمەتیی دەدات تا بگاتە ئەوەی کە جگە لە خوا، کەسی تر پێی نەگەیشتووە، دەخوازێت مرۆڤ بگاتە کەماڵی مرۆیی و بەرزی و پلەی باڵای ئایدیاڵ.

**تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی عیرفان:**

**یەکەم**/ باوەڕهێنان بە حەقیقەتی بوون (وجود): ڕێبازی عیرفان باوەڕی بەبوونی جیهانێکی دەرەکی هەیە، لەوباوەڕەدایە کە ئەم حەقیقەتە، دیوێکی دەرەکیی و ناوەکی هەیە، بەپێچەوانەی دیدی سۆفیستایی و میسالییەکانەوە، کە جیهانی دەرەکی ڕەتدەکەنەوە.

**دووەم**/ کۆششکردن، بنەمایە لای عاریف: کۆشش، لای عاریف بۆ گەیشتنە بە یەکتاپەرستیی ڕاستەقینە، عاریف بە دڵ و عەقڵی، موجاهەدەی دەروونی دەکات و دەکۆشێت تا ناخی لە لایەنی شەیتانی پاک بکاتەوە(١٧).

**سێیەم**/ پەیوەندییەکی فێرکارییانە لەنێوان مرۆڤ و حەقیقەتدا: عاریف بۆ گەیشتن بە خوا، حەقیقەتویستی دەکاتە ئامانجی خۆی، لەسەر بنەمای مەعریفەیەکی قووڵ، پەیوەندییەکی زانستییانە دروست دەکات.

**چوارەم**/ عیشق: عیشق، مادده و پێکهاتەی بەستنی پەیوەندیی نێوان بەندە، یاخود عاریف و خوایە، مرۆڤ تا نەگات بە پلەی عاشقی، ناتوانێت ببێتە عاریفێکی ڕاستەقینە.

**پێنجەم**/ فەنا، ڕۆچوون و شۆڕبوونەوەیە لەناو و سیفاتی خواییدا، وێستگەی پەیوەندییەکی قووڵی مرۆیی عاریفە لەگەڵ خوادا، هەرچەندە ئەگەری گەڕانەوەشی هەیە بۆ ناو خۆی(١٨).

**عیرفان و ئایین:**

دین دیوە بەرجەستەنەکراو و تیۆریاکەی ئایینە، عیرفانیش بەشە نادیارەکەی دینە، ئەگەر دین ڕۆح بێت، ئەوا ئایین جەستەکەیەتی، چونکە ئایین پرۆسیسێکی کۆمەڵایەتیی و مرۆیی و مێژووییە، عیرفانیش هۆشیارییەکی تاکەکەسیی بێ ناسنامەی جیهانییە، مێژوویەکی تاڕادەیەک دیاریکراوی هەیە، عیرفان لە دەرەوەی دینێکی دیاریکراودا بەدی دەکرێت، بەڵام حەقیقەتی عیرفانی، یاخود عیرفانی ڕاستەقینە، خۆی لەنێو بۆتەی دینی ئیسلامدا دەبینێتەوە، عیرفان بە بەشێک و پێویستییەکی هەموو ئایینێک دادەنرێت، نەک بە پێچەوانەوە، هیچ عیرفانێک بە ڕەهایی سەربەخۆ نییە، واتە خاڵی نییە لە بیروباوەڕی دینی، بەڵکو ناسنامەیەکی دینیی لەخۆگرتووە، هەرچەندە عیرفان جیهانبینییەکی باڵایە و مرۆڤی مەزن بە چەندین قۆناغ پێی دەگات، ئایینیش وەک پرۆسەیەکی گشتگیری مرۆیی نومایان دەبێت، هیچ مرۆڤێک لە مێژوودا نەبووە بێ ئایین بێت و پێویستی پێی نەبێت، ئەگەرچی زۆریش پێوەی پابەند نەبووبێت، عیرفان ئەزموونێکی ڕۆحییە، بەڵام ئایین دەربڕین و ئەنجامدانی ئەو ئەزموونە ڕۆحییەیە، کە لە دینەوە هەڵێنجراوە.

ئەزموونی دڵ بۆ هزر، ئەویش بەهۆی ئاوەزەوە، ناسر سوبحانی (١٩٥١-١٩٩٠ز) گوتەنی: لە قەلبەوە دەبێتە فوئاد، چونکە قەلب، واتە: هەڵگەڕانەوە، لەبەرئەوەی شیاوی ئاڵوگۆڕە، ئیتر بەهۆی کارتێکردنی دەرەکییەوە بێت، یان ئەگەر هاتوو دەروونی مرۆڤ هۆکارەکەی بێت، ئەوا ئاوەز پێی هەڵدەستێ، بەڵام فوئاد مەعریفەیەکی تێدایە، ئەویش بەهۆی ڕۆحەوە بەدەست دێت(١٩).

نابێت عیرفان تێکەڵ بە دەمارگیریی شەریعەت

بکرێت، چونکە شەریعەت توێکڵی دینە، هاوکات ناشبەسرێت بە هیچ ئایینێکی دیاریکراوەوە، ئایینی ئاسمانی ئاتاجی مەقامی عیرفانییە و دەبێت ئاییندارانی بۆی بکۆشن، هەروەک ئایینە ئاسمانییەکان تەژین لە عیرفان، هەموو ئایینێک مافی هەیە بگات بە مەقامی عیرفان، عیرفان ناچێتە ناو تێکست و ئەزموونی عیرفانییەوە، مەگەر لە قۆناغی لێکدانەوەیەکدا بێت بۆ ئایین. ئایینەکان هاوڕاییەکی ڕاستەخۆیان لەگەڵ عیرفان و عاریفاندا نییە، عاریفەکان لە قۆناغی لێکدانەوەی ئایینیدا لە ئایین بەهرەمەند دەبن، هەرچەندە هەریەکەیان ئەرکێکی لە ئەستۆدایە، بەڵام بەریەککەوتن لە نێوانیاندا کردارێکی سرووشتییە.

عیرفان پرۆسەیەکی تاکەکەسیی و خۆویستانەیە و مرۆڤ بەویستی خۆی پەسەندی دەکات و وەریدەگرێت، عاریف نەک بێ نیاز نەبووە و نییە بە فیقهـ و شەریعەت، بەڵکو پێویستییەکی ڕێبازەکەشیەتی، هەروەک ڕەفتار و سلووکی عاریفانە بەبێ شەریعەت و پابەندبوون بە ڕێبازی خواناسی و ڕێنوێنی دینی، ناگاتە ئەنجامێکی باش(٢٠).

**پەسەندکردن و ڕەدکردنەوەی عیرفان:**

ئەگەرچی عیرفان و عاریفان هەندێ هاوسۆز و پشتیوان و هۆگریان هەبووە، بەڵام لەولاشەوە کەم نین ئەو کەسانە، یان ئەو چین و توێژ و گرووپە جیاوازانەی کە بەدرێژایی مێژوو عیرفانیان ڕەتکردووەتەوە و هێرشیان کردووەتە سەر عاریفان، ئەوانیش دابەش دەبن بەسەر(٢١):

یەکەم: هەندێک بەناو زانای ئایینی و شەرعزان و فەقیهـ و موتەکەللیم.

**دووەم: فەیلەسووفان.**

**سێیەم: زانا ماتریالیستەکان.**

**چوارەم: خودی عاریفان و سۆفییەکان.**

**پێنجەم: بیریارانی مەزهەبی.**

دژایەتی ئەم چین و توێژەش، لەسەر ڕێبازی عیرفانی و تەسەووف نییە، بەڵکو لەبەر ڕەفتار و سلووک و بانگەشەی هەندێ لە عاریف و سۆفییەکانە، ئەویش بە ئەنقەست نییە کە سۆفییەکان ئەنجامی دەدەن، بەڵکو نەزانانە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕێبازەکەدا لای هەندێکیان، هەندێکیشیان بەرژەوەندیخوازانە مامەڵە لەگەڵ عیرفان و تەسەووفدا دەکەن، بۆیە دەکەونە بەر هێرشی نەیارانیانەوە، لەمبارەیەوە مەلا سەدرای شیرازی (١٥٧٢- ١٦٤٠ز) دەڵێت: پێویستە عاریف زانستییانە و لۆژیکییانە خواپەرستی بکات و ڕێبازەکە بگرێتەبەر، تا لە هێرش و خورافات بەدوور بێت.

بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی عیرفان، کەسانێک هەبوون پەسەندیان کردووە و کەسانێکیش ڕەتیان کردووەتەوە، زانایانی ئایینی و شەریعەتمەداران، ڕای جیاوازیان هەبووە و هەیە لەسەری، کۆمەڵێک بەداهێنراوێکی زیادەی نێو ئایینیان زانیوە، کۆمەڵێکیش پێیانوابووە عیرفان خودی ئیسلامە(٢٢)، کەسێکی وەک ئیبن تەیمییە(١٢٦٣- ١٣٢٨ز) هەر لە سەرەتاوە و بەبێ چوونە نێو بنج و بناوانی چەمکەکەوە، ڕەتیکردووەتەوە، هەربۆیە لە ئێستاشدا ڕەوتی بەناو سەلەفییەت دژی عیرفان و تەسەووفن، هۆکارێکی تر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، وادەزانرێت عیرفان ڕەوتێکی دنیاییە و بۆ مەرامێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی هاتووەتە کایەوە، هەرچەندە لە ئێستاشدا تەسەووف لە بۆتەیەکی دیاریکراو و بارگاوی بە ئایدۆلۆژیادایە، بەڵام ئەمەش نابێتە بیانوو تا عیرفان ڕەتبکرێتەوە، لەنێو بیریارانی ئیسلامیدا کەسانێک عیرفانیان بە ڕێگەی ڕزگاریی و هۆکاری سەرفرازیی ئەو جیهان زانیوە، هەندێکیشیان لە ڕێگەی ڕاستەقینەدا بەگەورەترین هۆکاری لادانی مرۆڤایەتییان لەقەڵەمداوە، کەسانێکیش زیاد لە سنوور ڕێبازی عیرفانیان بەلاوە پەسەند و جێ مەبەست بووە، کۆمەڵێکیش زیادەڕەوییان تێدا کردووە.

لە ئێستاشدا چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا، عیرفان بووەتە مایەی سەرسامی و جێی ڕەزامەندیی کۆمەڵێک، لەلایەکی تریشەوە دژ و نەیارێکی زۆری هەیە، کە بە زۆریش بۆ تێنەگەیشتن لە ڕێبازەکە

و سلووکی عاریفانە دەگەڕێتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی عیرفان لای کەسانێک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەوفیقی گەیشتن و تێگەیشتنی ئەو ڕێبازەی نەبووە، چونکە بە لۆژیک زۆر جار مرۆڤ دژی ئەوەیە کە نایزانێت، بە هەردوو بارەکەدا چەندین نووسراو و کتێب هەیە و بەرچاو دەکەون، کە بەشێکی پەسەندکردنی عیرفان و بەشەکەی تریش ڕەتکردنەوەیەتی.

**گەڕانەوە بۆ هەرەمی عیرفان، پاش گەیشتن بە لوتکەی فەلسەفە:**

ئەگەر تەباییەک لە نێوان عیرفان و فەلسەفەدا هەبێت و هاوکاری لە نێوانیاندا بەدی بکرێت و لە قۆناغێکدا پشتی یەک بگرن، ئەوا لە قۆناغێکدا عیرفان باڵادەست دەبێت و مرۆڤ هەردەم پێویستی پێی دەبێت و لەسەری دەگیرسێتەوە و جێگیر دەبێت، با لەولایشەوە مرۆڤ عەوداڵی فەلسەفە و پرسە فەلسەفییەکان بێت، بۆ وێنە مەلا سەدرای شیرازی لە پێشەکی کتێبی (اسفار الاربعة)دا باس لەوە دەکات کە پاش چەندین هەوڵ و نووسین و تەرخانکردنی بەشێک لە ژیانی بۆ فەلسەفە، بەڵام سەرئەنجام بە ڕێنوێنی خوایی و نووری باوەڕ، واز لە کێشمەکێشی فەلسەفە و کەلام دەهێنێت و دە ساڵی تەمەنی، خەریکی پرسی عیرفانی دەبێت(٢٣).

لەگەڵ ئەوەی کە مەلا سەدرا و شەهابەددینی سوهرەوەردی(١١٥٤- ١١٩١ز) فەلسەفەیان خۆشویستووە، بە واتا فەیلەسووف بوون، بەڵام لەولایشەوە کاریگەربوون بە عیرفان و عاریفانە ژیاون، کە دەتوانرێت بگوترێت: فەیلەسووف و عاریف بوون، ئەگەر ئەمە حاڵی ئەم دوو فەیلەسووفە عاریفە بوبێت، دەبێ حاڵی کەسانێکی وەک: مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و ئیبن عەرەبی (١١٦٥- ١٢٤٠ز) و فەریدەددین عەتتار (١١٤٥- ١٢٢٠ز) چۆن بووبێت، کە تاکلایەنانە کاریان لەسەر عیرفان کردووە و عاریفانە ژیاون.

**عیرفان و تەسەووفی ئیسلامی و نائیسلامی:**

هەندێک لە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان کە عیرفان و تەسەووفی ئیسلامی نزیکیی و تەباییەکی لەگەڵ عیرفان و تەسەووفی غەیری خۆی هەیە، بەهەمان شێوە عیرفان و تەسەووفی ئیسلامیش وەرگیراو و پاشماوەی هەندێ لە ڕا و دید و کاری حەکیمە جووەکان و نەسرانییە ڕەهبانییەکان و بیریارانی یۆنان و کەسایەتییە کاریزماکانی بوودا و بەرهەمانای هیندی و شوێنکەوتووانی ڕێبازی گونووسی و ئایینی میترایی و مانوویییەتە، جگە لەمانەش، هەندێکی تر پێیانوایە کە عیرفان و تەسەووفی ئیسلامی لە عیرفان و تەسەووفی تێکڕای عیرفان و تەسەووفی ئایینە جیهانییەکان جیاوازە(٢٤).

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی عیرفان جەخت لەسەر یەکتایی خوا و گۆشەگیریی و وازهێنان لە خۆشی و چێژە جەستەیی و دەروونییەکان و پشتگوێخستنی ئەم دنیایە دەکاتەوە، بەڵام جیاوازی ڕیشەیی و بەرچاوی عیرفانی ئیسلامی لەگەڵ باقیی عیرفانەکانی تر، ئەوەیە کە: قورئان و فەرمووده تیایدا سەنتەرن، هەروەها زانستێکە لە زانستە ئیسلامییەکان، لقێکە لە مەعریفەی ئیسلامی، یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆ ناسین و گەیشتن بە خوای مەزن(٢٥).

**کاریگەرییەکانی عیرفان و تەسەووف لە ژیانی مرۆڤدا:**

یەکەم: هاوسەنگی ئایینی دروست دەکات.

دووەم: عاریف و سۆفی، خوا لەلایان سەنتەرە.

سێیەم: ئازادیی مرۆیی بەدەستدێت، مرۆڤ لە کۆت و بەندی مرۆڤ خۆی و بەرامبەرەکەی دەربازی دەبێت.

چوارەم: دژە بە ڕواڵەتگەرایی، سادەیی و خاکەڕایی لە ڕەفتار و سلووکدا دروست دەکات.

پێنجەم: یەکسانی لە نێوان مرۆڤایەتیدا بەرپا

دەكات.

شەشەم: ڕۆحی هاوكاری دروست دەكات.

حەوتەم: دەروونسەنتەری بەرهەم دەهێنێت.

هەشتەم: بێباكی و ترس لە مردن لای مرۆڤ ناهێڵێت.

نۆیەم: خۆشەویستی، سەنگی مەحەكە تێیدا.

دەیەم: ڕێنوێنی كەسانی تر دەكات.

یازدەیەم: مرۆڤ فێری خۆڕاگری دەكات.

دوازدەیەم: دژی بانگەشە و خۆنواندن و ناوزڕاندنە.

**جیاوازیی نێوان عیرفان و فەلسەفە:**

دەستكەوتنی نهێنییەكانی بوون (وجود)، بە دوو شێواز و لە ڕێگەی دوو هۆكارەوە دەبێت، یەكێكیان لە ڕێگەی عەقڵەوە بەكاری عەقڵكاری دەبێت و ئاوەز دەخرێتەگەڕ، ئەوی تریشیان بەهۆی دڵەوە دەبێت و دڵ سەنتەرە و بە ڕەفتار و سلووكی تایبەتی ئەنجام دەدرێت، یەكەمیان عەقڵانییانە بیركردنەوەیە، كە بە بەڵگەهێنانەوە و بەڵگەی عەقڵی بەدەستدێت، ئەویش بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و پەیبردن بە ڕازە نهێنییەكانی بوون، ئەم كارەش بە خۆشویستن و دانایی و مەیل بۆ زانینی ئەودیو جیهانی شاراوە و بیركردنەوە لە نادیار و قسەكردن لەسەر ئەودیو بانسرووشت (میتافیزیكا) دەبێت، ئەمەش فەلسەفەكارییە و ئەو كەسەش بەم كارە هەڵدەستێت، پێی دەگوترێك: فەیلەسووف، فەیلەسووف پشت بە عەقڵ و عاریفیش پشت بە دڵ دەبەستێت، لای یەكەمیان (ئاوەز) و لای دووەمیشیان (دڵ) سەنتەرە، فەیلەسووف گەنگەشەكارە و دەیەوێت شتەكان لە جیهانی ماتریاڵییەوە بگوازێتەوە بۆ جیهانی باڵا، لە دیارەوە بۆ نادیار، لە زەمینەوە بۆ ئاسمان، شتەكانی ئاسمان دادەگرێ، دووەمیشیان ڕێگەی گەیشتنە بە حەقیقەت و پەیبردن بە ڕازی نهێنیی ئەم بوونە، بەڵام بە ڕێگەی سلووك و فەنا و بیركردنەوە لە دەسەڵاتی خوایی.

عاریف وەك فەیلەسووف فزوولییەت ناكات، لە ناو و سیفاتی خوایی ڕادەمێنێ، بەڵام فەیلەسووف قسە لەسەر خودی خوا دەكات و، دەست لە كاری گەردوون وەردەدات، ئەمەش زیاتر كاری فەیلەسووفەكانی گریك و ڕۆژئاوایە، وەك لە فەیلەسووفانی ئیسلامی، عاریف پشت بە زەوق و ویساڵ و یەكبوون دەبەستێت، فەلسەفەش بە بەڵگە و عەقڵكاری كار دەكات، عیرفان بانگەشەی گەورە دەكات، بەوەی هاونزیكییەكی لەگەڵ خوادا هەیە، لەو ڕێگەیەوە ڕەوتار و سلووكی جیاوازە، هەرچی فەیلەسووفە دەخوازێ حەقیقەت بدۆزێتەوە و پێی بگات. لە فەلسەفەدا خوا ڕەسەن و سەربەخۆیە، بەڵام لە عیرفاندا بوونی ڕەها و ڕەسەن تایبەتە بە خواوە، فەیلەسووف دەیەوێت لە ڕێگەی ئاوەزەوە پەی بە حەقیقەت ببات، بەڵام عاریف دەیەوێت لە ڕێگەی دڵەوە بگات بە حەقیقەت، فەیلەسووف تێدەگات، عاریف دەبینێت(٢٦).

**عاریف كێیە؟**

فەیلەسووفی ئیسلامی و عاریفی مەزن (ئیبن سینا) لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا (الاشارات) ڕای وایە: عاریف ئەو كەسەیە كە دیوی ناوەوەی، ئاراستەی غەیری خۆی كردووە، بەمەبەستی گەیشتن بەو ڕووگەیە، سەرنج لە جیهانی باڵا و نادیار دەدات(٢٧)، بەوپێیەی عیرفان هەیە، عاریفیش وەك كارەكتەرێكی هەبوو و بەرجەستەكراوی عیرفان بوونی دەبێت، عیرفان ناسنامەیە بۆ كەسێك كە خوای تاك و تەنیای بەوشێوەیە ناسیوە كە خۆی داوای كردووە، قاڵبووەتەوە لەناو و سیفاتەكانیدا، جیهانبینی و سلووكی ئایینداریی عاریف لە كەسانی تر جیاوازە و تایبەت و دیاریكراوە، ژیانی بە نووری ئیلاهی پرشنگدار و ژووری دڵی بە چرای مەعنەوییەت ڕووناك دەكاتەوە، ئاوەزی بە مەعریفەی خوایی بەهێز و دەوڵەمەند دەكات، لەوپێناوەدا فەرشی دەروونی ڕادەخات و بەسەریدا دێت و دەچێت و بەردەوام لەگەڵ نەفسی فەرمانكەر بە خراپە (الامارة

بالسوء) و نەفسی سەرزەنشتکەر (اللوامة)دا لە کێشمەکێشدایە، تا دەگات بە نەفسی دڵنیا (المطمئنة)، لە ترسی فریودانی شەیتان، بەردەوام لە دڵەڕاوکێدایە، تا دەگات بە پلەی یەقین و لە گومان قوتاری دەبێت(٢٨)، عاریف بەردەوام مەعریفەی زیاتر دەبێت، واتە: زیاتر و هەردەم لە خوا نزیکتر دەبێتەوە و ملکەچی دەبێت و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات. حەزرەتی محەمەد (د.خ) فەرموویەتی: شەریعەت گوتاری منە، تەریقەت کردار و، حەقیقەتیش حاڵمە، پەیوەندیی بتەویش لە نێوان هەرسێکیاندا هەیە، شەریعەت بەبێ حەقیقەت، دوڕووییە، حەقیقەتیش بەبێ شەریعەت، درۆ و دەلەسەیە(٢٩).

**لە نێوان عاریف و فەقیهدا:**

عاریف و فەقیهـ هاوڕان کە شەریعەت واتە: کۆی ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ ڕێسا ئیسلامییەکاندا بڕیاریان لەسەر دراوە و جێگیر کراون، ئەویش لەسەر زنجیرەیەک حەقیقەت و بەرژەوەندی، حەقیقەتێک لە ناواخنیدا بەرژەوەندیی بۆ گرۆی ئادەمی لە هەگبەدایە.

عاریف هەموو ڕێگاکانی بە خوا کۆتاییان دێت، فەقیهـ لەو باوەڕەدایە کە شەریعەت مرۆڤ دەگەیەنێتە بەختەوەریی و لە بەخششێکی باڵای ماددیی و مەعنەوی بێبەشی ناکات، عاریف حەقیقەت بە ناخی تەریقەت دەزانێت و کۆتایی ئەویش حەقیقەتە، فەقیهیش لەو باوەڕەدایە هەموو ئەو هۆیانەی مرۆڤ دەگەیەنن بە شەریعەت، دەشیگەیەنن بەرەو لای خوا، لای فەقیهیش پایەکانی ئیسلام لەسەر بیروباوەڕ و سیاقی ئەخلاقی و یاساکان بنیاتنراون، هەرچی عاریفە، شەریعەت بە بناغەی کاری خۆی دەزانێت، فەقیهیش کار بە یاساکانی شەریعەت دەکات(٣٠).

جیاوازییە سەرەکییەکانی عیرفان و تەسەووف:

**یەکەم:** عیرفان کار لەسەر ناسینی خوا دەکات، کاری سەرەکی سۆفیگەریش، ناسین و چاککردنی خودە.

**دووەم:** عیرفان زیاتر لە دەرەوەی ئایینەوە جیهانبینیی خۆی گەڵاڵە دەکات، بەڵام سۆفیگەری زیاتر لە ناوەوەی ئاییندا دەسوڕێتەوە.

**سێیەم:** عاریف لە ڕوانگەی خواوە سەیری شتەکان دەکات، بەڵام سۆفی لە ڕوانگەی تێکستی دینییەوە دەڕوانێت بۆ شتەکان.

**چوارەم:** سۆفی لەبەر خاتری دوارۆژ واز لەم دنیایە دەهێنێت، بەڵام عاریف ئەو دنیاش دەکات بە قوربانی گەیشتن بە خوا و لەدەستنەدانی.

**پێنجەم:** سۆفی موریدە و عاریف موراد.

**شەشەم:** سۆفیگەری بواری کردەیی و تەریقەتی لا پەسەندە، بەڵام عاریف بواری مەعریفی لا مەبەستە.

**حەوتەم:** سۆفی لەبەر خوا لە خەڵکی و دەوروبەری هەڵدێت، بەڵام عاریف لە ناخیدا لە خەڵکی دوورەپەرێزە.

**هەشتەم:** عاریف بۆ مەقامات هەڵمەتبەرە، بەڵام سۆفی خۆپارێزە.

**نۆیەم:** عاریف لە جیهانی باڵادا دەژی، هەرچی سۆفییە زەمینەی کاری لە جیهانی ماتریاڵیدایە.

**دەیەم:** سۆفی گرنگی بە ڕواڵەت و سیما و جلوبەرگ و شوێنی خەڵوەت دەدات، بەڵام عاریف بە پێچەوانەوە.

**یازدەیەم:** لە سۆفیگەریدا پلەبەندی کەسایەتی هەیە، وەک: مورید و شێخ، بەڵام عیرفان بەپێچەوانەی سۆفیگەرییەوەیە.

**دوازدەیەم:** کەسایەتیی سۆفی لەبەرچاو و ناسراوە، هەرچی عاریفە نەناسراو و شاراوەیە.

**سێزدەیەم:** سۆفی خۆی بە کۆمەڵێک زیکر و جووڵەوە دەبەستێتەوە و پێیانەوە پابەند دەبێت، بەڵام عاریف بیر دەکاتەوە و ڕادەمێنێت(٣١).

**جیاوازیی نێوان عاریف و فەیلەسووف:**

عاریف بە شوێن (عين اليقين)ـەوەیە، بەڵام فەیلەسووف داوای (علم اليقين) دەکات، عاریف

مەبەستی گەیشتنە بە خوا، بەڵام فەیلەسووف بنکۆڵی میتافیزیک دەکات( ٣٢)، عاریف خۆشەویستی بێ بەرامبەر و بێ مەرام پاڵی پێوە دەنێت هەڵوەدای خوا بێت، فەیلەسووف کارەکەی وای لێ دەکات بە شوێن خوا و بوون و جیهانی شاراوەوە بێت، عاریف خەریکی خاوێنکردنەوەی دەروون و پاڵفتەکردنی دڵیەتی، بەڵام فەیلەسووف بە شوێن بەڵگەکاریی و هۆکارەوەیە، لای فەیلەسووف عەقڵ سەنتەرە، لای عاریف دڵ سەنتەرە، عاریف کاری بە دەروون هەیە و کەسێکی دەروونگەرایە، بەڵام فەیلەسووف مامەڵەیەکی عەقڵانی دەکات و کەسێکی عەقڵانییە، عاریف مەبەستیەتی بگات بەخوای خۆی، کە مەعشووقی ڕاستەقینەیەتی، بە ناسین و بەستنی پەیوەندییەکی تۆکمەوە تێیدا ڕۆدەچێت، عاریف بەرژەوەندیخواز نییە، بەڵکو بێ بەرامبەر خوای خۆی دەپەرستێت، عاریف بۆ گەیشتنی بە مەبەستی باڵا و حەقیقەتی ڕەها، عەقڵ وەک بەڵگەیەک پەسەند دەکات و وەک ئامرازیکی فێربوون سوودی لێوەردەگرێت، فەیلەسووف لە هەوڵی زانیندایە و مژۆڵی بابەتە ئەنتۆلۆژییەکان و پرسەکانی بوون(وجود)ە و سەوداسەری نەزانراوەکان و گەڕیدەیەکە بەرەو نادیار، فەیلەسووف پشت بە عەقڵ دەبەستێت و کار لەسەر بنەماکانی عەقڵ دەکات، کاتێک فەیلەسووفێک قسە لەسەر عیرفان دەکات، ئەوە گەیشتووەتە سەرەتای فەلسەفەی عیرفان(٣٣).

لێکۆڵەرێکی ڕۆژئاوایی ڕای وایە: زۆربەی خەڵکی عاریفن و دەچنە بۆتەی عاریفبوونەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان عاریفن، بەڵام عاریفێکی پێنەگەیشتوو، زۆرێکیش هەستێکی عاریفانەیان هەیە و بەشێوەیەکی شاراوە لە نەستیاندا ئامادەیی هەیە و بە شێوەیەکی ناڕوون و وەک هاودڵییەک لەگەڵ عاریفاندا تەریب دەبن، چونکە لە نەستیانەوە دەگوازرێتەوە بۆ زەینیان(٣٤).

**لە نێوان عابیدی زاهید و عابیدی عاریف و عاریفی زاهیدا:**

دەشێ کەسێک، یەکێک لەو سێ سیفەتەی تێدا بەرجەستە بووبێت، یان دوانیان، یان هەرسێکیانی پێکەوە کۆکردبێتەوە، عیرفان بەبێ زوهد و عیبادەت، مەحاڵە، بەڵام مەرج نییە زوهد و عیبادەت پێویستیان بە عیرفان هەبێت، بەم پێیە عیرفان لەو دوانە جیا دەبێتەوە، واتە: عاریف لە زاهید و عابید جیا دەبێتەوە، چونکە مەقامەکەی بڵندترە،

زاهید خۆی لە خۆشگوزەرانیی و خۆشییەکانی ئەم دنیایە دەگرێتەوە، عابید ملکەچانە سرووتە ئاینییەکان جێبەجێ دەکات، عاریف هەمیشە ئاوەز و بیری بەرامبەر بە ڕۆشنایی و بەرەو درەوشانەوە لە سنگیدا دەپارێزێت، ئەویش بەمەبەستی گەیشتنی بە حەقیقەتی باڵا، بە ڕای ئیبن سینا، دەگونجێ کەسێک هەڵگری شوناسی زاهید و عابید و عاریف بێت، دەشێ کەسێکیش عابید و زاهید بێت، بەڵام عاریف نەبێت، بەڵام ناگونجێت کەسێک عاریف بێت و زاهید و عابید نەبێت(٣٥).

**ژن و عیرفان:**

ئایا دەگونجێت ژنێک عاریف بێت و بگات بە قۆناغەکانی عیرفان؟ ئایا عیرفان لای ژن و پیاو یەک جۆرە و دیدێکی تەریبیان هەیە بۆ عیرفان و مەسەلە عیرفانییەکان؟

بێگومان عیرفان نەک لای ژن، بەڵکو لای پیاویش لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازە، لەلایەک جیاوازی ئەوتۆ لە جیهانبیی هەریەکەیاندا بۆ عیرفان بەدی ناکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە عیرفان پەیوەست نییە بە ڕەگەزەوە، دەکرێت لە مێژوودا عاریفی نێر زیاتر دەرکەوتبێت و تیشکی خرابێتە سەر وەک لە مێ، وەگەرنا (مێ) یش بەشدارییەکی بەرچاوی لە عیرفاندا هەبووە، لە مێژوودا ئەوە تەنیا پیاوان نین دەبنە عاریف و عاریفی مەزنیان تێدا هەڵدەکەوێ و دەگەنە پلەیەکی

باڵای عیرفان، بەڵکو ژنانیش شان بەشانی پیاوان لە مێژوودا بەرچاو دەکەون و گەیشتوون بە مەقامی بەرزی عیرفانی، وەک: ڕابیعەی عەدەوییە، قورئانیش ناوی دایکی عیسا پەیامهێن و ئاسیای ژنی فیرعەونی وەک ڕەمزی ئافرەتی هەڵکەوتوو و خواناس و عاریفی ڕاستەقینە باس کردووە. دەشێ لە ئێستاشدا عاریفی مەزن هەبن و دەرنەکەوتبن، چونکە عیرفان دیاردەیەکی مرۆییە، بەوپێیە هیچ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا بەدی ناکرێت،

کۆمەڵێک لە زانا و فەقیهـ و عاریفەکان، ئافرەت وەکو پیاو لە ماف و ئەرکدا سەیر دەکەن و جیاوازی لەنێوانیاندا نابینن، بەڵام بە پێچەوانەوە، عاریفی مەزن (فەریدەددین عەتتار) ڕای وایە کە: ژنی عاریف نییە، نەگونجاوە ژن عاریف بێت، ئەگەر هەشبێت، ئەوا بووەتە پیاو، یاخود سیفاتی پیاوبوونی وەرگرتووە، لەلایەکی ترەوە عاریفی مەزنی ئیسلامی (ئیبن عەرەبی)، کە ژن ئامادەگییەکی بەرچاوی لە بەرهەمەکانیشدا هەیە، دەڵێت: ئافرەت خۆشەویستی مرۆڤایەتییە، هەروەک لە سۆز و میهرەبانیدا وێنەیەکە لە دەرکەوتەی نهێنی خوایی.

______________________________

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


١/ مرتضی مطهری ، کلام، عرفان، حکمت عملی، چاپ ٣١، انتشارات صدرا، تهران، ١٣٨٥ه.ش، ص٧٦..

٢/ د. قاسم انصاری، مبانی عرفان و تصوف، درس حوزه، چاپ٧، انتشارات طهور، تهران، ١٣٨٨ه.ش.

٣/ تەحسین حەمەغەریب، دیدێک بۆ دیناسی نوێ (شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت)، توێژینەوە، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤/ سەبوور سەیوانی، ڕەنگدانەوەی کەسێتی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا...، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥/ سەرچاوەی پێشوو.

٦/ علامه ملا محمد باقر بالک مریوانی، تعدیل شریعت و طریقت، به کوشش کامل کاملی، چ٢، انشارات متین، سنندج، ١٣٩٢ه.ش.

٧/ سەرچاوەی ژمارە٤.

٨/ هەمان سەرچاوە.

٩/ د. سید یحی یثربی، فلسفه عرفان، ، چ٦، ١٣٨٥ه.ش، انشارات بوستان کتاب، تهران، ص١٨.

١٠/ د. محمد معین، فرهنگ فارسی معین، ج١، چاپ ١، انتشارات زرین، تهران، ١٣٨٥ه.ش.

١١/ هەمان سەرچاوە. ص٦٧.

١٢/ سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

١٣/ د. سروش دەبباغ، و. یاسن حەمەسەعید، گۆڤاری هەژان، ژ(٢٥)، چاپخانەی سیما، سلێمانی، بەهاری ٢٠٠٧، ل١٤٩.

١٤/ سەرچاوەی ژمارە٩، ل١٥٧.

١٥/ سەرچاوەی ژمارە ٩، ل١٥١.

١٦/ سەرچاوەی ژمارە ٣، لا١٢٧.

١٧/ د. محمد شقیری، فلسفه العرفان، بحث اکادیمي، ط١، دار الهادی، لبنان، ٢٠٠٧ ، ص٧٥.

١٨/ نفس مصدر، ص ١٧.

١٩/ ناسر سوبحانی، قەدەر و قەزا، ئا: سالم بێستانی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٣.

٢٠/ سەرچاوەی ژمارە ٩، ل٩٣.

٢١/ هەمان سەرچاوە، ل٩٥.

٢٢/ هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

٢٣/ هەمان سەرچاوە، ١٢٤.

٢٤/ سەرچاوەی ژمارە ٢، ل١٨.

٢٥/ هەمان سەرچاوە، ٢٣.

٢٦/ سەرچاوەی ژمارە،٢، ل٣٠.

٢٧/ سەرچاوەی ژمارە ٢، ل٤٤٢.

٢٨/ سەرچاوەی ژمارە ٦، ل١١.

٢٩/ حەمەسەعید حەسەن، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا، توێژینەوە، دەربارەی تەسەووف، چ١، ماڵی وەفایی، هەولێر، ٢٠١٦.

٣٠/ سەرچاوەی ژمارە ٢، ل٤٦.

٣١/ هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

٣٢/ هەمان سەرچاوە ،٢٤.

٣٣/ سەرچاوەی ژمارە ٩، ل١٦٧.

٣٤/ سەرچاوەی ژمارە ٣، ل٣٤٦.

٣٥/ سەرچاوەی ژمارە ٩، ل٢٠٢.

# زانستی تەسەووف
## لە یازدە تیشکی درەوشاوەدا



یەکەم: ئاشکرایە کە زانستی تەسەووف یەکێکە لە پێویستترین زانستەکانی هەڵقوڵاوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، چونکە ئیسلام وەك ئایینێکی ڕاست و دروستی ئاسمانی کە تێکڕای بەندەکانی خودای پێوە بەستراوەتەوە لە سۆنگەی حەڵاڵ و حەرام و ئەمر و نەهییەوە، خۆی دەبینێتەوە لە سێ زانستی نەقڵی سەرەکیدا.



**پ.ی.د.حەسەن خالید موستەفا موفتی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەڵەبجە. ساڵی (٢٠٠٢) بڕوانامەی ماستەر و ساڵی(٢٠٠٨)بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. مامۆستای زانکۆ/ ئەندامی بۆردی مافی چارەنووس لە کوردستان. خاوەنی(٣١) بەرهەمی چاپکراو و (١٧) توێژینەوەی زانستییە.

**یەکەم**: زانستی عەقائید و کەلامە: کە پایەکانی ئوسوڵی عەقائیدی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەخۆدەگرێت.

دووەمیان: زانستی پەیڕەوکردنی فەرعە فیقهییەکانە بەپێی بنەما و مەرج و داڕشتە ئوسوڵییەکانی فیقهی ئیسلامی.

سێیەمیان: زانستی پەیڕەوکردنی شەریعەتە واتە تەریقەتی شەریعەت بەپێی دەقەکانی قورئان و سوننەت کە ناسراوە بە زانستی تەسەووف و سلووک و ڕەوشت(١).

**دووەم**: زانستی تەصەووف پێناسەی زۆری کراوە، هۆکاری زۆری پێناسەشەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی مەشرەبەکانی عاریف و خودناسان، چونکە پایە و مەقامەکانی تەصەووف لە تەوبەوە دەستپێدەکات و بە عوبودیەت کۆتایی دێت، هەر عاریف و خوداناسێکیش لە پلەیەکدایە لە پلەکانی مەعریفەت، بە نموونە: ئەوەی لە پلەی قەناعەتدایە پێیوایە کە زانستی تەصەووف بریتییە لە قەناعەت بوون بەوەی کە خودا لە ئەزەلدا تەقسیمی کردووە، هەروەها ئەوەی کە لە مەقامی صەبردایە پێناسەی تەصەووف بەو پێوەرە دەکات و لەچوارچێوەی صەبردا پێناسەکەی خۆی دەبینێتەوە، هەروەها بۆ پلەکانی (خەشیەت) و (ئینابەت) و (زوهد) و (وەرع) و ... هتد.

**سێیەم**: گشتگیرترین پێناسەکە کۆی زانایانی تەصەووف کۆدەنگن لەسەر چەمکەکەی بریتییە لەوەی کە: (التصوف هو التخلي عن الرذائل، والتحلى بالفضائل) واتە: بریتییە لە دورخستنەوەی هەموو جۆرە ڕەوشتێکی ناپەسەندی بەد و خۆڕازاندنەوە بە هەموو جۆرە ڕەوشتێکی بەرزی جوان(٢).

**چوارەم**: ڕێبازی تەصەووف بەروبومی زۆرە، لەوانە:

(١) دەرکەوتنی ڕاستی ئیمان.

(٢) پێنج لەتیفە مەعنەوییەکەی مرۆڤی عاریف ڕوودەکەنە ڕەحمەتی خودا کە بریتین لە (دڵ، ڕۆح، نهێنی، شاراوە، شاراوەتر).

(٣) ڕزگاربوون لە ژیانی دوورەپەرێزی بەرەو ئاشنابوون بە ڕۆحیانەتی دۆستانی خودا، ئەوانەی کە نیعمەتی ئیمانیان بەسەردا ڕژێنراوە.

(٤) چێژکردنی ڕاستەقینە لە بیروباوەڕ و ئیمانی دروست (حلاوة الإيمان) وەک لە فەرموودەکەدا هاتووە.

(٥) ئاگاداریی و ڕاچڵەکانی دڵ و دەروون.

(٦) بڕینی پلەکانی سەعادەت و بەختەوەری هەتا هەتایی.

(٧) ڕزگاربوون لە هاوەڵ پەیداکردنی شاراوە (الشرك الخفى).

(٨) گۆڕینی نەریتەکان بۆ بەندایەتی خودای تاک.

(٩) مرۆڤی کامڵ کە لە کۆتاییدا مرۆڤی سۆفی دەچێتە پلەی مرۆڤە کامڵەکانەوە لە دین و ژیندا(٣).

**پێنجەم**: گرنگی زانستی تەصەووف لەوەدایە کە ڕۆڵی هاوکاری ڕاستی دەبینێت بۆ زانستی فیقهی ئیسلامی بەو واتایەی کە زانستی فیقه (زاهیری شەریعەت) هانی مرۆڤەکان دەدات بەوەی کە پابەندبن بە فەرمانەکان و قەدەغەکراوەکان، بەڵام زانستی تەصەووف هانیان دەدات کە تەکلیفە شەرعییەکان وەک تەکلیف سەیر نەکەن، بەڵکو تام و چێژی لێوەرگرن، لە ڕوویەکی ترەوە زانستی زاهیری شەریعەت هانی تۆی مسوڵمان دەدات بە نموونە کە گوناه نەکەیت، بەڵام زانستی تەصەووف (ناوەوەی شەریعەت) هانی تۆ دەدات کە ڕق و قینت لە گوناه بێت: وەک بە زاهیر درۆ ناکەیت لە دڵ و دەروونیشەوە ڕقت لە درۆ بێت، بەوشێوەیەش هەموو ڕەزیل و کارە خراپ و ڕەوشتە بەدەکان.

**شەشەم**: ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێکڕای ئەدەب و ڕێز و ئەوینە، ئەدەب لە خزمەت پەروەردگاردا، ئەدەب لە خزمەت پێغەمبەری خودادا (د.خ)، ئەدەب لە خزمەت ئال و ئەسحابدا، ئەدەب لە خزمەت زانایان و پیاوچاکاندا، ئاشکراشە کە زانستی تەصەووف ئەو ئەدەب و مەعریفەت و عیرفانە لە ناخی مرۆڤدا گەشە پێدەدات و مرۆڤ لەسەر پایەکانی ئەدەب پەروەردە دەکات، بۆیە زانای خوداناس پێشەوا محەمەدی بوخاری ئووەیسی ناسراو بە شاهی نەقشبەند (ڕ.خ)

فەرموویەتی: «ڕێبازی ئێمەی نەقشبەندی سەراسەری ئەدەبە (طريقتى ما سراسر أدب است)»(٤).

کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتیی و ئیسلامی بەتایبەتیش بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە پایەکانی ئەدەب بە نزیککەوتنەوە لە زانستی تەصەووف و بەئاشنابوون لە ئەوینی عاریفان مرۆڤەکان لە ناخیاندا بێگومان ئەدەب بەرجەستە دەبێت و کۆمەڵگا ئاسوودە و بەختەوەر دەبێت و دوور دەبێت لە ڕق و ئاشووب و کوشتار و ململانێی ڕامیاری قێزەون.

**حەوتەم**: ڕزگاربوونی مرۆڤ لە پاشەڕۆژدا بە پەیڕەوکردنی سێ بنەمای سەرەکی دەبێت کە بریتین لە ١ـ بنەماکانی ئەسڵی دین. ٢ـ بنەماکانی فەرعی دین. ٣ـ بنەماکانی ئیحسان، واتە موراقەبەی پەروەردگار لە هەردوو چەمکی ئەسڵ و فەرعی دیندا، ئەم موراقەبەیەش ناوبراوە بە زانستی تەصەووف وەک زانایان باسیان کردووە(٥).

ئەڵبەتە ئیمان و ئیسلام و ئیحسان سێ زاراوەی فەرموودەن وەک لە فەرموودەی سەحیحدا بە دەق چەسپاوە لە فەرموودەکەی ناسراو بە حەدیسی جوبرەئیل، کە لە هەردوو سەحیحدا هاتووە.

**هەشتەم**: سەرچاوەکانی زانستی تەصەووف بریتین لە: ١ـ قورئانی پیرۆز. ٢ـ سوننەتی پێغەمبەر (د.خ). ٣ـ زانستی لەدووننیی (العلم اللدنی). ٤ـ ڕێڕەوی پیاوچاکان. ٥ـ عەقڵی کامڵی عاریفان.

**نۆیەم**: زانستی تەصەووف لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: ١ـ پلەکان (مقامات). ٢ـ حاڵەتە ویژدانییەکان (الاحوال). ٣ـ زاراوەکان (المصطلحات). کە زۆربەی زانایانی تەصەووف ئاماژەیان بۆ کردوون، لەوانە: أبو طالب المکی لە (قوت القلوب)یدا، ابو القاسم القشیری لە (الرسالة)یدا، ئیمامی غەزالی لە (احیاء علوم الدین)یدا، أبو نعیم الاصفهانی لە (حلية الأولياء) یدا، أبو عبدالرحمن السلمی لە (طبقات الصرفیه)یدا، زین الدین المناوی لە (طبقات الصوفیه)یدا، ئیمامی سیوگی (جلال الدین) لە (تأیید الحقیقه العلیه)یدا.

**دەیەم**: زانستی تەصەووف بە چەندین پلەوپایەی مەعریفی و چەشتندا سالیک و خوداناس و ڕێبواری ڕێگای خوداناسین تێدەپەڕێنێت.

یەکەم پایە و مەقام لەم زانستەدا بریتییە لە مەقامی (تەوبەکردن) و دوا مەقام و پلە بریتییە لە (بەندەی خوا وەرگرتن) (العبودیه)یە، واتە ئەو پایەیەی کە خودا عەبدەکەی خۆی بە عەبدی خۆی وەرگرتبێت، کە بەرزترین پایەیە لە خوداناسیندا، هەربۆیە خۆشەویست (د.خ) ئەو نازناوەی لە هەموو نازناوێکی تر پێ خۆشتر بووە، کە خودای گەورە بە عەبدی خۆی ناساندبووی لە سەرەتاکانی سوورەتی (الکهف) و (الإسراو)دا، (٦) هەروەها پێغەمبەرانی تریش.

ڕاستییەکە ئەمەیە کە هەموومان خۆمان بە بەندەی خودا دەزانین، بەڵام چەند لە ئێمە لەلای خودا وەرگیراوە بە بەندەی ڕاستەقینە؟! زانستی تەصەووف مرۆڤەکان دەگەیەنێت بەو پلەی کە وەرگیراوی لای خودا بێت، هەروەها لە ڕۆشنایی چراخانی پێغەمبەرەوە (د.خ) دڵ و دەروونی ڕۆشن بکاتەوە(٧).

**یازدە**: سێکوچکەی تەصەووف بریتییە لە (الذکر والفکر والشکر) واتە یادی پەروەردگار بە ئاشکرا و پەنهانی، بیرکردنەوە لە دروستکراوەکانی بۆ گەیشتن بە یەکتاپەرستی تەواو، سوپاسگوزاری خودا لەسەر نیعمەتەکانی.

---

**پەراوێزەکان**

١ـ الوجيز في أصول الفقه، د. عبدالکريم زيدان، ص٩.

٢ـ حواشي القاضي زکريا الأنصاري على الرسالة القشيريه في علم التصوف، ص٧، وحقائق عن التصوف للشيخ عبدالقادر عيسى، ص٩ ـ ١٠.

٣ـ أنوار الحقيقه بديع الزمان سعيد النورسي، ص٧٧ـ ٨٠، د. حەسەن موفتی: جیهادی ئەهلی تەصەووف بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی، ل٦٤ـ ٦٥.

٤ـ تەصەووف چییە؟ ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبەندی، ل٨٧.

٥ـ مدارج السالکين في منازل إياك نعبد وإياك نستعين لابن قيم الجوزيه ٤٧٨/٢. هەروەها پێگەی زانستی تەصەووف لە بازنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا (دانەر) د. حسن موفتی ، ل٢٥.

٦ـ سوره الکهف، ئایەتی (١)، سوره الإسراو، ئایەتی (١).

٧ـ المتفد من الضلال للإمام الغزالي، ص٤٩ـ ٥٠.

# عیرفان
## لە سێبەری جیهانبینە گۆڕاوەکاندا

ئەگەر لەو پۆلێنبەندیە سەرەتاییەوە دەست پێبکەیین کە ئایین پۆلێن دەکات بۆ بارتەی حەقیقەت و شەریعەت و تەریقەت، ئەوا لە مێژووی ئایینەکاندا بابەتە عیرفانییەکان هەڵگری سەنگ و قورسایی خۆیان بوون، بەچەشنێك لانی کەم بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی ئایین لەژێر سێبەری بابەتە عیرفانییەکاندا نوسراونەتەوە، ئەمە نەك بەتەنها ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە شوناس و ڕەنگی عیرفانیانەیان هەیە، بەڵکو ئەو بابەتانەی دیکەش دەگرێتەوە لە بوارەکانی دیکەی ئاییندا نوسراون، ئەبو حامیدی غەزالی لە (احیاء علوم الدین) بە قوڵی کاری لەسەر ئەوە کردووە دوبارە ڕۆح بکاتەوە بە بەری زانستەکانی دیندا، چونکە لە دیدی ئەوەوە ئەو ڕۆحەیان لەدەستداوە کە فیقهولئاخیرەیە، بەڵام بەوردبوونەوەیەکی سادە لە چەند سەدەی ڕابردوو بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێت، عیرفان پاشەکشەی کردووە لەناو بەشێکی فراوانی ئەو ئەدەبیاتەدا، ئەمەش پێدەچێت بەشێکی پەیوەست ببێت بە مۆدێرنەوە کە بکوژی دیوە قوڵ و ڕۆحانییەکەی مرۆڤە و لە هەمبانەکەیدا جگە لە مەعریفەی بڕ و ژمارە هیچ مەعریفەیەکی دیکە سەنگی پێویستی نییە، بەشێکی دیکەشی پەیوەست ببێت بەو تەوژمە دینییە عەقڵانییە ڕووکارییەوە کە بووەتە کڕیارێکی خۆڕایی پۆزەتیفیزم و دیوە ئاسمانییەکەی ئایینەکان کاڵتر دەکاتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەهێزبوونی تەوژمی سەلەفیەت بە هەموو جۆرەکانییەوە گورزێکی کاریگەری لە بابەتە عیرفانیەکان داوە.



**سەلمان نادر**
لەدایکبووی هەڵەبجە، ١٩٧٧. بەکالۆریۆس لە پزیشکی ڤێتێرنەری. بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان. خاوەنی کتێبێکی چاپکراو و ژمارەیەک وتار و لێکۆڵینەوەیە. بەڕێوەبەری ناوەندی هەژانە بۆ فیکر و مەعنەوییەت.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت بۆ سەرهەڵدانی عیرفان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بگەڕێین ئەوا دەتوانین بڵێین لە بەراییەکانی مێژووەوە لەنێو مرۆڤدا باوەڕبوون بە هەبوونی پانتایی پیرۆز و توانای پەیوەستبوونی مرۆڤ بەو پانتاییەوە بابەتیکی بەربڵاو بووە، ئەڵبەتە کەم نەبوون ئەو مرۆڤانەش ڕەتی هەبوونی پانتایی پیرۆزیان کردووە و لێرەشدا پەیوەستبوون بەو پانتاییەوە بێ مانا دەرکەوتووە، ئەوانەی باوەڕیان بەهەبوونی پانتایی پیرۆز هەبووە هەوڵیانداوە تەقە لە دەرگای ئەو هەرێمە بدەن کە بەلایانەوە هەرێمی ڕۆح بووە و ژیان و جیهانی مادده وایکردووە ونی بکەن. ئالێرەوە دەکرێت دەیان شاکاری مەزن بۆ چیەتیی و چۆنیەتی پەیوەستبوون بەو هەرێمەوە لە ئەدەبیاتی ئایینە ئاسمانییەکاندا بونیان ببێت کە لە هەنگاو و قۆناغ و سلوکی گۆزەر بەرەو خوایان کۆڵیوەتەوە، (منطق الطیر) عەتاری نیشاپوری دەکرێت نمونەیەکی ڕوونی ئەم بوارە بێت.

دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین لە شارستانیەت و کەلتوورە جیاوازەکاندا ناوی جیاوازی هەبووە، لەناو شارستانیەتی ئیسلامیدا چەمکی عیرفانی بۆ تەوزیف کراوە، لەم نێوەندەشدا ناوی گەورە و دیار بونیان هەیە لە غەزالیەوە کە عیرفانێکی خەوف سەنتەری تەنزیر کردووە تا مەولانای ڕۆمی کە ڕێبەری عیرفانی عیشقگەرایی بووە، لە ئیبن عەرەبیەوە کە بازدانێکی قوڵی تیۆری لەم بوارەدا هێناوەتە ئاراوە تا حەلاج کە ڕەمزی قوربانیی و باوەڕبوون بووە بە بیروباوەڕی خۆی، لە تەریقەتە تەسەوفییەکانەوە تا عیرفانێکی بێشێخ وەک دەوترێت تەریقەتی وەیسیانە، هەموویان لەناو جیهانبینی ئیسلامیدا گەشەیان کردووە و لەدایکبوون، ئالێرەوە پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا سروشتی ئەو گوتارە چیە عیرفانی ئیسلامی هەڵیگرتووە، ئایا پاشەکشەکەی تەنها پەیوەستە بەو کارەکتەرە دەرەکیانەوە ئاماژەمان پێکردن، یان سەراپای ئەم مەنزومەیە کە عیرفان لەناویدا گەشەی کردووە کۆتایی هاتووە و دەبێت جۆریکی تر و ستایلێکی تری پەیوەستبوون بەپانتایی پیرۆزەوە تەرح بکرێت تاوەکو بتوانێت سەرنجی مرۆڤی سەردەم ڕابکێشیت و ببێتە لانەیەک تا مرۆڤی ماندووی سەردەم لە سێبەریدا سەرخەویک بشکێنێت.

**مەعریفە لە مێژوودا:**

یەکێک لەو خاڵانەی گادامێر وەک بنەمای تێگەشتنناسی ئاماژەی پێدەدات بریتییە لەوەی مرۆڤ کوڕی ئەو مێژووەیە لەناویدا لەدایک دەبێت و گەورە دەبێت، ئالێرەوە عیرفانی ئیسلامیی و بەشێکی زۆری ڕێبەر و مونەزیرەکانی لەناو منالڵدانی مێژوویەکدا لەدایکبوون کە هەڵگری شوناس و جیهانبینی و پێشگریمانەی خۆی بووە، دەست و پەنجەیان لەگەڵ کۆمەڵێک بەدیهیاتدا نەرمکردووە گونجاوبوون بەکۆی مەعریفەی سەردەمی خۆیان، بۆیە ئەگەری دوبارەبوونەوە و کۆپیکردنی ئەو ئەزمونە بۆ ناو سیاق و سستمێکی تری مێژوویی و مەعریفە ئەگەرێکی دورە و خوازیاری ئەوەیە ئێمە بزانین کوێی عیرفانزادەی ئەو سیاق و ژینگەیەیە و کامە بەشی عیرفانیش شهود و ئیلهامی دیوە ئاسمانییەکەیە، بەکورتی دەبێت بزانرێت کامە بەشی وێنەکەی عیرفان گێرانەوەی وێنەکانی جیهانی بێ ڕەنگین و کامە بەشیشیان گواستراوەی دونیا ماددییەکەی ئەوانە، ئەمەش تەنها بۆئەوەی دونیای کەس جلی ئاسمان نەپۆشیت و هیچ مێژوویەک وەک بان مێژوو خۆی نمایان نەکات، ئالێرەوە ئێمە دەست بۆ هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندی دەبەین کە پێمانوایە گەردوونی نین، بەڵکو زادەی زەمەنی بوونی عیرفانن، پێشمانوایە لە عیرفانی نوێدا دەبێت زەمەنی ئەمڕۆ جێگایان بگرنەوە.

**یەکەم/ عیرفان لەناو شارستانیەتێکی یاخیدا:**

فۆرمەڵەبوونی عیرفانی ئیسلامی هاوکاتی غرور شکۆی شارستانیەتی ئیسلامییە، بێگومان ڕەنگی غرور و بۆنی شکۆی شارستانیەتیش بە ڕوونی لەنێو دێڕی شیعرەکانی عاریفاندا هەستی پێدەکرێت، ئەمەش یەکێکە لەو عەرەزیاتانەی لەگەڵ دیوە تەعالیەکەی عیرفانی ئیسلامدا شێلراوە و بە ئاسانی ناتوانرێت لە عیرفانی کلاسیک جیابکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا دۆخی ئەمڕۆ دۆخی شکۆی شارستانی نیە، بۆیە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی شکۆی شارستانیەتێک تێگەشتن لێیان ئاسان نیە و تەعبیر نین لە حاڵی مرۆڤی ئەمڕۆ، گواستنەوەی ئەو هەناسەیە بۆ عیرفانی نوێ نەک ناتوانێت خزمەت بکات، بەڵکو دەرهاویشتەی نەرێنی هەیە، ئەمە تەنها بۆ عیرفان دروست نیە، بەڵکو بۆ فیقهیش دروستە، بۆ زانستی عەقیدەش دروستە، فیقهی ئیسلامی بۆ دەوڵەتی ئیمپراتۆریەت نوسراوەتەوە گواستنەوەی بۆ دەوڵەتی نەتەوە جێناگریت و جلیکی لەنگە بۆ بالای ئەو دەوڵەتە، بۆیە ئیقبالی لاهوری وەک عاریفێکی ئەسیل بە خێرایی دەتوانێت ئەم عەرەزیاتە دەرک بکات و لەبری عیرفانی غرور سەنتەر تێزێکی تری عیرفانی پێشنیار دەکات.

دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بنەڕەتیە بکەینەوە ئەمانەی ئێمە لێیان دەدوێن بابەتی عەرەزیاتن لەناو عیرفانی ئیسلامیدا، واتە هەواڵدانن لەو مەعریفە مێژووییەی عاریفەکان لەناویدا ژیاون نەک گێڕانەوەی ئەزمون و چیرۆکی عروج، ئەمان ئەم زمانەن حیکایەتەکانی شهودیان پێگێڕدراوەتەوە نەک خودی داستانەکان. بۆیە بەڕوونی دەڵێن گۆڕانکاری قوڵی مەعریفی هاتونەتە ئاراوە، دۆخی کۆمەڵایەتی شارستانی گۆڕاون، بۆیە ئەمانەش دەبێت بگۆڕێن.

وەک ئاماژەمان پێدا ئەو قۆناغانەی عیرفانی ئیسلامی لە چڵەپۆپەدا بووە ئەو قۆناغانە بووە شارستانیەتی ئیسلامی لە بەهێزیدا بووە، ئەوەی هەڕەشەی لە شارستانیەتەکە کردووە نەخۆشییە ناوەکییەکانی مرۆڤی باوەڕدار بوون، بۆیە زۆرترین جەخت لەسەر ئەوە بووە مرۆڤی قارەمان ئەو مرۆڤەیە بتوانێت بەسەر ناخی خۆیدا زاڵ ببێت، تەنانەت بە جیهادی ئەکبەریشیان ناساندووە. باسکردن لەو فەرمودەیە کە پێغەمبەر(د.خ) کاتێک لە جیهاد گەڕاوەتەوە فەرمویەتی لە جیهادی بچوکەوە گەڕاینەوە دەچین بۆ جیهادی گەورە، هێندەی لەناو موتەسەویفەدا بەربڵاوبووە لەناو فەقیهەکاندا بەربڵاونەبووە، هەر لەم ڕووەشەوەیە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

**ای شهان کشتیم ما خصم برون**
**ماند خصمی زوبتر در اندرون**

گەلۆ ، لەناومان برد دوژمنی دەرەکی، ئاسانتر لە نەیاری بەدی ناوەکی

لەسەر ئەوەش بەردەوام دەبێت تا لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

**سهل شیری دان کە صفها بشکند**
**شیر آنست آن کە خود را بشکند**

ئاسانە بۆ شمشێر ڕیزی بەرامبەرەکانی بشکێنێت، گەورەیی شمشێر لەوێدایە خۆی بشکێنێت، بەڵام ئایا لەمڕۆدا شارستانیەتی ئیسلامی لەو دۆخە شکۆدارەیدایە، یان نا، ئالێرەوە بۆ ئەمڕۆ شارستانیەتی ئیسلامی لە دوا پنتی داهزراویدایە، پێناچێت لە هیچ قۆناغێکی مێژوویدا هێندە لاواز بووبێت، ئەمەش وایکردووە ئەو عاریفانەی خاوەنی ئەزمونێکی ڕەسەن و قوڵی عیرفانین ڕوانینێکی تریان ببێت بۆ ئەولەویەتی عیرفانی لەناو ئەوانەشدا ئیقبالی لاهوری، کە پێمانوایە نوێنەرایەتییەکی گەورەی عیرفانی فەتوەتگەرایییە، ئاخر عیرفان لە ڕابردووشدا تەنها جۆرێک نەبووە، مەولانای نەقشبەندی لەوەدا عاریف بووە و هەیبەتی هەبووە و ڕەمزی فەتوەتگەرایی بووە، ئیقبال چونکە ئاگاداری دۆخی جیهانی بووە زەقتر فەتوەت و نەعرەتەی تەکبیری تێدا دەردەکەوێت، لە وەڵامی شیعرە بەناو بانگەکەی مەولانای ڕۆمیدا:

**بنمای رخ که باغ و گلستانم آرزوست**
**بگشای لب که قند فراوانم آرزوست**

بلێت

**تیر و سنان و خنجر و شمشیرم آرزوست**
**با من میا که مسلک شبیرم آرزوست**

تیر و رم و خەنجەر و شمشێرم ئارەزووە، لەگەڵ مە ڕێبازەکەی حوسەین ئارەزووە

**از بهر آشیانه خس اندوزیم نگر**
**باز این نگر که شعله در گیرم آرزوست**

مەڕوانە بۆ هێلانەی لە پوشدروستکراوم، تەماشامکە کە کڵپەی ڕووبەڕووبوونەوەم ئارەزووە.

**گفتند لب ببند و ز اسرار ما مگو**
**گفتم که خیر نعره تکبیرم آرزوست**

وتیان دەم دابخە و لەبارەی نهینی ئێمەوە مەدوێ، وتم نەخێر نەعرەتەی تەکبیرم ئارەزووە.

لەم بەیتانەوە بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێت کە ئیقبال وەک دیارترین و بەجەستەترین عاریفانی ئەم سەردەمە بە ڕوونی نوکی تیری کردووەتە دوژمنە دەرەکییەکان و نەعرەتەی تەکبیر و کڵپەی دەرگیر و ڕووبەڕووبونەوەی ئارەزووە. شمشێر بەلایەوە ئەو شمشێرە نیە خۆی بشکێنێت، بەڵکو ئەو شمشێرەیە دڕ بە ڕیزەکانی بەرامبەر بدات، ئەمە دەکرێت وەک جیاوازییەکی ڕوونی دوو ڕووگەی عیرفانی تەماشا بکرێن، هەردووکیان عیرفانن و چیرۆکی پشت پەردەکانی چاو دەگێڕنەوە، بەڵام دوو ڕوانینی جیاواز جیاواز، دوو وێنەی تەواو لێک دورمان بیر دەهێننەوە.

**دووەم/ ئیرادە لەبەرامبەر فەناوە:**

لە خاڵی شارستانیەتی یاخیدا ئاماژەمان بەوەدا عەرەزیاتەکانی عیرفان بەشێک نین لە عیرفان، واتە بەشێک لە ئەدەبیاتی عیرفانی بریتین لە مەعریفەی ڕۆژ نەک هەواڵدان لەبارەی پانتایی پیرۆزەوە، واتە زمان و دەربڕین و ڕەمزی پەنا بۆبراو دەرهاویشتەی مەعریفەی زەمەنێکی دیاریکراون بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە مەعریفەی مرۆییدا هاتونەتە ئاراوە، یان ڕاستر بڵێین بەبێ داڕێژانەوەی عەرەزیاتی عیرفان بەرمەبنای گۆڕاو و دراوە نوێیەکانی سەردەم ناتوانرێت پەیامی خودی و هەواڵە وەدەس هاتووەکانی پانتایی پیرۆز بگەیەنرێت بە مرۆڤەکان، یەکێک لەو عەرەزیاتانەی دیکە باسی ئیرادەی مرۆڤە.

بەوردبوونەوە لە ئەدەبیاتی عیرفانی بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لای زۆرینەی عاریفان بۆ پێدانی ئیرادەیەکی بێ کۆتا بە خوا پێویستە ئیرادەی مرۆڤ سفر بکرێتەوە، لەوانەیە هەندێکیان ڕاستەوخۆ زەمی هەبوونی ئیرادەیان نەکردبێت، بەڵام سەنایەکی بێپایانی ئەو دۆخەیان کردووە کە لە ئەنجامی لەدەستدانی ئیرادەوە بۆ مرۆڤی عاریف هاتووەتە ئاراوە، بۆ نمونە مەولەوی تاوگۆزی بەم چەشنە سەنای ئەو دۆخە دەکات:

**هام ڕەفیقم دەرد، هام سوحبەتم کۆس**
**وێم جە ویم خاڵی، مەوج مدەو جە دۆس**

یەکێک لەو چەمکانەی بەوردی تەعبیر لە دۆخی لەدەستدانی ئیرادە دەکات بریتییە لە چەمکی فەنا ئەگەر چەند بەیتێکی ئەدەبیاتی عیرفانی بخوێنینەوە بە ڕوونی دەرمانی فەنا لەسەر ڕەچەتەی تەبیبی عاریف نوسراوە بۆ چارەکردنی خۆبەشتزانینی مرۆڤ لە بەرامبەر خودادا، مەحوی چواندنێکی سەیری هەیە، لەمبارەیەوە و دەڵێت:

**وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین**
**جەنابی من کە دەرکەوتم، ئەبێ تەشریفی تۆ بڕوا**

**........**

**کە دڵ دەتویتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا**
**کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر، دڵ وەکو شەونم لە خۆ بڕوا**

بابەتی نەمانی ئیرادە بە تەنها لە مەحویدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو زۆرینەی عاریفانی دیکە بە ڕوونی جەختیان لەسەر ئەمە کردووەتەوە، تەنانەت تەفسیری عیرفانیان بۆ چەمکەکانی ناو ئایین کردووە بە پەیوەستکردن بە نەمانی ئیرادەوە، بۆ نمونە بابا تاهیری هەمەدانی شیرک پەیوەست

دەکاتەوە بە هێشتنەوەی ئیرادەوە:

**مو آن دلداده یکتا پرستم**
**که جام شرک و خودبینی شکستم**

لە بەرامبەردا ئیقبالی لاهوری وەک کەسێک دەست و پەنجەی لەگەڵ سەردەمی نویدا نەرم کردووە و بێزار تا ئاستی ڕقلێبونەوە لەو دۆخە مردوییەی بەناوی تەسەوفەوە لە هیندستاندا بەربڵاوبووە، وەک عاریفێکی شۆڕشگێر دەردەکەوێت پێیوایە بۆ دەستخستنی ئیرادەی خودا نەک نابێت مرۆڤ لە ئیرادە بخرێت، بەڵکو دەبێت بتوانێت نوێنەرایەتی ئەو ئیرادەیە بکات، بۆیە ئەسراری خودا ئیقبال سەراپا قسەکردنە لەو نهێنیانەی لە ناخی مرۆڤدا بوونیان هەیە و پێیوایە نەک نابێت عیرفان مرۆڤ پاسیڤ بکات، نەک نابێت عیرفان ببێتە موسەکینێک بۆئەوەی بەرگەی ئەو ئازارانە بگرێت کە شایستە نین بە مرۆڤ، بەڵکو دەبێت نەعرەتەی ڕووبەڕووبوونەوە بچڕێ و لەبارەی ئیرادەوە دەڵێت:

**انکار حق نزد مولا کافراست**
**انکار خود نزد من کافرتراست**

**سێیەم/ ئەنتۆلۆجیای ئەفلاتونی:**

لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان بەوەکرد، کە عیرفانی ئیسلامی خەسڵەتێکی وەرگرتووە کە لە بنەڕەتدا عەرەزیاتن بۆ خودی شهود و بینینە عیرفانییەکان، بۆیە لەگەڵ گۆڕانکاری لە جیهانبینییەکاندا دەرهاویشتەی قوڵی بەسەر عیرفانی کلاسیکەوە بەجێهێشتوە، لە هێرمنۆتیکادا بەتایبەتی پاش شلایر ماخەر ئاڕاستەیەکی بەهێز هەیە بەرەو ئەوەی کە تێگەشتن و تەفسیری مرۆڤ بەرکاریگەرە بە جیهانبینی و پێشگریمانە و چاوەڕوانییەکانی، پێدەچێت لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نەبێت بچینە ناو ئەو بابەتەوە و تەنزیری بۆ بکەین، ئەوەندە نەبێت تیشک دەخەینە سەر ئەو جیهانبینیانەی بە قوڵی لە هەناوی عیرفانی ئیسلامیدا دەرکیان پێدەکرێت.

**ا- جیهانی سێبەر**

یەکێک لەو جیهانبینیانەی لە عیرفانی ئیسلامیدا لە ڕابردوودا وەک بەدیهیاتیک تەماشاکراوە و زۆر دوبارەبووەتەوە بریتییە لە جیهانبینی ئەفلاتونی کە لە چوارچێوەی تیۆریات فۆرمدا بەیان بووە، ناوەڕۆکی ئەو تیۆریایە لەسەر بنەمای دابەشکردنی وجودە بۆ جیهانی پشت هەستەکان و جیهانی هەستەکان، بەرمەبنای ئەم دابەشکردنەش ئەم دوو جیهانی خودانی یەک ئاست و بڕ لە حەقیقەت نین، بەڵکو ئەو بەشەی وجود کە ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە دەرکی دەکەین جیهانێکی ناحەقیقییە و لەبەرگیراوەی جیهانە حەقیقیەکەیە بەشێوەی ناتەواو، بۆ تەعبیرکردنی وردی ئەفلاتوون لەم بابەتە پەنا دەباتە بەر تەوزیف کردنی چەمکی ئەشکەوت، بۆئەوەی پێمان بڵێت جیهانی هەستەکان جیهانێکی ناواقیعییە، وەک سێبەری ئەو تەنانەی لەسەر ڕووی دیواری ئەشکەوتەکە دەردەکەن، ئەگەر وردببینەوە لە ئەدەبیاتی عیرفانی بەڕوونی ئەم ڕەنگدانەوەیە هەست پێدەکەین، بەچەشنێک دنیا سێبەرێک زیاتر نیە و هۆگربوون بەو سێبەرەوە دەرخەری لاوازی ئەو مرۆڤەیە، هەموو ئەو تێگەشتن و بیرکردنەوانەش کە پەیوەستی مرۆڤ دەکەن بەو سێبەرانەوە بە حەقڵی جوزئی ناوبراون، ئەمە جگە لەوەی زۆر زەمکردنی دنیا بە قوڵی هەستی پێدەکریت، هەرچەندە لەوانەیە ئەمە ڕەهەندێکی زاهیدانە بێت و خزابێتە ناو کۆی مەنزومەکەوە نەک لە خودی شهود بینینە عیرفانییەکانەوە چنگ کەوتبن، بۆ دەرککردن و بینین ئەو جیهانبینیە ئەفلاتونییە لەناو ئەدەبیاتی عیرفانی ئیسلامیدا ئاساییە هەر عاریفێک هەڵبژێردرێت، چونکە بابەتەکە هێندە ڕوونە بە ئاسانی پەی پێدەبرێت، مەولەوی تاوگۆزی لە بەرامبەر خوادا بە ڕوونی ئاماژە بەم بابەتە دەدات و دەڵێت:

**ئەی گرد مەوجودێ، چەتۆ گرد مایە**
**مەوجود هەر تۆنی ماسیوا سایە**

ئەڵبەتە ئەمە تەنها شیعرێکی ڕیزپەڕ نیە لە شیعرەکانی مەولەویدا، بەتەنها خەسڵەتی شاعیرێکی عیرفانیش نیە، بەڵکو سەراپای ئەدەبیاتی عیرفانی تەنیوە، بەوردبوونەوە لەو شیعرەش بە ڕوونی هەست بە جیاوازییەکی ڕادیکاڵ ناکرێت لە نێوان ئەو دنیابینیەدا کە ئەفلاتوون ئیدعای دەکات و ئەو دنیابینیەدا کە مەولەوی تاوگۆزی بەیانی کردووە، هەموو وجود سێبەر و ڕەنگدانەوەی بوونە حەقیقیەکەیە و تەجەلای نوری زیوینی خودایە لە ئاستەکانی وجوددا، هەر ئاستێک بەپێی وەستانی لە بازنەی قەوسی نزولی و قەوسی صعودیدا، ئەگەر ئێمە لە مەولەوی تاوگۆزییەوە بڕۆین بەرەو مەولەوی ڕۆمی دەبینین لای مەولاناش بەهەمان شێوە چەمکی سێبەر دەردەکەوێتەوە لە وێناکردنی جیهاندا ڕەنگدەداتەوە ئەوەش کاتێک ڕەخنە لەو ڕاوچیە دەگرێت نیشانەی لە سێبەر گرتووە و دڵی پێی خۆشە، ئالێرەوە مەولانا پێمان دەڵێت غافڵ بوون بە سێبەرەکانەوە، واتان لێدەکات ئەسڵی خولقێنەری سێبەرەکانتان لەیاد بچێت.

**همچو صیادی کە گیرد سایە ای**
**سایە کی گردد ورا سرمایە ای**

لە بەرامبەردا لە سەردەمی نوێدا مرۆڤەکان، ئەم جیهانبینیە قەبوڵ ناکەن، ڕیالیزمی مەعریفیی و پۆزەتیڤیزم و عەقڵانیەتی ڕەخنەگران، بەرمەبنای ئەو دیدە دامەزراوهن کە بوون، خاوەنی وجودێکی حەقیقییە و ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت، لە بەرامبەردا بەشێوەیەکی واقیعیش هەست بەوە دەکرێت مرۆڤگەلێکی زۆر لەسەر زەویدا لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وانیە ئەم جیهانە سێبەر بێت، هێشتا سەرقاڵی گەڕانن بەدوای هەرێمە ونبوەکەی ڕۆحیاندا، ئەمەش پێمان دەڵێت دەکرێت مرۆڤ لەناو وجودناسی مۆدێرنیشدا تەفسیری هەبێت بۆ ئەو هەرێمە، دەکرێت بێ بچوککردنەوەی زەوی بیرمان لای گەورەیی ئاسمانیش ببێت، ئەڵبەتە ئەگەر ئەو جیهانبینە گۆڕانکاری تێدا نەکرێت ئاسان نیە بتوانرێت لەگەڵ ژینگەی مۆدێرنەدا عیرفان باسی لێوە بکرێت.

**ب- لە فرەییەوە بەرەو وەحدەت:**

ڕەنگدانەوەی ئەنتۆلۆجیای ئەفلاتوون بەسەر عیرفانی ئیسلامییەوە لەوێدا ناوەستێتەوە کە تەنها باسی سێبەر و سایە بێت، بەڵکو بەشێکی دیکە لە جیهانبینی عیرفانی ئێمە لەوێوە ئیلهام وەردەگرێت لەناو تێکست و دنیابینی ئیسلامیشدا هەم لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئیشراق و هەمیش لە قوڵایی تێکستی عیرفانیدا خۆی بەیان دەکات.

بۆیە لێرەدا ئێمە ئەگەرچی بە سەرە قەڵەمێکیش بێت، پەل دەهاوین بۆ ناو ئەو جیهانبینییە و هەردو چەمکی (وحدت و کثرت) لە هەردووڵاوە وەردەگرین بۆ لەسەر دووان.

ئەفلاتون لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بۆچی کاتێک نەفس دابەزیوە بەشێکیان لە جەستەی مرۆڤدا جێگیر بوون و بەشێکی دیکەشیان ئاژەڵان، وەڵامێک دەداتەوە کە دواجار لەناو عیرفانی ئیسلامدا باڵا دەبێت و بەری جۆراوجۆر دەگرێت، ئەویش بریتییە لەوەی ئەو نەفسەیان بتوانێت لە فرەیی دەرکی هەستەوەرییەوە بگوازێتەوە بە یەکێتی پرۆسیسی عەقڵی (تعقل) واتە ئەو نەفسەی بتوانێت حەقیقەت ببینێت ئەوا لە جەستەی مرۆڤدا جێگیر دەبێت، ئەڵبەتە دەبێت ئەوە بڵێین ئەم تێڕوانینە لەسەر بنەمای چەند پایەیەک وەستاوە، لەوانە: دابەزینی نەفس کە دواجار لە مەنزومەی عیرفانیدا کاریگەری هەبووە لەسەر ڕاڤەی (فاذا سویتە و نفخت فیە من روحی فقعوا لە ساجیدین)، هەروەها هەبوونی منێکی باڵاو ئیستعلایی کە پێش هاتنە ناو دنیای هەستەکانەوە خاوەنی زانین بووە کە ئەمەشیان کاریگەری هەبووە لەسەر تەفسیری ئایەتی (و اذ اخذ ربک من بنی آدم من ظهورهم و ذریتهم و اشهدهم عگی انفسهم الست بربکم قالوا بلی شهدنا) تەنانەت ئەوە ئیدراکی هەستیی و هەستپێیڕاوەکانی

مەعریفە نین لای ئەفلاتون بە وردی دەبینرێت لەناو عیرفاندا، بەڵکو ئامرازن بۆ گەیشتنە مەعریفەت، دواجاریش تەوزیفی چەمکی وەحدەت و کەسرەت لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بەگەورەیی ڕەنگیداوەتەوە.

لەوانەیە جوانترین شوێنێک توانیبێتی ئەم بیرۆکەیە بەرجەستە بکات گومەزی مزگەوتەکان بێت، کە بەشێوەیەکی هونەریی و تەلارسازی دانسقە و نایاب ئەم بیرۆکەیان بەرجەستە کردووە.

بەڵام لە دەرەوەی تەلارسازی ئیسلامیش ئەم بابەتە لەناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا ڕەنگدانەوەیەکی حاشا هەڵنەگری هەیە، ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی لە دەیان شوێندا پەی بەم بابەتە بردووە و کاری لەسەر کردووە، مەحوی دەڵێت:

**غەیری وەحدەت لە وجودا نیە کەسرەت وەهمە**
**سادە تەکراری یەکە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد**

بەڵام ئەو وەهمە ناچارین لەگەڵیدا بژین، ئەو وەهمە سێبەری وەحدەتە بنەڕەتیەکەیە، نالیش لە دێڕە شیعرێکدا بۆ یەکێک لە هاوتاکانی کە بە موعتەزیلە ناسراوە دەڵێت:

**ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا**
عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا

چەمکی ئەحوەل دەکرێت دوو مانای هەبێت، مانای یەکەمیان مەبەست لێی خودی خواری چاوی ئەو کەسەیە کە نالی لەبارەیەوە دەدوێت، مانای دووەمیان مەبەست لێی ئەو کەسانەن کە حەقیقەت بە دوو دەبینن وەک خێڵەکان، چۆن یەک بە دوو دەبینن، ئەمەش ئەو تەعنە بووە ئەهلی عیرفان لە موعتەزیلەیان داوە بەوەی وجود دەکەن بە دوو بەشەوە، ئێمە لێرەدا بەهۆی سیاقەکەوە پێمانوایە دووەمیان دروستترە، بۆیە نالی دەڵێت: عاریفی وەحدەت ئاشنا شەرم لەم جۆرە ڕوانین و جیهان بینییە دەکات، پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە ئایا مرۆڤی ئەم سەردەمە دەتوانێت ئەم جیهانبینییە کلاسیکیانە قەبوڵ بکات یان عیرفان بۆئەوەی بتوانێت مرۆڤ سازگار بکاتەوە بەو کانیاوەی لە ڕێگەی شهودەوە پەی پێدەبات، دەبێت بەرگی نوێ و عەرەزیاتی نوێ بکاتە بەری خۆی.



# تەسەوف و هونەر لە فەلسەفەی ئاینییدا






**کەمال ئەمین گوڵپی**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩.

ماستەر لە زانستی کەلام.

خاوەی شەش کتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی زانستییە

ئەم جۆرە لە نوسین و تێڕامان لە بابەتێکی هەستیاری چەند لایەنەی وەک تەسەوف و هونەر پێویستی بەوە هەیە ئێمە زیاتر و جدیی تر لەسەریان بوەستین و کاریان لەسەر بکەین بۆ ئەوەی لە بنەما گشتییەکانەوە بگەینە شتی وردترو ئەساسی تر، تەسەوف و هونەر هەردووکیان دوو موفەرەدی دەرونین سەر بە دنیایی مەعنەوین لە مرۆڤدا، ئەگەر وردتر بڵێین لە واچەی چۆنیەتی بەشی دەروونن، بۆیە پێش هەموو شتێک دەبێت هەردوو موفەردەکە وێنا بکرێت و پاشان لە دنیای مەعنەوییەوە بگوازرێنەوە بۆ سەر پەڕەو دنیای هەستەکی، چونکە بڕیاردان لەسەر هەرشتێک بەشێکی وێناکەیەتی کە پێشتر کراوە. واتە گەر بتەوێت پێناسەیەکی دروستی هەرشتێک بکەیت دەبێت پێشتر وێناتکردبێت و دواتر ئەو وێنایەی کە لە زیهندا دروست بووە بیگوێزیتەوە بۆ دنیایی واقیع، بۆیە دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە هەرگیز ناتوانین بڕیار لەسەر شتێک بدەین ئەگەر وێناکردنی ئەستەم بێت، بڕیاردان و قسەکردن دەبێت لەسەر شتێک بێت کە هاتنی بەدەستەوە مومکینات بێت و هیچ ڕێگرێک نەبێت لە بەردەم بیرکردنەوە لەسەری، ئەوکات بە ئاسانی ئەو وێنایەی کە دروست بووە لەسەر ئەو هەبووە مەعنەوی بێت یان هەستەکی ئاسان و بێگرفت دەبێت.

ئەوکات بۆ پێناسەکردنی هەر موفرەدەیەک سوود لەو پێکهاتە وەردەگیرێت کە ڕێگر دەبێت لە شتانێک کە سەر بەم بوونە نین و لە خۆگری هەموو ئەو شتانە دەبێت کە لەژێر ئەو مەفهومە جێگایی دەبێتەوە، بۆیە تەسەوف و هونەر هەردووکیان بەسراونەتەوە بە تەجروبەی کەسەکەوە کە سەرگەرمە بەم دوو جیهانەوە و هەردووکیشیان وەستاون لەسەر زەوق و سەلیقەی کەسەکە، بۆیە هەوڵدان بۆ نزیک کردنەوەی ئەم هێزە دەرونیی و مەعنەوییە لە مرۆڤدا سەرچاوەکەیان یەک شتە و بەرجەستەکردنی هەردووکیشیان هەر یەک کەسە کە دێت لەیەکاتدا سەرگەرمی نیشاندانی ناخییەتی بەوەی کە بەجەستەی بڕیاری لەسەر دەدات، تەسەوف و هونەر هەرگیز نایەنە ئاراوە هەتا کەسەکە گوزارشت نەکات لەو حاڵەی کە تێیدایە، واتە هەتا بەدەنی نەبێتە هاوکار هەرگیز ئەم دوو تایبەتمەندییە نمایان نابن لە دنیای هەستەکیدا، بۆیە ئێمە تەنها قسە لەسەر هێزانێکی شاراوە دەکەین کە ڕۆچوون بەناو زانستی دەروونداّ.

**• سەبارەت بە وشە و پێکهاتەی مەفهومی تەسەوف:**

دەبێت ئەوە بزانین یەکەم شتێک کە بەرۆکمان دەگرێت ڕووبەڕوومان دەبێتەوە وشەی تەسەوف وەک ناو، بۆیە هەمیشە دەبێت بپرسین ئەم وشەیە لەچی وەرگیراوە و ڕیشەی وشەکە چییە؟ بۆ ئەوە دەبێت بگەڕێنەوە سەر فەرهەنگە زمانەوانییەکان و پاشان تەسەوف وەک زاراوەیەک بناسێنین بە دەوروبەر، هەرچەندە زانایان زۆریان وتووە لەسەر وشەکە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جیاوازییەکی ڕێژەیی لە دەربڕینی وشەدا دەبینرێت لای هەریەکە لەو زانایانە، چونکە ئەوەی کە پێناسەی وشەی تەسەوفی کردبێت یان خۆی لەو حاڵەدا بووە یان وەسفی حاڵەکەی کردووە، هەر ئەم جیاوازییەش لەسەر مەفهومە گشتییەکە دەیسەلمێنێ کە تەسەوف حاڵە و شتێکە سەر بە جیهانی مەعنەوییە لە ناخی مرۆڤدا، بۆیە هەرکەسە لە حاڵی خۆیەوە تەماشای کردووە.

هەندێک دەڵێن لە ئەهلی (صُفة)وە هاتووە کە کۆمەڵێک لە هاوەڵانی شکۆمەندی پێغەمبەرە(د.خ) بوون لە گۆشەیەکی مزگەوتی مەدینەدا سەرگەرمی بەندایەتیی و خواپەرستی بوون و ئایەتی **(وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا)**(١) لە ژیانیاندا پەیڕەو کردووە، وشەی تبتل واتە دوورەپەرێزیی و خۆ یەکلایی کردنەوە و سەرقاڵبوون، جا لێرەدا کە باس لە زیکر و یادی خوا دەکرێت واتە خۆدوورگرتن لە هەموو شتێک و خۆیەکلایی کردنەوە بۆ زکر و

یادی خوا، دەگوترێت یەکێک لە ماناکانی تەسەوف ریشەکەی لەناو ئاینەکاندا بوونی هەیە و قورئانیش ناراستەوخۆ بەیانی دەکات و دەفەرمووێت: ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِها مَكاناً شَرْقِيًّا﴾(٢) بەتایبەت تر لەسەر دایکی حەزرەتی عیسا کە پێی دەگوترێت مریم البتول، واتە خۆی دوورەپەرێز گرتووەو سەرقاڵی خواپەرستییە کە قورئان ئاماژە بەمە دەکات، سوهروەردی دەڵێت: بۆیە دەگوترێت سۆفی، چونکە هەمیشە لە نزیکبوونەوەیان لە خوا لە ریزی یەکەمدان(٣).

سۆفی ئەو کەسەیە کە نهێنییەکانی تەسەوف و خۆپاکردنەوە دەزانێت، یاخود بۆیە گوتراوە سۆفی، چونکە جلوبەرگێکیان پۆشیوە کە لە خوری دروستکراوە و زبر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا وتراوە تەسەوف بریتییە لەگەڵ خوا بوون بەبێ پەیوەندی (حقيقة التصوف أن تكون مع الله بلا علاقة) کە ئەم گوتەیە دەردرێتەوە پاڵ جونەیدی بغدادی(٤)، جەختکردنەوە لەسەر لەگەڵبوون ئەوە دەگەێنێت هەموو سنورێکی پەیوەندی بڕیوە گەیشتووەتە مەنزڵ، کە ئەمەش ناکرێت تەنها لە رێگەی پەیامە ئاسمانییەکانەوە نەبێت، لەلایەکی ترەوە جونەید بەغدادی دەڵێت: تەسەوف یادە لەگەڵ یەکانگیربوون هەڵچوونە لەگەڵ گوێگرتن کردارە لەگەڵ شوێنکەوتن. یاخود دەڵێت: دەرچوونە لە هەموو ئاکارێکی ناپەسەند و چوونە ناو دنیای هەموو رەفتارێکی پەسەند و شایستە، شەلبی دەڵێت: تەسەوف خۆلادانە لە خەلق و پەیوەستبوونە بەحەق(٣).

ئەم ماناکردنە بەم جۆرە تەنها ئاماژەیەک بوو بەوەی کە سرووشتی باسەکە ئەوەی دەخواست کە تیشک بخرێتە سەر ئەو لایەنەی کە تەسەوف هەیەتی بە ئایینەوە و جێکەوتەی ئاین بەسەر دنیای سۆفی کە نیشانی بدات تەسەوف تەجروبەیەکی ئاینییە و پەیوەندی بە دەرونەوە هەیە و بەدەن جێکەوتەکانی نیشاندەدات لە قاڵبێکی عیرفانیدا.

دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی حەقیقەتی تەسەوف لەم دوو بازنەدا دیاری دەکات و دەڵێت:

١- ئەزموونێکی دەروونییە کە بەندەکان دەبەستێتەوە بە خواوە.

٢- مومکین بوونی دروستکردنی کەشێکی رۆحی لە نێوان بەندە و خوادا(٤).

لە پێناسەکانەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەزموونی دەروونی لای کەسی سۆفی رۆڵێکی گەورەی هەیە و هیچ پەیوەندی بە مەسائیلی عەقڵیی و لۆژیکەوە نییە و لە جیهانی لۆژیک بەدەرە، چونکە ئەو زەمینەیەی کە ئاراستەی رۆح و بەشی دەروون دەکات دوورە لە مەسائلی لۆژیکییەوە مەگەر دواتر بەشێوازێکی لۆژیکی تەعبیر لەو حاڵ و ئەزموونە بدرێت کە چەژراوە یان دیتراوە، چونکە ساتانێکی نور ئەفشانی شەپۆل ئاسایە و دێت و دەڕوات بۆیە زۆرجار ئەم ساتانە وەک موسیقایەک یان جوڵەیەکی بەدەنی رێک و لارولەنجەیەکی هێمنانە دەبینرێت بە کەسەکەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەیشتن بەو پلەیە کە کەسەکە دەروونییەن پەی پێ بردووە(٥).

لێرەدا کە دەڵێن ئەمە ئەزموونێکی دەروونی قووڵە نەک کردەیەکی فیقهی رووکەشانە تا ئەوە نیشان بدرێت کە دەبێت ئەو کەشە لەبارە کە بۆ کەسی مەیدانی سەرهەڵدەدات جێکەوتەی وەک تەوازع و خاکی بوون و ملکەچیی و تەسلیمی بوون بە خوای پێوە دەرکەوێت، ئەمەیە زانایانی تەسەوف ناویان ناوە « التخلق بالأخلاق الإلهية »(٦). کەسبکردنی ئاکارانێک کە خوا پەسەندیەتی جوڵەیەک کە لە حەقیقەتەوە بووبێت و پێچەوانەی شەریعەت نەبێت ولە رێگەی تەریقەتەوە نیشاندرابێت.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد تەسەوف ئەزموونێکی مرۆییە و ئایین کاریگەری تەواوی هەیە لە ئاراستەکردنی بە دووی باشیدا، ئەم ئەزموونە لە دیانەتەکانی تری ئاسمانی یان

وەزعی زۆرجار بەدەردەکەوێت بۆ نمونە لە ئایینی کۆنی یۆنانیدا کە نەزعەیەکی کۆمەڵایەتیی و بگرە سیاسیشی لەخۆگرتبوو هەموو شوێنێکی کۆبوونەوەیان خاڵی نەبوو لە خواکانیان کە خۆیان بۆ خۆیان ڕازاندبوویانەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکانی ملکەچی تەواویان دەنواند بۆیان کە ئەمە ببووە نیشانەیەک بۆ ڕەسەنایەتیان و هێزێک بۆ بەرگرییان و ڕێگەیەک بۆ پاراستنی نیشتیمانیان، بۆ دروستکردنی پەیوەندی تاکەکانیان بەو خوا دروستکراوانەیان، سێ بنەمای سەرەکی دانرابوو بۆئەوەی کۆیان بکاتەوە و ببنە خاڵی هاوبەشیان.

١- ناسینێکی پەسەند و شایستە.

٢- بەرژەوەندی گشتی.

٣- ترسی سزا و ناڕونی ئایندەیان(٧).

بۆیە فیکرەی پەرگیری ئیلحاد ستەمێکی ئێجگار گەورەی لە مرۆڤایەتی کرد بەوەی کە ئەزموونی ڕۆحیانی شێواندوو بەرەو لایەک بردی کە قییەم و بەها نەهێڵێتەوە بۆ مرۆڤایەتی، قسەمان لەسەر ئەوە نییە ئەمە ڕاستە یان ناڕاست، تەنها مەبەستمانە بڵێین ئەمە ڕیشەی بوونی ئەزموونی دەروونییە لای ئاینی کۆنی یۆنانییەکان، ئاوا هەمووی هێنانەوەتە جووڵە(٨).

زۆرجار موسیقا و سەماکردن ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبووە لە ئاینەکانی پێشوودا لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا بەتایبەتی تر لە دۆڵی نیل و مەملەکەتی ڕافدەین لە هەڵکۆڵراوەکانی میسرییە کۆنەکان و ئاشورییەکاندا لەسەر گابەرد و پاشماوەکانیان یان دیواری خانەی پەرستگاکانیان دەیان وێنەی جۆراوجۆری سەمائامێز بەدی دەکرێت و دەبینرێت کە ئەمە نیشاندەری بە پایانگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکەیان بوون و سەرگەرمی بەجێگەیاندنی تقوسە دینییەکایان و لوتکەی چەشتنی ئەزموونی ڕۆحیان بووە، ئەو جوڵە و باڵبادان و هەستان و دانیشتنەی کە لە وێنەکاندا دەردەکەوێت لێکچوویەکی تەواوی کەسی سەماکەری ئێستایە کە سەما دەکات و کەوتووەتە جووڵە، ئەگەر ئێستا بە مەرامێکی ترەوە سەما بکات و بکەوێتە جوڵە ئەوە ئەو دەمە ئەو جۆرە جوڵە و سەماکردنە ئەرکی بەپایان گەیاندنی ئاینییان بووە، هەتا لە قورئاندا کە باس لە پایان گەیاندنی ئەرکی ئاینیی بێ بڕواکان دەکات بەدەوری (بیت والله)دا بە دەفەرموێت ئەوانە نوێژێک ناکەن کە پەسەندی لای ئێمە بێت، تەنها فیکە و چەپڵە لێدەدەن و دەخولێنەوە و هەڵدەقونێنن، جوڵە و دەنگەکە نەزعەیەکی دەروونییە و ئەزموونی مرۆییە﴿**وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِنْدَ الْبَيْتِ إِلَّا مُكَاءً وَتَصْدِيَةً**﴾ **(٩)**. فەخرەدین ڕازی دەڵێت: تصديه لە صدى وەرگیراوە لە ئەسڵدا بەمانای ئەو دەنگە دێت کە لە کێو دەگەڕێتەوە و دەنگدەداتەوە(١٠)، ئیبن عەباس دەڵێت: قوریشییەکان دەهاتن بەدەوری بیتا سەمایان دەکرد و دەخولانەوە بە ڕووتیی و فیکەیان لێدەدا و چەپڵەیان دەکوتا.

**• لەبارەی هوونەرەوە:**

لەکاتێکدا کە هونەر و تەسەوف پەیوەندییەکی تەواویان هەبێت و نزیک بن لەیەکتری وەک وتوومانە دەبێت دووبارە هەوڵی خوێندنەوەی نوێ بدرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ئەم دوو ئەزموونە مرۆییە کە جۆرێک لە جۆرەکان لە مێرگی ئاینی لەلای مرۆڤەوە گەشە دەکات، ئیتر لێرەوە لەبارەی هونەریشەوە هەمان گرفتی تەسەوفمان بۆ دێتە ئاراوە کە ئەویش پێناسەکردنی هونەر دەیخولقێنێ، بۆیە هونەر بریتییە لە بەکردەیی کردنی بیردۆزەیەکی زانستی بە ئامێرێکی شیا و گونجاو لەگەڵیدا و، لە پرۆسەی بەردەوامبوون و فێربووندا دێتە بەرهەم(١١).

تەواوی ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بەکاریان دێنێ بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی مرۆڤ بەتایبەت تر هەستی جوانیی و جوانبینی وەک وێنا و مۆسیقا و شیعر، لە گەیاندنیان بە لووتکە، زەوق و خواستی

مرۆڤ ڕۆڵ دەبینێت تێدا(١٢).

ئەمەی کە لەبارەی هونەرەوە دەگوترێت بەشێوەیەکی گشتییە و کورت هەڵهاتوو نیە تەنها لە نیشاندانی بیردۆزە زانستییەکان، بۆیە دەرچەی هونەر دەبێت ئەوەندە فراوانبێت کە تەواوی ئەو بوارانەش بگرێتەوە کە لە دەرەوەی ڕێچکە زانستییەکەدا نمایان دەکەن، هەر ئەمەیە کە لێکۆڵەرەوەیەکی ڕۆژئاوایی زیاتر لە سەد جۆر هونەر دەژمێرێت لە هونەرەکانی دەنگ و ڕەنگ، بۆیە ئەمەش لە دێر زەمانەوە فەیلەسوفێکی ناسراوی یۆنانی وەک ئەرستۆ جیاوازی دروست دەخاتە نێوان هونەری زانستیی و هونەرهی خۆرسکی و ئەو هونەرانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوە زانستییەکەدان وەک جۆرەکانی دەنگ و دەربڕینی چریکەی گەروو و هاژەی ئاو و قرمەقرمی تنۆکە بارانەکان(١٣).

ئەگەر بەدوای ئەوەدا بڕۆین کە لایەنە فەلسەفییەکە نیشانی دەدات لە هونەردا کە پەیوەندی تەواوی بە ئەزموونە ڕۆحیەکەوە هەیە و ئەمەش دیسان کاریگەری ئاین بەسەریەوە دیارە ئەوە دەگەینە ئەوەی کە (فیثاغورث) نیشانیداوە لە زانستی موسیقادا، لای یۆنانیۆەکان (فیثاغورث) توێژەرەوەیەکی قووڵ ڕۆچوو ئاینیی و سەرمەشقی ئەزموونی دەروونی بووە کە خاوەنی فەلسەفەی فێرکردنی ئەزموونە مەعنەوییەکان بووە و فێرخوازەکانی بەتەواوی ڕۆچوون بەناو تەسەوفدا.

بۆیە لە سەفەرەکەیدا بۆ میسر کاتێک دەگەڕێتەوە یۆنان هەندێک بیردۆزەی سەرەتایی لە زانستی دەنگدا وەدەستدێنێ، لەوانە دەنگی ژێکانی مرۆڤ کە ناویان دەبات بە دەنگە زەمینییە یەکانگیربووەکان لەگەڵ دەنگە ئاسمانییەکاندا، ئەم سەفەرە ئەزموونێکی نوێی بەخشیە فیثاغورث ، بۆیە قوتابیەکانی کە دواتر بە فیثاغورییە دوایینییەکان ناوزەدیان دەرکرد بیروباوڕیان وابوو کە ئاسمان خودی خۆی مێرگی دەنگەکانە و تەواوی دەنگە هونەرییەکان سەرچاوەکەیان لە ئاسمانەوەیە و بۆ زەوی دێنە خوارەوە(١٤).

لە ئەدەبی کۆنی یۆنانیدا هاتووە کە کاهینەکانیان لە پەرستگا و مەعبەدەکانیاندا کۆدەبوونەوە و ئافرەتانی خاوەن جوڵەی تایبەتیان لەگەڵدا دەبوو بۆ چارەسەر وەرگرتن بە مۆسیقا دەکەوتنە سەما بەجۆرێک لە حەسرەتی دەنگی مۆسیقا لە هۆش دەچوون کاتێک کە ئەم حاڵەتەیان بەسەر دەهات یان بەیەکجاری چاک دەبوونەوە یان چارەسەری کاتییان بۆ دەهات، بۆیە بە بۆچوونی هیرۆدۆت میسرییە کۆنەکان بیروبڕوایان وابوو کە ئاوازە ئاینییەکان کە لە نەشیدە دینییەکاندا بەکاردەهاتن بنەمایەکی موقەدەسیان هەیە و بە چاوی تەقدیسەوە بۆیان دەڕوانی و گوێیان بۆ دەگرت، بۆیە زۆر هەوڵیان دەدا بۆ پاراستنیان و نەیاندەهێشت هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی کاریان تێبکات، بۆیە هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە تەماشای ئەو هێزەیان دەکرد کە لە دەنگەکانەوە دەردەچوو بەهۆکاری پاکبوونەوەی ڕۆحیان هەژمار دەکرد(١٥).

بۆیە لایەنە دەروونییەکە لە هونەردا نیشانەیەکی تەواو لێکچووی هەیە لەگەڵ تەسەوفدا کە بریتییە لە ئەزموونە کەسیەکە، سەرقاڵبوون بە ڕێنماییە ئاینییەکەوە، بۆیە هەر ئەمەیە وادەکات کە هونەر هێزێکی قووڵ و ڕۆچووی دەروونی هەبێت کە سەرچاوە لە شتێکی مادییەوە ناگرێت وەک مۆسیقا یان نیشاندانی تابلۆیەکی هونەری لەگەڵ ئەمەشدا وابەستەیە بە شتانێکی مادییەوە، چونکە هونەر هەرچۆن بێت دواجار نابێت تەنها لە دەورونداا پەنگ بخواتەوە و دەبێت لە جێگەیەک و زەمینەیەکدا دەرکەوتەی هەبێت، بۆیە یان بەشێوەیەک لە شێوەکانی سەما نیشان دەدرێت وەک سەمای سۆفییەکان یان بە شێوەیەک لە شێوەکانی دەنگ نیشان دەدرێت وەک ئاهەنگی یارسانەکان یاخود بەشێوەیەکی بەرجەستە لە پەیکەرێکدا وەک پەیکەری یۆنانییەکان و مسرییە کۆنەکان.

**•چیەتی ئایین و پەیوەندی تەسەوف و هونەر لەو زەمینەیەدا:**

وەک وتمان تەسەوف و هونەر دوو دیاردەی لەیەکجانەبووەوەی ئەزموونی دەرونین و لایەنێکی ئایینی تێیدا زاڵە، هەر ئەمەش وایکردووە کە تێروانین بۆ ئایین جیاواز بێت، چونکە ناکرێت بگوترێت هەموو تەسەوف یان هەموو هونەر لە خودی ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە و سرووشت و ژینگەی گەشەکردنیان کاریگەری نییە لەسەریان، لەبەر ئەمەیە تێڕوانینی جیاواز دروستبوون و سەریانهەڵداوە لەسەر تێگەیشتنی ئایین.

بۆ نمونە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا وا پێناسەی ئاین کراوە کە: ئاین بریتییە لەو ئیعتیراف کردنەی مرۆڤ بە بوونی دەسەڵاتێکی ڕەهای باڵای زاڵ بەسەر بووندا کە ئەویش دەسەڵاتی ئیلاهـ و ئالیهەکانن کە دەپەرسترێن و گوێڕایەڵییان دەکرێت.

ولیام جمیس دەڵێت: ئاین بریتییە لە دروستبوونی هەست و نەستێکی دەروونیی و ئاکارانێکی تەجروبەکراوی مرۆڤە کە لە دەرنجامی دوورە پەرێزییەوە بۆی دروستبوون و واهەست دەکات وابەستە بووە بەشتێکەوە کە ئەوشتە ئیلاهـ بێت و دەیپەرستێت.

تالکوت بارسونز دەڵێت: دین بریتییە لەو کۆمەڵە بیروبڕوایە کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ممارسە دەکرێن لەلایەن دامەزراوە کرمەڵایەتییەکان کە لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەیان قۆناغی جۆراوجۆری بڕیووە.

دیارە ئەم پێناسانە لە تێڕوانینی مرۆیی و تەجروبەی زانایەکەوە کراوە بۆ ئاینێکی زادەی بیری مرۆڤ، گەرنا ئایین بریتییە لە ڕێنمایی و ئاڕاستەی خودایانە کە لە ڕێگەی وەحییەوە دەگاتە دەست هەڵبژاردەی خوایی و لەوێشەوە بۆ گشت مرۆڤایەتی تا تەواوی هەڵسەوکەوتەکانی مرۆڤ بە ئەرێ و نەرێکانی ئەو میتۆدە خواییە بێت(١٦).

بۆیە ئایینەکان بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی گشتیان هەیە:

**یەکەم:** تەسلیمبوون و ملکەچبوونە بەبێ چەندوو چۆن و بەڵگە.

**دووەم:** بوونی کۆمەڵێک بنەمای باڵا کە هەرگیز شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە بێ ئیحتیاج نابن لەو بنەمایانە، لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچی نین بۆئەوەی بە بەڵگەوە بسەلمێنرێن.

**سێیەم:** ئیمان هێنانە بە مەوجودێک کە بوونی پێویست بێت و لە دەرەوەی بازنەی هەستەکانیشەوە بێت.

**چوارەم:** ملکەچبوون و گوێڕایەڵی تەواو بۆ ڕێنماییەکانی واجب الوجود.

بۆیە لە ئاینە تەوحیدییەکاندا پەیوەندی مرۆڤ بە خواوە لەسەر بنەمای پەیوەندی کردن و سەربەخۆ بوونە، واتە لە ئاینە ئاسمانییەکاندا حلوول یەکانگیربوونی خواو بەندە بوونی نییە، بەڵکو پابەندبوونە بە وەحی و نیزامی ئەو ئاینەوە و هەرگیز مرۆڤ لەم زەمینەدا ناگەڕێت بەدوای بینین و بەرجەستەکردنی خالقدا و هەرگیز نایچوێنێت بەوەی کە لە زیهندا دروست دەبێت و بەوەشی کە لەواقیعدا بوونی هەیە، نە لە ڕووی زاتەوە نە لە ڕرووی سیفاتەوە، ئەوەش براوەتەوە کە دەفەرموێت: ﴿ **لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ** ﴾ (١٧) یاخود دەفەرموێت ﴿ **لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ** ﴾(١٨)

بۆیە بەم جۆرە دەگەینە ئەوەی کە هونەر و تەسەوف کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە و پەیوەندی قوڵیشیان پێکەوە هەیە، پەیوەندییەکەیان لە بواری ویژدانیی و دەروونییەوە دەردەکەوێت و جیاوازی و دووریەکەشیان لە پەیوەندی زەمینیی و ئاسمانییەوە دەردەکەوێت، چونکە دەگوترێت هونەر دەخولقێت، بەڵام نیشاندانی کردەی تەسەوفی بەرهەم دێت بەهۆی ئەزموونکردن تاسەردەکێشێت بۆ حاڵ.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


* قورئانی پیرۆز.

١- سورة المزمل:٨

٢- سورة مريم:١٦.

٣- تاريخ التصوف الإسلامي: من البداية حتى نهاية القرن الثاني، الدكتور عبد الرحمن بدوي، وكالة المطبوعات، الكويت، الطبعة الثانية ١٩٧٨، ص٩.

٤- تاريخ التصوف الإسلامي: من البداية حتى نهاية القرن الثاني، د.عبد الرحمن بدوي، وكالة المطبوعات، الكويت، الطبعة الثانية ١٩٧٨، ص ١٥ - ١٦ .

٥- المعجم الوسيط ، مجمع اللغة العربية – مصر – الطبعة الثانية – ١٩٧٢ – المجلد الأول – ص ٥٤٩.

٦- جامع الأصول في الأولياء – الجزء الثالث: معجم الكلمات الصوفية – أحمد النقشبندي الخالدي – تحقيق أديب نصر الدين – دار الانتشار العربي – لبنان – ط١– ١٩٩٧ – ص ٢٢.

٧- تاريخ الفلسفة اليونانية، د.يوسف كرم، السلسلة الفلسفية، لجنة التأليف والترجمة والنشر، مصر، ط٦، ١٩٧٦، ص ٥ – ٦.

٨- تاريخ الفلسفة اليونانية، د. يوسف كرم، السلسلة الفلسفية، لجنة التأليف والترجمة والنشر، مصر، ط٦، ١٩٧٦، ص ٦ – ٧ .

٩- سورة الأنفال:٣٥.

١٠- مفاتيح الغيب = التفسير الكبير: أبو عبد الله محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي الرازي الملقب بفخر الدين الرازي خطيب الري (المتوفى: ٦٠٦هـ)، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط٣، – ١٤٢٠هـ، جـ١٦٨/٧.

١١- مشكلة الفن، الدكتور زكريا إبراهيم، سلسلة مشكلات فلسفية، رقم ٣، مكتبة مصر، مصر، ١٩٧٩، ص ٧ – ١٤ باختصار شديد.

١٢- الرقص الشرقي من أروقة المعابد إلى شاشات التلفزة، مقال، أحمد القطب، الموقع الإليكتروني لقناة العربية الفضائية على شبكة المعلومات الدولية (الاتنرنت)، ١٨ أكتوبر ٢٠٠٤.

١٣- الفيلسوف وفن الموسيقى، جوليوس بورتنوي، ترجمة د.فؤاد زكريا، مراجعة د.حسين فوزي، وزارة الثقافة، مصر، المكتبة العربية، ١٩٧٤، ص ٢٨ – ٤٨.

١٤- الفيلسوف وفن الموسيقى، جوليوس بورتنوي، ترجمة د.فؤاد زكريا، مراجعة د.حسين فوزي، وزارة الثقافة، مصر، المكتبة العربية، ١٩٧٤، ص ٢٨ – ٤٨.

(١٤) مشكلة الفن، الدكتور زكريا إبراهيم، سلسلة مشكلات فلسفية، رقم ٣، مكتبة مصر، مصر، ١٩٧٩، ص ١٥- مشكلة الفن، الدكتور زكريا إبراهيم، سلسلة مشكلات فلسفية، رقم ٣، مكتبة مصر، مصر، ١٩٧٩، ص٢٩.

١٦- مقدمة في فلسفة الدين، جون هيك، ترجمة: طارق عسيلي، مجلة المحجة، لبنان، العدد الثامن، شتاء ٢٠٠٤، ص ٤٣.

١٧- سورة الشورا: ١١.

١٨- سورة الانعام: ١٠٣.

# شێخایەتی و تەریقەت
## لە نووسینەکانی مەلای گەورەدا





**هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی**

لەدایکبووی ١٩٨٦، بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان، خاوەنی سێ کتێبی چاپکراو، سەرۆکی ڕێکخراوی هێژا

کاتێک دەڕوانینە نووسینەکانی مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) دەبینین بەشێک لە کارەکانی دژایەتی شێخانێک بووە کە ویستوویانە لە ڕێگەی پێگەکەیانەوە خەڵک بکەن بە کۆیلەی ژێردەستیان، بە ناوی تەسەوف و مورید و دەروێشییەوە خەڵک بگەوجێنن و خواش بەشێوەیەکی ڕواڵەتی بپەرستن یاخود وەک مەلای گەورە گوتەنی: «خودایان هەربۆیە ئەوێ، وەکو نەفەری (ئەمربەر) ئەمرو ئیدارەی شێخ پێک بهێنێ».

دژایەتیکردنی ئەم جۆرە شێخانە لە هەموو نووسینەکانی مەلای گەورەدا بەدیدەکرێت، بەتایبەت لە شیعرەکانی و نامیلکەی (فڕی فڕی قەل فڕی) و تەفسیرەکەیدا. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە مەلای گەورە دژی هەموو شێخێکیش نەبووە، بەڵکو دۆستایەتیی و هامو‌شۆی بەشێک لە شێخەکانیشی کردووە. حاجی مەلا عەبدوڵڵای باوکیشی یەکێک بووە لە هاوەڵ و کەسە نزیکەکانی کاک ئەحمەدی شێخ. بۆیە دەتوانین بڵێین تەنیا دژایەتی ئەو شێخانەی کردووە کە دینیان بۆ بەرژەوەندی بەکارهێناوە، بەردەوام خەڵکیان چەوساندووەتەوە بە ڕووکارێکی دینی، هەروەها پێی وابووە بوونەتە هۆی دواکەوتنی گەلی کورد:

**لەبەر تەزویری وان شێخانی بەدبەخت**
**گەلی کورد نابنە ساحێب ڕایەت و تەخت**

یان:

**سوێندت بۆ دەخۆم بەو خودای بێ چوون**
**بە قسەی شێخۆلکان کورد لە دین دەرچوون**

دیارە سەردەمی جەلیزادەش تەریقەت و شێخایەتی لەوپەڕی بەهێزیدا بووە و خەڵکێکی زۆر بە قسەکانیان خەڵەتاوە، مەلای گەورەش بە هەموو هێز و توانایەکەوە بەرەنگاریان بووەتەوە و بە خەڵکی ڕاگەیاندووە شێخ وەک ئێوە ئینسانە ئەگەر ئێوە هەوڵبدەن و خواپەرستییەکی ڕاستەقینە بکەن لای خوا زۆر لە شێخ گەورەتر و بەڕێزتر دەبن.

لێرەدا ئێمە چەند نموونەیەک لە بیروباوڕی مەلای گەورە لە تەفسیرەکەیدا وەردەگرین، هەر خوێنەرێکیش حەزی کرد زیاتر لەم بارەوە بخوێنێتەوە لە کتێبەکەم (دین و جیهانبینی مەلای گەورە) بە فراوانی بۆچوونەکانی مەلای گەورەمان خستووەتە ڕوو.

– (ئەفەندییەکانی) ئێمە ئەڵێن ئەوی شێخ بێ، ئەبێ دائیمەن ئاگاداری حاڵی مورید بێ بە قووەی (قودسیە) لە خراپەی بگێڕێتەوە، بەڵێ ئەگەر ببێ، ئەبێ وابێ، بەڵام ئەو (تەسەلوتە مەعنوی)یە نەدراوەتە پێغەمبەر، نازانم چۆن ئەدرێتە خەلقی تر؟(١)

– تەماشا بکەن بە بەندوباوی دەروێش و صۆفییان، بە حیکایەت و چیرۆکی مەلایان، عالەم چ محەبەتێکی لەگەڵ شێخان پەیدا کردووە، بە خودایان ئەزانن، بەڵکو خودایان هەربۆیە ئەوێ، وەکو نەفەری (ئەمربەر) ئەمرو ئیدارەی شێخ پێک بهێنێ و، ئەو ئیعتیقاداتەیش بە حەق و حەقیقەتی دینی ئیسلام تێئەگەن(٢).

– زۆرترینتان دیتان ئەو ڕۆژە کە کۆیێ بۆمبارد‌ومان کرا، سەگ و شێخ و مەلا و صۆفی و فەقێ هەموو هەرایان ئەکرد خۆیان ئەشاردەوە، ئەچوونە ناو ئەشکەوتان، کونە سەگان. ئەوجا قوڕتان بەسەر بە تەمعی ئەوەن، کە ئەوانە لە (هول) ی قیامەت نەجاتان بدەن؟ پەناو مەلجاو مەلازتان ئەوانە ئەبن؟ نموونەی قیامەت لە دنیا زۆرە، بەڵام چ بڵێم ئوممەت کەڕە، کوێرە(٣).

– بەعزە کەس لە دەروێشانی سەرسەری، دەچنە دێ و شاران لە پێشەوە بە واستەی منداڵیان، یا لە ئەم و ئەو تەحقیقی ئەحواڵی بەعزە عائیلات ئەکا، پاشان ئەچێ خەبەریان ئەداتێ بە خەفایای ماڵەکە، بە کەراماتی ئەزانن، گەلێ ساوار و داندۆک و پارەی ئەدەنێ(٤).

– مامۆستای گەورە لە تەفسیری وشەی [وَرَابِطُواْ] ئایەتی (٢٠٠)ی سورەتی ئالی عیمراندا

دەڵێت: عەلاقەی (ئیمان) لە (بەین)ی خۆتان بە (قوەت) بکەن لە یەکتان ببەستێ، بە (شیدەت) نەکرێتەوە، بە ئەفسوونەی (فتنە) بازان نەپسێ، بە (خێر) خواهی یەک (غایەت) (مونتەزەم) بن، (مع الاسف) ئەم (ڕابیتە) بە قووەتەیان سست کرد، گۆڕیان بە (ڕابیتەی) حەزرەتی (شێخ)، چاو بچووقێنە، صورەتی موبارەکی حەزرەت پیر بێنەبەر (خەیاڵ)، کەپووی بەرانییە، نێوچاوانی زەقە، مووی زەردە، چاوی شینە، ڕەنگی سوورە، ددانی گڕە، ڕیشی پانە، ملی ئەستوورە، وەک قوونکە هەوجارە، (قوبە، قوبە) (زوڵومات)ی (ئیبلیس)ی بەسەردا دەباری(٥).

– تەماشای (سەخافەت)ی عەقڵی موشرک بکەن، عیبادەتی غەیری خوا ئەکا، تا لەلای خوا تکای بۆ بکا، کەسێک (تەتبع)ی (ئاسار)ی (میلەل) بکا، یەقین ئەزانێ (شیرک)ی (میلیون) گەلێ (ئەفحەش) ە لە (شیریک)ی (وەسەنیون) سەوادی ئەعزەم لە (میلیون) (ئیمان)یان بەخوا بۆ (ئیستیخدام)ە، ئەو (زەمان)ەی کە نەختێک (عاقڵ) بوون، شتێکی بیانزانیبا، لە تەوقی (بەشەر) یا (مەلەک) نییە، ئەیان وت: (شێخ) هیمەتی کرد، وەخوا بۆی کرد. (ئەمما) ئێستا لەو (قەید)ەدا نەماون، (موشریک) ەکانی ئێمە ئەهمیەتی خوایان لا نەماوە هەرچی ببێ، لە موعتەقیدی خۆیانی ئەزانن، وە گەورە گەورەکانیان ئەڵێن: «ئەگەر (قوتب) نەبی، ئەرز و ئاسمان وەرئەگەڕێن» ئەرز و ئاسمانێکی بە (غەیر)ی خوا ڕاوەستێ، یاخوا هەر وەرگەڕێ، ژێر بەرەو ژوور و وێران بێ(٦).

– نەقڵ ئەکەن لە شاهی (نەقشبەند) لە ئەوائیلی مەعنا مەئمور بوو بەتەداوی کردنی سەگەکانی گڕوو و بریندار شەل و نەخۆش. ئەیفەرموو کە تیمارم ئەکردن، ئەنوزانەوە دوعایان بۆم ئەکرد من هەر بەرەکەتەکی نائیلی بووم لە دوعای ئەو سەگانەی ئەزانم. سبحان الله ئەمە حاڵی شاهی نەقشبەندە، ئێستا گەلێ ئەتباعەکانی لە سەگی گرد خراپترن. حاشا ئەتباعی ئەو نین، بەڵکو ناوی ئەو زاتە موحتەڕەمە بەناوە بەدەل ئەکەن، خوا بیان کوژێ ئەو سەگانە لە کۆڵ مسوڵمانان بکاتەوە(٧).

– گەلێ مەلای گەورە گەورە لە ئێمە ئەڵێن بە تەبیعەتی صۆفیان خوای تەعالان تەفویزی ئەمری (کن فکان) ئەکاتە بەعزێ ئەصفیای خۆی. وای لەو کوفرە عەزیمە وا ئەزانن خوا بە لەفز ئیجادی ئەشیا ئەکات، ئەوە ئەمری تەکوینیە تەوجیهی قودرەت و ئیرادەیە، ئەو شەئنە شەئنی خوایە نادرێ بە کەس مەحاڵە. خوا لەسەر خۆی و شئونی زاتی خۆی قودرەتی نییە. شەرتی مەقدور ئیمکانە. (میلیون) بە شمولی قودرەت حوکم لەسەر زات و زاتیاتی خوا ئەکەن، ئەوە نەوعێکە لە کوفری بالایمان(٨).

– لە زەمانی ئێمە شیرک ئەوەندە تەرەقی کردییە لە شیددەت و ڕەخا، ئەوەی فەرامۆشی کەن هەر خودایە. ناوی خوای بە غەیری سوێندی بە درۆ پێ خواردن لەسەر زوبانتاندا نەماوە. حیکایەت هەڵئەبەستن بۆ عەوامی قوڕبەسەر تا لە ئیمانیان بکەنە دەر. کوڕە فەلاحێ هاتەوە ماڵ، باوکی وتی: ڕۆڵە گاجووتەکانت چی لێکرد؟ وتی لە پاوان بەجێمهێشت بلەوەڕێن، وتی بە کێت سپارد؟ وتی: بە غەوسی گەیلانی، وتی باشە. سبەینێ کە چوو دیتی وڵاغەکان ساغ و سەلیم تێر و پڕ پاڵ کەوتوون کاوێژ ئەکەن. ئەو ئێوارەش چۆوە، وتی وڵاغەکانت تەسلیم کێ کرد؟ وتی: بە شاهی نەقشبەندم سپارد، وتی باشە، باز و وڵاغەکان بە صیحەت و سەلامەت مان. ئێوارەی سێیەم وتی تەسلیمی کێت کرد؟ وتی تەسلیمی خوام کرد، وتی ئەها وڵاغەکانمان چوون. سبەی تەماشایان کرد گاجووتەکان شەق و پەق کراین. کوڕە وتی بابە ئەوە چییە؟ وتی: ڕۆڵە غەوسی گەیلانی و شاهی نەقشبەند بە غیرەتن ئەوەی تەسلیمیان بکرێ ئاگاداری ئەکەن، ئەما خوا بێ باکە، ئەوەی ئەمانەتی بکرێ بمێنێ نەمێنێ پەکی پێ ناکەوێ.

ئەڵێن خوا موقەدەسە، ئێوە مونەجەسن، نابی

# تۆبە ئەمرێکە لە بەینی عەبدو خوا؛ حاجەتی بە کەس نییە.

بانگی ئەو بکەن، جاران هەر نەیسە ناوی زاتێ وەک (غەوس) و (شاە) هەبوو، ئێستا لەبەر جرِو جامشتان ئەوانیش ناویان گوم بوو، لام وایە ئەو شیرکە عیلاجی ناکرێ تا های و هوی تەریق داران لە ناوماندا بمێنێ، پەنا بەخوا(٩).

– ئەو ساڵە کە بۆمباردومان کراین ئەوەل رۆژ لە کۆیە یەوم ئەهوال و شەدائیدم موشاهەدە کرد، ئەوەل نەوبە هەڵئەهاتین لە هەیوان بۆ ژێر کۆشک. یەکێ ئەیوت یا غەوس و یا غەوس و غاری ئەدا، من وتم یا غەوس و یا غەوسی چی پی ئەوێ؟ ئەمرۆ خۆشی لەگەڵمان با هەڵئەهات بۆ کونێ خۆی ئەشاردەوە. دوایێ ئەو قسە گەیشتبۆوە (سەید شێخ محی الدین) خودا عەفوی بکا فەرمووی فلان زۆر بێ موبالاتە چۆن ئەو نەوعە قسە دەربارەی (غەوس) ئەکا؟ ئەویش لە گوندی (ناصر ئاغا)ی ئەشکەوتێ هەبوو سبەینە و ئێوارە کە تەیارە بۆ سەر (کۆیە) ئەهات لەو ئەشکەوتە خۆی ئەشاردەوە، پاشی بەینێک مولاقاتمان کرد پێم وت: تۆش (محی الدین) لە عەینی خانەدانی بۆچی لە ئەشکەوتی پشیلان خۆت ئەشاردەوە؟ پێغەمبەر لەبەر قورەیشیان هەڵات لە (غار) خۆی شاردەوە (مع أنە) نە تەیارەیان هەبوو نە بۆمبا، ئایا تۆ غەوس لە پێغەمبەر بە زیاتر ئەزانی؟ بە بەردێ بریندار و ددانی شکا، غەوس بەر بۆمبا بکەوێ زەرەری پێ ناگا، وەی وەی لەو جەهلە! لاشک لە جیهەتی ئیعتیقاد بە خوا موشریکی ئەو زەمانی لە موشریکی ئەم زەمانەی ئەهوەن تر بووین(١٠).

– لە وڵاتی ئێمە چەند (چاک) و (پیر) هەن: (ئۆمەرمەندان) (خاڵخالان) (مامۆستا کەرەم) (چاکی زایەری) (مەلا مورادی) چنارۆکی خۆمان، (حاجی ڕەسول)، ژنان بۆ ئاوس بوون ئەچنە سەریان زیارەتیان ئەکەن، گیسک و جەرگوناو درک و سەرو پێچکیان بۆ ئەکەنە خێر، بۆ (حاجی ڕەسول) شەرتە ژنەکە لە دوور دابەزێ بەبێ دەرپێی روو لە مەرقەد کا بە غار بچێ بڵێ (حاجی ڕەسول لە گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم). بەعزەکیان ئەبێ ژنەکە حەوت جار بەم لاو بەو لای قەبرەکە بە لینگی رووت بازدا، هەی کاکی خۆم لە ناو قەبرەکە صەفا ئەکەی! ئەوجا ئەگەر ئاوس بوو کوڕی بوو ئەڵێ: ئەو زاتە پێی کەرەم کردیمە، ئەگەر زێدە موسڵمان بێ ئەڵێ: خوا بەتکای ئەو زاتە موبارەکە پێی بەخشیوین. ئەکسەری ئەوانەی بەبێ چوونە (حەج) پێیان ئەڵێن (حاجی) مەحصولی هیمەت و بەرەکەتی (حاجی رسولن).

وە سائیری مەملەکەتی دیش بەو (مینوالە) چەند مەراقیدیان هەیە بۆ ئەو نیازە ئەچنە سەریان، حەتا لەلای دۆڵی (صەحابان) قەبرێ هەیە قەبری (کەری پیرێژنی) دەڵێن مەخصوصی ولاغ ئاوس کردنە، ئەوەی ولاغی نەزێ ئەچێ گیسکێکی ئەکاتە خێر گۆچانێ یان بەرچیغێ لە دەورەی قەبری ئەچەقێنێ بە نیازی ولاغ زان.

ئیعتیقادی ئەنام دەرهەق بە شێخ و ئەولیای مردی و زیندی زۆر بە قوەتە، (عەلی ئەفەندی) هەولێری لە (سراج السالکین) ئەڵێ: شێخ حسام الدینی (تەوێڵە)؛ ڕۆژێ بە دەروێش حەسەنی وت ژنەکەت ئاوسە حەملەکەی کچە ئەوا زەکەرێکمان

پێوە چەسپاند، یەعنی کردمانە کوڕ). سبحان الله ئەوە فوق الشیرکە!!! جەهل و بەساتە و حوب، هەموو شت بە ئینسان ئەسەلمێنێ.

خوا کچی خەلق کردبوو شێخ کردی بە کوڕ! پیاوێ وا ئەو نەوعە قسە بکا ئەبێ خەڵکی تر چ بڵێ؟ ئەو شیرکە عیلاج ناکرێ! دەنگی دین و ئیعتیقادیاتی ئەهلی سوننە و جەماعەتی وەرگرتییە، **(كرامة الأولياء حَقٌ)** ئەدی!!! خوڵاصە ئەو تروقانە ڕێی بێ کوفر و شیرکیان بۆ موسڵمانان گوشاد کرد بە تەرزێ کە بەڕێی وەحدانیەت و ئیمانی ئەزانن.

بابم ڕەحمەتی خوای لێ بێ فەرمووی: کە چووین بۆ غەزای (قارص و بایەزید) ساڵی (١٢٩٤) هیجری ڕێمان بەناو (پسمامان) کەوت (سەید عەبدولکەریمی سۆزی) لە (بەتبۆ) لە هۆبە ماڵێ پیاوێ منداڵێکی هێنا لای شێخ دوعای بەسەرا بخوێنێ، شێخ دوعای بۆ کرد وتی: خوا عومری درێژ کا، وتی بابۆ وا مەبێژە! خودێ دوو کوڕی دامێ بردیەوە، ئەوە کوڕە شێخ یەعنی (عەبدوڵڵای نەهری) پێی کەرەم کردم، دوعای بکە شێخ عومری درێژ بکا!!) خوڵاصە الكلام ئەو شیرک و کوفری ئەمڕۆ لەناو موسڵماناندا هەیە، حاشا لەناو موشریکینی عەرەب نەبووە!(١١)

– مامۆستای گەورە دژی هەموو شێخێک نییە ئەوەتە باسی کاک ئەحمەدی شێخ ئەکات و دەڵێ: بەڵێ ئایاتی شیفا دەنووسرێتەوە، زۆر وا ئەبێ نەخۆش دوای سوانەوەی ئەیخواتەوە، خوا شیفای ئەدا، حەزرەتی کاک ئەحمەدی شێخ ئەیکرد وە ئیجازەی دابووە بەعزێ زەواتی کیرام، یەک لەوان (بابم) بوو، یەک لەوان (مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گومبەدی) بوو، ڕەحمەتی خوایان لێبێ. بەڵێ وایە، بەڵام خوای تەعالان بۆ شیفای دەرد ناصاغی، قواعیدی داناوە! ئیعتینا بەوان، لازمە! ئەمما (مع الاسف) ئێمە حاڵەن، مەحرومین! مەعنەویاتمان چوو، مادیاتمان نەبوو!!(١٢).

– لە مامۆستا مەلا ئەحمەدم بیست: (مەولەوی مەلا عەبدولڕەحیمی مەریوانی) دێتە سلێمانی شەوێ جەماتێ لە سادات لە خدمەتی ئەڵێن: (ئەوەی سەید بیکا مەعفووە!) مەلا ئەفەرمووێ: (ئەمە هەر بۆ نێرانە؟ یا بۆ نێر و مێ، هەروایە؟) زۆر مونفەعیل ئەبن. دوایێ حەزرەتی کاکە ئەحمەد زۆر خۆیان لێ تورە ئەکا و نەهیان لێ ئەکا لەو نەوعە گفتوگۆیە!(١٣)

– ئەگەر بەیانی مەزاڵیمی بەشەر بکەم، ئەبێ دەفتەرێ بنووسم، بێ ئەمە کە هەزار ئینعامی لەگەڵ کەی، ئەدنا شتەکی نەگاتە دڵی هەمووی بە هەبا ئەڕوا. یەکێ ئەکەوێتە قوڕ، موسڵمانێ بەخێری خۆی نەجاتی ئەدا، ئەیکاتە مەرحەمەتی شێخ (مع أنه) حەزرەتی (شێخ) چ ئاگای لێ نییە، وە پێشی ناکرێ قورتاری کا.

لە زەمانی حەڕب، حاجی سمایلی (تەکەڵتوو) یان، هەڵپێچابوو، بۆ هێسترێ، تەصادف چوومە سەرا، مەرحووم صولحی بەگ ئەحواڵی مالیەی لە من پرسی، وتم: «فەقیرە کەڵکی هیچی پێوە نییە« لەسەر قسەی من عەفووی کرد، دەرحاڵ بەغار چوو بۆ دیوەخانی (حمه اغا) دەستی ماچ کرد، ئاغا لە سایەی تۆ عەفوو کرام، دەربارەی (باری) قسەی لێ ناکرێ، حەقەن زۆر ناشکورن، مەگەر موئمینی راسخ الایمان، بێ تەمع و ئەمەل، بەس حەقی بۆ حەق بووێ، ئیمان نەکاتە جەلبی نەقصی دنیا(١٤).

– چەند ساڵێ پێش ئەمڕۆ حەزرەتی شێخ عەلائەدین چەند قەتعە فۆتۆغرافی خۆی ناردبووە ناو ئاکۆیان و ئەترافیان بۆ خاتری ئەوانەی بە لیقای زاتی ئەقدەسی موشەڕەف نەبووین، بنۆڕنە صورەتی هومایینی. گەلێ کەس ئەچوون لە موقابەلەی ڕادەوەستان بە کەمالی تەعزیم و تەبجیل هەتا چەندێ لەسەر پێیان(١٥).

– محمد ئەمین ئاغای پیران پیاوێ زیرەک بوو، بە موناسەبەیێ عەرزی بابمی کرد: قوربان سەبەبی چییە ئێمە دین و ئایین و ئاداب و ئەخلاق

له عولەمایان وەرئەگرین، کەچی ڕوومان له شێخانه مەیلی وان ئەکەین؟. فەرمووی: (ئەوه لەبەر موناسەبەیه. ئەسپێ ئەصیلی نەژدی ڕاگرن، کەرێ ببەستنەوه، گاڕانه کەرێ بەرەڵڵا کەن ڕوو له کیهەیان ئەکەن؟. وتی: ئەڵبەته له کەرەکه ئەوه مەعلومە(١٦).

– جارێ له وەعزا وتم: مەلا عەبدولقادری گەیلانی وای فەرمووه، قادرییەکان هار بووبوون، کو مەلا به حەزرەتی غەوس ئەڵێ: مەلا؟!* ئینسان له (نصح)ی (ناصح)ان (موستەغنی) نابێ(١٧).

– ئەتباعی سوئی مەولانا خالیدی ناوی ویشیان بەد کرد؛ تەوێڵەیی و بیارەیی هەر نەئیسه، شەدەڵەیی، وه پێشی وان ئەتباعی شێخ نەبی ماویلی تەریقیان تێکدا، خاسەتەن شەدەڵەیی، (بالمره) له دین و له شەرەفی ئینسانیەت دەرچوون؛ بوون به (قەرین) و (مەعین)ی شەیتان، مومکینه شەیتان له سایەی وان؛ نەختێ حەسابێتەوه(١٨).

– تۆبه ئەمرێکه له بەینی عەبدو خوا؛ حاجەتی به کەس نییه، مەگەر بۆ زانینی حەقیقەتی (تۆبه)، عەرزی مەلایه بکا؛ (ئەما مع الاسف) ئێستا وا تێئەگەن: تۆبه ئەبێ بچی بۆ لای حەزرەتی شێخێ، شێخێ لەوان جاهیل و گوناهکارتر؛ به مەعنا تەریق وەرگرتن، تۆبه بکەن؛ ئەو تۆبه کارانه، لای ئەو نەوعه ئەشیاخانه، گەلێ خراپتر ئەبن؛ عەقیدەیان ئەگۆڕێ، ئەوامری ئیلاهیان لابێ ئەهمیەت ئەبێ؛ گۆییا گوێیان له ئەمری شێخه؛ درۆ شێخیش نازانێ بلێ چی؟ خۆی بێ ئاگایه له دین؛ له غیوایەت و ئەغوا ئەگەڕێنەوه؟(١٩)

– شێخه فەندی به دەف و دونبەڵەک؛ یا سواری کەرێ، بەرماڵ به شان، (تیلەسان) لەسەر، سەر به مل، ڕیشی پانی چاو به کل، گۆییا بۆ خوا ئەگەڕێ؛ نەجاتی بەشەر بدا له عەزابی قەبر و قیامەت؟ وەی له قوڕێی نێم، سەراپا بۆ داندۆک و ساوار ئەخولێتەوه، وه ئەو هەرایه ئەکا(٢٠).

– شێخ عەلی ئەفەندی جورحەکی لەژێر هەردوو پای پەیا بوو، هەژده مانگ دەوامی بوو؛ من چوومه زیارەتی ڕووی له چابوونەوه بوو؛ ڕۆژێ فەرمووی: ئەڵێن: «چونکی من (ئیستیغاسه) لەبەر غەوس ناکەم، بۆیه چانابمەوه« ناڵێم: (ئیستیغاسه) لەبەر ئەولیایان دروست نییه؛ (لکن) خوایه قەدیر، خوایه سەمیع، خوایه بەصیر، خوایه که (أسهل ما يكون) ئیش بکا بۆ نەڵێم: «يا ألله» بۆ هاوارکەمه بەر غەیری ئەو؟ هەژده ساڵیدی بەو دەرده بناڵم، به غەیری خوا هاوارناکەمه بەر کەس! بەڵێ شێخی ئەوهامانیش زۆر لازمه؛ (حق الانصاف) شێخ عەلی ئەفەندی له مەسلەکی شێخی به موجەدید حساب ئەکرا؛ (حق الانصاف) شێخی خاڵصی موسڵمانێ زۆر باش بوو، وه مەلایه زۆر چاک بوو(٢١).

– مامۆستا له باسی زاوایاتی لەگەڵ شێخاندا دەنووسێت: له هەموو شت عەجایب تر ئەمەیه: بەعزێ ئەبنه زاوای شێخی خۆیان که ئەچنه ماڵەوه خضع الرقاب، نواكس الأبصار، گەردەن کەچ، چاو لەبەرخۆ، دەست لەسەر دەست، به کەمالی خزوع و خشوع ڕائەوەستێ، بێ ئەمری خاتوون ناتوانێ پێ لەبەر پێ دانێ، توخوا ئەمه زۆر سەیر نییه؟ له پاش ئەمه ئینسان تەڵه و ڕیویانی لەگەڵ ژنی خۆی کرد، ئەو سەتوەت و حەشمەت و جەلال و کبریائیه چۆن له دڵدا دەمێنێ؟ یاخود لەگەڵ ئەو هەموو احتشام و هەیبەته چۆن لەگەڵی دروست ئەبێ ئەو مەیله ئەکا؟ ئەمما ئەوان ئەڵێن: ((ان علمی حاڵت تونمی دانی))(٢٣).

## سەرچاوە و پەرێزەکان

(١) ب،١، ل ٢١٢
(٢) ب،١، ل١٨٤
(٣) ب،١، ل١٨٧.
(٤) ب،١، ل٣٧٩
(٥) ب،٢، ل٦٥
(٦) ب،٢، ل١٣٤
(٧) ب،٢، ل٢٥١
(٨) ب،٢، ل٢٦٦
(٩) ب،٣، ل٦٣
(١٠) ب،٣، ل٨٣
(١١) ب،٣، ل٢٩٣ – ٢٩٥ و ب،٩، ل ٥١
(١٢) ب،٤، ل١٤١
(١٣) ب،٤، ل١٨٩
(١٤) ب،٥، ل١٠٤
(١٥) ب،٦، ل١٤١
(١٦) ب،٦، ل٢٦٤

* مامۆستا مەسعود محەمەد هەر لەمبارەوە لە کتێبی گەشتی ژیانم ئەم ڕووداوە بەمشێوەیە دەنووسێتەوە: شتێک دەگێڕمەوە لە زاری ڕەحمەتی حاجی میرزا عەبدوڵڵای خادمەوە، ڕەحمەتی گوتی: جارێکیان لە وەعزی ئێوارەیەکی ڕەمەزاندا کە هێندەی نوێژی جومعەی خەڵقی تێدا کۆدەبوونەوە، بۆ بیستنی گوتاری ئەو وەعزانە زۆر لەوانەی دینداریش نەبوون تێیدا حازر دەبوون، شتێکی لە غەوسی گەیلانییەوە و بە «مەلا عەبدولقادری گەیلانی» ناوی برد... هەندێک مێشک وشک وەتەنگ هاتن لەو جۆرە ناوبردنە و ناڕەزاییان درکاند، قسەکە گەیشتەوە مەلای گەورە. لە ئێوارەیەکی دیکەی وەعزدا بۆ قسەکە چۆوە و گوتی: بیستم هەندێک لە گوێگرانی ئەو ڕۆژە لێیان گران هاتووە گوتوومە «مەلا عەبدولقادری گەیلانی»، ئەوەی لەو زاتەوە سوودی هەبێ بۆ ئێمە عیلمەکە و مەلایەتییەکەیەتی، کەشف و کەرامەتی لەگەڵ خۆی بەسەر چوون. مەلایەتیش ناوێک نییە نە بۆ غەوس و نە بۆ لەویش گەورەتر کەمایەتیی تێدابێ، چونکە مەلایەتی دەکاتەوە عالمایەتی، ئەگەر ئەو کەسانە بەوە ڕازی نین لێرە بەدواوە دەڵێم: مەلا خوا. (گەشتی ژیانم، ل١٩)

(١٧) ب،٧، ل٢٦ و ب،٩، ل٢٤٧
(١٨) ب،٩، ل٧٠ و ب،١٠، ل٧١٨
(١٩) ب،١٠، ل١٦٧
(٢٠) ب،١٠، ل٦٢٢
(٢١) ب،١٠، ل٦٣٦
(٢٣) ب،٣، ل٩٦